# بۆ دەمامەك



خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب

❁ **ناوی کتێب:** بێ دەمامەك

❁**بابەت:** بیرەوەری

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **بەرگ:** زێرین جاف

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە



# بێ دەمامک

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

# ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| پێم خۆشە ئەمە بخوێنیتەوە! | ٧ |
| نان و ژان | ٩ |
| نان و نەی | ١٨ |
| شارەوانیی تاران | ٣١ |
| حەمەی شاسوار و حەسەن ڕەشید | ٤٢ |
| سینەمای نەسڕ و قەڕەچەم | ٥٠ |
| چلەی کامل بەسیر | ٥٥ |
| سەهرەوەردی | ٦١ |
| ئەمیر حەیاتی | ٦٦ |
| ئەو چەند ساڵەم لەبیر ناچێت | ٧١ |
| کۆڕی زانیاریی بەغدا ، ١٩٨٥ | ٧٦ |
| داستانی "دائیرەتولمەعاریف" | ٨٠ |
| ئاوابێ گەرمیان | ٨٨ |
| ئێرەجی قادری | ٩١ |
| ئاسنگەر | ٩٨ |
| ئەوەسا جەنابت نایناسیت؟ | ١٠٢ |
| ڕۆمانی کۆردەرە و حەمە ناسحی مەلاکەریمی کوێرەکی | ١٠٣ |
| فەرەنجی و شانزەلیزیە | ١٠٧ |
| بەرماڵی ئیمان | ١١٧ |
| نەبەردی شەهید | ١٢٣ |
| براڕۆ! | ١٢٦ |
| ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەنی | ١٣١ |

| | |
|---|---|
| دەبڵێین ئامین! | ١٣٥ |
| خان مەرجان | ١٤٠ |
| شەمشەمەکانی جەواد سەلیم | ١٤٤ |
| نامەکەی حوسێن عارف | ١٥٠ |
| شێخ عوسمانی نەقشبەندی | ١٥٥ |
| فڕۆکەخانەی مونیخ | ١٦١ |
| لە کۆلیژی تەلارسازیی بەغدا کۆڕم گرت | ١٦٦ |
| من و کامکاران و شەوێك | ١٧٠ |
| عەرەقفرۆش | ١٧٩ |
| کەڵەشێر و بەران | ١٨٤ |
| دیمانە لەگەڵ خوسرەو جاف (١) | ١٩١ |
| دیمانە لەگەڵ خوسرەو جاف (٢) | ٢٠٠ |
| کرامە مۆدێل ! | ٢١٦ |
| ڕۆشناییەك بۆ سەر ڕۆژگارێکی تاریك | ٢٢١ |
| کۆمەڵەی نیشتمانی وەك خۆی | ٢٢٨ |
| لە کونێکەوە دووجار مار پێوەی داوم! | ٢٤١ |
| عەبدولغەنی عەبدولغەفوور | ٢٤٨ |
| فەرەیدوون فەڕووخزاد | ٢٥٤ |
| خانمە گۆرانیبێژ نەسرین! | ٢٥٩ |
| داستانی شەهابی جەزائیری | ٢٦٦ |
| ئەسپێی "گاجووت"ی گەرمیان! | ٢٧٨ |



# پێم خۆشە ئەمە بخوێنیتەوە!

زۆر لە دۆست و برادەرانم یەخەم پێ دەگرن بۆچی بیرەوەرییەکانت نانووسی؟ تەمەنە، هەتە. ژیانت پڕە لە ڕووداو و هەڵسوکەوت، لە زۆر وڵاتاندا ژیاویت، ئیتر لەو بابەتانە.

ئەوان ئەوەی نازانن چەندان نەخۆشی قورس و سەرئێشەی تریشم هەیە، بڕێکیان گوزەراون و زۆریشیان دەستبەردار نین و لە لەش و ئەندامما تەراتێن دەکەن.

با ڕاستگۆبم، خۆشە دوور لە درۆ بڕێک لە بیرەوەرییەکانم یادداشت کەم، ئەویش نەک بە شێوە تەقلیدییەکە، زۆرم لەو بیرەوەریانە خوێندووەتەوە، زۆریان بە دەردی لوولەی ناوکە کولەکەیش ناخۆن. جا من بۆ ئەوە دووبارەکەمەوە بۆ خوێندەواران؟

ئەوەی ناکەم، بەڵام بڕێک ڕووداو لە جومگەکانی ژیانمدا ڕوویان داوە، بۆ ئەوەی دەشێن بیانگێڕمەوە، ئەگینا خوێنەر تاوانی چییە، من بە چی هێڵێکی ئاسمانی گەشتم کردووە، یان لە ڕێگە سەیارەکەم پەنچەر بووە و فلانەکەس یارمەتیی دام، یان نەخۆشکەوتم و فلانەکەس نەهات بۆ لام!

وەک دەبینی، بیرەوەرییەکانم جیاوازن، با ئەوەیش بڵێم، کە دەڵێم جیاوازن مانای ئەوە نییە لە هی خەڵکی باشترین.

جارێک ئەو ڕووداوانەی وا خوێندتەوە وەک نوقلانە بڵاوکردتەوە، زۆری تریشان بە ڕێگەوەن، خودا تەمەنی پێدام بڵاویان دەکەمەوە، نەیدا لەگەڵ خۆمدا دەیان بەمە ناو گۆڕەوە. بڕێکیان هێندە شیرین و خۆشن، پێم خۆش نییە ببن بە هی خەڵک.. بڕێکیشیان هێندە دڵتەزێن و نەشیاوە خوێنەری پێ ئازار بدەم. هەر کەسێکیش خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و ناکرێ هەر تایبەتمەندییەکی خەڵکیش من دەیزانم کارێکی وا بکەم تۆیش بیزانی، نەخێر ئەوە بەلای خوسرەو جافەوە مەحاڵە.

خاڵیکی گرنگ ماوە نەموتووە وەک دەبینی ئەم کتاوەم ناو ناوە " بێ دەمامەک" بەو شێوەیش نییە، لە زۆر جێگەیدا دەمامەکم بەکار بردووە، ئاخر وەک دەزانی کۆڕۆنا لەناوە و لەنێو توێژەکانی میللەتەکاندا هەڵگری فکری کۆڕۆنایی چاوە قووڵەیی و کۆلێرایی و تاعوون سفەتی زۆرن، تاقەتی ئەو ڕموزنانەم پێوە نەماوە، بۆیە ناچاری ئەم ڕوونکردنەوەیە بووم.

٢٠/ ٦/ ٢٠٢٠

# نان و ژان

بەپێی لێکدانەوەی ئەکادیمییەکان کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لە وەڕگاهی بە ئاسانی هونەری تیادا گەشە ناکا و نەشی کردووە، زۆربەی زۆری ئێمەی کوردیش تا بە ئەمڕۆ عەقڵی کشتوکاڵی لە قووڵایی ناخماندا خۆی مەڵاس داوە و لە ڕووداوەکاندا بە زەقی وەدەر دەکەون.

وایش نازانم ئەم جۆرە تێفکرینە بەم زووانە ڕیشەکێش بکرێت و کەم و زۆر وەدەر نەکەوێت. من ناڕۆمە ناو چونیەتیی ژن کوشتن و عەشایەربازی و ڕێکەوتن و سوڵح و پەلامار و تۆڵە و ژن بەژن و ژن بە خوێندان....هتد.

ئەو جۆراوجۆرانەی وەک کەلتوورێکی چوارچێوەدار لە باوباپیرانمانەوە بۆ ماوەتەوە و بە داخەوە زۆربەی زۆری ئەو قەناعەتانە نە لەگەڵ بەندەکانی یاسادا دەگونجێن و نە لەگەڵ چۆنییەتیی ژیانی سەردەمانەیدا بگونجێت یان نە، ئەو دیاردانە بەشێکن لە ژیانی ئەمڕۆمان، ئەوەیش بە فەرمانی دەوڵەتی بەلاوە ناڕوات، ئەگەر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە عەقڵی کۆمەڵگە نەکرێت... تاکی کەسی کورد و سەرەنجام کۆمەڵگاکەی بۆ خۆیان نەڕۆنە ئەو باوەڕەوە، پێشم وانییە بە ئاسانی، یان بەم

زووانە بتــوانین لەم تەنگەبەریــیە کــۆمەڵایەتییەی وەدەرچــین و ئەوەندە لە دونیای پێشکەوتوودا شـەرم و خەجاڵەت نەمانگرێـت دەربارەی ئامار و ئەو ژمارە ژن کەوشتنەیدا.

ئیدی چ بمانەوێت یان نا، ئەوە کەلتووری بێـزراو و نەشـیاوە و دژ بە ئایین و یاسا و سـوننەتی محەمەدیـیە "د.خ". زۆر کەس ئەو کوشتارەی بە ئازایەتی و پیاوەتی و کەڵەمێردی دەزانن و بە ئاسانی دەستی لێ هەڵناگرن، قەناعەتی ناگۆڕێت بڵێیت شەڕەف لە عەقڵدایە و لەناو گەڵدا نییە.

هەر یەکێـک لەو دیـاردە نەشـیاوانە دەکرێـت چەنـدان کتێبـی لەسـەر بنووسـرێت، ئەوەتـا سـەدەی بیسـت و یەکەمە و ئـێمەی نووسەران و ئەوانەی خەمی خەڵک دەخۆن و خۆیان بە ڕۆشنفکر دەزانن، هێشتا بە چرکەچرک لەو بابەتـانەی دەنووسـن و بڕێکـی زۆر لای وایە جارێـک لەوانە گەڕێــین و کاروبــاری نەکــراوی زۆر هەیە با ئەوانە بکرێن، ئەودەم لەوانەی تـر بـدوێین... بەڕای مـن مەسەلەکە ڕێک پێچەوانەیە، ئەو دیاردانە هـۆی ئاشـوفتەبازاڕییە، پشــک بڵاویــیە، نایاســاییە، ســەرەنجام پــێ نەگەیشــتن و تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە و خەڵکە زۆرەکەیە..

بە تەئکیـد لە کـۆمەڵگەی پێنەگەیشـتوو و تێنەگەیشـتوودا دەسـتەڵات بە گـوێرەی هەوا و هەوەسـی خـۆی لـێ دەڕوانێـت و

فەرمانڕەوایی دەکات و لە هەر کوێدا ئارەزووی بێت ئەوە دەکاتە سنوور و یاسایەکی ئاشکرا نەکراو و پەیڕەویی لێ دەکات.

بەنـــدە، تەمـــاحگیری گۆڕانکـــاریی بەپەلە و تووننـــدوتیژیی کۆمەڵایەتیی نیم، بەڵام خـۆ دەکرێـت لە چمکـێکەوە لێـی بـدوێم. خۆ دەکرێت لە قوڵێکەوە هەنگـاوی بـۆ بنرێـت، بڕێـک لەو بـت و پەیـکەرە دۆزەخیـانە بە تەورداسـی ئیبراهیمـی بـت شـکێنترینە، "هوبەل و عزی و لات" ڕسوا و شەرمەزار بکرێن.

ئەو بیروباوەڕانە لە کـۆمەڵگەی ئەمـڕۆی میللەتـی ئـێمەدا، لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردا ئاکام و سـەرەنجامی لە "هـوبەل و لات و عزی" کەمتر نییە.

خـوا لێخۆشـبوو "حەسـەن زیـرەک" بـۆی گێـڕامەوە و وتـی: لەگەڵ دەهۆڵژەنێـک و سـڕناژەنێکدا بـووم بە هـاوڕێ لە بڕێـک بۆنەیدا بەشداریمان دەکرد... بیستمان لەو بنـاری گەرمیـانەدا لە لادێی "ژاڵە"دا شادییە، ئێمەیش بەو گەرمـای گەرمیـانە ڕێگەمـان گــرتەبەر بــۆ ئەو دێــیە... کــاکە نەگەیشــتبووینە نــاو دێ لە دێـــیەکەوە کـــابرایەک بە هەرا بەرەو ڕوومـــان هـــات و بە هەناسەبڕکێوە وتی: نەیەن، هەر لەوێدا ڕاوەستن، خواردنتـان بـۆ دێنن بۆ ئێرا. دهۆڵ و سڕناژەنەکە ئەو جۆرە مامەڵەیان لە مێژدا

دیبــوە، کــابرا گەڕایەوە بــۆ نــاو دێ لای کــردەوە و پەنــجەی شایەتمانی ڕاوەشاند و وتی: ها! نەکا بێن؟

لە هاوالّەکانم پرسی ئەرێ ئەوە بۆ وامان لەگەڵ دەکەن؟

سڕناژەنەکەمان لە هەردووکمان دونیادیدەتر بوو، وتی:

" لەم بــابەتەم زۆر دیــوە، ئەوانە لایــان وایە ئــێمەی لــۆتی نەگبەتــین، بەدبەختــی دێنیــنە ســەر ژیــانی بــووک و زاوادا. نــاڕەحەت مەبە، ئەمە زۆر دەخایەنێــت تــا لەو نەگبەتیــیەی ڕزگارمــان ببێــت، هەر نەبــێ مــن و تــۆ نــابینین.. نانیــان هێنــا تازەکاربووم نەمخوارد، ئەمە حەسەن زیرەک بۆخۆمی گێڕایەوە.

هەروەها وتی: لەگەڵ هەمان دەهۆڵژەن دێ بە دێمان دەکرد، شەومان لێهات وتەکەیم پێ بڕ یو وتــم: ئەمەی دەیگــڕیتەوە هەر لە ناوچەکانی جافدا بووە.

وتی: ئەی کــاکە خــۆ لە نــاوچەی باوکمــدا نەبــووە، ئەرێــوەڵا ئەمەیش بەلای قەومقیلەی ئێوەوە بــووە، سەرتاســەری نــاوچەی بەربڵاوی جاف بگەڕێیــت ماشــائەڵڵا ئەوەنــدە زۆرن کوردســتانتان داگیرکــردووە، بــۆ نمــوونە ســڕنایەک نــابینی، دهۆڵێــک بەچــاو نـــابینی، لەبەر ئەوەی مەڕ و ماڵاتتـــــان زۆر و شمشـــــاڵ بەلای شوانەکانەوە هەن.

- ئێ دەی کاکە واز لە ئێمەی جاف بێنە...

وتی: شەومان لێ هات و تۆزێک ساردی کردبوو، لە کەوانەی دێوە تاکەماڵێک دیاربوو، بەش بەحاڵی دەوڵەمەند بوو، سەرمامانە، دامان لە دەرگا، تمەز ئەم ماڵە وا تاک بووەتەوە دوژمندارە، دوای ئەو لێدانەی دەرگا یەکێک نەڕاندی، ئێوە کێن؟

دەهۆڵژەنەکە وتی: مێوانین و لێمان قەوماوە!

وتی: کوڕە ڕاستم پێ بێژن وەپێغەمبەر عارەوی نەیەژن وەگوللە کونکونتان دەکەم..

دەهۆڵژەنەکە وتی: کاکە ئێمە لۆتین و ڕێمان گوم کردووە، شەومان لێهاتووە.

کابرا دیسان نەڕاندی شەش تەڵاقەم کەوێ پۆی پیا نەکەن تا بزانم لۆتین، هەر لەوێ خپتان دەکەم.

دەهۆڵژەن وتی: خاڵۆ حەوسەڵەت هەبێت ئێستا بۆت ڕوون دەکەینەوە لۆتین، لۆتی...

سڕناژەن وەک خەنجەر سڕناکەی کردبووە بەرۆکیدا، سڕنای دەرکرد و فووی پیای کرد دەهۆڵژەنیش دەستی پێ کرد و ئیتر هەر مەڕ و بزن بوو بە چوار دەوردا ڕایان دەکرد، کابرا هاتبووە هاوار، کوڕە بەسە!

- کوڕە گەماڵ باوکینە بەسە.
- کوڕە بەسە!

بڕیمـــانەوە، کـــابرا بە تفەنـــگەوە هـــاتە دەرەوە، لەولاوە دێ شڵەژابوو، ڕۆمولغەزایەک بوو نەوێتەوە...

وتم: کاکە حەسەن ئەمە خۆت دروستت کردووە.

ئایەتێک بە دیواردا هەڵواسـرابوو، حەسـەن زیـرەک هەڵسـا و لە ئـایەتەکە نزیـک بـووەوە ئامـاژەی بـۆ کـرد و وتـی: کـاک خوسـرەو بە هەقـی ئەو قورئـانە ئەوەی گێـڕامەوە خیلافـی تیـادا نییە.

مـن بۆخـۆم لەبیـرمە منـداڵ بـووم، دەهـۆڵ و سـڕناژەنێک کەرێکیان پێ بوو، هاتنە نێـو دێـی "کەلار"ەوە، ئەو دەم "کەلار" لە سەد ماڵێک زیاتر نەبـوو، مـاڵ بە مـاڵ دەگەڕان، هەرکەسـێک بە گوێرەی توانایان شتێکیان دەدانێ، پارەی "نەقـد" لەو دەمەدا کەم کەس هەیبوو.. بڕێک هێلکەی پێ دەدان، بڕێـک گەنـم، یـان جۆ، هەتاوەکوو "خورما"شیان وەردەگرت.

ئـێمەی منـداڵانیش بەدوایـانەوە بـووین، نـۆرە هـاتە بەرمـاڵی یەکێـــک لە بەگەکـــانی خزمـــی خـــۆم، دیـــاربوو ئەو دەم بەگ نووستبوو، لە پڕ بکوتی دهـۆڵ و فـیقەی سـڕنا لە بەردەم

ماڵیاندا دایکوتابوو، بە ئاگای هێنابوویەوە، "چاوت ڕۆژی ڕەش نەبینـــی" ئەو بەگە لە مـــاڵ هـــاتە دەرەوە، کەوتە لێـــدان و تێهەڵدانیان، سەر و گوێلاکیانی خوێناوی کرد، دهۆڵەکەشیانی دڕی.

من بە عەقڵی منداڵیی خۆم لام وابوو لەنێو ئەو دهۆڵەدا پیاوێکی تیادایە و ئەو دەنگە زلە و زرم و بکوتەی لەم کابرایەی ناو دهۆڵەکەوە بەدەر دێت.

کـــابرای دهـــۆڵژەن مێـــزەری کەوتبـــووە ملـــی، بەرۆکـــی سووربووبوو لە خوێنا، سرناژەنەکەیش لەو باشتر نەبوو.

خۆم پێ ڕانەگیرا و لە دهۆڵی دڕاو نزیک بوومەوە و سەرم بـردە نـاو دهـۆڵی دڕاوەوە، دهـۆڵی بـۆش و بەتـاڵ، وەک زۆر لەبیروبـاوەڕە پووچەکـان، زەلامـم لەنـاو دهۆڵـدا نەدی... قـڕە و هەرا و بەزم کپ بووبوویەوە.

دهۆڵژەن و سرناژەن لە دهۆڵە دڕاوەکەیان بێدەنگتر....

منـیش گریـام و بە چـاوی فرمێسـکاوییەوە ڕۆیشـتمەوە لای دایکـم، کە دی چـاوم تەڕی فرمێسـکە، بە پەرۆشـەوە لە هـۆی گریانەکەمی پرسی، وتـم: بـۆ دهـۆڵژەنەکە دەگریم. فلانـی زۆری لێدان و دهۆڵەکەشیانی دڕی....

دایکم لەژێر لێوەوە چەند قسەیەکی کرد، لێی تێنەگەیشتم، زەلامێکی ناردە دوایاندا، هاتن دڵیانی دایەوە و پارە و پوولیشی پێدان. وا تەمەنم شەست و حەوت ساڵە تا بە ئەمڕۆ دیمەنی مەزڵوومی ئەو دهۆڵژەنەم لەبیر ناچێت و لە هەشتاکاندا ئەو ڕووداوەم کردە باسێک و بەناوی "نان و نەوا"وە لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاوم کردەوە.

بنەوارە گەورەترین و بەناوبانگترین هونەرمەندی کورد "حەسەن زیرەک" بە چ قۆناغێکی ناسۆری و بەدبەختیدا گوزەراوە، ژیانی ئەو هونەرمەندە گەورەیە زنجیرەیەک بووە لەو بابەتە ڕووداوانە...

پرسیارێک پێش دێت: بۆچی فریشتە و پەریان و مەلائیکە هێندە بێ زەوقن لە دەنگی حەسەن زیرەک، لە شەقەی باڵ دەدەن و خێر و بەرەکەتیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن و نەگبەتی بەجێ بهێڵن؟

ڕاستییەک هەیە دەبێ بگوترێت: ئەوی زەرافەتی هونەری و بەرزی و بوڵندی ئەدەبیاتی کوردی هەیە، بەلای مەلاکانەوە بووە، ئەوە "خانی"، ئەوە "نالی"، ئەوە "مەولەوی" ئەوە "وەفایی"، ئەوە "سالم"...زۆری دیکەیش لە کەڵە مەلایانی کوردستان.



لە خـانمی "پێشـەوا قـازی مـحەمەد"م بیسـتووە دەیگـوت: وەفایی دەنگی خۆش بوو، مێزەرەکەی لەنـاو سـابڵاخدا دەخسـتە ملی و شیرین تەشی دەڕێسێی دەگوت و خەڵکـی سـابڵاخیش بە ئەو پەڕی ڕێزەوە گوێیان لێ دەگرت.

لە خانمم پرسی: شیرینت دی بوو؟

وتی: زۆرجاران...

وتم: وەفایی وا لە شیرین دواوە، وا جوان بووە؟

وتی: شیرین ئافرەتێکی کورتەباڵا بوو، ناشیرین نەبوو، بەڵام بەو زەرافەتی شیعرییەی نەبوو کەوا وەفایی لێی دواوە.

منیش لە وەڵامی خانمی خێزانی پێشەوادا وتم:

تکایە خانم مەدە لە زەوقـی هەزارانـی وەک مـن، کە جـوانیی شیرین لە بیر و ئەندێشەماندا دەقی بەستووە!

وتی: پرسیارێکت کرد و منیش وەڵامم دایەوە!

# نان و نەی

من لادێیم!

تـا لە ژیانـدا کەوتـمە سـەر ڕێگـا و ڕەوتـی خـۆی وەرگـرت و بازووم گوڕ و هێزیان تێکەوت... پێم نەدەکرا هیچ یاسـا و کـردار و ڕەفتارێـک بە هاوشـانیی ڕەفتـار و کـرداری لادێـی و خـێڵان و کۆچەرییان دانیم.

لە سـینەمدا بیـر و ئەندێشـەی جۆراوجـۆر پەنگـی خواردبوویەوە، تا ڕادەیەکیش لە چۆنیەتیی بیروڕای خەڵکانی ناو شـارە بچکۆلانەکـانی دەوروبەرم سـەرم سـووڕ دەمـا، منـاڵانە زەردەخەنەم دەگـرتە چوارچێـوەی ژیـان، سـکم بە بێـدەرتانییان دەستووتا، خەیاڵ دەیبردمەوە، ئاوا بیرم لە شاران دەکردەوە.

لەگەڵ گـوزەری ڕۆژگـاردا ئەندێشـەم بەربڵاوتـر و هەنگاوەکانیشم پانوپۆڕتر دەنا.

تێدەفکرام، تێدەفکرام، تا گەیشتمە ئەوەی هێشتا هەرزەکارم و هیچ نەهاتووەتە ڕێم، جیهـان زۆر لەوە پـانوپۆڕترە، کە مـن وا تێ دەفکرام!

مـن گەنجـم و مێردمنـدالّم، گێتـیش لەوە پیـر و پـڕ سـەیر و سەمەرەترە، کە لێی دەزانم!

جیهـان و یاسـاکانی تەنهـا بیـروڕای هـۆزایەتی و هەڵسـان و تێفکرینی ڕەوەندی نییە.

بیروڕام گەلێک سەرەتاییە!

ڕاسـتە ئـێمەی مـرۆڤ بـۆ هەر کـوێ بـڕۆیین ئاسـمان یەک ڕەنـگە، بەڵام تـوێژی ئاسـمان جیـاوازە، دڵ و قـووڵایی ئاسـمان ئاشـکرا و لێـڵ و پەنهـانە، کەیلـی ڕازە. پـڕ لە ئەفسـوونە نەزانراوەکانە.

جا بە دڵ و گیانەوە بە عیشقی هەڵهێنـانی مەتەڵـی ژیـانەوە نە خەوتم. بەرەو دونیای پڕ لە ڕاز و مەجهوول وەڕێ کەوتم.

کـۆڵی سـەفەرم لە کـۆڵ بەسـت و وەڕێ کەوتـم، ئـای پەنـجەکەڵەم هەڵـکەوت و نەسـرەوتم، بـێ بیرکـردنەوە لە چەرمەسەری، بەرەو دونیـای نـامۆی دەربەدەری. خـۆم دەربەدەر کرد.

بیسـت و یەک سـاڵ نـامۆیی وڵاتـانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوام پێـوا.. نـامۆیم چێـژا، دەردی بێـدەرمان و ئەشـکم ڕێـژا. وێـڵ و سەرگەردان بە دوای خۆما.

وەک وتم: من لادێیم!

لە ئاسـمانی گەرمـی گەریمانـدا پەروەردەبـووم و پەڕوپـۆم دەرهێنـاوە، هەر لە منـاڵییەوە بیـرم بەلای هـونەر و ڕشـتەکانی هونەر و کەنین و گریانی هونەرەوە بووە.

دووور و نزیـک لەسـەرخۆ، بەهێمنـی و ڕێچـکەی ڕابـردووی هونەری میللەتان و داهاتووەکانی هونەریم گرتە بەر.

لەناو نامۆییدا ئەوەی دەربارەی هـونەر دەبـوو دەمقـۆزییەوە، دەمخوێنـدەوە! بەپێـی توانـا، یـا بە ڕێـکەوت لە سـیمنار و کـۆنفرانس و ڤیسـتیڤاڵ و جەژنەکـان و سـینەماکان و وەک گوێگرێک، یا تەماشاکەرێک بەشدار دەبووم.

پێشانگا و تەماشاخانە و مۆزەخانەکانیش دەگەڕام.

لە نـیمچە ئاوڕێکـدا شـۆرەت و دەسـتەڵات و دەوڵەمەنـدی ئەفسانەیی ئەکتەرەکانم دەدی. ئـاخم دەکردە داخ و ئەو هەمـوو دەستەڵات و ژیانەم سەیر دەهاتە پێش چاو.

جاروبـار لە ئاسـمانی خەیاڵـدا کـۆت و تەلبەنـدی نـامۆیی و دەربەدەری و قوڕبەسـەریم دەهـاڕی بەسـەر یەکـدا. بیـر و ئەندێشـەم خـۆی دەگەیانـدە وڵات و چـۆنیەتیی ژیـانی پـڕ کـوێرەوەری و چەرمەسـەریی هونەرمەنـدان. هەر دوو لام پـێکەوە

هەڵدەسەنگاندن، خەم دایدەگرتم، تاڵییم چێژ دەکرد و سینەسەخت بووم لە تاوا نەدەمردم.

گەرچی دەمزانی فەرهەنگی ئێمەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەواندا جیاوازە، جیاوازییەکەیش گەلێک بەربڵاو و فراوانە، بەدووریی نێوان زەوی و ئاسمانە...

ڕاستە لە وڵاتی ئێمەدا هونەر و بارودۆخی ڕشتەکانی هونەر بەو شێوەیی لە ڕۆژئاوادا هەیە وەدی ناکرێت، نابینرێت... بەڵام مانای ئەوە نییە لە هونەر بێگانە بین. ئەوە ناگەیەنێت نەتوانین زمانی هونەر و زاراوە هونەرییەکان نەکەین بە گۆرانییەکی شیرین! ئاواز و تێکڕایی هونەر، زمانێکی ویژدانی و ئاسمانی و جیهانییە!

هونەر هاواری بێدەنگی میللەتانی ئازادیخوازی جیهانە.

نەشیاوە لە دوا هەناسەی سەدەی بیستەمدا بە هەڵە زاراوە هونەرییەکان بەکار ببەین. یان لەو زمانە ئاسمانییە بێئاگا و بێ خەبەر بین، یان هەر نەبێت گڕوگاڵی پێوە نەکەین.

کەس ناتوانێ بڵێ ئێمە میللەتێکی بی زەوقین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خاوەنی گەنجینەیەکی بێوێنە و بێ بنین. لەم خاکەدا هێندە هونەری خۆماڵی کۆنەساڵمان بۆ ماوەتەوە ئەگەر تا دوا سڕناکەی ئیسرافیل کاری تێدا بکەین لەبن نایەن.

برا دەریایەکە بۆخۆی!

ئەم دەریـایە مەلەوانـی دەوێ، کـار و ئەزمـوون و چاوسـاغی دەوێ... ئەوەیـش لەبیـر نەکەیـت، زەمـان، زەمـانی تیـژڕەوییە، زەمـــان، زەمـــانی کۆمپیـــوتەر و ژمـــارە و داتـــایە، ڕاپەڕینـــی تەکنۆلۆژی گەردوونییە.

تەکنۆلۆژیـا زۆر شـتی داهێنـاوە و کردوویەتـی بە پێویسـتیی ژیـان. ئـێمە مرۆڤـی ئەو سـەردەمە هەروا بە ئاسـانی نـاتوانین دەستبەرداری بین.

بانگەوازی من، من و ئەوسـا منـی تەکنۆلۆژیا کـونی گـوێ و ئەندێشە و دەروونی هەر کەسێکی پێواوە.

لە ئـاوا دەوروبەرێکـدا پـێم وایە زۆر دژوار نەبێـت، هـونەرە خۆماڵییەکـان بە شـێوەیەکی شایسـتە و نـوێ بناسـێنین بە میللەتانی جیهان.

چەنـد پەسـندتر و باشـتر دەبێـت ئەگەر خـوێنێکی گەرمتـر بکەینەوە بەر کۆنەساڵە هەڵقرچاوەکان، ئەوسا ڕەنـگە فێـری ئەو زمانە بین کە وا پێی دەڵێن زمانی جیهانیی هونەر.

نەترسـاو لە چـاوزەقکردنەوەی کۆنەپەرسـتان، چـاولێکەران، کەمتەرخەم لە لێوهەڵقورچانی بێدەربەست، لە زەردەخەنەی دەم هەراشان، ڕووکەشان... دڵنیابە بەتەنها من و تۆ و ئەو دەتوانین



کەژاوەی کۆنەساڵی هونەر دیسانەوە بخەینەوە گڕ. بەرەو مۆڵگە و مەڵبەندێکی پەسند هەنگاو بنێین، لە پاشەڕۆژێکی نزیکیشدا بگەینە هەوارگە، ئەم ئاواتە هەر بەدی دێت، کەی؟ نازانم...!

منداڵ بووم دەمبیست فلان حەز لە فلان دەکات، ئەو لەوی تر، هەر خەڵک بوو حەزیان لە یەکتر دەکرد.

لە خۆم دەپرسی: ئەرێ ئەو هەموو دڵدارە هیچ تیا بەسەر نەبووانە بۆ شاییەک ناگێڕن؟

بۆ زەماوەندێک ساز ناکەن؟

چ بێفەڕ و بێن درێژ و بە تامووڵن!

خۆ وەڵا جارجاریش زەماوەند ڕووی دەدا، تەنیا ساز و ئاوازی هەر چەپڵەی لەپ و بە جووتە گۆرانی وتنی نێو هەڵپەڕکێ...

حەزم دەکرد ناسراو و دەوڵەمەند شایی بگێڕن، ئاخر دەستڕۆیشتوو دەیتوانی چاوش بانگ بکات و چەند شەوێک بەزمی منداڵانەی خۆمان بگێڕین... گوێمان لە دهۆڵ و زوڕنا و چاومان لە هاتوچووکردنی دەهۆڵژەن و جۆشدانەکەی بێت!

جاروبار ئاواتەکانمان بەبێ شاییگێڕان دەهاتنە دی، لە کاتی سەر خەرماناندا هونەرمەندانی زوڕناژەن و دهۆڵ لێدەر گەڕەکە خەرمانەکان دەگەڕان، خەرمان لۆغەیان پێ دەدرا.

ئێمەی منداڵیش وەک لەشکرێکی شکاو، بە چەپڵەوە بەدوایانەوە بووین، جاروبار پێش ئەوەی چاوەشەکان بگەنە دامێنی خەرمانەکان... کابرایەک وەک تیر لە کەوان دەردەچوو و لە خەرمانەوە دەردەپەڕێ و پێشی بە چاوەشان دەگرت و نەیدەهێڵا بڕۆنە پێشەوە و لە خەرمان نزیک ببنەوە.

هەر لە دوورەوە برێک گەنمیان پێ دەدرا...

نەمدەزانی بۆ پێشیان پێ دەگرتن و لێیان نەدەگەڕان نزیکبنەوە، بۆم بوو بووە ڕازێکی هەڵنەهێنراو، تا لە دایکم پرسی...

دەرکەوت باوەڕ وایە دەنگی دهۆڵ و زوڕنا فریشتەی بەرەکەت لەسەر خەرمانان دەتارێنێ.

فریشتەکان بە بیستنی ئەو زوڕنا و دهۆڵە بەرەو ئاسمان دەدەن لە شەقەی باڵ و بەرەو ئاسمان دەگەڕێنەوە، تا دوا وەرزی ساڵ...

دیسان لە دایکم دەپرسی: ئەرێ دایە بۆچی فریشتە هێندە بێ زەوقن؟

دایکم وەڵامی دەدامەوە:

نا ڕۆڵە بێ زەوق نین، ئەوان فێری مۆسیقای گەلێک ناسک و خۆشنەواترن... دەمویست بیسەلمێنم، نەمدەتوانی!

فریشتە نابێت هێندە بێ زەوق بن، فریشـتە نـابێ هەر تەنهـا گوێی لە نەوای ئاسمان بگرێت، ئەگەر مۆسیقای ئێمەی مرۆڤی لا سـەنگین و قـوڕس بێـتە گـوێ، بە چەشـنێک لە تـاوا خـۆی پـێ ڕانگیرێـت و خەرمـان و بەرەکەتەکەی بەجـێ بهێڵێـت و بـدا لە شەقەی بـاڵ... ئـاخۆ دەتـوانێ زیـڕە و هـاواری دەمێکـی ژانـاوی ببیستێ؟

چــۆن پەیــام و ســکاڵای دڵێکــی پــڕ لە ژان و ناســۆر و عیشقێکی ویژدانی دەگەیەنێتە چاوگەی هەق؟

دایکم نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە...

ئاڵۆز دەبوو، بە کورتی دەیوت:

ڕۆڵە ئەوانە لــۆتین، لــۆتی! لــۆتیش نەگــبەتە نەگــبەت! تێگەیشتی؟

ئەگەر وردبینەوە دەنواڕێن هەندی بیـروڕای هەڵەی چەسـپاو، لەمێژەوە بەهۆی چەکی ئابوورییەوە چەسپێنراوە.

وەک خەرمان و فریشتەی بەرەکەت و لۆتی.

نـازانم چـۆن سـەدان سـاڵ تێپەڕیـوە و بە ئاسـانی تـوێژێکی عــارەقڕێژی زوخـــاوچێژی، هەســت بــرژاوی زوڕنــاژەنی نــاو ئەم میللەتە بە نەگبەت دراون لە قەڵەم؟

ئایا نەگبەت زکماکە، یان بۆنەهـاتی و هەڵـکەوت و داکەوتـی ژیانی مرۆڤ دەیی هێنێتە پێش چاو؟

بەپێی چاوگە زانستییەکان لە هەزاران کەسدا یەکێک زکمـاک تاوانبار دێتە جیهانەوە.

ئەویش ئەگەر بیهۆنینەوە ئەو تاوانبارە زکماکە بێتاوانە!

خۆشــبەختانە ژمارەیــان زۆر نیــیە، وەک نەبــوو وایە، کەی ڕەوایە لەسەر بیروڕایەکـی بـێ بـن و بنچیـنە بە نەگـبەت بـدەینە قەڵەم؟

ئایا ڕەوایە ئاوا بێ نرخ و بایی تێیان بنوارین؟ ئێمە خەڵـکی ئەو وڵاتە میللەتێکی بەزمدۆست و بەزمگێڕین.

لە هەر کوێیەک گرمەی دهـۆڵ و سـیرەی زوڕنـا بەرزبێـتەوە، پیر و لاو خۆیان پێ ناگیرێت، ژن و پیاو سـەر مەسـتانە خۆیـان دەهاوێژنە نێو کۆڕی بەزمەوە..

ئایا تا ئێستا لە خۆت نەپرسیوە هۆی ئەم بان و دوو هەوایە چییە و چۆنە؟



ئــای چەنــدان هەزاران کەس لەســەرچۆپی کێشــان شــەلاڵی خوێنکراوە!

ئای چەند بەزم و زەماوەند بە قورپێوان ڕێچکەیان بەستووە بەرەو گۆڕســتان، هەر لەبەر خۆدەرخســتنی نێــو هەڵپەڕکــێ و خۆبادان.

ئەو هونەرمەنــدە کلّــۆلانە عەیــارانە، بە ئاســانی و بەجــوانی بتوانن من وتۆ و ئێمە و ئەوان بێننە سەمای مەرگ!

لە خۆت ناپرسی بۆ لە پێش چاومان ئاوا بێجێ و بێ نرخن؟

وانازانی گرێیەکی ڕچاوی لە ڕۆژگار پیرتر لەنـاو لـق و چـڵ و پۆی ناخماندا گیری کـردووە و سسـت و خـامۆش و بێدەربەسـت نووستووە!

تێنــافکرین کــاتی ئەوە هــاتووە چاوســاغان و دەروونناســان، ڕوونــاکبیران، ڕشــتە جۆراوجۆرەکــان لە بیــروڕا ســەرەتاییانە، لە ڕوویەکی زانستیانە لەمە بکۆڵنەوە؟

زوڕنـاژەنیش ستایشـە، دەمـی زوڕنـاکەی بەرەو ئاسـمانی بـێ بنوبێخ بەرزکردەوە، هێندە بە سۆزەوە پەنجە ڕەقەڵەکانی لەسەر ترپە و ڕیتم بەرز دەکردەوە، لە تاوا چاوە مۆنەکانی نووستبوون.

لە هەمانکاتــدا ڕوانــیم زوڕنــاژەن ڕوو و ڕوخســاری شــەلاڵی خــوێنە، دهــۆڵیش لە زەویــدا کەوتــووە و خوێنــاوی دەمــی وەک زامێکی کۆنەساڵ دەمی کردووەتەوە.

من دیبووم لە خەڵک دەدرا، لێدان ژانی هەیە، ژانـیش هـاوار و گریــان، چەتــوونیم دەکــرد، لێیــان دەدام  لە تــاوا بە دەنــگ دەگریام.

منالانە وامدەزانی... دهۆڵ لە تاوی ژانی دار دەنگی دێت... ئەوەی لەنــــاو دهـــــۆڵەکە دایە ئێشـــــی پـــــێ دەگـــــات و دەناڵێنیت...کاتێک لە دەهۆڵی دڕاو نزیک بوومەوە، سـەرم بـردە نــاویەوە بــۆم دەرکەوت وەک زۆر بیــروڕای هەڵەی چەســپاوی جۆراوجۆری ئەم زەوییە گردە خۆلاوییە پڕە لە هیچ...!

وا بەرەو خەزان دەڕۆم، هێشـــتا خـــوێنی وشـــکبووەوەی، ســـەرکەپوو، ڕوخســـاری ئەو ســـوڕناژەنەم لە یادنــاچێتەوە. .. گریانە بێدەنگەکەی... ڕوخسارە زەردە بێ ڕەنگەکەی.

شێوەنی زوڕنا و ئـاهەنگەکەی... دڵـۆپ... دڵـۆپ فرمیسـکی چاوە نەرمەکەی ئەوانە دەقن بۆ من.

کـاتی سـکالایەکی سـەدان سـاڵ بـوو... لەدەسـت تێفکرینـی گومڕایی و بێ ویژدانی.

بەو منـاڵییەوە هەسـتم بە داخـی دەکـرد و پەیـم بە نـاخی دەبرد.

سڕناژەن لەوە دەچوو ئەوە یەکەمین لێـدان، یەکەمـین خـوێن ئـاوەڵکردنی نەبێـت. لەوەدەچـوو بـێ خەبەری و نـابەرانبەری لە سورڕناژەنی هۆکارەی ئاوا لێدانێک کردووبێت.

دیـاربوو لە مێژبـوو ئاکـامی بـێ ڕێـزی و نـاڕەوایی خـۆی زانیـوە... بەڵام چـی بکـا؟ ئەوە عیشـقە، عیشـق بە ئاهەنـگ، عیشق بە هونەر، هونەرێکی پاک و خـاوێن و خۆمـاڵی... ژەنـدن بۆ زانا و دانا و بێ کەڵک.... بۆ تـۆ... بـۆ مـن.... بـۆ تێکـڕای خەڵــک... بــا لەســەر حســابی بــێ ڕێــزی و پێشــێلکردنی کەسایەتیشی بێت.

ئا ئەمەیە تراژیدیای هونەری خۆماڵیمان...

منــیش یەکــێکم لە ئێــوە ڕەنــگە هەر بــۆ وتــن یــا بــۆ خۆدەرخستن ڕێز لەو چەوساوانە بگرم. ئەم کەم ڕێزییە تەنها بۆ ســوڕناژەنان نیــیە. دەردەکە تــا ئەمــڕۆ بــێ تەکبیــرە، هەمــوو جێگیرە،.

هەر هەموو هونەر و ڕشتەکانی لەناو ئێمەدا بێ پـایە و بـێ نرخن.

ئێمە وەک میللەتێکی فەرهەنگدار لەم ڕووەوە بیرناکەینەوە، کەی ئەم دوژمنشێلی دوژمنان کۆتایی پێ دێت؟ کەی؟ نازانم!

کەی ئـێمەیش وەک میللەتێکـی وشـیار و خـاوەن فەرهەنـگ مافی هونەرمەندان دەدەین، کەی؟

نازانم!

با ئەوەیش بڵێین تەنها ئێمەی کورد و تێکڕای خەڵکی عێراق نین دووچاری ئەو فکرە بووین و ئاوا تێـدەفکرین، زۆر مـیللەت وا بیردەکەنەوە!

لە زۆربەی وڵاتـانی ڕۆژهەڵات ڕەنـگە هونەرمەنـدانی دۆخیـان لەوان چاکتر بێت. ... بەڵێ ڕەنگە...

جا برا لەم دوا هەناسەی سەدەی بیسـتەمەدا، لێـت دەپرسـم ئاوا تێفکرینێک دەبێتە دەوای کام دەرد؟

ناوی دەنێی کام دەرمان؟ جا کوا دەرمان؟



# شارەوانیی تاران

دووسێ مانگ بوو کۆلیژم تەواو کردبوو، خەریکی ماجستێربووم، بڕێک لە خزمانم، بەتایبەتی شەهیدی بێتاوان سالارجافی ئامۆزام سووربوو لەسەر ئەوەی لە یەکێک لە دەزگاکانی دەوڵەتدا دابمەزرێنێ، نەدەچوومە ژێر، تا توانی "ئەشێ"ی دەزگیرانم و خوشکی ئەو ڕازی بکات، ئیتر ئەولای لێم بڕیەوە چارەم بۆ نەمایەوە، ڕۆژێک پێی وتم:

سبەی کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ من و تۆ دەڕۆین بۆ لای ئاغای "هوەیدا" سەرۆک وەزیران " هوەیدا"، سەرۆک وەزیرانێکی زۆر بەهێز و لە هەمان کاتدا خوێندەوار و هۆشیار و نوکتەبێژ بوو، لەسەر کاتدا تۆزێک زووتر لە دیوانی سەرۆک وەزیراندا ئامادەبووین، لە کاتی دیاریکراودا ڕۆیشتینە ژوورەوە و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردین و لەگەڵ سالاردا کەوتە گاڵتە و شۆخی کردن.

زۆری نە خایاند "سالار" مەبەست لە هاتنەکەمانی ڕاگەیاند، کەوا لە شارەوانیی پایتەختدا دام مەزرێنی، هوەیدا بە منی وت: لە جێگە و شوێنی تر کارت کردووە؟

- نەخێر هەمووی سێ مانگە کۆلیژم تەواو کردووە.

تەلیفۆنی هەڵگرت و پەیوەندی بە سەرۆک شارەوانیی تارانەوە کرد، کابرا ناوی " نیک پەی" بوو. لە ڕۆژنامەکاندا جاروبار باسی دزی و دەخەڵی دەکرا. بەتایبەت ڕۆژنامەی "توفیق"ی گاڵتەجاری.

بە ئاغای نیک پەی وت گەنجێکت بۆ دەنێرم تازە کۆلیژی میعماری تەواو کردووە، فرە قیت و قۆزە، دەمەوێ لە جێگەیەکی باشدا دایمەزرێنی، وەک وتم: جێگەی باش، ئەگینا جافەکانمان لێ زویر دەبن، با ئەوەیش بڵێم لە هیچ کوێ کاری نەکردووە و هەڵمی لێ هەڵدەسێ... ئەویشە بزانە ئەوەندە قۆزە کچێکت لە شارەوانیدا بە ساغی بۆ ناهێڵێتەوە! سبەی لەگەڵ سالارجافدا دێنە لات، خوالێی خۆش بێت هوەیدا وتی:

سبەینێ لە دەرەوەوی ئۆفیسەکەیەتی دووسبەی کاتژمێر یانزە چاوەڕوانتانە.

دوو سبەی لەسەر کات لەگەڵ سالار جافدا گەیشتینە لای، شەهردار وتی: جەنابی سەرۆکوەزیران فەرمووی هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی کاریت نییە، وانا؟

- نەخێر نیمە، خەریکی ماجستێرم...

وتی لە ئەنجوومەنی پارکەکانی تاران بە ناونیشانی سەرۆکی ئەندازیارانی ئەوێ داتدەمەزرێنم. لەوێڕا مەیدان زۆرە تا هونەر و توانای خۆت وەدەرخەی.

ئەمڕۆ چوارشەممەیە، ڕۆژی شەممە بڕۆ ئەنجوومەنی پارەکەکان، کە لە ناو "پارک شەهر" دایە، بەڕێوەبەری گشتیی ئەنجوومەنەکە چاوەڕوانتە.

شەممە خۆم گەیاندە "پارک شەهر"، بەڕێوەبەری گشتیی ئەنجوومەنەکە چاوەڕوانی دەکردم، خوا هەڵناگرێ بە جۆرێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکردم وەک وابێت من بەڕێوەبەری ئەو بم.

دەی دەستم بە کار کرد و بەڕێوەبەر پارکی شەهر و زۆربەی پارکە گەورەکانی شاری تارانی نیشان دام.

وەک زانراوە شاری تاران، شارێکی کۆنە و پڕە لە دار و دەرختی کۆنەساڵ. زۆریشی لێ وشک دەبێتەوە، ئەو درەختە ئەستوورانە بڕابوونەوە و پەلوپۆی داپچڕاو لە گۆشە و کەناری پارکەکاندا کەڵەکە کرابوون بۆم دەرکەوت لە کەڵکەڵەی فرۆشتنی دابوون.

لە کارگەکانی دارتاشی بە بەڕێوەبەرم وت: ئەو تەنە درەختانە مەفرۆشن، من کارم پێیانە. بەلایەوە سەیر بوو.

وتی: ئەوانە ئەوە چەندان ساڵە لە گۆشە و کەناری پارکەکاندا بێ کەڵک کەڵەکە کراون.

وتم: ئەوەی دەزانم، لەسەریان کار دەکەم کە تەواوم کرد دەیخەمە بەردەستت..

لە ڕۆژهەڵاتی شاری تاراندا گۆڕستانی سەربازانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دابین کرابوو، ئەوسا لە دەرەوەی شاردا بوو ئێستا کەوتووەتە چەقی گەڕەکێکی شاری تارانەوە. خەڵکەکە هاتبوونە

دەنگ کە ئەو گۆڕستانە بکرێتە پـارک و ئیـدی بەسـە بـاج و خـاوەی ڕۆژانەی ئەو گۆڕسـتانە بـدەن و تـازە داگیـرکەری وڵاتـیش بـوونە، لەولاشـــەوە ســـەفاراتەکان بە هەڕووژانـــدنی ئەو گۆڕســـتانەی ڕازی نەدەبوون. گرفتێکی گەورە بوو، بۆنی هەرای لێ دەهات.

ســـەرۆکی شـــارەوانی و بەڕێـــوەبەری پارکەکـــان بەدەســـت ئەو حـــاڵەتەوە دامـــابوون، بەڕێـوەبەر پێـی وتـم حەز دەکەم سـەری ئەو گۆڕســتانەی بــدەیت بەڵکــوو ڕێچــارەیەکی بــۆ بــدۆزیتەوە. لەگەڵ ئەندازیارێکی کشتوکاڵدا ڕۆیشتم بۆ دیتنی گۆڕسـتانە کـۆنە سـاڵەکە، پڕبوو لە دارودرەختی ئەستوور و بەرز و بوڵەند.

گەڕامەوە و کەوتمە کار، لە دیزاینی گۆڕینی گۆڕستان بە پـارک، گرفتـی گەورە گۆڕەکـان بـوو بە چواردەوریانـدا تەلەبەنـد کرابـوو، لە دیزاینەکەمدا تەلبەندم کردە دیوارێکی بەرز بە بوڵەنـدی یەک مەتـر و نیو، سەرتاسەری گۆڕستانەکەم بە خۆڵەسووره پڕکـردەوە، زەویەکـی تەختەڵانـیم بە بوڵەنـدی یەک مەتـر و نیـو بەدەسـت هێنـا، ئەو دەم نەخشــەی کافتریــا و ئاونمــا و گــوڵ و گــوڵزار و درخــتچە و چــرا و ڕۆشــنایی جۆراوجــۆرم تیــادا دانــا. درەخــتە بەرز و بوڵنــدەکانیش هەروەک خۆیان مانەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو جێگەیە یەک مەتر و نیو لە شەقام بەرزتر بـوو دەبوا لە ڕێـگەی پـاپیلکەوە سـەرکەوتبای، تەواوی گۆڕەکـانیش وەک خۆیان لەژێر خاکدا مـانەوە. دیـزاینەکەم لە سەرتاسـەری شـارەوانیدا دەنگی دایەوە، سەرۆکی شارەوانی بۆ هەر سەفارەتێک کەوا سەربازی





مردووی لەو گۆڕستانەیدا نێژرابوون نوسخەیەک لە دیزاینەکەی بۆ ناردن، بێ یەکودوو ڕەزامەندییان لەسەر دا... بابەتەکە گەیشتە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەستگاکانی ڕاگەیاندن، یەکێک لە ڕۆژنامەکان مانشێتەکەی کردە " تەلارسازێکی کورد گرفتێکی گەورەی سەفارەتەکان و شارەوانیی تارانی بە دیزاینێک چارەسەر کرد".

لەو ماوە کەمەیدا کەوا لە شاروەانیی دابووم یانەی کۆنەساڵی شارەوانی تارانم بە چەندان دیزاین و پەیکەری ئاسن و ئاونما نوێسازی کردەوە.

پارکی گۆڕستانەکەم هەر لەو درختە وشکبووانەی وا لە پارکەکاندا کەڵەکەکرابوون دروست کرد، کە لەو بابەتە دیزاینە لە شاری تاراندا نەکرابوو.

پارکێکی گەلێک گەورە لە باشووری شاری تاراندا بە فەرمانی شابانو فەرج پەهلەوی دروستکرابوو، بە ئەمری سەرۆکی شارەوانیی تاران دەستنیشان کرام تا ئەو پارکە بەپێی پەیمان لە پەیمانکار وەربگرم.

پەیمانەکەم بە وردی خوێندبوویەوە کە ڕۆیشتم بۆ وەرگرتنی ئەو پارکەی ڕوانیم دزی و دەخەڵییەکی زۆری تیا کراوە، بیستویەک فەقەرەم دەستنیشان کرد تا پەیمانکاری دووبارەسازی کاتەوە، موهەندیسی کابرای پەیمانکار پشتی بە ئاغاکەی قایم بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ئاغـای موهەنـدیس تـۆ بۆخـۆت خـراو دەکەیـت، دەزانـی کـێ پەیمانکاری ئەو پارکەیە؟

باشـتر وایە ئیمـزای خـۆت بکەیـت، لە وڵامیـدا وتـم: بـۆم گرنـگ نییە، هی کێیە، ئەو بیستویەک خاڵە دروستکەنەوە، ئەو دەم ئیمزای دەکەم.

وتی: کاکی موهەندیس زۆر زوو پەشیمان دەبیتەوە...

وتم: دەمتۆقێنی؟

وتی: من بۆ خوا وتم!

وتم: دز لای خوا نا موحتەڕەمە....

دوای سێ چوار ڕۆژ لە ژووری بەڕێوەبەردا دانیشتبووم، کابرایەک بە نەڕەنەڕ خۆی کرد بە ژوورا، ئاماژەی بۆ بەڕێوەبەر کرد و هەر بەو نەڕەنەڕە وتـی: پـێم بڵـێ چ سـەگبابێک ڕەخـنەی لە کـاری مـن گرتووە... بەڕێوەبەر کەوتبووە تەنگەبەرییەکی نـاجۆرەوە، بە ڕەنـگ زەردییەوە وتی: تۆ فەرموو دانیشە!

هەر بە نەڕەنەڕ وتی: من فێرم لەناو پیـاوان دانیشـم فەقـت پـێم بڵێ ئەو توولەسەگە کێیە نیشانم بدە.

ئیتـر پێـوە نەمـابوو کـابرایەک بەو شـێوە نەشـیاوە جنێوبـاران بەروپێشی لێ گرتمەوە، هەستامە سەر پا و وتم:

ئەو سەگبابەی وا تۆ دەڵێی ئەوە مـنم! ئەو توولەسـەگە بـاوکتە، بۆ من گرنگ نییە تۆ چ دزێکی گەوادی.

وتی: بە من دەڵێی دز و گەواد؟



وتم بە باوکیشت دەڵێم.

کابرا لە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو، منیش لە هەڕەتی گەنجییەتیدا، هاتە پێشەوە و یەخەی گرتم و ڕای وەشاند و وتی: بە من دەڵێی جاکەش"گەواد"؟

لە یەکم دایەوە غرووڕی ئەم کەرە پیاوە لەوەدا نییە، هیچی بۆم نەهێڵاوەتەوە، بە تەواوی توانامەوە لێی وەستامەوە و مشتێکم ماڵییە دەمولووتیا، مەترێک لەولاترەوە کەوت، بەرۆکی لە خوێنا سووربوو.

هەستا و دووری لێ گرتم و وتی:

چاوم لێ بکە بزانە بۆ حەوت پشتت عاقڵت دەکەم یان نا...

ئەو هەرایە کەوتە نێو ڕۆژنامەکانی ڕۆژەوە، یەکێک لەو ڕۆژنامانە پێم وایە ڕۆژنامەی "ئیتیلاعات" بوو، لەگەڵما دوا و ئەوی هەقیقەت بوو باسم لێ کرد، کابرای پەیمانکار یەکێک بوو لە ئەندامانی حزبە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە، دەمزانی بێدەنگ نابێت، تازە کارکەیش لەوەدا نەمابوو من بگۆڕن و ئەندازیارێکی تری جێگەم بگرێتەوە.

شارداری تاران واقیعەکەی وەک خۆی بیستبوو، زەحمەت بوو من لەو کارە لابدا و ئەندازیارێکی دیکە بهێنێت، دەمزانی ئەو پیاوە بتوانێ دەستم لێ دەوەشێنێت. دەمانچەیەکم بۆ ڕۆژی مەبادا لە خوالێخۆشبوو " سەردار جاف" بەلاوە بوو، کە دەڕۆیشتمە سەر کار لەگەڵ خۆمدا دەمبرد.

ڕۆژێــک لە ژوورەکەمــدا کــابرایەکی لەنــدەهوری کڵاومەخمەلــی لەسەر، هاتە ژوورەوە لە باخەڵی چەند وەرەقەیەکی دەرکرد و وتی:

ئیمزای کە...

ڕوانـیم هەمـان بەنـدەکانی وەرگردنـی پـارکی کـابرایە... سـەرم بەرزکردەوە، کابرا زۆر لەسەرخۆ وتی:-

ئیمزای کەی باشترە، نەیکەی خراو دەبینی.

وتم: منیش پێت دەڵێم بڕۆیتە دەرەوە باشترە، وەئیللا، سـوورت دەکەم.

وتی: من بە تەمام تۆ سوورکەم، تۆ من سوور دەکەیت؟

لە چەکمەچەی مێزەکەمدا دەمانچەم دەرکرد و خسـتمە بەرکـار و وتم:-

مـن خوسـرەوجافم لە خـوێڕییەکی وەک تـۆ و ئاغـا گەوادەکەت ناترسم.

کـابرا وشـەی "جـاف"ی بیسـت، وەک وابێـت تەنەکەیەک بەفـراو بەسەریدا بکەیت، وتی: تۆ جافی؟

وتم: نەخێر جاف نیم و هەر کەس هەم!

وتی: ئاغا من قەرزاری جافم و تووشی نامەردیم مەکە.

دەرکەوت کابرا یەکێکە لە شەقاوە ناسراوەکانی شـاری کرماشـان و یەک دووساڵێک زیندانی دەکرێت و بە ڕەگەز لە تیـرەی "زەردووی" جـافە و ژن و منـداڵەکەی ئەو دوو سـاڵە " داود بەگ جـاف"ی مـامم ژیاندووە و نەیهێڵاوە برسی بن.

کابرا دانیشتبوو، هەر تاوێک ناتاوێک دوو دەستی تووند بە یەکدا دەماڵی و دەیوت: وەی لە بەختی ڕەش! سەیر دەکەیت خەریـک بـوو ڕووڕەشی دونیا و قیامەت بم.

زانیم ناوی " داش ئەکبەر"ـە ڕووم تێ کرد و وتم:

خەفەت مەخـۆ نەمـدەهێڵا شـەرمەزار بیـت، ئـا لەو زەوی لای پایەتدا تەختم دەکردی...

دەی ئەکبەری چەقووکێش، ملهۆڕی کرماشانی، ژمارەی تەلیفۆنی خۆی پێدام و وتی: وەهەرچی ئایین هەیە، خۆم و دەسـتە و دایەرەم سەرتاپا لە خزمەت داین، تۆ هەر ئەمرێک بکەیـت موتـاعە و ئەم پـڕ ڕوویەشم لێ بوەخشە.

ئیتـر هەفـتەی جارێـک دەهـات  و سـەری لـێ دەدام و دەیـوت: ئەکبەر نۆکەرتە، فیدایتە...

وەک خۆی گێڕایەوە یەخەی کابرای پەیمانکاری گردبووە و کە بۆ نەتوتووە ئەو کابرا جافە!

ڕۆژهات و چوو لە ئاپارتمانەکەمدا بۆم درا لە زەنگ وتی:

من مەنوچەهرم ئیدی ژانتا بەدەست، مەنـوچەهر هـات بە ژووردا مەنوچەهرم دەناسی، بەڵام ڕووکەشانە وتی: ئاغای موهەندیس دیـارە تـۆ ئاگـاداری دەورووبەرت نیـت چـی دەگوزەرێـت، بەو شـێوەی تـۆ گرتووتەتە بەرکار و بار ناچەرخێ و تـازە لە خـۆڕا گرفتـاری بۆخـۆت دروست دەکەیت ژانتا دەستییەکەی کردەوە و پڕبـوو لە ئەسکەناسـی و بڕێک دۆلاریش...

وتی: کابرات ڕسواکردووە، ئەوە بەجێی خۆی ئەم برە پارەی بۆ ناردوویت...

وتم: گوێت لێ بێت ماڵی خۆم نەبووایە بە شێوەیەکی تر وەڵامم دەدایەوە، ژانتاکەت هەڵگرە و بڕۆ...

کابرای پەیمانکار ئەگەر ئەو بیستویەک فەقەرەیەی ئەنجام بدا، یانی دووبارە دروستکردنەوەی پارکەکە، مەوزووعەکە گەورە بووبوویەوە شارداری تاران منی لانەدەبرد دەیزانی خراو دەگاتە شاهبانو ئەو جۆرە پەیمانکارانە هەروەکوو سەگی ڕاوی وان دەزانن پوور و قەرقاوڵ لە کوێ دایە.

سەرەنجام ئەولاو ئەملای زۆریان کرد، تا هاوکلاسیەکی یەکجار دۆستمیان دۆزی بوویەوە.

سیاوەشیساڵحی تەلیفۆنی بۆ کردم و هات بۆ دائیرە بۆ لام و وتی:

فلانی تۆ لە جێگەی هەڵەدای، نەک ئەم گرفتارییە، هی تریشت بۆ دروست دەبێ، یا ئەوسا لەم کەللەڕەقییەی گوزەرە پیاو لە شاری کوێران دابێت پارچە لەسەر چاوی دادەنا....

ئەو ئاگاداری ڕووداوەکە بوو، وتم: سیاوەش ئەو کارەی لەبەر خاتری تۆ دەکەم، بەڵام لەم دەزگا و دووکانەیدا بەردەوام نابم، لەبەر تۆ دەست لە کار دەکێشمەوە، من ئەوە ئیمزا ناکەم، بە تەبیعەتی حاڵ موهەندیسێکی دز دەخەنە شوێنەکەم، زۆر بە ئاسانی بۆی ئیمزا دەکات، لەسەر کاغەزێک دەستلەکارکێشانەوەم نووسی و وتم:



نەڕۆییت تا دێمەوە..

نامەکەم دا بە بەڕێوەبەر بێگومان لە ناخی دڵیەوە دەستلەکارکێشانەوەکەمی زۆر لا خۆش بوو. لەبەر ئەوەی ئەویش هەمان قوماش بوو.

گەڕامەوە بۆ لای سیاوەش و وتم: هەستە بڕۆیین فرم بەسەر ئەم جێگە و شوێنەوە نەماوە...

## حەمەی شاسوار و حەسەن ڕەشید

تــازە بووبــووم بە پێشــمەرگە زۆر ئاگــاداری ڕەســمورەواڵی پێشــمەرگایەتی نەبــووم، پێشــمەرگە جافەکــان زۆرتــر بە دەورمــدا دەهاتن، یەکێک لەوانە بە جافییەکی تەواو دەدوا و نە دەکۆشـا وشـە و واژەی غەیری جاف بەکار ببـات. منـیش هەر لەو پەلەی دابـووم وا ئەوی تیادابوو... یەکەمین شەوی پێشمەرگایەتیم بـوو هـاتە لامەوە و وتی: کاک خوسرەو بـا بەردێکـی نەرمـت بـۆ بهێـنم تـا بیخەیـتە ژێـر سەرت، سەرەتا لام وابـوو مەبەسـتی لەوەیە کەسـەکێکم بـۆ بهێنـی و جامانیەکەم بخەمە سەری بنووم، تاوێک تێڕامام، ئینجا وتم:

حەمە گاڵتەم پێ دەکەیت؟

وتی: خوابیتە خوات چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟

وتم: هەمان بانگەوازی وژدانەی نەتەوایەتـی وا تـۆی لێـرە توونـد کردووە.

وتی: لاوە توخوا وەک خۆمان قسە بکە.

حەمەی شاسوار پێشمەرگەیەکی ئازا و تا سەر ئێسقان پایەنـدی جافــایەتی بــوو لەگەڵ منــداڵی شــار و وشــەی ئەڵــێم و دەڵێمــدا نەدەگونجـا و تـا ڕادەیەک ئەو جـۆرە پێشـمەرگانەی بە بـار دەزانـی بەســەر پێشــمەرگایەتییەوە جاروبــار پــێم دەوت... خــۆ هەموومــان خالیدی بنی وەلید نین...

برێـک لە سـەربازی ڕای کـردووە، برێـک لێـی قەومـاوە و بـووەتە پێشمەرگە لەوانە گوزەشتە تۆ دەتوانی ببیتە چایچی یان چێشتکەر؟

لە وەڵامدا دەیوت من چێشت بۆ ئەو خوێڕیانە بکەم؟

حەمە وامەڵێ قونی ڕەش و سپی لەو بواردا دەردەکەوێ!

دەیـوت: وەهەزار قورعـان برێـک لەوانە تـا ئـاخر زەمـان لە بـوار نادەن..

شــەوێک نـۆرە ئێشــکم بــوو دەبــوا لە دوای دوانــزەی شــەو تــا بەرەبەیان پاسەوان باما، ئاسۆ ڕۆشن بووبـوویەوە لە دووسـەت مەتـر دوورمەوە، گەلێک بەرانەکێوی سەربەرەو ژوور بە هەرا دەڕۆیشـتن، لە خـرمەی پایانـدا ئـاوڕم دایەوە و ڕۆیشـتمە قەڕەولەوە و تەقەم لێیـان کرد، بە دوای تەقەکەی مندا لە هەر چوارلاوە بوو بە تەقە، یەکەمـین کەسـێک گەیشــتە لام حەمەی شاســوار بــوو، بەدەم هەناســەبڕکێوە وتی:

چی بووە؟

هـیچ نەبـووە، تەقەم لە بەرانەکێـوی کـرد. وتــی: کـوڕە خـوابیتە خوات.

زۆری نەکێشــا زیــاتر لە دە پێشـــمەرگەم لــێ کۆبــوویەوە.. ئەو ڕووداوەم بـۆ بـووە دەرس، یەکێـک لە پێشـمەرگەکان بەنـاوی سـاڵح ڕەحیم، وتــی: تـۆ ئەم خەڵـکەت لە خەو کـرد، خـۆزگە لێـت دایە بـۆ نیوەڕۆ گۆشتمان دەخوارد.

دوای دووڕۆژ لاشەی کەڵەکێویەکی بریندار، لە پێنجسەت مەتری بنکەکەماندا دۆزرایەوە، بەکەڵکی خواردن نەمابوو.

لەو بنکە گوێزامانەوە، دوای چەند مانگێک کرامە یاریدەدەری سەرلق، ئەو دەم سیامەند بارزانی سەرلقمان بوو، عەزیز قازی لە عەشیرەتی سوورچی بوو، هەمیشە وەک هاوڕای سیامەند وابوو. بە شێوەی فەرمی نەبووبووە یاریدەدەری سیامەند.

حەمەی شاسوار لەگەڵ هیچ پەلێکدا نەدەسازا، سەرەنجام هێنامە لای خۆم، وەک هاوڕای هەمیشەگیم وابوو.

لە قۆڵی چەمچەماڵەوە لەگەڵ جاش و جەیشدا شەڕ دەستی پێ کردبوو، ڕەئیس کەمال" کەمال موفتی" سەرپەرستی کەرتی یەک و دوو بوو. برووسکەیەکمان بۆ هات تا پەلێک پێشمەرگە لە لقی جافەوە بڕۆین بۆ یاریدەدانی پێشمەرگە لەو قۆڵەوە.

زستانێکی سارد، بەفکرێکی زۆر لە زەویدا بوو، دۆڵی قەرداغ لە یەخجاڵێکی سروشتی دەچوو، پەلێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی من لە بەرەبەیاندا لە کەلی پەیکوڵییەوە کە بنکەی سەرەکیی ئێمە بوو.. بەرەبەیان کەوتینە ڕێ، لەناو دۆڵی قەرەداغدا کەوتینە ڕێ، دەبوا لەلای دێ لێژەوە بەرەو دەربەندی باسەڕە بڕۆیشتینا، لەو دۆڵەیدا تفت هەڵدایا دەمەیی، هێندە سارد بوو، لە ڕیزی ڕێکردن دەرچووم و لە لابەردێکدا ڕاوەستام بۆ گمیزکردن، هەر دەستم پێ کرد و هاوارم

لێ هەستا" حەسەن ڕەشید و حەمەی شاسوار" هاتنە لامەوە، ئەوان زانییان دەردم چییە.

ئەوان دەیانزانی لە ئاوا یەخ بەندانێکدا گمیزکردن مەحاڵە، ئەوان خۆیان ڕاگرتبوو بە ناچار هەمووان ڕاوەستاین بۆ گمیزکردن دەبوا ئاگرێکمان کردبایەتەوە. درختێکی کۆنەساڵ بەسەر گردی تەنیشت ڕێگەکەوە بوو، حەسەن ڕەشید وتی: ژێر ئەو دارە "شەخسە" داری وشکەوە بووی زۆر لەژێر دایە، کەس ناوێری دەستی بۆ ببات. با لەو دارانە بهێنین خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە، یەک لە پێشمەرگەکان هات و وتی: نەکەن لەو دارانە بهێنن، ئەوە "شەخسە" وەک مار پێمانەوە دەدات، حەمەی شاسوار ڕووی تێکرد و وتی: ژاوەژاو شەخسە، ئێمە وەک تێلا لەسەرما ڕەپ بووینە، شەخس داری بۆچییە؟ بۆ ئێمە باشە ڕچاوین.

حەسەن ڕەشید وتی: دەزانی ئەو شەخسە کێیە؟

من لام وابوو ناوی دەزانێت و لەناو خەڵکدا ناسراوە.

وتم: نەخێر.

وتی: ئەو سەگباوکە عارەبە و هاتووە بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەمان، باوباپیرانمان لە پاڵ ئەو گابەردەی تەنیشتەوە بە تیرۆکەمان تۆپاندوویانە و لەوێڕا نێژراون.

حەمەوتی: خۆ وەڵا سحابەیش بێت ئەو دارە وشکەوە بووانە هەر بۆ ئێمەی سەرمابردوو خاسە، بە حەسەنی وت: پێشم کەوە با بڕۆیین بیانهێنین.

دارهێنرا و ئاگر کرایەوە و گەرممان بوویەوە و توانیمان بە ئاسوودەیی گمیزبکەین.

نیوەڕۆ لە ناو دەربەندی "باسەرە" بووین ناوەکەی بە خۆیەوە بوو، هاژە و هوژەی با ئەوەندە بەهێز بوو، ئەگەر هۆشیارانە هەنگاوت نەنابا ئەوە با دەیبردی.

لە دەربەند دەرچووین، زۆر نەڕۆیشتین پۆلێک پێشمەرگەمان ڕووبەڕوو هاتن. ڕەئیس کەمال لە پێشیانەوە بوو، پێی وتم: شەڕ تەواو بووە و بگەڕێنەوە، ئیدی شەو داهاتبوو، بڕیارماندا شەو لە دێ لێژەیدا بمێنینەوە. پێشمەرگە دابەشکران وماڵی شێخێک بوو بە پشکی من زۆربەی زۆری دی لێژە شێخ و شێخ نشین بوو، شەوێ نامەیەکیان بۆ هێنام، نامەی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید بوو، نووسی بووی:" دێی بۆ لام یان بێم بۆ لات؟" هەستام ڕۆیشتم بۆ خزمەتی، هەواڵی مامەی پرسی، داودبەگی جاف دەیزانی لە ئێرانە وتی: نامەیەکی بۆ بنووسم دەیگەیەنێ؟

شێخ نەیهێڵا بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خانەخوێ کەم، هەر بەلای شێخەوە مامەوە، بە سبەینێدا بەر لەوەی بکەومە ڕێ، وتی: بەگزادە نیشانێک نەنەینەوە؟

وتم: ئەمری جەنابتە.

جگەرەیەکیان نایەوە و شێخ وتی: دەی بەگزادە دەستبەکار بە.

وتم: قوربان! من مێوانم، دابوایە من لە دواییدا تەقە بکەم.

شێخ ئاماژەی بۆ گەنجێک کرد تا تەقە بکات، تەقەی کرد و لێی نەدا نۆرە هاتە سەر من، یەکەم تەقە جگەرەم هەڵگرت.

شێخ وتی: بەگزادە ئەم تەفەنگچێتییەت هی بەگزادەیتە، یان پێشمەرگایەتی؟

لە وەڵامدا وتم: ڕاستت بوێت، هی هەردووکیانە.

بۆرە خەیاڵێکم هەبوو بڕۆم بۆ کرماشان بۆ ماڵی مامم داود بەگی جاف، نامەکەی شێخ لەتیفیشم پێ بوو. دەبوا بڕۆیشتما بۆ کەلار و لەوێڕا یەکێک بنێرم بۆ لای " حەمەی مستەفا".

کوێخای شێخ لەنگەر وەکیلی باوکم بوو.. بەرەو کەلار کەوتمە ڕێ، حەمەی شاسوارم لەگەڵدا بوو، نیوەڕۆ درەنگ گەیشتمە گەرمک، ماڵی حەمە لە گەرمک بوو، نان و چایەکمان خوارد، منداڵێکی دەستوپل قەڵەوی سەر زل لە بێشکەدا بوو، وتم: حەمە کوڕە؟

وتی: ئەرێوەڵا کوڕە!

ناوی چیت لێ ناوە؟

وتی: عەلی.

بەهەرحاڵ، بەرەو کەلار کەوتینە ڕێ، لە نزیک خەرقە ڕەشەوە بەرەو کەلار دەڕۆیشتین کەلەئاسکێکی وەدەر کەوت. تەقەم لێ کرد و کوشتم، هەڵگرتنی ئاسان نەبوو، خواو و ڕاسان کەرسوارێک دەرکەوت، کە نزیکبوویەوە ناسیمەوە، عوسمانی مەلا موحیەدین بوو، ئاسکەکەمان دا بەسەر کورتانی کەرەکەیدا، ئیدی بەرەو کەلار بەڕێکەوتین.

شەو نامەیەکم بۆ حەمەی مستەفا نارد، ٤٠دیناری بۆ ناردم و گەڕامەوە بۆ بنکە، دوای چەند ڕۆژێک بەرەو کرماشان بەڕێکەوتم.

لە گەڕانەوەیدا سەردار جاف و سالارجاف توانییان باری حەوت ئێستر دەواو دەرمان و پێداویستیی نەشتەرگەری بڕێکیان بکڕن و بڕێکی تریان لە پزیشکە کوردەکان لە ڕێگەی قوتابییە کوردەکانەوە کۆبکەنەوە.

خوالێخۆشبوو سالار جاف لەگەڵمدا هات تا مەریوان لەوێڕا حەوت وڵاخی پەیدا کرد و خستیە تەکەم ... لە مەریوانەوە بە پێیان کەوتمە ڕێ تا قۆپی قەرەداغ. دکتۆر جەمال غەفوور ئەو دەم پێشمەرگە بوو، بە چەقۆی ئاشپەزخانە برینـدارەکانی نەشتەرگەری دەکرد. ئەو هەموو پێداویستییەیانەی کەوتە دەست، وەک منداڵ یاری منداڵانی چنگ بکەوێت، گەلێک بەو ئامێرانە دڵشاد بوو.

زۆری نەکێشا سیامەند بارزانی شەهید کرا، بەندە بووم بە سەرلق.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێم: ئەو دوو پێشمەرگە ئازایە، حەمەی شاسوار و حەسەن ڕەشید، هەر یەکەیان بە جۆرێک لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا شەهیدبوون.

# سینەمای نەسرِ و قەڕەچەم

لە شاری بەغدا تازە سینەمای " نەسر" کرابوویەوە، سینەماکە لە ڕاستیدا ڕازاوە و دیمەن و دیکراسیۆنێکی وا کرابوو بۆ خەڵکی بەغدا هەرچی تیادابوو تازە دەژمێردرا. ئێمەیش لە هەڕەتی لاویدا بووین. من و دکتۆر حەسەن خزمێکی ترمان ناوی نابەم بەرەو سینەمای "نەسر" بە ڕێکەوتین، دەبوا بە سێ قۆناغ بگەینە سینەما لە دامێنی مەنسوورەوە سواری ئەمانە سوورەکانی ناو شاری بەغدا بوین و لە " عەلاوی حیللە" دابەزین و دووبارە سواری جۆرێک سەیارە بوین، کە لەنێوان عەلاوی و بابولشەرجی هاتوچوویان بوو، سینەمای نەسرِ لە بابولشەرجییەوە دوورنەبوو، ئەگەر درەنگ بگەیشتینایە بابولشەرجی ئەوە سواری پاس یا سواری ئەمانە سوورەکانی ڕوو بە گەڕەکی مەسبەح دەبووین، لە نزیک سینەمای "نەسر" دادەبەزین.

لە بیرمە ڕۆیشتین بۆ دیتنی فیلمی "ڕۆزرایزە زەردەکە" کە داستانی ژیانی میشیل ژیڤاکۆ بوو.

ئیدی ژیانی گەنجایەتی و قوتابیبوون گەلێک سادە و بێ ئارایش بوو، ئێمەیش لە جێگە و شوێنی خۆمان هەڵکەنرابووین بەناچاری نیشتەجێی بەغدا بووین، سەردەم سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بوو، هێشتا گۆمەکە هەر شەڵەقا بوو. دوای ئەوەی هەر یەکەمان دووسێ




شـیش جەرگـی برژاومـان بە سـەموونێکەوە خـوارد یەشـتا کـاتی بە ژوورەوەچـوونی هـۆڵی سـینەما مـابوو، لە هـۆڵی مەدخەلـدا چەنـدان گـوڵتەی ڕازاوە بە دەوریـدا بازنەئاسـا جـێگەی دانیشـتن تەرخـان کرابوو، ئـێمە هەر سـێکمان لە گۆشـەیەکدا دانیشـتین. زۆری نەکێشـا کابرایەک لە تەنیشت دکتۆر حەسەن ئەو دەم قوتابیی ساڵی یەکەمی کۆلیژی مێژووبوو، دانیشت.

دکتۆر حەسەن پای لەسەر پای دانابوو، کابرا پەنجەیەکی ژەنـدە پای د. حەسەنەوە و بە چاو زاقییەوە وتی: پات داگرە!

- بۆ دایگرم.
- ئاخر من دەڵێم.
- ئەی ئەگەر دای نەگرم.

کابرا دوو پەنجەی بەرەو ڕوخساری د.حەسەن درێژکردەوە و وتی: هەردوو چاوت دەردەکەم.

ئەو خزمەمـان لەنێـوان مـن و دکتـۆر حەسـەندا دانیشـتبوو، مـن لەو بەری ئەوەوە بووم.

- باشە چاوم دەردێنی، بۆچی ئێرە دیوەخانی ماڵی باوکتە؟
- بەڵی هی ماڵی باوکمە و زیادیش.

سەیرم کرد ئەو کابرا شەڕمان پێ دەفرۆشـی و ئامـادەی شـەڕە. لەولاوە بـۆی چـووم و نەمهـێڵا هەسـتێتەوە، هەر لە جـێگەی خۆیـدا خوێناویم کرد، لە پڕ پێنج زرتەبۆزی بازووڵە ئەسـتوورمان لـێ پەیـدا بوو، دیاربوو لە نزیکەوە چاودێری هاوڕێیەکەیان دەکـرد، ئیتـر بـوو بە

شـــەڕی مـــن و د.حەســـەن بەلایەک و ئەو پێـــنج کەســـەیش بەلایە خزمەکەمان، بۆی دەرچووبـوو زیـاتر لە چـارەکە سـەعاتێک شـەڕەکە بەردەوام بوو، دواتر شەش حەوت پۆلیس هاتنە نێوانمانەوە، مودیری سنەمای "نەسر"یش ئامادە بوو، ڕووی کردە پێنج کەسەکە وتی: هەم ئێوەن؟

لەگەڵماندا هات بۆ مەرکەزی شورتەئەفسەری مەرکەز، دیاربوو بە باشی ئەوانەی دەناسی، کەوا هەفـتەی جارێـک ڕووداوێـک دەنێـنەوە، زۆر بە تووڕەبوونەوە بە پێنج کەسەکەی وت: هەرچی دەعواتان هەیە بۆتـان زینـدوو دەکەمەوە، لە هەتیوبـازی و دزی و چەقوکێشـییەوە بیگرە تا خاوە سەندنتان هەر هەمووی دەکەمە یەک فایـل، مـودیری سینەماکەیش ڕوو بە ئەفسەرەکە:-

تـۆ ئەم سەرسـەریانە دەناسـی. ئەمە چـوارەمین جـارە لەنـاو سـینەمادا ئەم شـەڕە لەگەڵ خەڵکـدا دەکەن، ئەگەر ئەمـانە بـۆ مـاوەیەکی درێـژ زینـدانی نەکـرێن، شـکایەتەکەم دەبەمە لای وەزیـری نـاوخۆ. ئیفـادەی منـیش وەرگـرە، وەک خـاوەن سـینەما و وەک شـکاتکەر ئەوانیـان گـرت و مـودیری سـینەما ئـێمەی لەگەڵ خـۆدا بردەوە بۆ سینەما و لە لۆژی تایبەتدا دای ناین.

خزکەمان هەر لە سەرەتاوە بـۆی دەرچووبـوو، کە گەڕاینـەوە بـۆ ماڵ ڕووداوەکەمان گێڕاوە و ڕاکردنی ئەم خزمەیشمان گێڕایەوە.

دایکم بە ڕەحمەت بێت ڕووداوە کۆنەکانی ناو بەگزادەی جاف و تیرەکانی جافی زۆر بیستبوو، ئەو کچە گەورەی کەریم بەگی جاف بوو، کە ڕەسمەن لە لایەن بەریتانیای عوزماوە کرابووە سەرۆکی عەشیرەتی جاف.

جا دایکم زۆر لەو ڕووداوانەی بیستبوو، وتی: ئەم شەڕی ئێوەیە عەینەهو ڕووداوەکەی یار ئەحمەد بەگ و قەرەجەم وایە، زۆرمان لێ کرد تا بیگێڕێتەوە.

وتی: یار ئەحمەد بەگ لە سەردەمی حەمەپاشای جافدا دەژیا، ناو و باوی ئازایەتی بە هەر چوار لادا بڵاوەی کردبوو، لەگەڵ برایەکی و سەگەکەی کە ناوی " قەرەجەم" بووە دەڕۆن بۆ ڕاو بۆ ناو دارستانی چڕی ئەو لیلاخانە، لە پڕ ورچێکی نێرە حیتەیان لێ ڕاست دەبێتەوە و بە بۆڕەبۆڕ پەلاماریان دەدا، براکەی یار ئەحمەد لە ترسا بۆی دەردەچێت و خۆی دەگەیەنێتە ناو خێڵ و دەڵێت:

ورچ یار ئەحمەدی خوارد.

ئەو ئەوەندە ڕانەوەستابوو تا بزانی یار ئەحمەد بەگ چی بەسەر هاتووە... ورچ کە پەلامار دەدا یار ئەحمەد بەگ بە خەنجەری دەبانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەولاشەوە قەرەجەم ئەپەڕێتە کۆڵی ورچ قەپ بە بۆقەتەی ملی ورچ دەکات و لە ڕوو بە ڕووی ورچدا، یار ئەحمەد بەگ پەیتا پەیتا بەخەنجەر سینە و ورگی ورچ کونکون دەکات.

نێـرەورچ بە لەشـە قورسـەکەیەوە لە تـاودا دەتـۆپێ و دەکەوێـتە سەر لەشی یار ئەحمەد بەگدا.

یـار ئەحـمەد لە چەنـد لاوە چنگـی ورچـی بەرکەوتبـوو، بریـندار لەژێر لەشی سەنگینی ورچ دێتە دەرەوە و قەرەجەمیش لە چەند لاوە بریندارببووبوو بە هەر فەلاکەتێـک بێـت خـۆی دەگەیەنێـتە نـاو خێـڵ، قەوم و قــیلە دەوری دەدەن و ڕوو دەکــاتە خەڵــکەکە و دەڵێــت: جەماعەت بۆ لەمەولا حەمەخوێڕیی برام نییە و قەرەجەم برامە!

جا کورِم ئازایەتی و ترسنۆکی خـۆ بەدەسـت خـۆی نیـیە و ئەوە خوا وا خەڵقی کردووە.

- باشە بۆ لەمەولا نەڵێین "فلانەکەس" ئامۆزامان نیـیە و قەرەجەم ئامۆزامانە؟
- نـا، کـورِم نـا، پەنجەکـانی دەسـت وەک یەک نـین و لەم جـۆرە ڕووداوانە لە ژیاندا زۆر ڕوودەدەن، جا لە بیری کەن.

دوای شەست ساڵ ئەوەسا لەبیـرم نەکـردووە، تـازە گونجانـدمە نـاو کتاویشەوە.

١٩٦٠

بەغدا



# چلەی کامل بەسیر

لەوەتەی ئەو کەونە بەربڵاوە دروست بووە لەناو گیانلەبەراندا، لە هەڵسوکەوتی ژیانا، مرۆڤ بە ژیرترین و چاوساغترین گیانلەبەر ناسراوە. یا هەر نەبێت تا بە ئێستا مرۆڤ بۆخۆی لای وایە..

ئێمە یەشتا دڵنیانین گیانلەبەرانی ژیر و خاوەن عەقڵ لە ئەستێرەکانی کەی کەوندا هەبن یانا، هەر نەبێت تا بە ئەورۆ هیچ نیشانە و بەڵگە و دیکۆمێنتێک بەدەستەوە نییە بۆ بوون و نەبوونیان، بەڵام بەندە بەو سەوادە کەمەمەوە پێم وانییە ئەو ملیاردەها ملیارد ئەستێرە و کۆمەڵگایە لە کەهکەشاندا هەن لە خۆڕاو بێ مەبەست خولقابن.

دەی وا چەند ساڵێکی دیکە پا دەخەینە نێو هەزارەی سێیەمەوە، دڵنیام جیاوازییەکی بەرفراوان دەبێت لەگەڵ هەزارەیەک وا تیادایـن... ئەو جیاوازییەی تەواوی بوارەکان دەگرێتەوە، لەم خەمخواردنەوە بگرە تا سەر چۆنییەتیی تەقەلای ڕۆژانە و جۆری کار و کردەوەی بواری ژیان، هەتاوەکوو نەخۆشی و درمەکانیش جیاواز دەبن.

تامووڵ و توانا و هەوڵەکان تەماح و ئاوات و هیواکان، لەگەڵ ئێستای ئێمەیدا جیاواز دەبن.

کاتێـک تەکنۆلۆژیـا تـازە باوەکـان ببـنە پێویسـتی ژیـانی ڕۆژانە هەوڵەکـانیش دەگـۆڕێن، کاروکاسـبی تـازە و نـوێگەرا دێـنە کـایەوە، هەروەها ژانەکان، غەمەکـان، بۆنەهاتەکـانیش لەگەڵ ئێسـتای ئـێمەدا جیـاواز دەبـن. بێگومـان منـداڵی هەزارەی سـێهەم لەگەڵ منـداڵی هەزارەی ئـێمە وەک یەک نـابن. ئەو خـوا گەورەیە بەهرەیەکـی بەخشـیوەتە مـرۆڤ بـووەتە دەینەمـۆی بەردەوامـی ژیـان... ئەویـش خسڵەتی لەبیرچوونە...

ئەگەر داخ و ئاخ و فرمێسکەکان وەک خۆیـان بمانـایەتەوە ئەوڕۆ تـاکە مرۆڤێـک بەسـەر پشـتی زەویـیەوە نەدەمـا. کەواتە خسـڵەتی لەبیرچـوونە بەردەوامـی زینـدەگی، لەبیرچـوونە دیسـانەوە ژیـان دەخـاتەوە گـڕ، هەر لەبیرچـوونە کارەسـاتی جەرگبـڕ و ناگەهـانی دەخاتە لاوە.

لەبیرچوونە هانـدەری تـوێژی پیـرولاوە، لەبیرچـوونە نـوێکرەوەی گوڕی هەنگاوە، بەهرەیەکی یەزدانییە، هەست و هەوایەکی وژدانیـیە، تـا چرۆچـووزەی تـازە بـڕوێتەوە، غەمەکـان لەبیـربچنەوە و ژیـان بەردەوام بێت، دەرمان و دەوا و ساڕێژی زام بێت.

ئەوە حاشـاهەڵنەگرە مـرۆڤ گیـانلەبەرێکی خـوداییە، خـاوەنی خسڵەتی لەبیرچوون و بێ پەرواییە، ئەگینا ژیان ڕادەوەستا.

ئیدی ژیان هەروا بـووە، هەست بە جـوانی نەکـراوە تـا نـاحەز و ناشیرینی نەبینراوە.



لەزەتی چاکە هەست پێ ناکرێت تا خراپەت دەرهەق نەکەن. ڕەوا و ڕاستی کەی چێژبەخشن ئەگەر ڕ ناڕەوا و ناڕاستی چێژ نەکرابن.

ئەوە تاریکییە وات لێ دەکات نرخوبایی ڕۆشنایی بزانیت.

هیچ خواردنەوەیەک ناگاتە تامی بێ تامی ئاوێکی بێ ڕەنگ و زەلاڵ کە تینوتە، هیچ بۆن و عەبیرێک ناگاتە هەناسەکێشانی تەنگەنەفەسێکدا، کام تیشک و ئاور و ئەندێشەیەک دەگاتە ئاوڕی گلێنە و سۆمایەکی وردەکاردا؟

ئەوانە دەقە ناسراوەکانن، موعادەلە و لە یەکدراوەکانن، بە دەر لە بازنەی موعادەلە ناسراوەکان لە مێژوودا دیومانە، بیستوومانە، کەڵە ناودارانی چاوتاریکیی ڕۆشندڵ دونیایەک دەنگ و ڕەنگیان پەڕژاندووەتە سەر جیهانی مرۆڤایەتیدا، لە هۆمیرسەوە بگرە تا سەر رودەکی و بەشار بن بورد و ئەبووعەلای مەعەڕی و لەم دوادواییەشدا تەها حسێن.

لەنێو ئێمەی کوردیشدا لەو کەڵەپیاوانەی هەبوونە شتێکە خاوەی کوردبوونیان داوە، بۆیە وا بێ نازن، لەوەی ناگوزەرم "کامل بەسیر" نەخرێتە ڕیزی ئەو بلیمەتانەوە.

ئەم شەیدا و شیفتەی دونیای ڕۆشنبیریی ئێمەیە، ئەگەر هەوڵ و تێکۆشان و چەرمەسەریی "کامل بەسیر"ە" هەڵسەنگێنین، لەو ناوبراوانە کەمتر نییە. ئەو توانی قەدوقامەتی ڕاست ڕاستێک

بووەستێ، لەژێر باری گرانیی دەردەسەری نەچەمێتەوە و نەڕواتە ژێرباری زەبوونی و هەژاری و دەست بە ئەژنۆ بێ باری ژیان و ژان. باری چوارتەنیشتی بێویژدان.

ئەو دەیوت دەمویست خۆم بدوێنم، بەخۆم بسەلمێنم پەلەقاژەی چیتە، وا خولڵقاوی هەڵگری باری غەم زادەی دونیای تاریک و تەم بێ. چیتە بۆچی نازانی زادەی ڕێچکەی زەوار و قافڵەی بۆ نەهاتی؟

داکەوە تەماح و ئارەزوو بەلاوە نێ، مندالانە دەمویست ژانە سەرکێشەکانم ئارام و ڕام کەمەوە، دەردەکانم دەوا کەم، زەبوونییەکانم پەنجەمۆر و ڕەواکەم لە زەبوونی و بۆنەهات خۆم ڕەهاکەم.

چیتە لەبەرزەفڕی؟

تۆ کوڕی دالکەی داماوی ناو کۆلانەکانی بابولشێخی، تۆ دەستەمۆی ناو لیتاوی بێ بن و بێخی، من کوڕێ ئافرەتێکی غەمچنم، من زادەی ژنێکی بێ دەرەتانی قژڕنم.

چیمە لە زانست و هەستی ناسک؟ چیمە لە خۆ دەربازکردن؟ من بۆ داماوی و کەساسی ژیاوم، لە سکی دایکیشما پێشل کراوم.

چیمە لە بیروبۆچوونی گەردەنکەشی و ملهوڕی، یا ئاوات و ئارەزووی بەرزەفڕی؟

من زادەی کۆڵانی پڕ گەنکاو و ژووری تەنگ و ترشی نمدارم، من پەروەردەی خێزانـــی نەدار و هەژار و بیمـــارم، نەخێـــر، مــن بۆخـــۆم خودی ئازارم.

هەرچی دەکۆشام بڕۆمە ژێر بار، هەستم، ناخم، لەشم، پەلوپـۆی بیرم، ئەندێشەم تەکبیرم، دەهاتنە دەنـگ، نەخێـر هەزار جـار نەخێـر خۆشە بووبووم.

لە لێدوانا، لە ژیانا، لە کۆڵانا، لە دووریانـا، لە هەڵەتـدا، لە کەلا بێ چرکەیەک دوودڵی دەگەڕام بە دوای هەلا.

کەی بێت و چۆن بێـت و چـۆن چۆنین لە باوانـا، سـەرم هەبـێ لەناو سەرانا، بە هەر زەحمەت و دژوارییـەک بێـت، قەینـاکە جـگە لە پاشیلکردنی غەروورم، جگە لە بێڕەنگی ئاسـۆی سـوورم، دەگریـام و تێدەفکرام.

دەمزانی ئەگەر خـودی خەم، خەمگـین بـووایە، بە مەرام و بەبـێ مەرام دەهاتە گەڕەکەکەمان و دەیوت سەلام.

ســەلام ئەی مــۆڵگە و هەوارگەی هەزاران ســاڵم، ئێـوە هــاولفی ڕاستەقینەی خەمن، دەردەکەم دەوا کەن، دەرمانێکم بۆ ڕەوا کەن.

ڕاســت بــوو ئەگەر بــاران دڵــۆپێ بە ســنگی ئاســمانەوە وشــکی کردبا، شـاخە و شـریخەی لەبیـر بردبـا، بەرەو ئـێمە دەهـات نـاڵان و پەریشــان، دەیــوت: ئەی هەوارگە و چــاوگەی گریــان و زام، دیســان ســەلام، ســەلام لە ژان، ســەلام لە چــاوی نابینــا و هەمیشــە گریــان،

ئیدی زیندوویەکی مردووبووین، ئەگەر ژان بهاتایەتە زمان، لە پرسەی مەرگی ئاراما بەڵگەی شەرمی جووت دەدڕی عەرەقی شەرمەزاری بەناوچاوەنەوە ئەسڕی. مەرگ شەرمی دەکرد بڵێ سەلام، ژانی دەنارد.

ڕاست بوو بۆ ئێمە فرمێسکڕێژی زوخاوچێژی، کۆڵانەکانی بابۆ شێخ بووین، پەڕگردووی هەزارەها ئاواتی خنکاوی ژین بووین.

ئەرێ بڵێ: ئێمەیش وەک ئەوانەی خوا پێداوین، خەڵکی ئەم شارە نین؟

ئەی ئێمە چین؟

# سەهرەوەردی

ئەوسا نەک ماڵ و ئەحواڵ سەرت بسپاردا بە دۆست و دراوسێی و هاوڕێ، خۆ باسی دەست لەسەر سمێڵ دانان ناکەم، کە بە تۆمارێکی ئیمزاکراوی شەرەف و بەڵێن و پیاوەتی و ویژدان دەژمێردرا... ڕۆژگارێکی سەیرە تێی کەوتووین و سەربورە بەسەر ڕابردوودا دەخوێنین. بەتایبەت لەم بیست ساڵی ڕابوردووەیدا زۆر بیروباوەڕ و نەریت گاڵتە و لاقرتێ پێ دەکرێت و زۆر تۆماری ویژدانی و ئەخلاقی دڕاوە و بەلاوە نراوە، وەک: بەڵێن، ڕاستی و قەرار و مەدار و پەیمان و جێگەیان بۆ درۆ و دووڕوویی و درۆزنی و بێ باوەڕی و سفتی چۆل کردووە. ناڵێم هەر بە تەواوی ئێمە گشت وانین، بەڵام ئەوانەی پابەندی جوانییەکانی ژیانن ژمارەیان زۆر کەم بووەتەوە.

لە زۆر بواردا باوەڕی جارانم نەماوە و گۆمان جێگەی زۆری لە دڵ و دەروون و فکرمدا داگیرکردووە، بەناچاری زۆر لە کاروبارەکانم بۆخۆم دەیکەم، ئەگەر بمپەڕژێ، تومبێلەکەم کەوتبووە چاوقالیچکێ و تاریک و ڕوون، بۆم دەرکەوت دینەمۆکەی لە خۆم ماندووترە، بە چاکم زانی

بۆخۆم بیبەمە لای کارەبابییەک و بەلایشەوە ڕاوەستم، نەک هەر پا هەڵخەم چەریکم بۆ بگۆڕێت، لەمێژدا ئەوەیان بەسەردا هێنابووم.

شەقامی شێخ عومەری شاری بەغدا بە بیمارستانی ئۆتۆمبێل دانرابوو، ئەوێ مۆڵگەی وەستای چاک و ساختەچی بوو... تێم تەقاند بۆ ئەو شەقامە کارەباییەکم دەناسی زیتەڵ و چاوساغی کارەباییاتی ئۆتۆمبێل و بڕێکیش دز، کابرا بە ئۆتۆمبێلەکەمەوە پلکا، بەندەیش بەسەر ئەسکەمیلیەکەوە، بەلایەوە دانیشتم وەک قوتابییەکی سەهەنە و تەمەڵ، هەر سەیری کاتژمێرم دەکرد، کەی زەنگی پشوو لێدات، منیش ناوەناوە دەموت چیت کرد، زۆری ماوە؟

لە وەڵامدا وتی: دینامی خراپە و وایرەکانی خوساوە. دەبێ پلاکەکانی دەبڵی بگۆڕیت.

ماندووبووم گومەتە مەخرووتییەکەی سەهرەوەردی لێمەوە دیاربوو کەوتمە بیری ژیان و بیروبۆچوونی سەهرەوەردییەوە، سەرەنجام خۆم پێ نەگیرا و ڕوو بە گومەت ڕۆیشتم بە پیاسە بەرەو گومەتەکە چووم.

کە لێی نزیک بوومەوە، وەک تەلارسازێک لێی وردبوومەوە، ڕوانیم درێژی زەمان دەستی لێ نەوەشاندووە و وەک خۆی ماوەتەوە، شانازی بە سەدەی بیستەم دەفرۆشێت، ئەو مەزارە کەوتووەتە گەڕەکی شێخ عومەرەوە، کە ناسراوە بە مەزاری شێخ شەهابودینی

ئەبووحەفسـی سـەهرەوەردی، کە لە ڕاسـتیدا "سـوورەوەردییە" برادەرانی عەرەب کردوویانەتە سەهرەوەردی.

ئەو یەکێک بووە لە سۆفییە بەناوبانگەکانی مەزهەبی شافیعی، موریـدی غەوسـی گەیلانـی بـووە. بۆخۆیشـی خـاوەن خاناقـا و موریدگەلی فراوان بووە.

ئەم زاتە لە سـاڵی ٦٣٩ک هـاتووەتە دونیـاوە، شەسـەت و سـی وسێ ساڵ ژیاوە. مەزارەکەی بریتییە لە ژووری مەرقەد و مزگەوتێکی بچکـۆلانە، ژووری مەزارەکە چوارسـووچە دێـتە چـاو. دیـوارەکەی بە ئەستووری یەک مەتـر و بیسـت سـانتیمەترە، ئەو ژوورە دوو دەرگەی هەیە، دەرگەیەکی سەرەکی و دەرگەیەکیش ڕوو بە ناوی مزگەوتەکە. بوڵندی دیواری مەزارەکە ٦،٥٠مەترە. ساف و بێگرێیە، لە دوای ئەو بوڵندییە چوارگۆشـەکە دەبێتە هەشـت گۆشـە، هەشـت گۆشـەکەیش دەبێتە بازنە و تـا بەرز دەبێـتەوە لەنـاوە بـازنەکە تەنکتـر و تەنگتـر دەبێتەوە، سەرجەم دوانزە بازنەی بەسـەر یەکەوە، ئەوی سـەرەوە لە هـی خـوارەوە تەنگتـرە. بەو شـێوەیە مەخرووتێکـی ڕازاوەی موقەڕنەسیدار بەسەر مەزارەکەوەیە، لە دەرەوە مەخرووتەکە لەبـنەوە تـا پـۆپە پـانزە بـازنەیە. ڕوون نەبـووەتە ئـاخۆ مەزارەکە لە چ سەردەمێکدا دروست کراوە.

دوای دیتنـی ئەو مەزارە کەوتـمە بیرکـردنەوە، وردبـوونەوە، پشـکنینی دووبـارەی ئەو جـۆرە سـاختمانە، بـۆم دەرکەوت لە دۆڵـی

دوو ڕووبـــاردا لەو بـــابەتە ســـاختمانە مەخـــرووتیەی لە زۆر شـــار و جێگەی دایە، لە باری میعمارییەوە یەک بنەماڵەی تەلارسازین.

١- گومەتی مەزاری ئیمام محەمەد بەدری لە شاری دۆر.
٢- گومەتی مەزاری زموردخانم لە بەغدا.
٣- گومەتی مەزاری ئیمام عەبدولڕەحمان لە مووسڵ.
٤- گومەتی مەزاری حەسەن بەسرِی لە بەسرِە.
٥- گومەتی مەزاری شەمس لە حیلە.
٦- گومەتی مەزاری ئیمام باقر لە داقووق.
٧- گومەتی مەزاری ئیمام عەونەدین لە مووسڵ.
٨- گومەتی مەزاری ئەلخزر لە کوبەیسە.
٩- گومەتی مەزاری شیخولحەدید لە حەدیسە.
١٠-گومەتی مەزاری شێخ نەجمەدین لە حەدیسە.
١١- گومەتی مەزاری ئیمام باهر لە مووسڵ.
١٢- گومەتی مەزاری زولکەفل لە ناوچەی خاپوور.
١٣- گومەتی مەزاری یونس پەیامبەر لە مووسڵ.

با ئەوەیش بڵێم، من کەسێکم حەزم لەنێو گۆڕستانە، هەتاوەکوو سەفەری وڵاتان دەکەم، ئەو هەوەســە ئەنجام دەدەم، لەبەر شـتێکی زۆر ســادە، لەو مەزارانەیــدا پەیــکەر و فــۆرم و شــکڵ و شــەمایلی هەندەسی زۆری تیادایە و وێنەیان لێ دەگرم.

گەڕامەوە لای ئۆتــۆمبێلەکەم، کــابرا هەر ســەری لەنــاو جەرگ و ڕیخۆڵەی سەیارەکەم دابوو، قۆڵیم گرت و هێنامە لاوە و وتـم: بـۆچی



ئەو سەیارەی منە هێندە کۆن و قۆڕ و قورازییە، یا تۆ بازاڕگەرمی دەکەی، لە داخی تۆیش دەبێ لەناوی ببەم... هەروام کرد.

.١٩٨٩

# ئەمیر حەیاتی

دەبدەبەی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی ئاریا میهر هـێڵەی دەکـرد و گـــرمە و زرمەی لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا وەدەردەچـــوو. ئەمیرزادەکانی کەنداو خۆیان بە پشـتماڵەی بەزمـوڕەزمی ئاریـا میهـر دەزانـــی. شاهـــ کەوتبـــووە هەڕەشـــە و گوڕەشـــەوە، لە کۆمپانیـــا نەوتییەکان و دەیوت:

لەم دەوروبەرەیـــدا دەســـتەڵات و دەبـــدەبەی چاوشـــینەکان بەسـەرچووە. حەوت دەستەخوشـکە نەوتییەکـانی جیهـان نازنـاوی " بازی ئۆپیک"یان دابڕیبـووە سـەر شـادا، ئەویش بەو نازنـاوە گەلێـک سەرقاڵ و لەخۆ بایی بوو.

ئارامی و ئاسایشێکی تەلەسماوی باڵی داکێشـابووە سـەر تەواوی ئێرانـا، جاروبـار گۆبەن نـانەوەیەک یـا تیـرۆر و تەقیـنەوەیەک ڕووی دەدا، شتێکی ئەو تۆ نەبوو تا مـایەی نـاڕەحەتی دەوڵەت و سـاواکی بەهێزی ئەو حەلە بێت.

شەوانی تـارانی ئەو حەلە سـحرئامێز بـوو، بەزم و مۆسـیقا بـوو، هونەرمەنـدانی گـۆرانیبێژی نێرومێـی نـاودار و شـیعر و ئەدەبیـات و خۆشگوزەرانی شەوانی تارانی ڕازاندبوویەوە.

تــاران شــەوان نەدەنووســت و چــاوی نەدەچــووە خەو، بەلای خۆشگوزەرانی ئێرانەوە شەوانی تـاران لە شـەوانی پـاریس و لەنـدەن ڕازاوەتر بووە. لە شەوانی تاراندا هـونەری ڕۆژئـاوا تێکەڵـی ڕۆژهەڵات کرابـوو، نـاز و ئەدای ژنـانی ڕۆژهەڵاتـی، بەتـایبەت ئێرانـی شـەوانی ئێرانی ڕازاوەدار کردبوو. پایتەختەکەی شـای ئاریـا میهـری، شـەوانی پڕ بوو لە ڕاز و نازوئەدای چاوبازانی عیشق و ئەڤین.

ڕازی شەیدایانی مۆزیکی ئێرانی و نـاڵەی نەی و خـرمەی دەفـی، بەزمی دەروێشانە و عەیارانە. مەی و مەیکەدەی عوشاقانی هەڵبەست و ڕەفتــاری ســۆفی مەئابــانە، وەنەبــێ هەر لەنــاو بەناوبانگەکانــدا ئەوەبووبێت، بەڵکوو شـۆڕبوویەوە نـاو شەونشـینی کـۆمەڵگەی هەزار فامیلەوە.

کۆمەڵگەی هەزار فامیلی سەردەمی شای ئێرانیان حـوکم دەکـرد، لە کۆمەڵگەی خەڵکە زۆرەکە دابڕابوون، ژیانیان، گوزەرانیان شـێوەی ژیانیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکە زۆرەکەدا پچڕابوو، دووعالەمی لە یەک جیا، دەستی پۆلاینی ساواک چۆن مافوور گرێ گرێ دەچنرێـت وەها لەسەرتاسـەری توێژەکـانی میللەتـدا لە چەوسـاندنەوەیدا بـوون، ساواک حوکمی ئێرانی دەکرد.

هاوڕێیەکم هەبوو ئەفسەرێکی گەورەی گـاردی شاهەنشـاهی بـوو، خەڵکـی شـارە حەیـاتەکەی سـنە بـوو، لە ڕۆژانـی یەکەمـی شۆڕشـی ئێرانا تیرۆر کرا، سەد ڕەحمەت لە ڕوح و ڕەوانی جاروبار شەونشینی هاوبەشمان دەکرد، بە لەهجەی شیرینی سنە تەلەفۆنی کرد:

سارەشـەو لە مـالاّ بەزمـم هەس، تـۆی بایـت و وەخـوا نەیەیـت، فرەنـارِەحەتم ئەکەیـت، جـا چـاوەڕوانتم ئیتـر نەیهـێلاّ هـیچ بلـّـێم و تەلەفـۆنەکەی داخسـت، منـیش لەو جـۆرە بەزمـی شـەوانە مانـدوو بووبووم، دەمزانی یان هایدەی هێناوە یـا مەهەسـتی یـا گوگوشـە یـا گوڵپـای چاخـان و دروزنە، دوودڵ بـووم ئـاخۆ بـڕۆم یـان نـا... لە دڵناسـکی هاوڕێکەیشـم دەترسـام و دەمزانـی لـێم دەکـاتە گـۆبەن. نەمتـوانی نەڕۆم، بەڵام درەنگانێـک گەیشـتمە ئەوێ. چەنـد زرتە زەلامێـک لەبەر دەرگـا وەسـتابوون، ماشـێنی تـازە و مۆدیـل بـاڵای ئەوکاتە بە چەپ و ڕاستدا ڕاگیرابوون.

ژووری میوانخانەم دەزانی و چەند جار چەندان جار بەشداریی شەونشینم تیادا کردبوو.

حەمومین سەد ڕەحمەت لە ڕووح و ڕەوانـی، دۆسـتێکی شایسـتە بوو، مێواننەواز، بەزم ئـارا و ڕووخـۆش، ڕۆیشـتمە ژوورەوە بڕێـک لە خەڵـکەکەم دەناسـی، بڕێـک لە پیـاوان جلـوبەرکی "سـمکوکین"یان لەبەردابـوو، خـۆ خانمـان مەپرسـە زۆربەیـان شـان و مـل ڕووت، بە قاقای بوڵنـد سـەرنجی خەڵکەکەیـان ڕادەکێشـا، ئیتـر نـازی ژنـانە و قەدوبـاڵای مەوزوون و سـەرو ئەگـریجەی جـوانکراو بە مـۆدەی ڕۆژ، بڕێکیان تۆزەکێک مەی خوماری کردبوون، تەمویرەژەن لەسـەر زەوی بەسەر مافوورێکەوە چوارمەشقی دانشتبوو سەروڕیش و پرچی درێژی شەوەزەنگ، ڕەنگی پەخش کردبووە سەر سنگ و بەرۆکیدا "تەمویرە" لە ئـامێز جاروبـار لە پـڕ سـەری بوڵنـد دەکـردەوە بـۆ لای نـووکی

تەموورەکەی، دەقی پرچی دەشێوا و دووبارە سەری دەهێناوە لای دەست و ژێکانی تەمویرە، لە دوورەوە ناویم بیستبوو، بە دەنگێکی زەلاڵی تێکەڵ بە نەواوی تەمویرەوە:

عەلی  نوور دیوانم

عەلی مەزهەر ئیمانم

عەلی جانم عەلی جانم

بڕێک لە ژنان دەوریان دابوو، جلوبەرگی ڕەش، سەروپرچی ڕەش، نازانم بۆ بیرو فکرم کێشای بەلای ڕاسپۆتین و دەربارەی دەستەڵاتی ڕۆمانۆفەکانی دەستەڵاتی قەیسەری ڕووسیاوە.

ئەمیر حەیاتی لێوانێکی کرستاڵی پڕ لە شەرابی لە بەردەستا بوو، جاروبار لە هەڵا مژێکی لێ دەدا.

خانەخوێکەم لە میوان نەوازیدا دەستێکی باڵای هەبوو، بەلای هەر تۆپەڵێکدا تێپەڕیبایە بە هێواشی شتێکی دەوت و نەرمونیان دەکشایەوە بۆلای برکەیەکی تر، گەیشتە لای من، دیارە فرە وەدڵتە؟

ئەزانی چەس ئاخر ئەو لە خۆمانە و کوردی شاری "سەحنە"یە، کە زانیم کوردە حەیاتەکەیە ڕێز و حورمەتی بەلامەوە زۆرتر بوو.

دوای دوو کاتژمێر زانیم بە جۆش و خرۆشەوە باس لە تەمویرە ژنەکەی دەکەم.

یەکێک لە برادەران توانجێکی تێگرتم و وتی:

ئەگەر کورد نەبوایە هەر بەو چەشنە دەربارەی دەدوای؟

تۆزێکی تێڕامام و وتم: نەخێر!

وتی: بۆ؟

- جارێک تۆ بۆ شاکامی بەوەی دەبەیت هاوڕەگەزێکم ئاوا هونەرمەندێکە، ئەوەسا هەر من ستایشی لێ دەکەم، ئەگەر ئەسفەهانی بوایە ئێوە سەرجەم ستایشتان لێ دەکرد.

وتی: فلانی باوەڕم پێ بکە مەبەستێکی تایبەتم نەیووە.

ئەوی ڕاست بێت ئەو شەوە شەوێک بوو لە شەوان لەو شەوەوە ئەمیرحەیاتی بوو بە یەکێک لە موریدەکانم و وردە وردە هەستی کوردایەتیم لە دەروونیدا بەهێز کرد. ئەو پەیڕەوی ئایینی یارسانی بوو، ئەو دەروێشانە تواوەتەوە، لە زکر و فکری ئایینیدا، بەڵام وای لێهات جاروبار شیعری حەماسیانەی دەڤەری کرماشانی دەخوێندەوە، کە چەندە پاڵەوان و سفەتن و پەیڕەوی مەکتەبی لەخۆبوردن و ئازایەتی هەن.

**١٩٧٣ تاران.**





# ئەو چەند ساڵەم لەبیر ناچێت

سـەردەمی قوتـابیبوونی زانکـۆ خۆشـترین و لەبیرنەچـووترین ڕۆژگـارێکە، قوتـابی تیـادایە دەوڵەمەنـد و هەژار هەریەکە بە جۆرێـک ئەو قۆنـاغە لەبیرنەچـووە دەگـوزەرێنن، ژیـانی ڕۆژانە پـڕە لە تـین و وزە. پڕە لە ئومێد پڕە لە ململانێی شاراوە و نهێنی.

سـاڵ، سـاڵی ١٩٦٥ز چەنـد سـاڵێکی پێشـمەرگایەتی دوای خستبووم، ناوەنـدیم بە پلەیەکـی بەرز تەواو کردبـوو، بـاری دەروونـم شێوابووە سەر یەکدا، تا دەبـوو لە دەوروبەر و لە خەڵـک و خـۆمیش بێـزار بـووم. بڕیـاری خـۆم دابـوو بە هەر فەلاکەتێـک بـووە دەبـێ لە وەڵات وەدەرچم، خوا کردی لە یەکێک لە زانکۆکانی چیکۆسلۆڤاکیادا قبوولم بۆ هات، لە کەینـوبەینی سـەفەردا بـووم لە ئێـرانەوە قبـووڵی زانکـۆی تارانیشـم بـۆ هـات" کـولیژی هـونەرە جوانەکـان، ڕشـتەی تەلارسـازی" دوودڵ بـووم ڕوو لە ئەورووپـای هەزار ڕەنـگ بـکەم یـان ئێران بڕۆم، ئاوا بڕیاردانێک هۆکاری تریشی هەبوو.

حەزم لە کچە ئـامۆزایەکی خـۆم دەکـرد نیشـتەجێی تـاران بـوو، سـەرەنجام کۆڵەبـاری سـەفەری ئێـرانم لە کـۆڵکرد و ئێـران بمگـرە و هاتم. خۆم کرد بە شاری تارانا، شار ڕازابوویەوە بە ڕەنگ و دەنگ و هەزاران گڵۆپی زەرد و سوورەوە، هەرایەک بوو نەبێتەوە.

دونیا و ڕیکلامی جیهانی باسی جەژنی ٢٥٠٠ساڵەی ئێرانیان دەکرد. شاکان و سەرۆک وەزیرانی جیهان لەو جەژنەیدا بەشدار بوون، لە دەوروبەری ئاسەواری تەختی جەمشیددا سەدان جادری شاهانە هەڵدرابوو، مێوانەکان دەنگ و ڕەنگو ئاسەواری تەختی جەمشیدی شەمایل گۆڕابوو، شارەکانیش شەقامەکانی هەر یەکە و بە جۆرێک چراخانیان ئەنجام دابوو، لە ئاوا ڕۆژگارێکدا گەیشتەمە تاران. نازانم دروست چ ڕۆژێک بوو، لەسەر تەختەی کلاس دانیشتم.

کۆلیژی هونەرە جوانەکان لەو سەردەمەیدا زۆرتر منداڵی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی تیادا بوو، ئەو کۆلیژە جلوبەرگ و شێوەی کار و سیستەمیان لە کۆلیژەکانی دیکە جیاواز بوو، ڕەگوڕیشەی خێزانەکانیان سەرجەم لە کۆلیژەکانی تری زانکۆ دابڕابوو، قوتابیانی کۆلیژەکانی دیکە ئەگەر بۆ لای هاوڕێکیان نەبووبیت ڕێگەیان پێ نەدەدرا بێنە کافتریاکەمانەوە، تاک و تەراک قوتابییەکی شارستانی لە کۆلیژەکەماندا دەبینرا.

زۆربەی زۆری قوتابییان کوڕ و کچی شاری تاران بوون، شاری تاران لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێرانا لە زۆر لاوە جیاواز بوون، لەناو تارانیشدا منداڵانی هەزار فامیل لە خەڵکە زۆرەکە جیاوازتر بوون.

فارسی نازانم، بەڵام ئەوە تێدەگەم زۆربەی کار و وانەکانمان دەربارەی هونەر و دونیای هونەر بوون، وابڵاوبوویەوە کە من "کوردی عەرەبم" ئەو شێوە ناوبردنەم لاناخۆش بوو. بۆم دەرکەوت بۆ جەفەنگ گاڵتەپێکردن نەبووە، بە کوردی تورکایان دەوت کوردی

تورک، منیش لە عێراقەوە هاتبووم، کوردی عەرەب بووم، کوردی ئێرانیش، کوردی ئێران بوو.

ساڵی یەکەمم بە سەختی بڕی، دوای دەوامی ڕۆژانە ڕۆیشتمە وانەی فێربوونی شێوەکاری و هەروەها فێربوونی زمانی فارسی، ڕۆژ کۆلیژ و شەو تا درەنگانێک کلاسی تایبەتم دەگوزەراند، باش بوو دوانەکەوتم، بەڵام هاوکڵاسەکانم لە منداڵییەوە هونەریان ناسی بوو. من لە پێشمەرگایەتییەوە هاتبوومە نێو دونیای هونەرەوە. بڕیاری خۆم دابوو، سەرێکە و هێناومە و دەبێ سەرکەوم.

ساڵی دووهەم زمان فێربووم، کتاوی فارسیم زۆر دەخوێندەوە، پەنجەم لە هونەر گیربووبوو، فێری توانج و قسەی قۆڕ و گاڵتە بووبووم. مۆڵەتی ماشێن لێخوڕینم وەرگرتبوو، ئۆتۆمبێلێکی جوانی دووکەسەی "تەنتەم" کڕی بوو، هەمووی لە شاری تارانا چوار دانەی وای تیابووە. پێگەیەکی باشم وەدەستهێنابوو، کچە هاوکلاسیەکانم زۆریان سەر دەنایە سەرم.

کچێکی هاروهاجی ناو کلاسەکەمان سەری دەنایە سەرم، دەیزانی بە چی ئاڵۆز دەبم، دەیوت: خوسرەوخان کوردی عەرەبە! دەزانن عەرەب بەچی بەناوبانگە هاوکلاسییەکانم قاقا پێدەکەنین، زۆر لە کچەکان لەناو ئێرانا عەرەب بە گەورەیی زەکەری پیاوانە بەناوبانگن، منیش لە وەڵامیدا دەموت:

ناهید ڕاست دەکات و تاقی کردووەتەوە... ئەویش هێندە بێحەیا و ڕووهەڵماڵیاو بوو لە وەڵامدا دەیوت:

جا کوا، خۆزیا وابایە!

لە کافتریادا جێگەیەکی تایبەتم هەبوو، من و دووسێ هاوڕێم هەر لەوێدا دادەنیشتین، مەگەر غەریبەیەک دەنا کەس لەو جێگەیەی ئێمەیەیدا دانەدەنیشت.

هاوکلاسییەکم هەبوو ڕەفتار و کردار و جووڵانەوە و ڕێوە ڕۆیشتنی ژنانە بوو، کوڕی هونەرپیشەیەک بوو، بەناوی " مەجید موحسینی"، لە دونیای سینەمای ئێرانا هەم هونەر پیشە بوو، هەم کارگێڕ. حەزم لە کردار و ڕەفتاری نەدەکرد، ڕۆژێک هاتمە ناو کافتریاوە سەیرم کرد، ئەو کابرایە لەسەر کورسییە هەمیشەییەکەی من دانیشتبوو، ڕووم تێکردوو و وتم: جێگەی خاڵی زۆرە بۆچی لەوێ دانیشتووی؟

وتی: هەوەسی خۆمە، لە هەر کوێدا هەوەسم بێت دادەنیشم.

وتم: نازانی ئەوە جێگەی هەمیشەی منە؟

وتی: مەگەر سەرقوفڵیت داوە، یان ئێرەت سەندووە؟

وتم: هیچ کامیان، بەڵام هەڵسی چاکترە!

وتی: ئاغای جاف من عەمدی لێرە دانیشتووم، وا هەڵدەستم بەڵام بۆت ڕوون دەکەمەوە من کوڕی باشم. کابرا هەڵسا و دوای مانگێک هاتە لام و وتی:

من پێنج شەمە داوەتێکم ڕێکخستووە لام خۆشە تۆیش بێیت، نەکا نەیەیت؟

- ئەگەر نەیەم چیم لێ دەکەی؟



- خۆم دەزانم جارێک پێت نالێم.

بەهەرحاڵ ڕۆیشتم زۆر لە هاوکلاسیەکانیشم لەوێ بوون... بە قەولی خۆمان مەی خواردنەوە و مۆزیک و مەلەی ناو مەلەوانگەی ناو ماڵیان بۆ شەوێکی تەماشای بوو.

بۆم دەرکەوت ئەو ژنانییە گەلێک خوێندەوارە، زۆربەی شیعری شوعەرای کلاسیکی ئێرانی لەبەرە، بەڕاستی بیروڕام دەربارەی گۆڕا.

شەش ساڵی لەبیرنەچووم لە چوارتەنیشتێکی کراوەی بێسنووردا بردە سەر، ئیتر گەشتی شارە ئاسەواردارەکانمان زۆر کرد، زۆر بۆنە و بێ بۆنەیش بەزمی شەوانەمان دەسازان، خوا هەقە ئەو ڕۆژگارانەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

**تاران ١٩٦٩**

# کۆڕی زانیاریی بەغدا

## ١٩٨٥

نە ئاگاداربووم، نەبۆیشی کۆشابووم کرابوومە ئەندامی کۆڕی زانیاری لە بەغدا. بەشی کوردی... لە ڕاستیدا زۆر لە نووسەرانی کورد ئاواتەخوازی ئەو جێگەیە بوون. ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەیان دیاری کردبوو، هیچ جۆرە زانیارییەکم دەربارەی تازە هاوەڵەکانم نەبوو، کەوا کێی تری هەڵبژێردراون... هیچ بەرهەمێکیانم نەخوێندبوویەوە، پێشم وا نییە ئەوانیش هیچ بەرهەمێکی منیان خوێندبێتەوە، بەهەرحاڵ، کە ڕۆیشتم بۆ کۆڕ ئەمانەی خوارەوەم بینی، ئەوانیش وەک من هەڵبژێردرابوون:

١- دکتۆر جوامێر – سەرۆکی کۆڕ.
٢- دکتۆر فواد حەمە خورشید- ئەندام.
٣- خوسرەوجاف- ئەندام.
٤- دکتۆر وریا- ئەندام.
٥- جەمال بابان ئەندام.
٦- د. زەنوون پیریادی
٧- د. عەلی تۆفیق



من و جەمال بابان نەبێت ئەوانی دیکە نرکەیان دەهات لەژێر قورسایی دکتۆراکەیاندا.

ڕاستت بوێت هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت زەحمەتە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیدا بەردەوام بم.

یەکەمین کۆبوونەوەمان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عێراق "دکتۆر ناجح ڕاوی" ئەنجام دا.

کابرا پیرۆزبایی لێ کردین کەوا لە جێگەیەکی وا پیرۆزدا بووین بە ئەندام، ئیتر هاتە شان و باهۆی پێگەی کۆڕی زانیاریی عێراقدا. لەو کۆبوونەوە بۆم دەرکەوت ئێمەی ئەندامانی "کۆڕی زانیاریی کورد" جگە لە دکتۆر جوامێر کە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق و سەرۆکی زانیاریی کۆڕی کورد بوو، ئەندامی کارا نین، یانی ئێمە لە ئەندامە عەرەبەکان پێگەمان پاین تربووین...

ڕاستی لە کۆبوونەوەی دووهەمدا ئەوەم بۆ دەرکەوت، زۆری پێ ناڕەحەت بووم، بە دوای بەهانەیەکدا دەگەڕام تا واز لەو کۆڕەی بهێنم. ڕۆژ هات و چوو، دکتۆر جوامێر وتی: کۆبوونەوەی داهاتوو دکتۆر "ناجح ڕاوی"مان لەگەڵ دەبێت، بکۆشن ئامادەبن.

ئیدی دکتۆر هات و وەک ڕابردوو کەوتە تاریفکردنی پێگەی ئێمەی ئەندامان، نەمهێڵا وتەکانی تەواوکات و قسەکەیم بڕی و

دکتـــۆر جـــوامێر هـــاتە نێـــوانەوە، بە حـــاڵەتێکی نەختێـــک تووڕەبوونەوە وتی: فلانی قسەکەی پێ مەبڕە!

وتم: دکتۆر جوامێر خۆ من قوتابیی تـۆ نـیم تـا ڕووخسـەتت لێ وەربگرم تا بڕۆم بۆ تەوالیت! ئینجا ڕووم کردە دکتۆر نـاجیح و وتـم: دکتـۆر ئـێمەی کـوردی ئەنـدامانی کـۆڕ بـۆ وەک ئێـوەی عەرەب ئەندامی کارا نین؟

کەوتە مینجەمیـــنج و نەیدەویســـت بڵێیـــت ئەوە بەدەســـتی دیـوانی سـەرۆکایەتییە و ئـێمە دەسـتەڵاتی ئەوەمـان نیـیە، مـن ئەوەم دەزانـــی بەڵام لەوێـــڕا دیـــوانی ســـەرۆکایەتی و دەوڵەت و دەسـتەڵات بەلای مـنەوە " دکتـۆر نـاجح" ڕاوی بـوو. بـۆیە وتـم: دکتۆر باش گوێم لێ بگرە:

مـــن بـــایەلۆژیەن لە تـــۆ جـــوانترم، لە ڕووی ڕۆشنبیریشـــەوە ئەگەر لە تۆ باڵاتر نەبم نزمتر نیم، جا هیچ مایەی شـانازیم نیـیە لەژێـر ئەم بنمیچـی کـۆڕی زانیاریەیـدا بەردەوام بـم. لە پێشـدا نامەی دەستلەکارکێشانەوەم نووسی بوو، هەستام نامەکەم دایـێ و بێ خواحافیزی لە هۆڵەکە وەدەرچووم.

ئەمەی کە خوێنتەوە لەو ڕۆژەیـدا — سـەردەمی سـەدام- هەر بە زمان ئاسانە.



زۆر کەس لەسەر زۆر لەوە کەمتریش بیست ساڵ زیندان و ئیعدامیش کرابوون. سوپاس بۆ خوا ئەو برادەرانە وا وەک من ئەندام بوون یەشتا ماون و ئەمەی قسەی دوای مردن نییە. لەبەر ئەوەی لە مێژووی کۆڕی زانیاریدا کەس دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە. ڕۆژنامەی " الجمهوریە" کە زمانحاڵی دەوڵەت بوو، هات لەگەڵما دوا، منیش هەمان وتوویژم دووبارە کردەوە و بڵاویش بوویەوە بە مانشێتی:" یەکەمین کەس لە مێژووی کۆڕی زانیاریی عێراق دەست لە ئەندامبوونی ئەو کۆڕە دەکێشێتەوە".

من ئەو کارەم کرد بۆ پاراستنی مافی ڕەوای خۆم و ئەندامانی کۆڕ و پێگەی میللەتەکەم، کەچی یەکدوانێک کە بۆخۆیان خەت مایل بوون، لە برێک جێگەیدا وتبوویان کاک خوسرەوجاف تیژپەڕی کردووە و ئێمەیشی خستە مەترسییەکی گەورەوە. بێ ئەوەی لە خۆیان پرسی بێت کام مەترسی؟

تۆ وەک (بت) ورتەت لە دەمەوە بەدەر نەهات، ئیدی ترس و تۆقیانت لە چی بووە؟

لەوە گوزەشتە، تۆ سەرشۆڕیت لا عەیب نییە و پێت دەکرێت، من سەرشۆڕی بۆخۆم و میللەتەکەم قەبووڵ ناکەم. وەک ئەوەی وا کردم و ڕۆژنامەکانیش نووسیان و تۆیش بتئاسا مایتەوە، پێم ناڵێی کام تیژڕەوی؟

## داستانی "دائیرەتولمەعاریف"

دکتۆر کەمال مەزهەر تەلیفۆنی بۆ کردم و وتی: ئەگەر لە ماڵ بیت دێم بۆ لات، ماڵیان لە ماڵی منەوە زۆر دوور نەبوو، زۆری نەکێشا تەشریفی هێنا لەگەڵ دکتۆر کەمالدا تۆزەکێک تێکەڵین، ئاگاداری ڕۆژی لە دایکبوونی یەکتر بووین، با ڕاستگۆ بم هەمیشە ئەو پێشدەستی دەکرد، یا بە دەستەیەک گوڵەوە دەهات یان کێکی بۆ دەهێنام.

وتی کاتم زۆر بە دەستەوە نییە دەبێ بڕۆم بۆ کۆلیژ و پێم خۆشە نییە قوتابییەکانم چاوەڕوانم بن، هاتووم حیکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە، تا ڕادەیەک پێوەندی بە تۆوە هەیە، جا خوا هەڵناگرێ دکتۆر کەمال لەوانە بوو گوێگری ماندوو نەدەکرد، گوێگر حەزی نەدەکرد قسەکانی تەواو کا جا وتی: ماوەیەکە چەندان مامۆستای کۆلیژی ئێمە و کۆلیژەکانی تر سەرگەرمی کۆبوونەوەن، ڕۆژێک هەروا ڕۆیشتمە ژووری کۆبوونەکەیانەوە نزیکەی دوانزە مامۆستا دەبوون، هەر هەموویانم دەناسی.

وتم: دیارە زۆر سەرقاڵی باسەکەتانن، سەرۆکی کۆبوونەکە دۆستێکی نزیکم بوو، باسەکەی ڕاگرت و وتی: ڕاست دەکەیت سەرقاڵی باسێکین دەربارەی پێکهێنانی دائیرەتولمەعاریف.



وتیان بە پێی فەرمانی "دیوانی سەرۆكایەتی" دەبێت بكۆشین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی "دائیرەتولمعاریف" وتم: كارێكی پیرۆزە، بەڵام خوێندەوارێكی كورد بەرگی یەكەمی دائیرەتولمعاریفی داناوە، ڕوانیم زەردەخەنەیەک كەوتە سەر لێویان، زانیم زەردەخەنەكە گاڵتەكردن بوو بە قسەكەم... دەنگم نەكرد، بە سبەینێدا دائیرەتولمعاریفەكەتم دا بە بندەستم و ڕۆیشتمە ژوورەكەیانەوە...

وتم: دوێنێ من وتم كوڕێكی كورد دائیرەتولمعاریفێكی داناوە، زەردەخەنەیەكی ناجۆر كەوتە سەر لێوانتان، ئەوەم وت و دائیرەتولمەعاریفەكەتم خستە سەر مێزەكەیان، یەكێكیان دەستی بۆ برد و كەوتە هەڵدانەوەی پەڕەكانی و تا دەهات سەرسامی بە ڕوخساریەوە هەست پێ دەكرا، ئیتر دەست بەدەستیان دەكرد، یەكێكان وتی: باشە ئەم برادەرە چەند كەسی لەگەڵدا بووە؟ ئەمە كاری یەكدوو كەس نییە!

وتم: برادەرینە، ئێوە هەرچی هی ئێمەی كورد بێت كەم بایانە و بێ نرخانە تێی دەڕوانن، ئەم برادەرە بە تەنهایی ئەو كارەی ئەنجام داوە... باوەڕیان نەدەكرد، باشە بۆخۆی دێنم بۆ لێژنەكەتان...

هەڵبەتە هەڵوێستی جوامێرانە و دڵسۆزانە هەر لە كەسێكی وەک دكتۆر كەمال مەزهەر دێت، ئەگینا نەدەبووە ئەو كەمال مەزهەرە!

بەدیهێنـانی دائیرەتولمەعـاریف لەو سـاڵانەیدا هەر بەدەم ئاسـان بوو، کارێکی پڕ لە کێشە و بێ سەرچاوەیی یەخەی گرتبووم، یان لە ڕاسـتیدا مـن یەخەی ئەوم گرتبـوو، لام چـاکە برێـک لەو گرفتـاری و کێشانەی دووچاری بووم بیخەمە بەر چاوی ڕۆشنبیران.

ڕوونە نووسـینی دائیرەتولمەعـاریف ڕۆمـان نەبـوو بەپێـی هەوا و هەوەسی خۆم دایڕێژم، گرفتی گەورە و سەرەکیم نەبـوونی سـەرچاوە بوو.

کەوتبوومە تەقەلاوە جگە لە کتاو و کتاوخانە سەرچاوەیەکی دی بەدی نەدەکـرا، کتاوخـانەکەی بـاوکم برێـک کتـاو و گۆڤـاری کـۆنی تیادابوو، کتاوخانە گشتییەکان یەک یەک گەڕام کۆمەڵێک سەرچاوەم بەدەســت هێنــا، لە کتاوخانەکــانی شــەقامی موتەنەبیــدا کەوتــمە پشکنین، زۆرجار پـێش هـاتووە کتـاوێکم سـەندووە تەنهـا لەبەر یەک وێنە. وەک زانراوە وێنە بـۆ دائیرەتومەعـاریف گەلێـک گـرنگە، ئەگەر لەبەرگـی یەکەم وردبیـتەوە، پـرە لە وێـنەی دەسـتخەتی، بە ناچـار بۆخۆم ئەوانەم ڕەسم کردوون.

وەک زانراوە نووسەران تەنها فکریـان لە کارێـک کـردووەتەوە کە بیکەن، دواتر دەکەونە پیاهەڵدانی کارەکانیان، ئیتر فووی پیا دەکەن و چەند کـۆلکە نووسـەری تـریش دەکەونە سـڕناژەنی پێداهەڵـدان بە تەقەلاکەیان. بە پـێچەوانەی ئەو نووسـەرانەوە مـن بێـدەنگ بە کـاری خۆمەوە خەریـک بـووم و ئەوەیشـم دەزانـی برادەرانـی نووسـەری ئەو حەلە لە پارێزدان بۆمن و بە چاوی واقیعیانە تێم نانواڕن، جا لە هەر

ڕوویەکەوە بێت، ئەوەم دەزانی هیچ دهۆڵژەنێکم بۆ هیچ کارێکم نەدەکرد، بەتایبەت کاری دائیرەتولمەعاریف کارێکی دەستەجەمعی و گرووپییە و ڕەنگە بۆ تاکە کەسێک نەک دژوار، نەکراوە.

من شانم پێوە نابوو لای چەند نووسەرێکی وەک مەلاجەمیل و مەلاشوکر نەبێت، لای کەسانی دیکە نەمدرکاندبوو، ڕۆژێک مەلا شوکر پێی وتم: کوڕە کاک خوسرەو ئەو کارە ئەوڕۆکە بەدەوڵەت ناکرێت تۆ بە تەنهای ی ئەو کارەکردنی هەر یەک جار دژوار و زەحمەتە، بە گوێی من دەکەیت بەردەوامبە لە هیچ باشترە، سەرەنجام دەبێتە شتێک ئەو کاتە ناوی لێ بنە، گوێ بە قسەی مەدە و کاری خۆت بکە.

بە هەر جۆرێک و دژوارییی فرەزۆرەوە بەرگی یەکەمم لە نزیکەی حەوت سەد پەڕەیدا تەواو کرد، مایەوە سەرچاپکردنی بیرم کردەوە دەوڵەت و دەستەڵات گەلێک کتاوی پڕوپووچیان بە چاپ گەیاندووە، زۆربەیان بۆ ئەوە ناشێن لوولەی ناوکە گوڵەپەڕۆژە و شایانی خوێندنەوە نین.

لە جێگەیەکدا بە هەڵکەوت چاوم بە ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی " محەمەد ئەمین شەمێ کەوت و باسم لە کتاوەکەم کرد، بە وردی و بە چاکی گوێڕایەڵی باسەکەم بوو و وتی: وەرە بۆ هەولێر، هەر وام کرد.

دەستنووسەکەم خستە بەردەستی مەلا شوکر، کە بە وردی سەیری کرد وتی: " ئەشهەدو ئەوە دائیرەتولمەعاریفە، هەر بە دەستی خۆی " دائرة المعارف"ی عەرەبی کردە ( دائیرەتولمەعاریف)ی کوردی.

دائیرەتولمەعاریف کەوتە ژێر چاپەوە، یەک بەشی مابوو چاپەکەی تەواو کرێت محەمەد ئەمین گوێزرایەوە و کابرایەک جێگەی گرتەوە بەناوی "حیکمەت حاجی سەلیم" چەند کەسێکی ناو ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری بەو ئەمیندارە تازەیان وت: لە ڕووی واسیتەوە لە ئەمینداریەتیدا کتاوێکی پڕوپووچ بێ بایی لەژێر چاپدایە، بەشی دە کتاو کاغەزی ئەمینداریەتی قووت داوە، چاکترین کار ئەوەیە ئەو کتاوە پڕوپووچە ڕاگیرێت، ئەو کابرایە کە تازە کرابوویە ئەمیندار و نەخوێندەواریش بوو، دائیرەتولمعاریفی ڕاگرت، کە تەنها فەسڵێکی مابوو تەواو کرێت.

لە بەغداوە دیسان بەرەو هەولێر بەڕێکەوتم ئەو دوور لە (حیکمەتە) دەی، هەرچی تەقەلام کرد لە ڕاگرتنیدا بەردەوام بوو، من ناوی ئەو چەند پیاوە خراوەی ناو ئەمینداریەتەم بەلاوەیە، کە لەسەر دزی و دەخەڵی دوان سیانیەکیان خرانە زیندانەوە، لێرە ناویان نابەم...

بەهەر حاڵ، داوام کرد کتاوەکەم بدەنەوە، بۆخۆم تەواوی دەکەم حیکمەتەفەندی لەسەر ئەوەیش ڕەزامەندی نەدا، نائومێد گەڕامەوە بۆ بەغدا زۆری نەکێشا دوو هەفتەیەکی پێچوو " محەمەد ئەمین شەمی"

گەڕایەوە بۆ ئەمینداریەتیی گشتی ڕۆشنبیری و دائیرەتومەعاریف تەواو کرا، لەبەر ئەوەی ئەستوور بوو ئەمینداریەتی نەیتوانی بەرگی تێ بگرێت، هەروا بەبێ بەرگ وەرم گرتەوە، لەگەڵ کەسێک بەناوی عەبدوڕەحمان زەنگەنە ڕێککەوتم بەرگی تێبگرێت و بۆخۆی بیفرۆشێت، هەروای کرد.

ئیدی دائیرەتولمەعاریف هەر وەک دێوەکەی ناو فانۆسەکەی عەلائودین هاتە دەرێ و هەموو خوێندەوارێک ئاواتەخوازی دانەیەکی بوو.

لێرە دەمەوێ تۆزێک دەربارەی مێژووی دائیرەتولمەعاریف و ناوەکەی بدوم، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا کاتێک زانست کەوتە تەقەلای دروستکردن کە بۆخۆی بە بەر و ئاکامی ڕاپەڕینەکانی سەدەی ناوەڕاست دەژمێردرێت، بەتایبەت بەرهەمی نووسەرانی وڵاتی فەڕەنسا پەرچەمداری ئەو ڕاپەڕینە بوون، وەک: ڤۆڵتێر، ژان ژاک ڕۆسۆ، دیدرەو، مۆنتسکۆ ...تاد" ئەو زانایانە پەرچەمداری فەلسەفە و لێدوانی جۆراوجۆر توانییان جەبەڕووتی زۆرداران کەم بکەنەوە هەستێکی بەربڵاوی ڕۆشنبیری و ململان لەناو خەڵکە زۆرە ڕەش و ڕووتەکەیدا بنەما و بنەڕەت دادەنێن، دەوڵەت و دەستەڵات بێدەنگ نەبوون، ڤۆڵتێر دوورخرایەوە، دیدرەو خرایە زیندانەوە، ژان ژاک ڕۆسۆ خۆی شاردەوە، بەسەر ئەوەیشدا زاناکان بێکار نەبوون، دەستیان کرد بە وەرگێڕانی دائیرەتولمەعاریفی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی فەڕەنسی.

ژان ژاک ڕۆسۆ پێشەکی بۆ نووسی، دیدرەو تیایدا دەربارەی ئازادی نووسی، ڤۆڵتێر نامە فەلسەفییەکانی خۆی دەربارەی ئایین و سیاسەت بڵاوکردنەوە، دیدرەو لەبەر ئەوەی کوڕی کابرایەکی چەقوساز بوو، دەربارەی کرێکار و گیروگرفتی کرێکاران لە دائیرەتومەعاریف نووسی.

دیلامبەر توانای ململانێی تیادا نەما و دیدرەو جێگەی گرتەوە و بە توانایەکی سەرسام ئاوەرەوە لە کاردا بەردەوام بوو، هەرچی ڕۆشنبیر هەیە لە دەوری کۆبوونەوە، بۆ چاوترساندن دووبارە دیدرەو خرایەوە زیندان و لە ساڵی ١٧٥١ز ئازاد کرایەوە، بە یارمەتی "مادام دومپادور، ریشیلو، شوارول، مارلی توگو" کەوتنە کارەوە، توانییان لە ساڵی ١٧٧٢ز یەکەمین بەرگی دائیرەتولمەعاریف چاپ بکەن، سەرەنجام گەیشتە ٢٨ بەرگ.

لێرەدا دەمەوێ سەرچاوەی ناوی دائیرەتولمەعاریف ڕۆشن بکەمەوە، زاراوەیەکە ئینسکلۆپیدیایە، لە بنەمادا یۆنانییە "ئان" واتە " دائیرە"، "پیدی"واتا مەعاریف.

بەو شێوەیە دائیرەتولمەعاریف شێوەیەکی بەخۆوە گرد و بوو بە جێگەی تەماحی زۆر لە میللەتان و لاسکاییان کردەوە ١٥/٥/ ١٩٨٧ بەغدا.

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم: ئێستا کە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٢٧ز ئەگەرچی کۆرۆنا لە ناوە و مەرگ لێرە و لەوێ هێڵەی دەکات،

دائیرەتولمەعاریف دە بەرگی لە چاپ دراوە و سیانزە بەرگی ئامادەی چـاپ کرابـوو، تووشـم بـوو بە تووشـی کـابرایەکی قـۆڵبڕی وەک : ( حەمیـد بەدرخـان)، کـابرایەکی تایپپێسـتی پـێ ئاشـناکردم بەنـاوی "والـی" تــا دەستنووسـەکانم تایـپ بکـات، ئەوە چەنـدان سـاڵە ئەو تایپپێستە، کە ناوی والییە، دەستنووسەکانی بەلاوەیە و ڕای کـردووە بـۆ ئەڵمانیـا، هەروەهـا حەمیـد بەدرخـانیش لەسـەر قەرزاری بـۆی دەرچووە، پێم وایە لە لەندەنە یان ئەڵمانیا بەداخەوە نە دەسـتم بەو والیـیە دەگـات نە بە حەمیـد بەدرخـان، هـیچ دوور نیـیە ئەم دووانە دوای مەرگی من بە ناوی خۆیان یان ناوێکی دیکە چاپی بکەن، تەنها ئومێدێکم وایە ئەویش " کرۆنایە" بەڵکی "کرۆنا" بتوانێت حەقـی مـن لەوانە کاتەوە، دەی خوا بکات بیست ملیـۆن لە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا دە بە دە بکەونە گیانی ئەو دووناوبراوە و تا مردن وازیـان لـێ نەهێـنن، دەبڵێن ئامین!

# ئاوابێ گەرمیان

ساڵ ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و سێیە، وەک هەر خوێنگەرمێکی کوردی ئەو دەمە ڕۆیشتمە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە. لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی گەرمیاندا جگە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان، ژمارەی ئێمەی پێشمەرگە نەدەگەیشتە سەدوبیست کەس، شەڕ لەنێوان دەوڵەتی بەعس و شۆڕشدا دەستی پێ کردبوو. گەرمیانی لای زەنگەنە و جەباری، بنکە و پێشمەرگەی خۆیان هەبوو.

شەڕی ژاڵە ڕووی دابوو، لەو شەڕەی دا سوپای عێراق ژمارەیەکی زۆر تەرمی لێ بەجێ مابوو، شەڕێکی قارەمانانەمان کردبوو، ناو و باوی ئەو شەڕە لەنێو خەڵکدا دەنگی دابووەوە. لە باکووری جێگەی شەڕەکەدا جێگەیەکی تۆزێک شاراوە لە چاوی فڕۆکەکانی عێراق هەبوو بەناوی "زۆنگەکەی حاجی عەلی"، کە بریتی بوو لە کەندڕێکی دوو کیلۆمەتری بە بەرینی بیست مەتر مارپێچ لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشا، لەسەربنی ئەو کەندڕەوە لە قەڵوەزەکەوە تک تک ئاو دەچووڕایە خوارەوە، لە یەک دوو جێگەی تکەی ئاوەکەدا دوو سێ چاڵی بچووکمان لە ئاستی تکەکردنەکەدا هەڵکەندبوو، بە شەو و ڕۆژێک پڕ دەبوو بۆ ئاوخواردنەوەی ئێمە.

لەو جێگەیەی ئێمەدا بیستوچوار پێشمەرگە دەبووین، گەرمای هاوین گڕی گرتبوو، لەو کەندڕەیدا لەسەر بنەوە نەبێت کورتە سێوەرێک بەلای دڵۆپەکانەوە بۆ ئەوەمان تەرخان کردبوو بۆ بڕێک ئازووقە سێوەرێکی ئەوتۆی تیادا نەبوو بۆ هەنووزکردن ...بە سنگی کەندڕەکەوە درەخچێیەکی بەڕوو شۆبووبوویەوەو بە هەر فەلاکەتێک بوو، جێگەی ڕاکشانی زەلامێکم دروست کرد، ئەگەرچی تیرئاوێژی هەتاو لەنێوان گەڵاکانەوە دەیدا لێم، لە هیچ باشتر بووو. نیوەڕوان لەوێدا ڕادەکشام، پێشمەرگەکان ناویان نابوو باڵەخانەکەی کاک خوسرەو.

گەرمای گەرمیان گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێت، دار و بەرد و خۆڵ لە هاوینا گڕ دەگرن، جاروبار لە قرچەی نیوەڕۆدا لەو سێوەرە کون کونەیدا هەنووزم دەکرد، چاوم چووبووە خەو، کام خەو؟

خەوی ئەو ڕۆژانە لە خشپەیەک، خشەیەک بە خەودا دەهاتم، مەرجی ئەو حەلانە وابوو، کیفەکیفێکم هاتە گوێ، چاوم کردەوە مارێک بە لکی درەختەکەوە سەری شۆڕ کردبووە خوارەوە، نێوان من ئەو تەنها یەک مەتر و زۆرتر نەدەبوو، پەیتا پەیتا زمانی هەڕەشەی وەدەر دەهێنا، ماوە و مەودای ڕاکردن و جوولانەوەی بۆ نەهێشتبوویەوە، بەختم یار بوو، دەمانچەکەم بەکرەبوو، بە ئارامی وەدەرم هێنا و لەسەرخۆ سەریم نیشان کرد، مار کەوتە سەر پاو پلمدا، کە بە خۆمم زانی هێندەی تر شەلاڵی عەرەق بووبووم، مار بەسەر پا و پلما پێچی دەخوارد، گوللەکەی سەری دوو لەت

کردبوو، بە دەنگی تەقەکە پێشمەرگەکان هاتن و ماریان دا لە پا، سەرجەم دە پای کڵاشی لەپی درێژی دەبوو، ئەوە چەندان ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە گوزەراوە سەر و زمانی ئەو مارەم لەبیر ناچێتەوە، ساردی ژێر سکی لە تەپا و تلدا دەیدا لە پام، نەخشی فکر و بیرەوەریمە.

**٣٠/٦/ ١٩٩٠ بەغدا.**

# ئێرەجی قادری

بەندە و برادەرێکی هاوکلاسیم بەناوی "سیاوەشی ساڵحی" لوڕی دەوروبەری شاری ئەسفەهان بوو، پێکەوە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکاندا هاوکار و هاوکلاس بووین.

کاروکردەوەی ڕۆژانەی قوتابیی هونەر زۆر و پڕ خەرجن. ئیتر ئەوە ڕەنگی شێوەکارییە، ڕەنگ و پێداویستییەکانی نەخشەی تەلارسازییە، ئەوانە خەرج و پوول و پارەی زۆریان دەویست.

سیاوەش هەر چەند لە خێزانێکی هەژار و نەدار بوو، بەڵام زۆر زیرەک و لێزان و هونەرمەند بوو، بەندەیش لە دونیای پێشمەرگایەتییەوە ڕۆیشتبوومە ناو پۆرگی دونیای هونەرەوە... ڕاستی زمانیشم باش نەدەزانی دەبوا تەقەڵایەکی گەلێک زۆرم کردبا تا هەر نەبێ بکەومە ڕێی، سووربووم لەسەر فێربوون و سەرکەوتن و هاوشانی.

من لە شەڕی بەرانبەرکێی ژیان و نەمانەوە کەوتبوومە ناو شەڕێکی ترەوە، بەڵام زەوی تا ئاسمان جیاواز، بڕیاری خۆمم دابوو، ئەو برادەرەم دەیزانی لە گرفت و تەنگەبەریەک دام، ئیتر دوای دەوامی ڕۆژانەی کۆلیژ لەگەڵما هات و لە کلاسی تایبەتی فێرکردنی شێوەکاریدا ناوم نووسی، کابرایەکی دۆزییەوە مامۆستای زمانی

فارسی بوو، شەوانە دوو کاتژمێر زمانی فارسی و ئەدەبیاتی فارسی لە ئەپارتمانەکەمدا فێر دەکردم.

ماندوو و مردوو، لام وابوو لەشەڕ دام، لە ماندووییدا خەوم لێ دەکەوت.

دەی ساڵی یەکەمم بە تەقەتەق بڕی، ئەو هاوڕێ سیاوەشم لەبیر ناچێت. لە کۆلیژ هەر قوتابییەک دۆڵابێکی تایبەتی هەبوو، دۆڵابەکەی من و سیاوەش شانبەشان بوون، ئەوی پێداویستی هونەری و کاروکردەوەی کۆلیژ هەبوو بە زیادەوە خستبوومە ناو دۆڵابەکەوە، یەک دانە لە کلیلی دۆڵابەکەم دابووە دەستی سیاوەشەوە تا بە پێی نیاز سوود لە مەوجووداتی دۆڵابەکەم وەرگرێ، بەم شێوە کۆلیژمان تەواو کرد.

لە دواییدا پێکەوە ئۆفیسێکی کاری ئازادی تەلارسازیمان کردەوە، ئیدی کەوتبووینە تەقەلای کار بەدەستهێنان، ئۆفیسەکەمان لە ساختمانێکدا بوو، ئوفیسی هونەرمەندی گەورەی کارگێڕی سینەما " عەلی حاتەمی" لە هەمان ساختماندا بوو، هەروەها هونەرمەندانی تر.

ڕۆژێک لە ئۆفیسدا بووم " ئێرەجی قادری" هونەرپیشەی ناسراوی سینەمای ئێران هاتە ژوورەوە و دانیشت و مەغرووڕانە وتی: حەتمەن من دەناسن؟

لە ناخەوە حەزم لە غرووڕەکەی نەکرد وتم: بەڵێ دەتناسم!



وتـــی: هــاتووم ئۆفیســەکەم بـۆ برازێنێتەوە...دیکـۆری بێهاوتــام دەوێ.

بە ســەبینێدا ڕۆشــتمە ســەر ســاختمانەکە و ئەوی دەبـوا بکـرایە گفتوگۆمان لەسەر کرد، بەوە ڕانەوەستا، ژوورێکی لە پشتەوە هەبـوو دەرگــاکەی بەســـەر هــۆڵەوە بــوو، وتـــی: دەمەوێ ئەو ژوورەم بــۆ برازێنیتەوە، بە مەرجێـک کەس هەسـت بە بـوونی دەرگـاکەی نەکـات خۆم نەبێت، لەسەر ئەوەیش ڕێککەوتین.

بە سبەینێدا پەیمانەکەمان ئیمزا کـرد، نـزیکەی پێـنج مانـگ بەو کارەوە خەریک بووین، ئۆفیسـێکی گەلێـک جـوان و مۆدێرنمـان دا بە دەستیەوە، ژووره شاراوەکەی کە بۆ ڕابـواردن دروسـتمان کردبـوو بە درێـژی و پـانیی دەرگـاکە ئـاوێنەیەکی چوارچێوەدارمـان بـۆ دانـابوو، شەیتان نەیدەدۆزییەوە.

ئێـرەج لە خـانمەکەی دەترسـا و نەیدەویسـت کەس بە جـێگە و شوێن و هەرزە هەوەسـیەکانی بزانێـت، بەپێـی پەیمـانی واژووکـراو و بەپێی پێشـکەوتنی کـارەکە دەبـوا بە چـوار بەشـی پارەکەمـانی پـێ بدابا، سێ بەشی پارەکە بێ هیچ گرفتێک پێـی دایـن و مـایەوە سـەر دوا بەش، ڕۆیشتم بۆ لای بۆ دوابەشی پارەکە سەیرم کـرد لـووتی بە کەهکەشانی فەلەکەوەیە، وتی: هیچ پارەیەکتان بەلای مـنەوە نیـیە و نامەوێ جارێکی تر بتبینم!

ئەو جـۆرە ڕەفتـارە دووربـوو لە هەڵوێسـتی مرۆڤـی پیـاوانە و شکاندنی پەیمانی نێوانمان.

وتم: بۆ لە کارەکەم ناڕازیت؟

وتی: نەخێر! بەپێچەوانەوە زۆریش ڕازیم.

وتم: ئەمە زۆرە و دەیکەیت!

وتی: چۆنی لە یەک دەدەیتەوە ئازادیت، ئیتر لەم ناوە نەتبینم!

وتم: ئەگەر پەیدا بووم چی؟

وتی: گاڵ دەدەم خەت خەتت بکەن.

تـا ئەو حەلە نەمـدەزانی خەت خەتکـردن یـانی چـی، تـا پرسـیم ئەودەم زانیم هەڕەشەی ئەوەم لێ دەکات گـاڵی چەقـووکێش دەدا بە فەنەر برینـدارم کەن. ئەم جـۆرە برینـدارکردنە لەنـاو چەقۆکێشـاندا ڕەواجی هەیە.

هەر لەو کاتەیدا باوەک نەمدەزانی خەت خەتکردن یانی چی، وتم گوێـت لـێ بێـت، دیـارە تـۆ پیـاوی خۆتـت نەدیـوە، ئەگەر وام لـێ نەکردی بە پای خۆت ئەو پارەم بۆ بهێنی، پیاو نەبم، تۆ بم!

لەوێ هـاتمە دەرەوە کەوتـمە بیـرەوە چـۆن ژمـارە تەلەفـۆنی ماڵەوەیـان بەدەسـت بهێـنم، خانمێـک هەبـوو بە نـاوی فریشـتەی ئەردەلان، ئەو خانمە ماڵەکەی هەوارگەی هونەرمەنـدان و گـۆرانبێژان و پایەبەرزانی تاران بوو، هەفتەی جارێک شەونشینیەکی ئەنجام دەدا



هەریەکە لەو کەسانەی هاتوچۆکەری ئەو ماڵە بوون کە ناومان نـابوو " پاتۆق" مانگانەیەکی دەدایە فریشتە خانم.

مـــن هەر لەوێـــدا لەگەڵ زۆربەی هونەرپیشـــە و گـــۆرانبێژە بەناوبانگەکان ئاشنابووم، وەک: گوگوش، مەهەستی، نەسرین نوشـی ئافەرین و فەڕووخزاد و زۆری تر.

تەلەفـۆنم بـۆ فریشـتەکرد و وتـم ژمـارەی مـاڵی ئیرەجـی قـادریم دەوێ.

وتی: بەسەرچاو" خوسـرەوخان" بە کـوردی سـنەیی لەگەڵ منـدا دەدوا، وتـی: بەڵام بێژە پێم بۆ چەتە؟

وتم دەمەوێ لەگەڵ ژنەکەی ئێرەجدا قسە بکەم.

وتی: مەهۆشـی ئێـژی، حەزت لـێ بێـت سـارە شـەو دەهێـنم بـۆ پاتۆق...

وتم: جارێ ژمارەکەم بدەرێ، هێنانی بۆ پاتۆق دەخەینە دواوە.

ژمارەکەی پێدام، جارێک و دوو جەڕەسم لێ دا، سـێهەم وەڵامـی دامەوە، خـــۆم ناســـاند و وتـــم، "موهەنـدیس خوسـرەوجاف"م، زۆر خانمـانە قسـەی لەگەڵمـدا کـرد و منـیش هەواڵـی ژووری شـاراوە و دوگمەی ئاوێنەم بۆ دەستنیشان کرد، لە وڵامدا وتی: مـن نـاوی تـۆم زۆر بیسـتووە لە نـزیکەوە نەگەیشـتوومەتە خزمەتـت، بەڵام دەتـوانم بڵێم بۆ ئەمە بە من دەڵێیت؟

منیش داستانەکەم بۆ گێڕایەوە و وتی: کە ئاوا؟

وەک لە دواییدا ژنە بۆخۆی بۆی گێڕامەوە وتی: ئێوارەیەک خۆم کرد بە ئۆفیسەکەیدا، بەلای ئاوێنەکەوە وەستام و دەستم بۆ ژێر ئاوێنەکە و دوگمەم دۆزییەوە و پەنجەم پیانا، ئاوێنە نەرمنەرم بەسەر سکەوە دەرگا کرایەوە و ئاوێنە ڕۆیشتە ناو دیوارەوە، ڕۆیشتمە ژوورەوە لە ژووری نوستنەکەی من گەلێک ڕازاوەتر بوو، هەر لەوێدا کراسەکەیم لەبەریدا شڕ و شیتاڵ کرد و وتم: ئەیرات بۆ "مەستانە" چوونت دروست کردووە؟

دەی شەوێ "ئێرەجی قادری " تەلەفۆنی کرد و هەڕەشەی دەکرد.

وتم: گوێم لێ بگرە، تۆ دەمێکە هەڕەشە و گوڕەشە دەکەیت، نۆرەی منە ئەدەبت کەم، چاوم لێکە... تەلیفۆنم داخست..

من دەمزانی شەوانە لە چ ڕستۆرانتێکدا دادەنیشێ... شەقاوەیەکی ملهووڕی بازووڵە ئەستووری خەڵکی کرماشانم دەناسی بەناوی " داش ئەکبەر" ڕووداوەکەم بۆ باس کرد، ئەو جۆرە پیاوانە کاری نامەردانەیان لێ نەدەوەشایەوە، کە باسەکەی خۆمم بۆ گێڕایەوە، دەستی خستە سەر سمێڵی و وتی: ئاغای جاف ئەگەر بە گوێڕاکێشان نەمهێنا بۆ دەفتەرەکەت ئەم سمێڵە، سمێڵی داش ئەکبەر نەبێت!

ئەو وەک هونەرپیشـەیەک لە سـنەمادا ئێرەجـی دەناسـی، داش ئەکـبەرم هەڵگـرت و بـردم بـۆ بەردەم ئەو ڕسـتۆرانەی وا ئێرەجـی قادری لێ دادەنیشێت.

هەموو چوار ڕۆژی نەخایان داش ئەکبەر هـات بـۆ ئۆفیسـەکەم و دەستی ئێرەجـی گرتبـوو، وتـی: ئاغـای جـاف ئیـرەج خـان هـاتووە، داوای لێبووردنت لێ دەکات و هەق و حیسابی خۆیشی هێناوە.

ڕووم کردە ئێرەج و وتم: نەموت ناچارت دەکەم بە دەستی خۆت پارەکەم بۆ بێنی بۆ ئۆفیس. ئەمە جوانە وا زەلیلی هەی نامەرد.

وتی: بەهەرحاڵ، بمبەخشە!

دەی ڕۆژ هاتوچوو فریشتەی ئەردەلانی لێزان و کـارامە تەلیفـۆنی کرد و وتـی: سـارە شـەو "مەهۆشـی" ژنـی ئێرەجـی قـادری دیـت بـۆ پاتۆق بە تەورێک ئاگاداربم لە ئیرەج تۆراوە و لە ماڵی باوکی دایە.

بە سبەینێدا ڕۆیشتم بۆ پاتۆق نزیکەی دە کەس لە ژن و پیـاوی لێ بوون، من مەهۆشم نە دەناسی فریشـتە لەگەڵ مەهۆشـی ئاشـنای کردم، ڕۆژ بە ڕۆژ دۆستایەتیمان پتەوپتەوتر بـوویەوە، گەڕابـوویەوە بۆ لای "ئیرەج" بەڵام لەگەڵ منی بەندەی خودادا پەیوەندی بەردەوام بوو...

یادی بەخێر...

# ئاسنگەر

لە شاری بەغدا لە ئۆفیسەکەمدا بووم، سکرتێرەکەم هات و وتی: کابرایەک هاتووە دەڵێت من ئاسنگەرم و بێگومان کاکی موهەندیس کاری بە من هەیە.

لە یەکم دایەوە هیچ بە تەمای ئاوها کەسێک نیم.

وتم: با بێتە ژوورەوە، کابرا کە هات ئەوی لێی نەدەچوو، ئاسنگەرە کەوتە خۆ هەڵکێشان و من منم، کەوا کاری هونەری ئاسنگەری زۆر کردووە کارەکانیش یەکپارچە هونەرییە.

ئەلبوومێکی دابووە بندەستی و بە فیزەوە خستییە سەر مێزەکەم و وتی: تکایە سەیری کارەکانم بکە! ئەلبوومم هەڵدایەوە، لە وێنەی یەکمدا سیاجێکی بیمارستانێک بوو، کە وردبوومەوە، سیاجەکەم ناسی کەوا دیزاینی تەلارسازێکی هاوڕێی خۆم و ئاسنگەرەکەیشم دەناسی.

دەی وێنەی دووهەم و سێهەمم دی، سێهەمیان دەرگایماڵەکەی خۆم بوو، هیچم نەدا لە ڕووی و وتم: ئەم دەرگا ئاسنەم فرە لا جوانە،دەتوانی یەکێکی وام بۆ بکەیت؟

وتی: زۆر ئاسانە!

وتم: دەتوانم لە نزیکەوە بیبینم؟

وتی: دەتوانێ، بەڵام نەختێک دوورە.

وتم: قەیناکە هەرچەند دوور بێت مەڕاقمە لە نزیکەوە بیبینم.

وتی تکا دەکەم مەگەر لە ناو شەقامەکەوە نابێ بدەین لە زەنگی ماڵەکە؟

- بەسەرچاو بکەوە پێشم منیش لە دواتەوە دێم.

مـــن هەر دەســـت و پەنجەکـــانیم بینـــی زانـــیم فـــڕی بەســـەر ئاسەنگەرەوە نییە و ئەوەیشم نەدا لە ڕووی...

دەی ئەو کابرایە لە پێشـەوە دەڕواو و وردە وردە کـابرا لە مـاڵی خـۆمەوە نزیکتـر دەبـوویەوە تـا گەیشـتە لای مـاڵی مـن و ڕاوەسـتا، منیش کە دیم دەرگەی ماڵمان ئاواڵەیە، یەکڕاست خۆم کردە ماڵـدا . کـابرا هەروا ئەلبـووم بەدەسـت هەروا واقـی وڕمـابوو لە مـاڵ هـاتمە دەرەوە، نیوەڕۆ بوو وتم: نافەرمووی نانمان لەگەڵدا بخۆیت؟

کـابرا لە شـــەرمدا زەرد هەڵگـــڕا و عەرەقـــی شـــەرم کەوتە نـــاو جەبینینەوە.

وتم: گوێ مەدەرێ ئەمە ماڵی منە، بەڵام من کە دەست و پلـتم دی زانیم ئاسنگەر نیت، بەڵام نەمدا لە ڕووت.

کابرا کەوتە پرتە پرت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە

وتـــی: کـــاکە مـــن ئاســـنگەر نـــیم و کـــار بـــۆ ئەم ئاســـنگەرەی دەدۆزمەوە و پارەیەکی باشم دەداتێ، وەڵاهـی ڕۆژێ هەزار دیناریشـم بداتێ کاری لەگەڵدا ناکەم، بۆ لەمەولا.

وتم: نانم لەگەڵدا ناخۆیت؟

وتی: مامۆستا ژەقنەبووت بخۆم باشترە...

هەر لەم بـابەتە حیکـایەتێکی تـرم بەسـەردا هـاتووە، یەکێـک لە هاوڕێکـانم شەونشـینییەکی ڕێکخسـتبوو ورکـی گـرد ئـیلا و بـیلا هەر دەبێ هەر دەبێ لەو بەزمەیدا بەشدار بم، بەهەر حـاڵ بە دوودڵـیـیەوە بەشداریم کرد، بەڵام درەنگانێک نزیکەی سی چـل کەسـێک دەبـوون، پێکـی دووهەمیـان خواردبـوویەوە، مـن کە گەیشـتم سـەریان گەرم بووبوو هەر کۆمەڵە و پێکەوە بوون، زۆریانم نەدەناسی، خانەخوێکەم ویستی لەگەڵ نەناسراوەکاندا ئاشنام کـات، نەچـوومە ژێـر داواکەی و وتم: هەر کەس هەوەسی ناسینێ منی هەبێت شەوگار درێـژە، یەکتـر دەناسین.

دوای مـــاوەیەک یەکێـــک لە ناســـیارەکانم هـــاتە لامـــاوە و دوای چاکوچۆنی ئاماژەی بۆ کەسێک کرد و وتی: ئەو پیاوەی دەناسی؟

وردبـوومەوە و ڕوانـیم نایناسـم بـۆیە وتـم: نەخێـر نەمـدیوە و نایناسم.

وتی: هەروا!

وتم: تێمگەیەنە مەوزووع چییە؟

کابرا دای لە شریخەی پێکەنین و کەنینی نەبڕیەوە و خەریک دەبوو تووڕە دەبووم، کابرا وتی:

با بۆت بگێڕمەوە: لە ئێوارەوە ئەو کابرای وا ئاماژەم بۆ کرد فشە و فیشاڵی نەک هەر من، زۆر کەسی هەڵئاوساندووە، ئیتر چی دەکا و چی هەیە و ئەوندە سەری قاڵە بە فەلاکەت پەڕژاویەتی یەک دوو سەعاتێک لێرا بێت...

لەوانە گوزەشتە دەیوت خانوویەکم کردووە، خوسرەوجاف تەلارسازی ناسراو دیزاینەکەی بۆ کردووم، بۆ نەخشەکێشان و چاودێری ئەنجامدانی دوو سەدو پەنجا هەزار دۆلارم پێداوە...

## ئەوەسا جەنابت نایناسیت؟

- خۆ وەڵا نایناسم، بەڵام لێیگەڕێ نەکا لە پڕێک بیهێنێ بۆ لام...

دۆستەکەم هەڵسا و ڕۆیشتەوە بۆ لای دۆستانی و کابرای فشەکەر دوای ئەوەی چاوم لێ بوو کابرا بۆی دەرچوو.

لە میوانییەکە ڕۆیشتە دەرەوە، ئەو کۆمەڵە هاتن بۆ لام دوان سیانێکیانم دەناسی، هەر هەموو پێکەنین، تمەز کابرای دۆستی من بە کابرای فشەکەر دەڵێت: خانووەکەت چەندی کێشاوە تا تەواو بووە؟

وتبووی: یەک ساڵ، ئافەرین موهەندیس هەر موهەندیسی تر بووایە، بە سێ ساڵ تەواوی دەکرد.

- کەواتە یەک ساڵ لەگەڵ خوسرەوجافدا سەرگەرم بوونە.
- بێگومان، تا خوا حەز بکات بەزم ئارایە.

وتم: باشە خۆ ئەوە خوسرەوجافە لەگەڵ دووان لە هاوڕێکانی دایە...

ئەمەم وت، کابرا تێکچوو و وتی: بە یارمەتیان دەڕۆم بۆ تەوالیت و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.





## ڕۆمانی کۆردەرە و حەمە ناسحی مەلاکەریمی کوێرەکی

کات ١٢/٢٧/ ١٩٩٥ز باران لەسەر دەباری لە گەراژیماڵەوەم تا دەرگـــای بە ژوورەوەچـــوون دروســـت هەشـــت مەتـــرە، بـــارانەکە ڕەهێڵەیەکی وابوو تا ڕۆیشتمە ماڵەوە تەڕی تەڕبووم.

نامەیەکی قەبارەداریاندا بە دەستمەوە وتیـان ئـافرەتێکی کـورد هێنابووی، هەرچی خوڵکمان کرد نەڕوا، هەر ڕۆیشت.

- هەروا باران بوو؟
- نەخێر ئەو هات باران نەدەباری..
- باشە نەی وت کێیە و لە کوێوە هاتووە؟
- نەخێر هیچی نەوت، تەنها ئەوە نەبێ وتی پەلەمە دەبێ بڕۆم.

نامەم کردەوە دەست و خەتێکی زەریفی مرەکەبی ڕێک و پێک و ڕەوان، سەرجەم یانزە لاپەڕەی قەبارە زل نووسراو، بەناوی (محەمەد ناسحی کوڕی مەلاکەریمی گوێرەک) دوا چمکی نامەکەی واژوو کردبوو بە ئیمزایەکـی سـەیر، ڕەنـگە زۆر کەس وەک مـن ئەو ئیمـزایەی دی بووبێـت، بەڵام چـزەی داسـەکەی و کلکـی چەکووشـەکەی وەک مـن سەرنجی ڕانەکێشا بێت.

دەستم بە خوێنـدنەوەی کـرد، تـا دەمخوێنـدەوە زیـاتر سـەرنجی ڕادەکێشـام و پێـوەی دەپلکـام، کەڕەتێـک و دوان وەک ڕەخنەگرێـک خوێندمەوە، کەوتمە بیری نووسەری نامەکەوە.

ئەو لادێیەی ئەوی تیادا هاتووەتە دونیاوە وەک پێشمەرگەیەک چەندان جار بەناویدا گوزەراوم، دێیەکی چەند ماڵەی لەبیرچووی جیهان و زەمان، سەرجەم دە دوانزە ماڵ نەدەبوون، هەموو شت قوڕ و خۆڵ بوو، هەر کات بەوێدا تێپەڕبووبم کەڵەشێرێک و سێ چوار مریشک بەسەر سرکەوانەوە چینەیان دەکرد و یەک دوو گوێدرێژی بەڕەڵای بێتاقەت و بێ ڕەمەق سەریان بەرەو زەوی شۆڕ کردبوویەوە سێ چوار سەگی دڕ و چەمووش تا لەناو دێش وەدەر دەچووین تەڵەبکارانە بە دوامانەوە بوون ( بێ حەیایی ئەو سەگانەی گوێرەکم لە بیر نەچووەتەوە)، لە ئاوا چوار تەنیشتێکی نەزۆرکدا منداڵێک هەڵکەوێ و بتوانێ سەرنجی کابرایەکی وەک من ڕاکێشی و سەرسامم بکا، هەوانتە نییە.

بەو موفرەداتە پڕ لە زەڕافەتانە، بەو وشە و واژە هەڵبژێراوانە، دەم لە دونیای ڕۆشنبیر و سیاسەتە قەدەغەکراوەکان بکوتێت و سوارکارانە لە مەیدانی نووسیندا ئەسپی باوەڕبەخۆبوون تاو دات، بەلای منەوە شایانی ڕێز و تەقدیرە.

ئاخر لە ڕۆژگارێکی سەیردا دەژین، کوردستان کاولە، خەڵکەکە مەزڵووم و کڵۆڵە، هەژاری و نەداری هێڵەی تیادا دەکات، چوارتەنیشت پڕە لە کوێرەوەری...

لە ئاوا دەوروبەرێکدا لێرە و لەوێ وەک ئەم کوڕە گوێرەکییەی بەرچاو بکەوێ... پەکوو لە کوردستان ئاوا بێت وڵاتە خێر نەدیوەکەم.





ئافەرین حەمە ناسیح بۆ لێهاتووییت، بێترس لە ڕەشەبای ڕووداو، لە تاریکی بەستووی ڕچاو و ڕێچکەهەڵگرتن بێ مەبادا لە هەڵدێرگا لە هەوراز، لە مردن، بەرەو عیشقێکی ماندوو، لە هەوارگەی هیلانەی دەردا نوون کردن.

تۆو و ئەوان خۆیان بە چلەنشینی ئەشکەوتی عیشق دەزانن، ئەوانەی وەک تۆ وان بزنەڕێ دەگرنە بەر لە بێدەنگی خۆرئاوادا بە هەوای بەرەبەیانی سوور و سووتاوە هەنگاوی یەقین دەنێن، بێ ترس و تۆقیان لە داهۆڵی یەئس و نائومێدی دەگوزەرن و سنووری بەستەڵەک بەجێ دەهێڵن.

ئاوا بێ کوردستان، بەردەوام بێت گەرمیان وا لە کۆرە لادێیەکی بکا، یەکێک لەو دێ لەبیرچووانە وا سەدان ساڵە لە سێوەری تەزیودا خۆر ماوەتەوە، کۆماوەتەوە، لە بێشکەی ماندووی مێژوودا لە دەوربەرێکی ماندووا، لە هەڕەشەی نەگبەتا لە هەوری هەرادا، بتوانێت و نەترسێ و کراسی تیشک لەبەر کا و بڕواتە پرسەی بێ تەرمی وژدانەوە.

بەردەوام بێت حەمە ناسیحی کوێرەکی وا سەرفرازانە لە پای شەمعی شەبستانی وردەکاریدا چۆک لە باوەش بکەوێتە فکر و زکری ستایش، ئەوە هەر بەدەم ئاسانە..

من نازانم ئەو حەمە ناسحە لە چ تەمەنێک دایە، ئەوەندە دەزانم لەو چەند لاپەڕەیدا وا دەربارەی ڕۆمانی کۆردەرەی نووسیوە داستانی هەزار ساڵەی گێڕاوەتەوە، من زۆر شتی لێ فێربووم، رۆحی

ژەنگرتوومی خاوێن کردەوە، هەرچی کوچە و کۆڵانی تاریک و ئـاڵۆزی "ئەنا"ی پەژموودەم هەیە، چراخانی کردەوە و دووبـارە بەرەو دەروازەی ئیمکانی ڕەوانە کردم.

کەوتمە پرسوجۆ دەربارەی کاکە حەمەی ناسح شـەقولقەمەڕم کـرد هیچ نیشـانەیەکم نە لە خـۆی و نە لە بەرهەمـی و نە لە نووسـراوەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هـیچم بە هـیچ نەکـرد... تـۆ بڵێـی لەم ڕۆژە تاریکەیدا کەوتبێتە بەر گوللەی ژاژۆر تەقینێکەوە؟

تۆ بڵێی لە دەردەسەریەکی وا دابێت نەی پڕژێتە بەر نووسین؟ تـۆ بڵێی لە شەوی شەوەزەنگدا پای لە تلی ڕووداودا هەڵکەوتووبێت؟

ئەوانەی وا وتم لەم ڕۆژە تاریکەیدا لە ڕێگەی هەمووان دایە.

بەش بە حاڵی خۆم ئەی حەمە ناسـحی مەلا کەریمـی کـوێرەکی لە هەر کوێی هەیت، سڵاوی گەرمی منت پێشکەش....

با ئەوەیش بڵێم کاتێک ئەو نامەم بەدەست کەوتەوە پێـنج سـاڵ و چوار مانگ و حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی نووسینی گوزرەراوە.

ماوەتەوە سەر ئەوەی ئەمە بڵێم خەریکی لە چاپدانی ئەم کتـاوەم، بە ڕێکەوت نامەکەی کاک محەمەد ناسحی کوڕی مەلا کەریمی کویرەکیم بەر چاو کەوتەوە، بە چاکم زانی بیخەمە ناو ئەم کتاوەمەوە، ئەم نـامە زیاتر لە ٤٠ساڵ لەمەوبەرەوە نووسراوە، بەلای منەوە ئەو جـۆرە نامـانە وەک شەڕاب وان تا کۆنتر بن گەواراترن.

خوسرەوجاف

١/٤/ ٢٠٢٠ / هەولێر

# فەرەنجی و شانزەلیزیە

لە گۆمێـک خوێنـدابووین و خـوێنیش دەبـاری، نەڕەی تانـک و ناڵەی تۆپ و گرمەی تەیارە و نـرکەی هـاوەن بەشـێکی زۆری ژیـانی دابەش کردبوو، شەوانیش تیشکئاوێژەکان هەڵـدەدران، شـەڕی نێـوان عێراق و ئێران هەمووان تا چۆکیان لە خوێن دابوو.

لەم ڕووەوە ڕاستگۆیانە ڕۆمانێکم بە زمانی فارسی نووسـیوە، لام چاکە لەم هەلومەرجەیدا بە چاپی نەگەیەنم، تا دەردەسەریی بۆ خۆم و بڕێک لە خەڵکی دروست نەکەم، بۆیە بۆ دەم و سـەردەمانێکی تـر هەڵم گرتووە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دەیگەنمە دەستی خوێنـدەوارانی کورد و عەرەب و عەجەم و گەلانی تر، کەی؟ نازانم، ئەگەر مام.

ئیتر وا شەڕە و بەندەیش لە گۆشەیەکەوە لەو شەڕەیدا بەشدارم، ڕۆژ نەبوو جەنگاوەرێکی ئازا بە کوژراوی یا بە بریندارى نەبینم.

لە دونیا دابڕاوم لام وابوو دونیایەکی تر لە گۆڕدا نییـە و هەمـوو جیهان وەک ئێمە وان و شەڕەکە جیهانگیرە و تەنها ئێمە نین.

مـن نـازانم ئەوانەی شەڕهەڵگیرسـێنن و شــەڕ دەکەنە پــرد و بەســەریدا دەگـوزەرێن و چ لەزەتێـک لە کـوێرەوەری کوشـتن بـڕین دەبەن؟

ئەگەر لە مێژووی مرۆڤ وردبینەوە دەنوارپین شەڕ و مرۆڤ لە یەک پزدان داخزاون و هەزاران شەڕ لە مێژوودا ڕوویان داوە و ملیۆنەها کوژراون و تازە شانازیشیان پێوە کردووە لە داهاتوویشدا هەر وا دەبێ.

نیازێکی فراوانم بە خۆ دوورخستنەوەی لە کوشتار و تەق و تۆق پەیدا کردبوو، هەر نەبێت بیست ڕۆژێک خۆمان گەیاندە پاریس و لە فڕۆکەخانەی "ئورلی" دا دابەزین، دەوەرە لەو بیگرە و بەردە بکوژ بکوژەوە لە جوانترین فڕۆکەخانەی فەرەنسادا دابەزی.

بریق و هۆڕی چرای ڕەنگاوڕەنگ و تونێلی شووشەیین و پلەی کارەبایی و تازە هاتوچووی نازدارانی کەمەرباریک باوپۆزی سافی بێگەردی تۆزی گۆشتن، بۆ ساتێک بیرم کردەوە خۆمە لێرە نە شەڕە و نە تەڕەماشە، هەر لای ئێمە نەگبەتەکە وا هەرایە و ئەم شەڕەیش تەواو نابێت، یەکێکی تر بە ڕێگەوەیە.

ئیتر ئەوە ڕۆژهەڵاتە، بەڕاستی گوناحە بەو ناوە ناو دەبرێن، دەبوا ناو نەنرایە ڕۆژهەڵات" نەگبەت هەڵات، خوێن ئاوا، کێشە هەڵات، هەوارگەی خوێن و گریان" وەک وابێت نەفرین کرابێت گرفتاری جادوو و تەلیسمین؟

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەرچی نەزانین، یەکتر کوشتن و خوێنڕشتن چاک دەزانین، کام ڕۆژهەڵات؟





دەی ئەوە فرۆکەخانەی ئورلییە و ڕێوڕەسمەکەمان تەواو کرد و هاتینە دەرەوە... کوا تەکسی؟

بەخوا تاکسییەک بە چاو نابینرێت، تەواوی تاکسی پاریس مانیان گرتووە و داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و کەسیشیان پێ ناوێرێ.

ئێ چی بکەین؟

هەر یەکەمان ژانتایەکی قورسی ٣٠-٤٠کیلۆییمان پێیە و چۆن خۆمان بگەیەنینە هوتێلەکەمان کە لە وڵاتەوە دابینمان کردبوو، هوتێلەکە لە بندەستی شەقامی شانزەلیزە دایە. ژانتامان دایە شانا ڕیز بە دوای یەکدا لە قەرەجی دز دەچووین.

دوایی بە تەکاندان و عەرەقرێژان خۆمان کرد بە " ئەندر گراونا" ژێرزەوی و سواری ترام بووین، باش بوو لە نزیک هوتێلەکەمانەوە سەرمان وەدەر هێنا، " بیلمۆند هۆتیل" یەکێکە لە هوتێلە کلاسیکییەکانی سەردەمی ناپلیۆن، بەڵام بە شێوەیەکی مۆدێرن ڕازابوویەوە... مانگی یانزەی ئەورووپا ساردە ئێمەی دوور لە شادی و دونیای شەوگاری شادی و نەوای تەڵ و ژێی ئامێرەکانی مۆزیک و دوور لە شەونشینی و نەرمە بزیسکە چاوی خومار و بزەی شیرینی لێوی نازداران و پەریزادان، ئەشەهەدو ڕووح و ڕەوان و لەش و ئەندامی ماندووم نیازی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی پەیدا کردبوو، زەمانێک بوو لە سەما و سەر و زوڵف و ڕاوەشانی ناز پەیکەرانی

گـورج و گـۆڵی جـولانەوە مەوزوون، وەک جوانەمـاینێکی سـەرکێش چەپووکانکەر بە دوور بووم.

برادەرێکم فەرەنجییەکی چەچەنی وابزانم کازاخستانی پێیـدابووم، تا بە دیاری بە برادەرێکی بدەم.

شەو داهاتبوو، کزەبای ساردی مـانگی یـانزەی ئەورووپـا شـۆخی لەگەڵدا ناکرێت، پیرە فەرەنجیم دایە شـاندا و بە پیاسـە کەوتـمە ڕێ بۆ ناو شانزەلیزە.

لە ئەورووپایدا کەم کەس سرنجی خەڵـک ڕادەکێشـی و زۆر شـت بە ئاسـایی دێـتە چـاو مـن بەو فەرەنجـیەوە خەلـکەکە بە یەکتریـان نیشان دەدام، دووسێ هاوەڵەکـانم لە دواوە بـوون، ئیـتـر هەر خەڵـک بوو لە دووکان وەدەر دەهات، لایان وابـوو فـیلم بەرداری بـۆ سـینەما دەکرێت.

خۆم بە "تاراس بۆلبا" دەزانی، خەڵکەکەیش چاویـان گـرِدەدا بـۆ کامیرە و کارگێڕی و تیشک و بلاجکتۆر.

ئامۆزایەکم لەگەڵ دابوو کە زانـی فەرەنجـی و مـن گاڵتەیـان پـێ ناکرێـت، لە دواوە جارجـار لە تەنیشـتمەوە خـۆی مـۆن و چـاوی کردبووە هەڵمات، بە چوار دەوردا سـووڕی دەدا تـا بیسـەلمێنێ منـی فەرەنجی لە شان، شازادەیەکی ڕۆژهەڵاتیی گرنگم.

وردە وردە گەیشتینە ڕستۆرانتی " فوکیە" کەوا یەکێکە لە جێگە و بەناوبانگەکانی شـەقامی شـانزەلیزیە، لەوێ لەنگەرمـان خسـت ئەو

ڕســــتورانتە ناوبــاوی لە ڕســــتورانتی " ماکســـیم" کەمتـــر نیـــیە و کۆنتریشــە... ئیتــر ئەوەمــان کــردە پــاتۆق و درەنگــانی شــەومان لە کــۆمەڵە ڕســتۆرانت و دیســکۆیەک بەنــاوی "دراک ســتور" لە بنــی شەقامی شانزەلیزەوە دەگوزەراند. هەر مـیللەت و ڕەنـگ و دەنگێـک لەوێدا بەدی دەکرا، بە تایبەت ڕەگەزی مێیینە.

ئیتـــر هەر ئێـــوارە دادەهـــات و ســــەرتیپی ئـــامۆزام دەکەوتە جووڵانەوە و سمکۆڵان و تا شەو دادەهات بێ ئۆقرەتر دەبوو، دەیوت خۆ ناشی ئەم شەو فەڕەنجی لەبەر نەکەیت؟

ئەو هەقی بوو وا بڵێت شەو نەبـوو دووان و سـیان لەو نـازدارانە نەدەین، لەبەر بەرەو کۆزە و دوا هەناسەی شەو...

ئەو لای وابــوو نــانی فەرەنجــی دەخــوات و فەڕەنجــی لابووبــووە ڕازێکــی سەرســامئاوەر، جاروبــار لە فەرەنجــی هەڵواســراو نزیــک دەبوویەوە وەک گیانلەبەرێکی نەرموناسک دەستی بەسەردا دەکێشا و دەیــوت: مــاڵم قەورە، ئەوە وڵاتە وڵاتـــی چەچەن و قرغیزســـتانە، خاوەنی زەوقی خۆیانن، سەیرەکەی چییان دروست کـردووە، تەواوی شەقامی شـانزەلیزەی تەماشـاکەریەتی، ئینجـا لەسـەر پـا چەرخێکـی بەدەوری خۆیدا دەدا و پلێکـی دەتەقانـد و دەیـوت: ئـاوابێ و وڵاتـی فەرەنجی بۆ خۆتان و فەرهەنگتان.

بۆ نەگبەتی هەردووکمان لە ژوورێکدا دەنووستین، جاروبار خەوی لــێ حەڕام دەکــردم، بە تووڕەبــوونەوە، دەموت:هەتیــو فەرەنجــی،

فەرەنجیت چییە تۆ نانی من دەخوێت، نەک فەرەنجی، فەرموو ئەوە تۆ و ئەویش فەرەنجی، ئەمشەو لەبەری کە، ئەگەر جاش ماکەرێکت لەگەڵا گەڕایەوە من ئەو سەروڕێشە و پرچەم دەتاشم، لێگەڕێ با بنووم.

بێسوودبوو، ئینجا بە هۆڕەی جافی دەکەوتە شان و باهوی فەڕەنجیدا و وڵاتی قەرەپاغ و لە زەگی دا.

یەک دوو ڕۆژێک بوو ماتەمی و کپی دایگرتبووم، هەتاوەکوو مەستیش فریام نەدەکەوت، نە حاڵی فەرەنجیم هەبوو نە حاڵی کەسی تر.

شەو لەسەرخۆ بەرەو درەنگان دەچوو، کاک سەرتیپ پەیتا پەیتا دەیخواردەوە، جارجاریش ئاوڕێکی لە کاتژمێرەکەی دەدایەوە، کات لەنیوە شەو گوزەرابوو، کاک سەرتیپ ڕابواردنی ئاخری شەو مسۆگەر نەکردبوو، منیش لە خۆما نوقمی نوقم بووم، کردبوومە عادەت جاروبار لەسەر دەستەسڕی سەر مێزەکە یان وێنەم دەکێشا یا شعرێکم دەنووسی تاوتاو دەمنواڕییە دوو ئافرەتی ئەولاتردا. پێکەوە دانیشتبووین هانی نزیکبوونەوەیان دەدا، منیش بە شیعرەوە خۆم خەریک کردبوو، ئامەژەیان بۆ دەکردم:

**شەوێک غەمگین لە شەوانا**

**لە پاریسا، لە قوژبنی ڕستۆرانا**

**شەوارە بیردۆش داماو**

**بۆ من شەوێکی مردووبوو**

**سەرخۆشی وای لێ کردم**

**لە دوورەوە ڕوخسار و ڕووی**

**ئافرەتیکم بەدی کردوبوو**

**پێدەکەنی بە نازەوە نەرمونیان**

**بە چاو دەیوت: هەتیو ناڵێی کوێنەریت؟**

**نیونیگا ئاشوفتە و سەرسەریت...**

**بەچاو وتم بیرە ئەمیرانە کەنی**

**شیرین شیرین پێدەکەنی**

**لات وایە دژوار و دژی**

**خۆزگەم بە لێوی لێوان**

**کاتێک نەرمنەرم دەیمژی**

هەڵسام چوومە لایانەوە، زۆری نەکێشا، کاک سەرتیپپیش هات و وتی: خەریک دەبوو نائومێد دەبووم هەرچی گوناهت هەیە بەم بۆقەتەی ملەم.

یەکێک لە کچەکان وتی: نەڕۆیین بۆ دیسکۆ؟

دیسکۆیەک لە بندەستماندا نرکەی دەهات!

وتم: باشە ئەوە دیسکۆیە فەرموون....

کچە وتی: ئێمە دیسکۆیەک دەناسین فرە لەوەی خۆشترە بڕۆین بۆ ئەوێ...

وتم: دیسکۆکە لە کوێیە؟

وتی: لە دەور و بەری بێگاڵە...

ئەوەی وت کەوتمە گومانەوە، بە گێلمان دەزانن و بەرنامەیان بۆ داڕێژاوین.

نزیکەی مانگێک بوو دوور لە کێشە و هەموو بە ئاسان بە دەستهێنان چێژی بە لامەوە نەمابوو، بە سەرتیپم وت ئەمانە دەیانەوێ ئەمشەو تووشمان کەن و بماندۆشن.

وتی: منیش وای بۆ دەچم!

وتم: ئەوە دێنێ با لەگەڵیان بچین تا بزانین دەیانەوێ چیمان لێ بکەن.

وتـی: کـاکە تـۆ سـەیری! لە جـوێی ئەوەی ئـێمە ئەوان بـبەین، ئەوان ئێمەی دەبەن.

تازە خەیاڵیشان ڕەنگە خراو بێت.

وتم: لەوە دڵنیام خەیاڵیان خراپە و سەرم پێـوە نیـیە بـۆ هەرا، ئەوپەڕی ئەوەیە لەم وڵاتە وەدەرمـان نـێن، بـا بیـنەن دەمەوێ بـزانم ئەم دوو سەلیتەیە چییان بەدەستەوەیە.

وتی: کاکە ئەمە شەڕ بە پارە سەندنە...

وتـــم: زۆری لە یەک مەدەرەوە، دەڕۆیـــین لەگەڵیانـــدا ســـواری ئۆتۆمبێلەکەیان بووین تا لە کۆڵانەکانی پێکـاڵەوە نزیـک دەبـووینەوە گومانم دەبووە یەقین.

سەرەنجام ڕۆیشتینە ژێر خـانێکەوە نیـوە تاریـک و نمدار، بـۆنی دووکەڵی تووتن پڕی کەپووی دەکرد، تیشکی برووسکەئاسا دەیـدا لە شـانۆی کە چەنـدین ئـافرەت تـاک تـاک و جـووت جـووت نیـوەڕووت سەمایان دەکرد.

یەشتا بەسەر ئەسکەمیلەوە ئۆقرەمان نەگرتبوو، کابرایەک بوتڵی شـــەمپانی کـــردەوە و لێوانەکـــانی پـــڕ کـــرد دە دەقـــیقەی نەبـــرد شەمپانیایەکی تر، یەکێکـی تـر و یەکێکـی تـر لە پێنجەمیـدا دەسـتی کابرام گرت و شەمپانییەکەم ڕاوەشاند و ڕوو بە ئەو پەنـجەم لابـرد و پەڕژاندمە سەر و گوێلاکیا و بەقیەکەم ڕژاندە سەر زەویدا.

قـاتێکی شـینم لەبەر دابـوو، دەسـتم خسـتە ژێـر چـاکەتەکەم و پارەم فڕێدایە سـەر مێـزەکە و بەرەو دەرگـا لەسـەر خـۆ بەڕێکەوتـم، یەکێک بە ڕاکردن ڕۆیشتە دەرەوە، بە سەرتیپم وت: بـڕۆ پاڵتاوەکـان وەرگـرە، ئەوە ڕۆیشـتن یـا دەمـانچە دەتەقێنـێ خۆیـان بهێـنن، یـان پـۆلیس لە هەردوو حاڵەتەکەیـدا بە سـوودی ئـێمە نیـیە. دەرگـایەکی باوەشـێنی شووشــە لە ڕێــگەدا بــوو، هەر پێــی گەیشــتم شــەقێکم تێهەڵدا، دەرگا هاڕەی کردە خوارەوە.

لە پلەکانە سەرکەوتین بەختمان هێنـا، تەکسـییەک وەسـتا بـوو، خۆمان فڕێدایە ناو تەکسـییەکە و بـۆی دەرچـووین. ئاسـمان زەردەی هەتاوی پێوە دیار بوو، گەیشتینە هوتێل.

سەرتیپ وتی: چاکت کرد.

وتم: هەر یەکجار زۆر...

---

ئەمەی خوێنــــدتەوە لە ســــاڵی ١٩٨٢ز لە گۆڤــــاری ڕەنگینــــدا بڵاوکراوەتەوە.

# بەرماڵی ئیمان

دوای ساڵانێکی دوورودرێژی غوربەت گەڕامەوە وڵات، دۆستانم هانی ئەوەیان دەدام لەناو دەوڵەتدا کارێک بە دەست بهێنم و دامەزرێم، نەچوومە ژێر بۆچوونەکانیان، لە دەرەوەیش بە کار و کردەوەی ئازادەوە سەرگەرم بووم.

گەشتێکی سلێمانی و هەولێرم کرد، سەرەنجام بیر و فکرم لە شاری هەولێردا گیرسایەوە، کاربەدەستانی هەولێر بە گەرمی پێشوازییان لە بیروبۆچوونەکانمیان کرد و بڕیارم دا لە هەولێردا کۆمەڵگایەکی گەشتوگوزاری سەردەمیانە دروست بکەم...

لە هەولێردا تەنها هوتێلی هەورامان هەبوو جگە لە موسافیرخانەی جۆراجۆر، هیچ کامیان مەرجی هوتێل و مۆتێلی سەردەمانەیان تیادا نەبوو...

ئاوا کارێک هەر دەبوا لە بەغدا دەست پێکرابایە، ڕەزامەندی بەغدام وەرگرت و دووبارە گەڕامەوە هەولێر. شاری هەولێر ١٩٨١لە ڕووی شارسازییەوە لە شاردا جێگە و شوێنی دروستکردنی دامەزراوەی گەشتوگوزاری تیادا دەشتنیشان نەکرابوو.

بەرپرسان خۆمیان ڕاسپارد بۆ نیشانکردنی ئەو جێگە و شوێنە، سەرەنجام ڕێگەی کەرکووکم دەستنیشان کرد، ئیتر کەوتمە

ئامادەکردنی نەخشە و دیزاینـی پـڕۆژەکە، هەم بەغـدا و هەم هەولێـر نەخشەکانیان پەسند کرد.

بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوتـم، بەپێـی ئەو نەخشـانەی وا ئامـادەم کردبوو ٣٠خانووی پێش سـاختە و ڕسـتۆران و پێداویسـتییەکانی دام بە دروسـتکردن، دەبـوا لە مـاوەی سـێ مانگـدا بەپێـی بەڵێننـامەی واژووکراو ئامادەکەن.

گەڕامەوە دەستم کرد بە دروستکردنی ساختمانە سـەرەکییەکەی پـڕۆژەکە لە دوورەوەی شـاردا بـوو نـزیکەی چـوار کیلـۆمەتر ڕوو بە کەرکووک لە شارەوە دوور بوو.

سـاختمانی سـەرەکی وردە وردە بەرزبـوویەوە کـاتی تەواوبـوونی خانووە پێش ساختەکان چەند ڕۆژێکی مابوو دووبارە بەرەو ئەڵمانیـا گەڕامەوە. خانووەکانیان بە شێوەی پارچە پارچە سازاندبوو دەبوا لە لایەن کادری کۆمپانیاکەوە لەسەر زەوی دەستنیشانکراو کۆکرێتەوە.

لە مێژدا ژێر ساختی خانووەکانم بەپێی نەخشە ئامـادە کردبـوو، دەبـووا تەواوی خـانووە پارچەپـارچەکراوانە لە بـاکووری ئەڵمانیـاوە بگەیـنمە هەولێـر بەپێـی لێکـدانەوەی کۆمپانیـاکە پـارچە خانووەکـان نیازی بە بیستوسێ ترێڵە هەبوو تا بگەینرێتە هەولێر، هەر ترێلەیەک ١٧هەزار مارک کرێی هـاتنی بۆ سـەرجەم ٣٩١هەزار مـارکم چرکانـد، هەر بۆ گواستنەوە ٢١ئەڵمانی ئەندازیار و تەکنیکیم هێنا بـۆ هەولێـر، خەوتـن و خواردنیـان لەسـەر مـن بـوو، لە هوتێـل هۆرامـان دایـانم

مەزراند، لە ماوەی چل و دوو ڕۆژدا خانووەکانیان کۆکردەوە و دایان مەزراند، هەیکەلی ساختمانە سەرەکییەکەیش لە تەواوبوونابوو، مابووە سەر زەڕافەتکاریی ساختمانەکە...

لەو هەلومەرجەیدا دەنگۆیەک لە شاری هەولێردا بڵاوبوویەوە، گوایە خەریکن "مەلها" لە شاردا دروست دەکەن، بەو دەنگۆیە گەلێک زویر و دڵگران بووم، کەوتمە پرسیار ئاخۆ کێ هۆکاری ئەم دەنگۆیەیە، بۆچی دەبێ ئاوا مامەڵەیەک لەگەڵ پرۆژەیەکی تازەی سەردەمانەیدا بکرێت؟

سەرەنجام بۆم دەرکەوت خاوەن هوتێلەکان پارەیەکیان خستووەتە ژێری بەرماڵی مەلایەکی مزگەوتەوە لە ڕۆژی هەینیدا فووی پیا کردووە" وا ئیسلاما!" بەڵێ وا لە هەولێردا مەلها دروست دەکرێت، دەنگۆکە وەک تۆپ لەسەرتاسەری شاردا تەقییەوە.

دوو ڕێگەم لەبەردا بوو، یان دەبوو لە کاری خۆمدا بەردەوام بم و گوێ بەو هەموو هەرا و بەزمە پڕوپووچە نەدەم، یان پرۆژەکە ڕابگرم.

زۆر فکرم کردەوە ئینسان بە گوێرەی زەمان و عەقڵیەتی چوارتەنیشت هەنگاو نەنێت، وەک منی بەسەر دێت... دەنگۆی وا پڕوپووچ مەلایەکی دەمارگرژی پوولەکی لەخوانەترس بخاتە دوای پڕۆژەیەکی پڕ لە زەرافەتی سەردەمانە...

هەرچیم دەکرد گوێ بەم دەنگۆیە نەدەم عەقڵی خێڵەکیانە و دەمارگرژییەکەی ماوە و مەودای پێ نەدەدام، پڕۆژەکەم ڕاگرت و ئەو هەموو زەرەر و زیانەم قبووڵ کرد...

لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٣٧ز لە شاری هەولێرا مەلهای تیادا بووە.

ساڵ هات و چوو، جاشی ناو شار شەوێک دەڕۆنە قەراغی شار و پێشمەرگەیان لێ ڕادەپەڕێت و دەبێتە شەڕی نێوانیان جاش لە ترساندا پەنا دەبەنە ساختمانە کۆنکرێتییەکەی من، ئیتر گوللەی ئاربی جی و چەکی جۆراوجۆر دەکەوێتە کار، ساختمان وەک سەری کەچەڵی لێ دەکەن.

کرا بە دەنگۆ بەڵێ ئەوە پێشمەرگە ویستوویەتی مەلهاکە بهڕووژێنێ، ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، ڕۆژێک " یەحیا جاف" پارێزەری ئەو حەلەی هەولێر تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی:

دوێنێ " عەلی حەسەن مەجید" بە لای ساختمانەکەدا تێپەڕیوە، پێی گوتم بە خاوەنەکەی ڕابگەیەنە ئەگەر لە ماوەی دە ڕۆژدا تەعمیری نەکاتەوە لە بنوبێخ وەدەری دێنم.

بەناچار بەرەو هەولێر هاتم و دەستم کرد بە تەعمیری، ئەمانە هەموو لە ئاکامی ئەوەی دووچارم بووە، یەکەم لە پێش زەماندا هەنگاوم ناوە و یەکەمین غەیری هەولێری بوومە لە شاری هەولێردا وەبەرهێنام کردووە.





دەی ئەوە ڕاپەڕین ڕووی داوە و سەری هەولێرم دا، جەنابی کاک نێچێرڤـان بـارزانی وتـی: لام خۆشـە ئەو مەشـڕووعەی سـەر جـادەی هەولێرە نۆژەن کەیتەوە.

هەر لەو سـەفەرەیدا بیسـتم ئەو مەلایەی وا دەنگۆی مەلهـابوونی خستبووە دوای ئەو پڕۆژەم بە تۆمەتی جاسووسـی دەوڵەتـی بەعـس گیـراوە و ئەوی لە پشـتی ئەو دەنگـۆیەش بـووە و پـارەی داوە بەو مەلایە کەسێک بووە بەناوی : " نامیق خورشید" هێندە بەدنـاو بـووە لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕیندا بە تـۆمەتی پیـاو خـراپە و جاسووسـیەتی بۆ دەوڵەتی بەعس لە لایەن شۆڕشەوە ئیعدام کراوە.

بەنـدە لەسـەر فەرمـانی کـاک نێچیرڤـان بە خەسـتی دەسـتم بە تەواوکردنی پڕۆژەکە کردبوو، خەڵکەکە بە لایانەوە سـەیر بـوو، ئەوە شەڕی دووبارە بە ڕێگەوەیە، ئەم کابرا خەریکی چییە مـن گـوێم بەو قسانە نەدا و کاری ساختمانیم تەواو کرد و کـاک نێچیرڤـان هـات بـۆ تەماشاکردنی...

دوودڵی سـەری لێـدابووم بـیکەمە هوتێـل و مۆتێـل یـان بـیکەمە بیمارستان یان بیدەمە ئیجارە، هیچ کامیانم نەکرد.

کاروبـاری مۆنـۆمێنتی شـوهیدانم پـێ سـپێردرابوو، کەوتبـوومە تەنگەبەری ئابوورییەوە، بۆ ئەوەی پێم نەڵێن مۆنـۆمێنتی شـەهیدانی بەجێهێڵاوە مەشرووعەکەم فرۆشت، بۆ ئەوەی مۆنـۆمێنتی شـەهیدانی پێ تەواو بکەم.

لە رۆژی ٨/٩/ ٢٠١٠ز وەک دەســتەگوڵ مۆنــۆمێنتی شــەهیدانی کوردستانم تەسلیمی دەوڵەت کرد و ئەوەسا دەمـی داخـراوە، مەگەر خوا بزانێت لەم دە ساڵ فەرامۆشی کار یەیدا چی بەسەر هاتووبێت؟

بەڵــێ، ئەوە دە ســاڵە دەرگــای مۆنــۆمێنتی شــەهیدان داخــراوە، بەبێ سـیانە و چـاودێری خەریـکە هەلاهەلا دەبێـت، ئەگەر تـا ئێسـتا نەبووبێت!

**٢٠١٩**

# نەبەردی شەهید

شــەڕی ئێــران و عێــراق گەرمە، هەمــوو شــار و دیارێــک بــۆنی خوێنیان لێ دێت، لە ئاوا ڕۆژگارێکدا نەبەردی برام لەگەڵ چوار سـەد عەشایەری جافی چەکداردا ڕۆیشـتنە نـاو پێشـمەرگەوە، بە دوای دوو ڕۆژدا من و کیسرای برامیان بە چاو بەسراوی تووڕدایە نـاو ژوورێکـی تەنگ و تـاریکەوە، فکـری لـێکەرەوە، دەستبەسـتراو، چـاو بەسـتراو، تووڕ دەدرێتە ناو ژوورێکەوە.

لەو ڕۆژانەیدا ڕۆیشتنی نەبەردی برام بۆ ناو پێشمەرگە بـۆ بـرا و کەسوکاری فەرمانی مەرگ بوو.

ڕۆژێک و دوو و پێنج و  دە، هەر چرکەیەک لامـان وابـووە بەرەو سێدارە دەمانبەن. لە ئاو زیاتر هیچیان پێ نەدەداین.

لە دەهەمــین ڕۆژدا دەرگەیــان ئــاواڵە کــرد و وتیــان فەرمــوون بڕۆن...

باوەڕمان نەکرد... هەر ساتێک لامان دەکردە دواوە لامـان وابـوو ڕەنگە تیرۆرمان کەن، سـەرەنجام بـۆم دەرکەوت خزمـانم دەڕۆنە لای "عەدنان خەیـروڵڵا"ی وەزیـری بەرگـری، بە فەرمـانی ئەو ئـازادکراین، ئەوی زۆر بە دوای گرفتاری منەوە بـوو "شـێخە چـۆپی"  موحـافیزی

سـلێمانی بـوو. "شـێخ جەعـفەر بەرزنجـی" مەسـەلەکەی گەورەتـر و گەورەتر کردبوویەوە.

ڕاپەڕین ڕوویدا و بە هەر فەلاکەتێک بوو خـۆم گەیانـدە لەنـدەن، با ڕاستگۆبم ماڵ و منداڵم یەشتا لە بەغدایدا بوون.

لە شاری لەندەندا خۆم وەدەر نە دەخست و تێکەڵی هیچ گرووپ و کۆمەڵەیەکی موعارەزە نەدەبـووم، بە نهێنـی نەبێـت، لەگەڵ چەنـد باوەڕپێکراوێک نەبێـت. ڕۆژ هـات و چـوو، کۆمەڵێـک ئاغـا و سـەرۆک عەشیرەتەکانی کوردسـتان هـاتن بـۆ لەنـدەن، وەک: حوسـێن ئاغـای سوورچی، کەریم خانی برادۆستی، عوسمان بەگی شەقڵاوە و دوان لە ئاغاکانی بادینان.

برادەرێک پێی وتم ئەو کۆمەڵە دەیانەوێت بتبیـنن، چـاوم پێیـان کەوت. بە قسەی خۆیان دەیانەویست حزبی عەشـایەر دابنـێن، داوای هاوکارییان لێ کردم، بە هیچ جۆرێک نەچوومە ژێر داواکەیان، وتیان: .... باشە با نەبەردی براتان لەگەڵماندا بێت...

وتم: نەبەرد حزبی و پارتییە، ناکرێ لە دوو حزبدا بێت.

وتیان: تۆ بینێرە با بێـت بۆ لەندەن...

نەبەرد لە نەرویجدا پەنابەر بوو، تەلیفۆنم لەگەڵدا کرد و هات بـۆ لەندەن و لەگەڵیاندا کۆبـوویەوە، پێیـانی وتبـوو ئەگەر کۆمەڵەکەتـان لە حــزبەوە بگــۆڕنە ســەر کۆمەڵگــا و هاوکاریتــان دەکەم... لە لەندەنەوە ڕۆیشتن بۆ سعوودیە بۆ بینینـی " ئەمیرتـورکی" بەرپرسـی

ئاسایشی گشتی سعوودیە، لەوێڕا نەبەرد لەگەڵیاندا ناگونجێ و لێیان جوێ دەبێتەوە. هەواڵی ناکۆکیی خۆی و ئەوانی پێ وتم، وتم باشە چی دەکەیت؟

وتی: چی دەڵێی دەیکەم.

وتم: تۆ ئێمەت خستە مەترسی ئیعدامەوە و ئەو هەموو دەربەدەریەت چێژاوە بۆ ئەوەی لە نەرویژدا ببیتە پەنابەر؟

وتی: کاکە چی دەڵێی دەیکەم...

وتم: بگەڕێوە بۆ کوردستان، لەگەڵ حزبەکەتدا "پارتی" دەستبەکار بە.

وتی: پارەم پێ نییە!

پەنجا هەزار پاوەندم بۆ نارد و گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئیدی نەبەردم نەدی.

من لە مێژدا جەڵتەی دڵ لێی دابووم، ساڵێک بوو بەلای پرۆفیسۆرێکی پزیشکی دڵەوە هەفتەی جارێک سەرم لێ دەدا، هەڕەشەیەکم پێ گەیشتبوو، ئەگەر نەگەڕێمەوە بەغدا دەست بەسەر ماڵ و منداڵمدا دەگرن، ناچار کەوتمە تەدارەکی گەڕانەوەم بۆ دوا هەفتە گەڕامەوە لای دکتۆرە تیمارکەرەکەم، دوای پشکنینێکی دوور و درێژ دڵنیای کردم کەوا هیچ گرفتارییەکم نەماوە و تیمارکردنەکەم کاری خۆی کردووە و باشی باشم، بەوە ڕازی نەبووم و پێم وت: بۆ دڵنیایی زیاتر بۆ قەستەرەیەکم ناکەیت؟

ژنە قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو دووسێ جار قەڵەمەکەی دا لە ددانەکانی و وتی: بۆنا، سبەی بۆت دەکەم.

بە سەبینێدا دەرکەوت سێ دەمارم گیراوە، یەکێکیان ٩٠% ئەوەی تریان ٤٥% ئەوەی تریان ٣٠%

بە تۆزێک ئاڵۆزییەوە وتم: باشە ئەوەساڵێکە من و تۆ سڕنا لێ دەدەین.

وتی: تێ نەگەیشتم.

وتم: ساڵێکە من و تۆ سەمای" ڤالس" دەکەین؟

وتی: واقعیەتەکە زۆر ناخۆشە و مەترسیدارە.

وتم: تۆ من بیت چی دەکەیت؟

وتی: لێرەوە ناڕۆمەوە بۆ ماڵ، دەرۆم عەملیات دەکەم.

جا من چی بکەم؟

وتی: مێردەکەم ناسراوە لە سنگ کردنەوەیدا.

بە کورتی و بە کوردی باوەڕم بە دکتۆرەکەم نەمابوو کەوتمە تەقەلاوە بەڵکی دکتۆر مەجدی پاکوب کاتم بۆ دابین بکا، لەسەریانەوە دکتۆر فەریاد حەوێزی کاتیان بۆ دابین کردم و بەسەر عارەبانەکەوە پەرستارێکی ڕەشپێستی قەڵەو بەرەو ژووری نەشتەرگەری دەیبردم، پرسی لێم: ناترسی؟

وتم: بڵێم ناترسم ڕەنگە ڕاست نەکەم، بەڵام چی بکەم قەدەرم وایە. بۆ خوا تاکەکەسێکم بە دیارمەوە نەبوو.

بەهەرحاڵ نەشتەرگەریم کرد و گەڕامەوە بۆ عەممانی ئوردن، فڕۆکەی ڕاستەوخۆ بۆ بەغدا هەڵگیرابوو.

کەریمی خاڵۆزام لە عەممان چاوەڕوانی دەکردم، ئەوە من نازانم نەبەردی برام دە ڕۆژە لە دونیادا دەرچووە، شەوێک لە عەممان مامەوە و بە سبەینێدا بە ماشێن گەڕامەوە بۆ بەغدا، بە سبەینێدا بەیانییەکەی خزمانم هاتن و هەواڵی مەرگی نەبەردی برام زانی.

بیستم وا لە هەولێر خەریکی تەدارەکی چلەی نەبەردن. ئەم هەڵبەستەم نووسی و ناردم بۆ لای شێخ حەسیب قەرەداغی، تا لە جوێی من بیخوێنێتەوە.

## برارۆ!

لە زەردەی ئێوارەی ژینا
لە ژان و ئێش و برینا
لە ڕوخساری تازە و نوینا
دەروونە خرۆشاوەکەم
گلێنەی هەردوو چاوەکەم
بە فرمێسکیان ئاو دەدێرن
ترووسکەی دووریان دەنێرن
برا لە دەروونا
بای تەمووڵ و توانا
شوێن پای ڕووداوی داپۆشیوە
دەشتودەر و کێو و کەمەر
یەک ڕەنگ، یەک دەنگ
سەرتاپا کفنی پۆشیوە
برا، دوور لە یاران وەکوو جاران
ئەندێشەکەم دەروونە پڕ چۆشەکەم

هەر تۆتۆیەتی، دەریای غەمم بەستوویەتی

لەگەڵ ژانا ژوان، وەک کانیاوی زەمان

ئارام ئارام ئاو دەدرێن

شانۆی دەردم بۆ دەگێڕن

شەڵاڵی خوێنە جەستەکەم

سەرالێژە ئاواتە بەرجەستەکەم

لە گەرمەی خەوی خێڵا

وەردی مەینەتت کێڵا

بەهانەت دی

ئیهانەت دی

ئای پاش قوڵدرایت و کەوتی

تا ناو تاریکی گۆڕ نەسرەوتی

برا، ئەم دونیای بێ تۆیە

شادیم بەلاوە نامۆیە

گوێ گرە لە قرچەی بەنەکەی بڕاوم

سەیرە یەشتا بە پاوە ماوم

غەم بووە کاروپیشەم

تەوری ڕووداو تەڵ تەڵ دایە لە ڕەگ و ڕیشەم

گریانە بەرهەمم

بۆچی نابیسی حیلەی ئەسپی سەرکێشی غەمم؟

دوای پشکنین و پێداچوونەوەیە، دەرکەوت لە لایەن موخابەڕاتی عێراقەوە ژەهرچێژ کراوە.

ڕۆحی شاد لەگەڵ شەهیدانی تردا...

# ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەنی

دەوڵەتــی شــا و دەســتەڵاتەکەی لەناوڕۆیشــتبوو، جمهــووریەتی ئیسلامی جێگەی گرتبووەوە، زۆر لە لایەنگرانـی شـا ئـاوارەی وڵاتـان بووبوون، بڕێک لەو کەسانەم دەناسـی، ئەگەرچـی مـن ئەو کـاتەی لە ئێرانا بووم، هیچ پایە و پۆستێکی دەوڵەتیم نەبووە و بـۆ خـۆم وەک تەلارسازێک بە کـاری ئـازادەوە خەریـک بووبـووم. منـیش بەو ئـاگرە سـووتام و هەرچـی دار و نەدارم بـوو لەنـاوچوو، سـەڵت و قوڵـت بە جلەکـانی بەرمەوە دەرچـووم. لەو ڕۆژانەیـدا زۆر بێتـاوان بە گـڕی شـۆڕش سـەر و ماڵیـان تیـاچوو و و سـووتان، ئەوەیـش یەکـێکە لە پێناسی ئاوا شۆڕش و کودەتایەک لە هەر کوێ کرابێت.

بۆ نەخۆشی ڕۆیشتم بۆ لەندەن لەوێڕا بڕێک لە ناسراوانی ئێرانـی خۆمم دیەوە و دەیانم بینـی ڕۆژێـک یەکێـک لەو بـرادەرانە ڕۆژنـامەی کەیهانی بۆ هێنام، کە لە لەندەندا دەردەچوو، زۆرتر سـڕنا و بلـوێری شاهنشـاهی لـێ دەدا، ئەو بـرادەرەم وتـی: ئەم ژمـارەیە مەقـالەیەکی دووردرێـژی لەسـەر کـورد نووسـیوە، لام خۆشـە بیخـوێنیتەوە. ئەو برادەرەیشـم سـەر بە ڕژێمـی ڕابـردوو بـوو. کاتێـک ڕۆژنـامەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت بە لایانەوە ئاش هەمان ئاشە!

ئێمە بەر لەوەی کورد بـین، دەبـێ ئاریـایی بـین و لەپێنـاو ئاریـا ئاریيـا و ئاريـا میهریـدا وەک سـووتەمەنی بەکـار بهێنـرێن، وەک

میللەتێـک مـافی ڕەوای نەتەوایەتیمـان پـێ نەدرێـت، نە بەقەڵەم نە بەخەیاڵ لێی نەدوێین. گرم تێبەربـوو لە عەقڵـیەت و بۆچـوونی شـاە پەرستانە، کە بەو هەموو بێ هیچییەوە یەشتا ددان بە مـافی ئـێمەی کـورددا نـانەن... بڕیـارم دا بێـدەنگ نەم و تیشـک بـخەمە سـەر ئەو جـۆرە بیروبۆچـوونە پڕوپووچـانەی وا کە لەم بێهێـزی و ئاشـووفتە بازاڕییەوە وا تیـادان، کەچـی یەشـتا وا دەزانـن سـەردەم سـەردەمی شای هەخامنشینە و کوردیش لە لەشکرەکەیاندا چەکداریانە.

بڕیارمـدا لە هەمـان ڕۆژنـامەی کەیهانـدا وەڵامێکـی تونـدووتیژ بدەمەوە، هەر وام کرد و نووسیم و بڵاوکرایەوە.

ئەم برادەرانەی ئێمە سەیرن وەک وابێت بەنگیان کێشابێت، یـان ئێمەی کورد بە گێل دەزانن، یا وەک لە واقیعەتی خـودی مێـژوو بـێ خەوەرن.

بـا بگەڕێیـنەوە بـۆ سـەردەمی کورشـی هەخامنشـی و هارپـاکی ناپاکی میدیدا کە چۆن بە شێوەیەکی نا جـوان مەردانە دەسـتەڵاتیان لە دەستی زنجیـرە دەسـتەڵاتی مادەکانیـان دەرهێنـا و لە سـەرەتاوە دەسـتەڵاتی دوو لایەنەی نێـوان مـادد و فارسـیان بە وجـوود هێنـا و دوای لەناوبردنی نارەزاکـانی مـاد دەوڵەتـی یەک لایەنەی هەخامنشـی پێکهێنـا و بە شـێوەیەکی گشـتی ئەوی مـاد و لایەنگیرانـی مادەکـان بـوون لەناویـان بـردووە و ئەمە هەقیقەتێکـی مێـژووییە، هەتـاوەکوو مێژوونووسە دەمارگرژە فارسەکانیش ناتوانن لەو هەقیقەتە لابدەن.

لەو کاتەوە تـا بە ئەمـڕۆ فـارس بـرا گەورەی کـوردە و ئـێمە بـرا بچووک و لە فەلسەفەی ئاریا میهری ئێرانی بوونا، ئەوی مافی ڕەوای کوردە تواوەتەوە و لەو مـاوە دوور و درێـژەی دا، ئەوان بـرا گەورە و ئێمەی کوردیش برا بچووکی هەژار و نەدار و نەخوێندەوار.

وەرن بـا تەرازوویەکـی ویژدانـی بە دەسـتەوە بگـرین و واقیعیـانە هەڵــی ســەنگێنین. جەمهــووریەتی ئیســلامی پەیــڕەوی بۆچــوونی ویلایەتــی فەقهیــیە و ئەبعادەکەیشــی حەیەعەلا ســەڵاتە و بەڵــێ ئەوانــیش ددان بە مــافی ڕەوای کــورددا نــانێن، بەڵام نە درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و نە لەگەڵ کوریشدا.

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ سـەردەمی شاهەنشـاهی پەهـلەوی، ئـاوڕێکی واقیعیــانە لەو دێ و لادێ هەڵقرچــا و هەژار و نەخوێنــدەوارانەی کوردستان بدەینەوە.

ئەگەر بە ویژدانەوە لە یەکی بدەینەوە لادێ کوردەکـان لە لادێـی چەنـد سـەردەمی بەرد دەچـن، وەک وابێـت سـەدەی بیسـتەم لەوێـڕا سەدەیەکی مابێت تا بگاتە ئەوان و بەو شێوەیە کوردی ئاریا میهـری باج و خاوەی برا بچووکی خۆی داوە، نە سەدەیە و نە بیست سەدە.

فەرموو با پشـکنینی سـەرپایی بکەیـن و بـزانین لە دامودەزگـای دەوڵەتـی شاهەنشـاهیدا چەنـد کارمەنـدی کـوردی پـایەبەرز هەبـووە، چەند وەزیر لە کابینەکانی ئێرانا وجوودیان هەبووە، چەند ئەفسـەری پایەبەرز لەناو سوپای ئێرانا بوونیان هەبووە؟

لەوە دەڕوا لاتان وابێت تا ئەزەل ئەم جۆرە برایەتییەی بپارێزن، جا با داستانێکی خۆماڵیی ناو ئێمەی کوردتان بۆ بگێڕمەوە.

پیاوێک مرد و دوو کوڕی لێ بەجێما... برا گەورەکە بە برا بچووکەکەی وت: با داراییەکەی باوکمان برابەش بکەین.

برا بچووک وتی: کاکە هەرچی تۆ دەیڵێیت دەیکەین....

برا گەورە وتی: ئەو ئەسپە چەمووشە سەرکێشە وا سوار دەگلێنێ ئەوە بۆ من....

ئەو گەماڵە هەوشارە کەڵپەدارە، کە دەوەڕێ دەنگی دەڵێی لەناو ئەشکەوت دایە، ئەوە بۆ تۆ...

ئەو پشیلە چاوشینە وا کلکی دەخاتە سەرشانی و مشک لە چنگی وەدەرناچێت ئەوە بۆ تۆ...

ئەم ماڵەی وا تیاداین، لە زەوییەوە تا سەربان بۆ من، لە سەربانەوە تا ئاسمان بۆ تۆ...

جا برادەرینە! ئەم برایەتیی ئێمە و ئێوەیە تا ئێرە و بەس، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەس نییە، ئێوە برا گەورەی ماڵی خۆتان بن و لە ئێمە گەڕێن.

ئەم وتارە، کە بڵاوبووییەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، لەناو لایەنگرانی شاه پەرستەکاندا زیاتر لە بیست وتاری جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا کێشا و بوو بە هۆی دووبەرەکیی فکری لە ناویاندا.

ئەم وتارەم لە ساڵی ١٩٩١لە کەیهاندا بڵاوبووەتەوە...

# دەبڵێین ئامین!

زەمـــانێکە دەمەوێ خـــۆم بـــدوێنم، زۆر ڕووداوی جۆراوجـــۆر لە ژیانمـدا ڕوویـان داوە، یـا تەماشـاکەری ڕووداوی تـر بـوومە، یـان بیستوومە یا تیا بوومە.

بڕێـــک لە بـــرادەرانم ســـوورن لەســـەر ئەوەی بیرەوەرییەکـــانم بنووسمەوە، ناڕۆمە ژێر بار، لە باوەڕێکدام، ئەوی بیرەوەرییەکانی بە چاپ بگەیەنێت دوای ساڵێک دەمرێ، دووهەمیان ئەوەی بکەم کاتێک گەلێک زۆرم لێ دەگرێت و فریای بابەتی تر نـاکەوم و یەشـتا "کـول" نەبوومە و توانای چەندان ڕۆمانی ترم پێوە ماوە...

بە حەیفـی دەزانـم بە ڕابـردووی منـداڵی و مێردمنـداڵیی خـۆم و خەڵک خەریک کەم... لەوەی گوزەشـتە ئـێمەی کـورد دەڵێـی کـوڕی یەک بـاوکین جیـاوازییەکی ئەوتـۆ لەنێـوان سـەردەمی منـداڵی و مێردمنداڵی خۆم و خەڵکدا نابینم.

گرانەتا هاتبێت منیش وەک منـداڵی نـاو لادێکەمـان گردتـوومە و مەلاریایش هەروا و گەرمای گەرمیانیش منی وەک خەڵـکەکە شـەلاڵی عەرەق کردووە.

لە خوێنـــدن تـــا كـــۆلیژ تەواوكـــردن زۆربەی ئـــێمەی كـــورد جیاوازییەكی ئەوتۆمان لەنێواندا نییە هەتـاوەكوو لە سیاسەتیشـدا بە یەك دار و قامچی لێدراوین.

ڕەنــگە لە دوای كـۆلیژ تەواوكـردن كاروبـار و جـۆری كـۆلیژەكە گۆڕانگــاری لە ژیانــدا ڕووبــدا، ئەویــش ئەوە نیــیە گێــڕانەوەی بــۆ خەڵــكەكە ســوودبەخش بێــت. ئەوەی بەلای بەنـدەوە گـرنگە خـودی مرۆڤە، لام وایە هەر مرۆڤێك بۆخۆی داستانێكە و دووبـرا وەك تـاكی كەس جیاوازی زۆریان لەنێواندا هەیە.

دەمەوێ ئەوەی بڵــێم ئایــا كــاتی ئەوە هــاتووە ئــێمەی كــورد دەربارەی ئینسانی كورد بنووسین؟

ئەو ئازایەتییەی لە خۆماندا شك دەبەین بێ مەبەستێكی تـایبەت لە سایكۆلۆژیەتی سیاسییەكانمان بنووسین؟

یان جۆری تێفكرینی مەلاكـانی مـزگەوت یـان پیـاوە ناودارەكـانی ڕابردووی كورد دوور لە بیروبۆچوونی تایبەت واقیعییەتەكەیان بخەینە تای تەرازووە و كێشانەیان بكەین؟

ئەگەر واقیعیانە لە یەكی بدەینەوە دەبینـین زۆر بتـی سیاسـی و ئەدەبی و كۆمەڵایەتی و ئاینییمان دروسـت كـردووە و نـاوێرین لێیـان بدوین، سەیرەكە لەوە دایە بڕێكیان نەك ستایش، شایانی نەفرینن.

پرسیارێكم لا گەڵاڵە بووە، ئایا داهاتوویش هەروا دەبێت؟

یان ڕۆشنبیرانی سبەینێ بێ مەبادا ئەوەی بە چاکی بزانن دەینووسن؟

بۆچی میللەتانی تریش وەک ئێمە فکر دەکەنەوە، یان جیاوازن؟ ئەگەر جیاوازن بۆ؟ هۆکارەکەی فەرهەنگە، ڕۆشنبیرییە، ئابوورییە، ئاییننییە، وا ئازایانە لە ڕابردوویان دەدون، ڕەخنە لە گەورەترین کەس و بتە ناسراوەکانیان دەگرن.

بەڕای بەندەی موخلیس ئەوان هەموویان هۆکارن، لە سەری هەموویانەوە دەمارگرژی بێ بنەما و دوور لە واقیعیەتە بووەتە ئافەتێکی نەتەوایەتی لە بیر و فکری ئێمەی کوردا یا ئەو دەمارگرژیەی بۆ ئایین بێت یان حزب یان بۆ دەڤەر، یان بۆ شارەکەی یان بۆ عەشیرەتەکەی؟ یان بۆ کەسێکی بەناوبانگی فاشیل.

نەما ڕۆیی سەردەمی کەڵەپیاوی شۆڕشگێڕ و بوێری وەک گاندی، سونیات سن، گاری بالدی، ماوتسی تۆنگ، لینین، قازی محەمەد و مستەفابارزانی و بەزموڕەزمی چەکوارا سفەتان و شەڕی پارتیزانی، لە دونیای ململاندا خراونەتە لاوە.

ئەوی فریای گەلانی ستەمدیدە و ژێردەستە دەکەوێ دوور لە دەمارگرژی ڕۆشنبیری و سەوادە، پێشکەوتن لە دونیای ڕۆشنبیریی و هونەردا دەڕودەروازەی قفڵڕێژ کراوی هەزارساڵەمان بۆ دەکاتەوە. ئەگەر بە هەواو و هەوەسی بڕێک لە پێگەبوڵندەکانی حزبەکانی ناو

کوردســـتان بێـــت بە لایـــانەوە دوو ئیـــدارەیی و براکـــوژی هەر لە سبەینێوە دەبێت.

ئـــاخر ئەمە کەی ڕەوایە، ئەم مـــیللەتە دڵـــی لە ســـنیەی دا لـــێ دەدات لەو جۆرە کردەوانە! یان لەو هەڕەشە بڵاونەکراوانە؟

پرسارێکە و زۆر کەس وەک من لە خۆیان دەپرسن، ڕاســتی ئەو جـۆرە کەسـانە فکـر لە ڕابـردووی خۆیـان نـاکەنەوە، چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر چیبوونە و ئێستایش چین؟

ڕابردووی پڕ لە هیچی خۆیان لەبیرچووەتەوە؟

داریـوش شاهەنشـای زنجیـرە دەسـتەڵاتی هەخامنشـیان لەسـەر تاشەبەردێک دوعایەکی نووسیوە تیادا دەڵێت:

ئاهورا مزدا داواکارم وڵاتەکەم لەم ئافاتانە بپارێزی،" وڵاتەکەم لە بێ بارانی، لە گێل و گەوج و درۆزن، لە درم و پەتا..."

ئەگەر لەم دوعا و تەمەننایە ورد بیتەوە دەبینی داریوش گێلـی و گەوجی و درۆزنی لە ئاستی وەبا و بێ بارانی و وشکە ساڵیدا داناوە.

کام وشکەساڵی دەگاتە وشکە دەماغیدا، کام ئافەت دەگـاتە درۆ و دەلەســەی ڕۆژانەی بڕێکـدا وا کردوویـانەتە پیشــە و خەڵکەکەیـش گوێیان لێ دەگرن.

بنـواڕە سـایت و فەیسـبووک و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و ئـامێرە تـازە باوەکـانی ئـێمەی کـوردا، ئەو دەم ئەنـدازەی ئـافەت و پەتـای



ڕاســـتەقینەت بـــۆ دەردەکەوێ و پەی بە هۆشـــیاری " داریویشـــی هەخامنش" دەبەی، دوو هەزار و پێنج سەد سـاڵ لەمەوپـێش چـی لە ئاهۆرا مزدا ویستووە!

بەندەیش لە خوای تاک و تەنهای هەرە گەورە داواکارم کاروباری کەون و کائینات بەلاوە بنێت و هیچ نەکا تا ئەم میللەتە مەزڵـوومەی کـوردە لە پیـاوخراوانی نـاوخۆیی پـاک دەکـاتەوە... جارێـک لە دوژمنانی گەڕێ. دەبڵێین ئامین!

# خان مەرجان

چەندان جار گوزەرم کەوتبووە خان مەرجان لە پێش ئەوەی بکرێتە جێگە و شوێنێکی شەوانەی کەلتووری ئەم خانە. لە ڕووی تەلارسازییەوە پڕە لە زەرافەت، بەتایبەت گومەتە لوولەیەکەی وەک دەوارێک هەڵدراوەتە سەر دوو نهۆمدا نهۆمی دووهەم بە هۆی باڵکۆنێکەوە دەڕوانێتە سەر زەوی نهۆمی یەکەمدا و بە دەرگای دوورەکانی نهۆمی دووهەم بەسەر ئەو دوو باڵکۆنە درێژەوەن.

زەرافەتکاریی کەرپووچ وەک نمای ناوەوەی ساختمانەکە جوانکاریی زۆری تیادا ئەنجام دراوە. ئەگەرچی زەمان لە یەک دوو لاوە درزی بە بنمیچەکەی کردووە باوەک دەوڵەت کۆشاوە درزەکانی بشارێتەوە، بەڵام بە لای منی تەلارسازەوە درزەکەم وەک خۆی دەدی.

خان مەرجان یەکێکە لە شاکارەکانی هونەری ئیسلامی سەردەمی جەلائیرەکان، کە پاشماوەی دەستەڵاتی مەغۆلین.

لە لایەن " ئەمینەدینی مەرجان" دروستکراوە، کە بۆخۆی لە سەرەتاوە یەکێک بووە لە کۆیلەکانی " مەعزەدینی کوڕی حەسەنی جەلایر". ئەمینەدین بە نوێنەرایەتی مەعزەدین فەرمانڕەوایی شاری بەغدای کردووە.



له شـاری بەغدایـدا کـاری تەلارسـازی و مـزگەوت و خـانی زۆری ئەنجـام داوه و خەڵکـی شـاری بەغـدا زۆریـان خۆشویسـتووه و پاڵپشـتییان لـێ کـردووه و هەر ئەو پاڵپشـتییەی بـووەته هـانی یاخیبوون له ئاغاکەی که " مەعزەدینی کوڕی حەسەن جەلایر" بووه، له ساڵی ٧٣٨کۆچی.

له سـەردەمی سـەلاتینی عوسـمانیدا شـەقامی "الرشـید" له لایەن یەکێک له پاشاکانی عوسمانی بەناوی "خەلیل پاشـا"وه دروسـتکراوه و بەناوبانـگ بـووه بەنـاوی "خەلیـل پاشـا" جادەسـی ئەو شـەقامه دروستکراو.

خان مەرجان و مزگەوتی مەرجان پێکەوه بوونه، شەقامی ڕەشید به ناوەڕاستیاندا گوزەراوه.

کاتێک تەیموورلەنگ به لەشکرێکی جەببار و خوێنخۆرەوه شـاری بەغـدا دەگرێـت له سـاڵی ٧٩٥کـۆچی، هەرچـی ورده دەسـتەڵاتی سەردەمی مەغۆل لێـرەو لەوێ مـابوونەوه له لایەن تەیمـوور لەنـگەوه لەناوبراون. یەکێک لەو دەستەڵاتانه، دەستەڵاتی جەلایرەکان بووه.

ئەوی خوێندتەوه مێژووی خان مەرجانه، له هەشـتاکاندا کرابـووه ڕسـتۆرانێکی کەلتـووری شـاری بەغـدا. خـزمێکم هـاوڕێیەکی ئەلمـانی هاتبوو بۆ شاری بەغدا داوەتی بۆ کرد و منیشی داوەت کرد بۆ خـان مەرجان. ئیـدی ئەو شـەوه و مۆسـیقا و هونەرمەنـد لەمـیعه تـۆفیقی گۆرانیبێژ له کەللـەی سەر دەقیراند. نازانم خەتای ئامێرەکانی دەنـگ

بوو، دەنگی " لەمیعە تۆفیقی" ترسێنەر کردبوو، یان ساختمانەکە دەنگی دەدایەوە یان لە میعە تۆفیق ڕێزی لە سەردەمی پیری خۆی نەگرتبوو... ئەوەی لە تیپەکەیدا سەرنجی ڕاکێشابووم " هونەرمەند" شعووبی بوو، تا کوێر نەبووبوو سەرپەرستیی ئەو تیپەی دەکرد و ئامێری "جۆزە"ی ئەژەنی، خوا هەڵناگرێ وەستاکارانە دەیژەنی.

بەڵێ بەندە لەگەڵ هەشت نۆ کەسدا بووم، هەموومان ئەهلی خواردنەوە بووین، زۆرتر فکرم بەلای ڕابردووی خان مەرجانەوە بوو، کە چۆن لە وێڕا کۆیلە وەک ئاژەڵ لە گۆشەیەکدا خراونەتە بەر تەماشا و دەیانفرۆشن، ئیتر دەیانم دی لە چ غەموپەژارەیەکدان ... چەندان جار میواندارەکەم هانی خواردنەوەی دام و گوێم لێ نەبوو تا قیراندی: کوڕە ئەمە تۆ لە کوێی؟

وتم: تۆ ڕابردووی ئەم خانە دەزانی؟

وتی: ماڵت ئاوا بێت لەو بەزمانە گەڕێ، شەوێکە و دەیبەینە سەر، بۆ ئازاری خۆت دەدەیت؟

بە ڕووخساری کابرای ئەڵمانیدا دەرکەوتبوو ئەویش وەک من لەو دەنگە هەراشە ناسازەی لەمیعە تۆفیق پەریشان بووە، خۆم پێ ڕانەگیرا ڕووم کردە کابرای ئەڵمانی و وتم: ئەوە من خەڵکی ئەم وڵاتەم و بەو دەنگە یەکجار نارەحەتم، دەبێ تۆ چ وەزعێکت هەبێت؟

کابرای ئەڵمانی قاقا پێکەنی و وتی: ئەگەر تۆرستێک دەتانەوێ ڕاوی نێن و هەرچی زووترە تا وڵاتەکەتان بەجێ بهێڵێت و بیهێنن بۆ ئێرە...

## شەمشەمەکانی جەواد سەلیم

کابرایەکی جافی لای ئێمە لێی قەوما بوو هات بۆ بەغدا و تەلیفۆنی بۆ کردم، بێ پرس و جۆ قیڕاندی "پیاما بگە"، دوای ئەوەی ناسیم: باشە لە کوێی؟

- وەقورحانەکەی حەمە عارەوی نازانم!

وتم تەلەفۆنەکە بدە بەو کابرایەی لاتە... زانیم لە بابولشەرجییە.

وتی لای تاشەبەرزەکەدا ڕائەوێستم، کە وا شەمشەمە کوێرەیان پیادا هەڵواسیوە.

هەرچی هاوردم و بردم نەمدەزانێ بە کوێ دەڵێت، تا دوایی وتی: کۆڕە چوزانم ئەو تاقەبەرزە ئێژم وا شتی ڕەشی ڕەشیان پیاهەڵواسیوە.

زانیم بە شاکارەکەی هونەرمەند جەواد سەلیم دەڵێ.

چەندی بە چەندە، بەندە هەرکات لەوێدا دەگوزەرم سەری ستایش دادەنوێنمەوە بۆ ڕۆحانیەتی جەواد سەلیم... کەچی جافەی لای من بە شەمشەمەکوێرەی دادەنێت.

شاکارێکی هونەرمەندی وا بە زۆر شت ناو دەبرێت، بڕێک لایان وایە ئەو شاکارە تەلسم و جادووی تیادایە، بڕێکی تر دەڵێن نەگبەت و شوومە، لەوەتەی ئەو کارە ئەنجام دراوە بەغدا و عێراق ئاسایشی



بەخـۆوە نەدیـوە. لە کودەتـای بەعسـییەکاندا یەکێـک لە ئەفسـەرە گەنجەکانی دەبابەنشین لە پردەکەوە لەو بەرەوە دێت بۆ مەیـدانەکە، تەقەی لەو شـاکارە کـردوو ە و ئیتـر گەوج و گێـل و نەفـام زۆر دەربارەی دەدون، لەوە تێناگەن لەوێڕا مێـژوو سـەری هەڵـداوەتەوە و سـەمایەکی ئەفسـانەیی دەکـا و مێـژووی ڕاسـتەقینەی دەگێـڕێتەوە، بەنـدە وا بە چـاک دەزانـم ئەو فـۆرمە هونەریـانەی " جەواد سـەلیم" خولقاندوویەتی، وەک خۆی لێ بدوم.

لە ئەولای ڕاسـتەوە ئەسـپێکی سـەرکێش و ئـاڵۆز چەپووکـانیەتی، دوو زلزەلامـی بازووڵەئەسـتوور دەکۆشـن لە قـاوی کەن، ئەسـپ لە مێـژووی گەلانـدا دیـاردەی هێـز و توانـا و ملمـلان بووە...

لە شـادڕەوان و دۆسـتی ئـازیزم هونەرمەنـد " مـحەمەد غەنـی حیکمەت"م بیستووە، کە بۆخۆی هەم پەیکەرتاش و هەم خێزانەکەی خوشکی بووە و هەم هاوکاری بووە لە ئیتاڵیا، کاتێک ئەو شـاکارەی خوڵقانـدووە دەیـوت: ئەسـپ بەلای جەوادەوە گیـانلەبەرێکی ئەفسانەییە و لە زۆر کارەکانیدا سەری ئەسپ و پەلوپـۆی ئەسـپی چ وەک وێنە یان پەیـکەر خسـتوویەتییە بەرچـاو. جـا ئـێمە ئەوەسـا لە ڕاستەوە بەرەو چەپـی تـابلۆکە دەڕۆیـین، جـووڵانەوەیەکی ئـامیختەی ڕووداوەکـانی مێـژوو چیـرۆک دەگێـڕنەوە، ئیـدی لە هـیچ ڕووداوێـک ڕاپەڕینێـک نەگـوزەراوە و توانیـویە ململانێـی گەلانـی عێـراق بخـاتە بەرچاو، وا بێدەنگ نەبوونە بەرانبەر زوڵم و زۆر...

دەست و بازووی پیاوێکی ئاڵۆز و ڕقهەستاو، بەرەو چەندان چوارگۆشەی گەورە و بچووکی برونزی کەوەک نیشانەی لافیتە نووسراوەکانی خۆپێشاندەرانە دژ بە دەوڵەتی مەلیکی.

هونەرمەند لە نەخش و ڕۆڵی ئافرەت خۆی گێل نەکردووە و بە ئەندامی کارای ململانێی عێراقی زانیوە و هەمیشە لە ڕاپەڕینەکاندا بەشدارییان کردووە و یان هاندەری پەلامار و شۆڕش بوون.

ئەم جوڵانەوە هونەرییە بە پەیوەندییەکی پتەو دەژمێردێن. لەنێوان سەرەتای کارە هونەرییەکەوە فۆرم و شکڵەکانی تردا بە یەکەوە پەرچیان دەداتەوە، ئاوا ململانێک پڕە لە خوێن و شەهادەت و قوربانی.

لە عێراقدا ڕاپەڕینی زۆر ڕوویان داوە، هەمیشەیش وابووە ئازادی بەبێ فیداکاری و خۆبەختکردن سەری نەگرتووە.. بۆیە هونەرمەند ڕۆڵەیەکی شەهیدکراوی خستووەتە باوەشی دایکێکەوە، ئەو دیمەنە دەمانخاتەوە بیری شاکارە گەورەکەی (مایکڵ ئەنجلۆ)وە لە کارە شێوەنییەکانیدا. دڵنیام جەواد سەلیم ئەوەی لە ڕووی بەرنامەوە ئەنجام داوە و گونجانبوویەتە ناو کارەکەیەوە، نەک ئەوە ڕێکەوت بێت.

جەواد سەلیم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە لایەن حکوومەتی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە نێردرابوو بۆ شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا، لەو شارەیدا مایکل ئەنجلۆ هاتووەتە جیهانەوە.



فۆرمێکی تر ڕووداوێکی تر وەدەر دەخات. دایکێک چەماوەتە سەر جگەرگۆشەکە وەک بیەوێت لە بەڵا بیپارێزێت، ئەوە بە نیشانەی مەرگ و لە دایکبوونە، یان مردن لە پێناوی ژیاندا.

ئەوەی زانراوە داهێنەر و لێهاتوو هەمیشە لە خەڵکە ئاساییەکە زۆرتر دووچاری دەردەسەر و چەرمەسەری و بیگرە و بەردەی هاتوون. بیروڕای ئازادی هەر چەند زەبر و زۆریان دژی بەکار بردووبێت، سەرەنجام هەر دەبێ تەقینەوە ڕوو بدات.

پا و پۆستاڵی سەربازێکی شۆڕشگێر هاتووەتە ناو تەلبەن و شیش و زنجیری بەندینخانەوە، تەلبەندی شکاندووە، بەنکراوی سیاسی لە بیروتێفکرینی جەوادا هەمیشە جێگەی خۆی هەبووە.

لە ساڵی ١٩٥٣لە پێشبڕکەیەکی جیهانی هونەریدا بەشداری کردووە و بە دووهەم دەستنیشان کراوە. جەواد بە وردی ئاگاداری دەروون و حاڵەتی ڕەوانی بەندکراوە سیاسییەکان بووە، بۆیە پەیوەستە کۆشاوە ئەو دەرد و ئازارانە وەدەرخات، ڕاپەڕین و کودەتای چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨و لەناوچوونی ڕژێمی پاشایەتی وەک سەربازێکی بەشدار لە کودەتا تەلبەندی بەندینخانەی هاڕاندووەتە سەر یەکدا.

بە ڕاسەریەوە هەتاوێک هەڵهاتووە، نیشانەی ڕۆژانی پڕ لە ئازادی ڕەنگە هەمان هەتاوی سەردەمی حەموڕابی بێت جەواد گونجانوویەتە ناو کارەکەیەوە. بە هەتاوی یاسا و فەرهەنگ ناودەبرا... ناوەڕاستی شاکاراکە، جەواد پۆپەی ڕووداوەکانە.

ئافرەتێکی مەشخەڵ بە دەستی بێ پـایە... لەم ڕووەوە لە جەوادیـان پرسیوە باشە بۆچی ئەو ئافرەتە بێ پایە؟

لە وەڵامدا وتوویەتی:

پـا نیشـانەی ئەوەیە کە بە زەوی چەسـپاوە، منـیش ویسـتوومە بەرەو ئاسمان بفڕێت و لە ئاسـماندا بـاڵە مەلەی کـات، بـۆیە بـێ پـا دروستم کردووە.

لە بەشێکی تردا ئاشتی و برایەتی و ئاسایش وەدەر دەخات، لە داهـاتووی میللەتـدا، تەلبەنـدی گۆڕیـوەتە پاراسـتنی دارودرەخـت، دەموچاوە فرمێسکاوییەکان ئاسـاییش و دڵنیـایی زۆری پێـوە دیـارە، کۆترێک بە سەریەوە لە فڕیندایە، نیشانەی کۆنزە دڵنیاکـانی گـومەت و حەڕەمی ئیمامزادەکانە.

هونەرمەنـد ڕووبـاری دیجـلە و فـوراتی کـردووەتە دوو ئـافرەت، یەکێکیان بوڵند وەک دارخورمایەک چووە بە ئاسماندا، ئەوەی تریـان وەک ئافرەتێکی ئاوسی باردار نیشانەی خێر و بەرەکەتی زەوی و زار و ئـاوە. کچـۆڵەیەک لەنێـوان دوو ئافرەتـدا وەدەرخـراوە، نیشـانەی ڕووباری زێی گەورە و بچووک و سیروانە...

دوو جووتیاری بێڵ بەدەست باوەڕبەخۆبوونیان پێـوە دیـارە، ئەو دوو بێل بەدەستە نیشانەی کورد و عەرەبە، کەڵەگـایەکی شـاخ درێـژ لە پشتی سەریانەوەیە "گا" لە ئەفسانەکاندا، لە ئایینەکاندا لە فکری مرۆڤدا هەر هەبووە و پێگە و جێگەی خۆی هەبووە.

"جەواد سـەلیم" ئەسـپ و گـای بەلاوە بە دوو گیـانلەبەری ڕازدار دانـاوە و لە زۆر لە کـارە هونەرییەکانیـدا وەدەریـانی خسـتووە، لە سەرەتای " نصب"ەکەوە بە ئەسپ دەستی پێکردووە و بە گا کۆتایی پێ هێناوە.

کاتێک گەیشتمە لای کابرای جافەی لامن بە قەولی خـۆی، لەژێـر تاشـەکەیدا دەهـات و دەچـوو، مشـکیەکەی کەوتبـووە ملـی، پشتوێنەکەی شل بووبوویەوە، شەمشەمەکانیش بە راسەریەوە بـوون، کە سواربوو وتی:

قورحـان بە هەقـت وەمەعنـات تۆقیـابووم، ئەو شەمشـەمانە بکەوێتە سەرما، خوا ڕەحمی کرد باش بوو زوو هاتی.

ئەمەی خوێندتەوە لە ساڵی ١٩٨٠ز دا ڕووی داوە.

# نامەکەی حوسێن عارف

کتاوێکی فەلسەفیم وەرگێڕابـووە سـەر زمـانی کـوردی بە نـاوی " مرۆڤ لە ڕاڕەوی پێگەیشتندا"، نـامەیەکی مامۆسـتای شـیرینکەلام و خــاوەن بەهــرە "حوســێن عــارف"م پێگەیشــت. زۆر ستایشــی ڕۆمانەکانمی تیادایە، لەولاشەوە ڕەخنەی لێ گرتـووم و دەڵێـت: مـن بە حەیـف و نەشـیاوی دادەنـێم یەکێـک ئـاوا توانـا و بەهرەیەکـی لە ڕۆماننووسیندا هەبێت خۆی بە بابەتی ترەوە سەرقاڵ بکات.

لە ڕاستیدا ئەوی مامۆستا نووسیویەتی ڕاستی فەرمووە و جوانی هەڵســەنگاندووە و بەنــدەیش هەر وەک ئەو فکــر دەکەمەوە ئەوەی دەزانم هەموو نووسەرێک ڕۆماننووسینی پێناکرێت، ڕۆمان سـەختترین و دژوارتـرین بـابەتی نووسـینە... ڕۆمـاننووس دەبـێ ڕۆشـنبیرییەکی ئینسـکلۆپیدیایی بەربـڵاوی تیـادا بێـت، نەک تەنهـا لە یەک بـواردا بەڵکـوو لە تەواوی بوارەکانـدا جـگە لەوانە وەک فەرد لە ژیانیـدا زۆر شتی تاقیکردبێتەوە و ئەزموونێکی عەمەلی لە مەیدانەکەدا بەدەست هێنــا بێــت، ئەو دەم دەتــوانێ ڕۆمــانێکی ســەرکەوتوو بنووسـێت، هەڵــبەت خوێنــدنەوەی بەردەوام مەرجێکــی ســەرەکییە، بەتــایبەت ئەدەبیاتی گەلانی تر، لەناو ئەوەشدا ڕۆمان.

ڕۆمـان تەنهـا ڕێکخسـتنی چەنـد ڕووداوێـک و یـاری بە وشــە و واژەکـردن نیـیە، پـڕە لە وردەکـاری و لێـزانین، پـڕە لە دەردەسـەری



گرفتـــاری و چەواشـــەکردن، چ بە بـــاش چ بە خـــراو... بەداخەوە، هەوڵەکان، زەرافەتەکـان لە تەرازووی بـێ تەرازوو کەیـل و کێشـانەی نادروسـتدا نـوقم بـووە. زۆر خـاوەن بەهـرە نـا ئومێـد دەکرێـت چ لە لایەن خاوەن قەڵەمەکانەوە یان دەسـتگاکانی ڕۆشـنبیرییەوە جـگە لە چاوساغە کوێر و مزمەعیلەکانی چـاودێرانی نووسـین و خـاون تەمـغە سوورەکان.

ڕۆماننووسـی کـورد ئەوڕۆ لە هەلـومەرجێکی گەلێـک سـەخت و دژواردایە، دەبـێ هۆشـیارانە ئاگـاداری داڕشـتنی خـۆی بێـت، دەبـێ چەنـد رۆمانێـک لە یەک ڕۆمانـدا بنووسـێت، ڕۆمانێـک بـۆ ڕەخنەگـر، ڕۆمانێـک بـۆ خـوێنەری ئاسـایی، ڕۆمانێـک بـۆ چـاودێریی تەمـغە بەدەسـت، لەوانە گوزەشـتە، کاتێـک ڕۆمـانەکەت بەچـاپ دەگەیەنـی، ئەگەر دێڕێـک یـان پەڕەیەک لە چـاودێریی مەوڵەتـدەر گوزەرابێـت و ئاگای لێ نەبووبێت خوێنەری خۆبەختی پۆلیس کە سیفاتی پیاویـان تیـادا نیـیە و بە هەق و نـاهەق دەیکـاتە گـوزارش و دەیگەیەنێـتە جێگەی خۆی. بۆخۆم لەو ڕووەوە چەند جار پەلکێش کراوم، تووشی هەڕەشە و گوڕەشەیش هاتووم.

ئەوەی من پێی گەیشتووم و تێی گەیشـتووم لە نووسـەری کـورد بێدەرەتانتر و بێ پشتوپەناتر لەناو میللەتانـدا کەم بەدی دەکرێـت... خۆزگە گرفتەکە هەر ئەوە بووایە.

ئـێمەی کـورد کەم ڕووی داوە ددان بە هەڵەی خۆمانـدا بنێـین، دەڵـێم کـورد یـانی بەتەواوی توێژەکـانیەوە لەسـەری هەموویـانەوە

سیاســییەکانمان، گرفتــی نووســەری کــورد بەشــە زۆرەکەی خــودی نووسەری کوردە، بۆ نموونە نووسەرێک بابەتێـک، ڕۆمانێـک، چـوزانم دەنووسێت یەکێک یـان دوان سـیانێک یـا زۆرتـر پـێکەوە دادەنیشـن، دەدەن لە سەد دەرگا و پێکەوە وا لە هەوڵدان وەک وابێـت بـڕۆن بـۆ شەڕی " چاڵدیران" تا هەوڵی ئەو نووسەرە لەبـار ببەن و بـێ بـایی بکەن، هەر یەک لەوانە نیوەی ئەو تەقەلایە بۆخۆی بکات بەرهەمێکی شایستە دەنووسێت.

خۆ من باس لە بیروبۆچوونی چەپگەرایی و ململانێی مارکسـیەت مەئابانەی ناکەم یان بۆچـوونی چینـایەتی و تێفکرینـی پڕوپووچـانە، بەندە بۆخۆم زۆر لەو مامەڵە پڕوپووچانەم دیوە، بـا ڕاسـتگۆبم هـیچ قیمەتێکی نە ئەدەبـی و نە کـۆمەلایەتیم بۆیـان دانەنـاوە. ڕۆژگـاریش ئەوەی دەسەلمێنێت، ئەوان هیچ نین و من چتم.

لەوەیــش دڵنیــام ئەو جــۆرە نووســەرانە لە داهــاتوودا دەنگــی دهۆڵیــان ناگــاتە کەس و ناچــاری پاشەکشــە دەبــن لە دونیــای ڕۆشنبیری و وەلاوە دەچن، کەیە؟ ئەوە نازانم!

بەلام ئەوەی دەزانـم نووسـەری کـورد، ڕۆشـنبیری کـورد گەلێـک بێنازە، وەک گۆرانبێژێـک لە جێگەیەکـدا گـۆرانی بێڵـت و دانیشـتوان گوێی لێ نەگرن.

ئەگەر نووسەرێک لەو ڕەفتارە ناپەسند و نەشیاوە بێـتە جـواو و دیفـاع لە ئەنـای خـۆی بکـات، دەکەوێـتە بەر پەت پەتێـی کـۆلکە



نووسـەران و مانشـێت خـوێنەران، خـوا هەڵناگرێـت بـا ڕاسـتگۆبم ژمارەیان کەم نین.

جا مامۆستا حسێن عارف بە ئاسانی پەی بە غەم و شادی و ڕاز و نیـاز و دەنـگ و ڕەنـگ و سـاز و نەواو سـەماو سـەودای دەروونـی ئەمسـاڵی وەک مـن دەبـا و بە تەرازووی ویـژدان کەیـل و کێشـانەی دەکات.

ئەوەسـا بـۆی نووسـیوم و دەڵێـت:" لەبەر ئەوەی توانـایەکی بەربـڵاوت لە دونیـای ڕۆمانـدا هەیە، خۆزگە تەواوی کاتـت تەنهـا بـۆ ڕۆمات تەرخان دەکرد، کاتێک ڕۆمانی "پاشایان کوشت" دەخوێنمەوە دەفرم، "ڕاز" دەخوێنمەوە شاگەشکە دەکەم." ئیتر لەو بابەتانەی بـۆ نووسیوم، بەڕاستی ئەو نامەی حوسێن عارفەم گەلێک لا خۆش بـوو، گوڕێکی تازەی پێ بەخشیم، بڕیـارم دا پـێڵاوی ئاسنین لەپـا کەم و هەردوو هەڵەتی ناو بواری ئەم سـەردەمی ئێسـتای ڕۆشـنبیرییە، بـێ دەربەستانە بێ بایی کەم و گوێ بۆ دەنگی ناسازی کۆچەرەکانی نـاو زەوارەکە نەدەم و دەزانم ئەوان نـان بە نرخـی ڕۆژ دەخـۆن و منـیش خۆم هەڵگرتووە بۆ پاشەڕۆژ و بێنیشم درێژە و بـاوەڕم وایە کەلاوەی هەڕووژاوی ئێستای ئەدەبیـاتی ئـێمەی کـورد بەم ئاشـووفتە بـازاڕییە نامێنێتەوە، ئەگەر کەمێک ئیمانمان بە بانەڕۆژ هەبێت.

لەوانەیش گوزەشتە، من لەوانە نیم بواری ڕۆشنبیری بکەمە پرد و بەسـەریا بگـوزەرم، ئەوانەی لە نـزیکەوە دەمناسـن خوخسـڵەتی بەندەی دەناسن، تا بە ئەمڕۆ لەبەر هـیچ کەس، هـیچم نەنووسـیوە و

هیچم نەوتووە، کاتێک بە تەمای تەماح و شوێن نەبم، ئیتر بۆ لە هەق لادەم، جافی لای ئێمە قسەیەکی خۆشیان هەیە و دەڵێن:

" سیروان لێشت نەدەم هەردەم بەی؟"

بەڵام با ڕاستگۆ بم، هەرگیز بە تەمای ئەو بێ لوتفی بڕێک لە نووسەران نەبووم، لەوە دڵنیام ئەو جۆرە کارەکتەرانە زادەی بژێوی ڕۆژن و ئەمرۆ نا سبەی بەلاوە دەنرێن. کەسانی وەک مامۆستا حوسێن عارف لە بوارەکەیدا سەنگی مەحەکن...

جا وەک موتەنەبی دەڵێت:"

" بێ باییکردنی بەرهەم کەم سەلیقەیی دەوروبەرەکەی نیشان دەدات، نەک داهێنەرەکە."

**١٩٩٦/٣/١٢ بەغدا...**

# شێخ عوسمانی نەقشبەندی

ساڵ، ساڵی ١٩٦٣ز لەگەڵ دەوڵەتی بەعسدا شەڕ دەستی پێ کردووەتەوە، ئاگر لە چوارتەنیشتەوە دەبارێ، ئێمەی پێشمەرگە خواردنی ڕۆژانەمان نان و دۆ بوو، ئەوەیش لە دێهاتەوە بۆمان دەهات، چەوریمان نەدەدی.

لەگەڵ چڵکنی و پڵکنی ڕاهاتبووین، جاروبار جلەکانم دادەکەند و دەمدایە بەر تیشکی هەتاو، فانیلەی ژێر کراسەکەم ئەسپێیەکانی گەلێک باوەڕ بە خۆیانە ڕێچکەیان دەبەست و دڵنیا و فیز زل، تاک تاک و جووت جووت، تەراتینیان دەکرد.

سەرەتا خۆخوراندن پەریشانی کردبووم، بەڵام زۆری نەکێشا بەو خۆ خوراندنەیش ڕاهاتم.

وردە وردە هەستم کرد لە تاریکیدا چاوەکانم لێڵ دەبن، دواتر ئەو لێڵبوونە بوو بە زۆرتر و زۆرتر، ئیدی تاریک دادەهات چاوەکانم دەکوژانەوە، لەو ئاگربارانەیدا شەوکوێری و پێشمەرگایەتییان نەوتووە. هەواڵی وەزعی ناجۆری خۆمم گەیاندە " سەردار جاف"، ئەو دەم قوتابی کۆلیژی یاسا بوو لە تاران، گرفتی گەورە لەوە دابوو پێشمەرگە لە ئێرانا قەدەغە و بە دوژمن ناو دەبرا، ڕۆژێک کابرایەک هات و نامەیەکی دا بە دەستمەوە، ڕوانیم هی سەردار جافە، تیادا نووسیبووی هەڵگری نامە باوەڕپێکراوی ئێمەیە و باوەڕی پێ بکە و

تــا دەتگەیەنێــتە کرمانشــان، بە ســبەینێدا لەگەڵ ئەو چاوســاغەیدا کەوتــمە ڕێ. ئەو کــابرایە تەواوی کــوێرەڕێ و بــزنەڕی و ئەو دەڤەرە شارەزا بـوو، دەمەو ئێـوارە گەیشـتینە سـەر جـادەی قیـڕی بـاکووری شاری قەسری شیرین، لە دۆڵێکدا لەژێر درەختێکدا دانینام و وتی:

لەوێــڕا نەجــوولێیتەوە تــا دەڕۆم بــۆ قەســر و ئۆتۆمبێلێــک چاوەڕوانمــان دەکــات، ئەمــان و دەخیــل نەکــا بجــوولێیتەوە، ئەو نەیدەزانی شـەوکوێرم، تاریـک داهـاتبوو، چـاوی منـیش کوژابـوویەوە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند، کابرا هات و وتی: زووکە بڕۆیین! وتم کاکە دەستم بگرە من بە شەو نابینم، وتی: ئەی داد و بێـداد حەیـف بۆ جوانخاسیت! دەستی گـرتم و سـواری سـەیارەی لە دواوە کـردم و وتی: ئەگەر ژاندارم ڕامانیان گرت خۆت بکەرە نەخۆش...

کەوتیـــنەڕێ بەرەو شـــاری کرمانشـــان، ئەو دەم خێـــزانەکەم دەستگیرانم بـوو، کە منـی بەو شـەوکوێرییە بینـی، هـاواری گەیشـتە ئاسمان و ژێر نەدەبوویەوە.

دەی شـەو خـۆم شـۆرد و جلـوبەرگی پێشـمەرگایەتیم داکەنـد و دەسـتێک جلـوبەرگی شـەهید سـالار جـافم لەبەر کـرد و لەگەڵ ئەودا بەرەو شاری تاران بەڕێکەوتم، یەکسەر بردمیانە ئاپارتمانێکەوە، بـۆم دەرکەوت ئەو شووقەیە هی شێخ ناسح و شێخ مـادح نەقشـەبەندییە، کە ئەوانــیش قوتــابیی بــوون، مــن لە ڕۆژدا دەمــدی، لە ڕۆشــناییدا دەمدی. کاتێک سەردار جاف منی بەم چەشنە بینـی گەلێـک دڵگـران و ناڕەحەت بوو.

بەیـــانییەکەی منیـــان بـــردە لای پرۆفیســـۆر" شـــەمس" کە بە گەورەتـرین لێزانـی نەخۆشـییەکانی چـاو دەناسـرا، یەک مانـگ لەژێـر چاودێریی ئەودا بووم.

چەنـد هـاوڕێیەکی سـەردار قوتـابیی کـورد بـوون، پێشـمەرگەیان نەدی بـوو.. دیـارە بەنـدە بە یەکەمـین پێشـمەرگە دەژمێـردرێم بەو شێوەیە ڕۆیشتوومەتە ناو ئێران، زۆریان لاخۆش بوو بۆ یەکەمین جار پێشـمەرگە ببیـنن، لەوانە نـاوی سـەلاحودینی مـوهتەدیم لەبیـرە، هەروەها محەمەد ئەمینی سراجی.

یەک مانگی ڕەبەق لەژێر چاودێری دابووم و گەڕامەوە سەرخۆم و جاران. دوای پێشمەرگایەتی بە چەند ساڵێک بوومە قوتـابی کـۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران.

ڕشتەی تەلارسازیی کۆلیژم تەواو کـرد و پیلانـی جەزائیـر ڕوویـدا بوو، بڕێک لە خزمانی تریشم ئاوارەی ئێران بوون.

سـاڵ هـات و چـوو، مسـتەفا بەگـی جـافی خـاڵۆم قسـەخۆش و نکتەبـازی بەناوبانـگ بـوو، تەلیفـۆنی کـرد کە سـبەینێ نیـوەڕۆ بـۆ نانخواردن بڕۆم بۆماڵیان دەعـوەتی بـۆ شـێخ عوسـمان نەقشـبەندی کردبوو، منیش لام خۆش بوو بە خزمەتی ئەو زاتەی بگەم.

شـێخ عوسـمانی حەزی لەوەی بـوو بەسـەر زەویـیەوە دانیشـێت، دۆشەکیان لە زەویـدا بـۆ ڕاخسـتبوو، شـێخ مەولانـای برایشـی لەگەڵ

دابوو، دەستی هەردووکیانم ماچ کـرد، شـێخ عوسـمان خواهەڵنـاگرێ عالی جەناب و مەجلیس ئارابوو.

باس هاتە سـەر شـیعر و شـاعیری، شـێخ عوسـمان بۆخـۆی هەم شـاعیر بـوو، هەم شـیعرناس، لەنێـو بـاس و قەسـەیدا وتــی: شـێخ مەولانای برام شاعیری باشە.

خاڵۆ مستەفا ڕووی کردە شێخ مەولانا و وتی:

یا شێخ! یەکێک لە شیعرەکانت بخوێنەوە.

شێخ مەولانا وتی:

جەنابی مستەفا بەگ شیعری خـۆمم لەبەر نیـیە، باشـە یـا شـێخ نووسیوتەتەوە؟

شێخ مەولانا وتی: ناوەڵا نەشم نووسیوەتەوە!

خاڵۆ مستەفا وتی:

یا شێخ شـیعری خۆتـت لەبەر نیـیە و نەشـت نووسـوەتەوە سـێ تەڵاقەی مستەفای کەریـم بەگـی جـاف کەوتبێـت یەک بەیـت شـیعرت نەوتووە.

شێخ عوسمان دای لە تـریقەی پێکەنـین، پێکەنینێکـی وا، بەلای سـەرینەکاندا چەمـایەوە و هەر بەردەوام بـوو لە پێکەنینـدا ... دوای پێکەنینێکـی دووردرێـژ، شـێخ ئـارامی گـرت و هـاتەوە سـەرخۆی... باس هەر باسی شیعر بوو، خاڵەمستەفا ڕوو بە شێخ عوسمان وتی:



جەنابی شێخ عوسمان... ئینجا ئاماژەی بۆ من کرد و وتــی: ئەم خوشکەزامە شاعیری باشە.

شێخ فەرمووی: دەی شیعرێکی خۆتمان بۆ بخوێنەوە...

وتم: قوربان من شیعری خۆمم لەبەر نییە، بەڵام نووسیانمە...

شێخ دیسان تریقایەوە و وتی:

دەیاڵا شیعرێک بەم دانیشتنەیدا هەڵدە.

وتم: قوربان چەندێک کاتم دەدەیتێ؟

وتی: تا دوو کاتژمێر!

ڕۆیشتمە کەنارەوە لە ماوەی نیو کاتژمێردا چوار بەیتێکم نووسی و دامە خزمەتی شێخ، کە خوێندیەوە وتی:

ئەشــهەدو ئەمە شــیعرە. ئــافەرین تەواوی مواســەفاتی شــیعری تیادایە.

جــاری دووهەم لە بەغــدا لە مــاڵی خــودی شــێخدا گەیشــتمەوە خزمەتی و وتی: هەر شیعر دەنووسی؟

وتـــم: قوربـــان! دوو دیـــوانم گەیانـــدووەتە چـــاپ و بەلای ڕۆشنبیرانەوە جێگەی خۆیان هەیە.

وتی: ناوی ئەو دوو دیوانەت چی ناوە؟

وتم: یەکەمیان بەناوی "بەفری گڕگرتـوو"، دووهەمیـان بەنـاوی "ئاوێنەی تاوان"

وتی: ئەگەر بکرێت ئەوانەم بۆ بنێری...

دەستم خستە سەر هەردوو چاوم.

**١٩٨٥بەغدا.**

# فڕۆکەخانەی مونیخ

بەفــــر دەبـــاری، لە پشـــتی جـــامی پەنـــجەرە پـــانوپۆڕەکەی فڕۆکەخانەی مونیخەوە گۆڕەپانەکەی فڕۆکەخانەکە، چەندان فـڕۆکەی دوور و نزیک ڕاگیرابوون، باندی نیشتنەوە وەک دوو گوریسـی درێـژی داگیرساو دەهاتنە چاو، لە ئاسمانەوە فڕۆکەوانەکە دەیدی و دەبوا لە نێـوان ئەو دوو ڕیـزە چرایەیـدا بنیشـتایتەوە، یـان هەر فـڕۆکەیەک هەڵفڕیبا.

کـــاتژمێرێکی بـــۆ فڕینـــی فـــڕۆکەکەم مـــابوو، دەڕۆیشـــتم بـــۆ ئەستەنبۆڵ، قاوەیەک و دوانم خواردەوە و بانگەوازی ئامـادەبوون بـۆ سـواربوونیان لە دەنگەوەرەکـانەوە جـاڕدا، پەلەم نەبـوو، "گیـتە"کەم لێوە نزیک بۆ لەسەر خۆ پاپشـە یاپشـە بەرەو "گیـت" بەڕێ کەوتـم. زۆربەی هاوگەشتەکانم تاک و تەراکێک ڕۆژهەڵاتی دەبینران، زۆربەیان ئەورووپایی بوون.

دەی سەرکەوتم و بەپێی تکتەکەم لە جێی خۆما دانیشـتم، زۆری نەکێشـا ئافرەتێـک لە تەنیشـتمدا لێـی دانیشـت و هەڵاوێکـی کـرد و وەڵامم دایەوە، ئەگەرچی شۆخی و شەنگییەکەی سەرسـامئاوەر بـوو، لەژێر چاوە نەبێـت، ئەویـش بە دزییەوە، دەنـا گـرنگیم پـێ نەدا. بە ئاسمانەوە بووین، بەسەر هەورەوە دەمنواڕییە قووڵایی ئاسماندا ئاخر

من بەلای پەنجەرەکەوە دانیشتبووم... بە نووسینەوە خۆم خەریک کرد و کاتژمێر و نیوێک دەبوو بە ئاسمانەوە بووین، ژنە بە ئینگلیزی پرسی: ناوت چییە و خەڵکی کوێی؟

ناوی خۆمم پێ وت و وتم: کوردی عێراقم، ئەی تۆ؟

دەستی درێژکردەوە و لەگەڵ تەوقەکردندا وتی:

من ئەنجیلام و ئیتاڵیاییم....

وتم: دیارە هەرچی ئیتاڵیایی هەیە خزمی یەکن.

وتەکەمی لاسەیر بوو، وتی: چۆن؟

وتم ئەوە نییە کتومت هەر لە سۆفیالورین دەچی!

بە قاقا پێکەنی و هەر پێکەنی، بە دەم پێکەنینەوە، تۆ بەڕاستتە؟

- من ئەهلی گاڵتە نیم و بەڕاستمە، شتێکە تۆزەکێک تۆ بوڵندتری.

ژنە ئەلهەق و وەلئینساف پڕبوو لە زەرافەتی ژنانە، شێوە و شەمایلی لە بابەتی سۆفیالۆرین دەچوو، بە جیاوازییەک چاوی شین بوو، خویم پێوە کرد و ئەشهەدو ئەسپەژن بوو.

پرسی دەمێکە خەریکی نووسینی، دەتوانم بزانم چی دەنووسی؟

وتم: شیعر دەنووسم، هەوێنی شیعرەکەیشم تۆیت!



وتی: من! بۆ من؟

وتم: جا بۆ تۆ نا، بەلای منەوە لەوەیش شایانتری....

وتی: دەتخوا بۆم وەرگێڕە!

وتم: باشە، بەڵام لێگەڕێ با بە زمانەکەی خۆم بۆت بخوێنمەوە تا گوێ لە فۆنەتیکەکەم بگریت، ئەو دەم بۆت وەردەگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی.

وتی: بوەستە با داوایەک بکەم، ژنە هات و داوای دوو پێک شەمپانیای کرد و هێنایان، هەر یەک مژێکمان لێ دا و دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

هەزاران پا دوور لە زەوی لەناو هەورا

لە مۆڵگەی پەریزادانی ئاهوورا

ڕوخسارپەری، بە دولبەری

شۆخەکەی چاوتۆخەکەی، نێو نیگا تیژ و تەلیسم

زادەی کام تەیاری، کام بوومی فریشتەی یان بەشەری؟

ئەبرۆ تۆخ و برژانگ تۆختر و تەیمانی

جامی جەمە نواڕینت مەنگی هوەیدایە ئەسەری

چاو چ چاو، شینتر لە قووڵایی ئاسمان

واڵایە، ڕوخسار ئاڵایە، بەژن کەمەری

پەنجەی یەزدانی تیا دیارە

بێ ئاگا کڕنووشم داوە لەبەری

منی داماوی جوانپەرست

نیونیگا دەنواڕم سەرسەری

نازی ڕەوایە، دەستکردی خوایە!

پەریزادان و ئەختەری

به هەر فەلاکەتێک بوو، هەڵبەستەکەم وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی، هەروەک منداڵێکی نازپەروەر شادمانە، پێدەکەنی...

پرسیم چ هوتێلێکت دابین کردووە؟

- یەشتا نەمکردووە.
- من شوێنێکم دابین کردووە دوو ژوورە لە هوتێل "ترابیا"ی سەر بوغازی بسفۆر، لات خۆش بێت ئەو ژوورەت دەدەمێ.

وتی: بۆنا، زۆریش لام خۆشە، هەروامان کرد.

شوێنەکەی دەینواڕییە سەر بوغازا، یەخچاڵی ژوورەکەیش پڕ بوو لە خواردنەوەی جۆراوجۆر، ئیدی شەو و مەی و جوانی تێکەڵ بووبوو.

به بەیانیدا بە لوورەی کەشتییەکی پەرچەمسووری چەکووش و داسی لەسەر نەخشابوو، بە لوورەکەیدا جەبەڕووت و دەستەلاتی

دەوڵەت و دەستەڵاتی سۆڤیەتی وەدەردەخست. ژنە بە لەهجەیەکی تێکەڵ بە ڕۆژئاوایی وتی:

"بەیانیت بێش!"

شەوی ئەو وشە کوردییەم فێرکردبوو.

١٠/٦/ ١٩٨٥

# لە کۆلیژی تەلارسازیی بەغدا کۆڕم گرت

ناوبـــاوی تەلارســـازیم لە شـــاری بەغـــدادا دەنگـــی دابـــوویەوە، گەیشتبوومە سنووری پەنجەمۆری تایبەت، لە ئۆفیسەکەمدا خەریکی کـاری خـۆم بـووم، شـەش حەوت  کـوڕ و کچـی قـۆز و قیـت هـاتنە ژوورەوە و دانیشـتن. یەکێکیـان لە جیـاتی هەموویـان هـاتە گفـت و وتــی: ئـێمە قوتــابی ســاڵانی دوایــی کـۆلیژی تەلارســازین و قوتــابی ماجستێریشـــمان تیـــادایە، بە نـــوێنەرایەتیی هـــاوەڵانی قوتابیانمـــان هـــاتووین، ئەگەر بکرێـــت ڕۆژێـــک دابـــین بکەیـــت تـــا ڕۆژێـــک لە کۆلیژەکەمان کۆڕێکمان دەربارەی تەلارسازی بۆ بگێڕیت، تا سوود لە تاقیکردنەوەت وەرگرین.

داواکارییەکەیانم پێ خـۆش بـوو، بەڵام مەوزووعەکە بەلامەوە بەو ئاسانییەی نەبوو، کە وا ئەو گەنجانە دەیـان وت. لە وەڵامیانـدا وتـم: پێم خۆشە ئاوا کۆڕێک لە کۆلیژەکەتانـدا بگـرم، بەڵام بەو شـێوەیەی ئێوە دەیڵێن ڕەنگە نەتوانم.

- باشە بۆ ناتوانی.
- ئـــاخر لە کـــۆلیژدا ڕاگـــر هەیە، مامۆســـتایانی تەلارســـازی زۆری تیـادایە، ڕەنـگە ئەوان هەمـان ڕاوبۆچـوونی ئێوەیـان نەبـێ. مـن دڵتان ناشـکێنم یەکەم ڕاگرەکەتـان تەلیفـۆنم بـۆ بکـات، دووهەم لەناو تەلارسازانی بەغدایدا بۆچی هەر منتان هەڵبژاردووە؟



پرسیارەکەم لە جێگەی خۆیدابوو، چەند دانەیەکیان پێکەنین و یەکێکیان وتی: ئێمە لە خۆمانەوە تۆمان هەڵنەبژاردووە، لە یەکێک لە مامۆستاکانم لە کلاسدا بیستووە، کەوا تۆ شێوەی تەلارسازی عێراقت تێکداوە، کەچی نەخشەیەکی تەلارسازی بۆ یەکێک کیشاوە کتومت لە کاری تۆ دەکات.

یەکێکی تریان وتی: من لە مامۆستاکەم بیستووە، کە وتی: من زەرەر و زیانم بۆ مێرووولەیەک نییە، بەڵام ئامادەم خوسرەوجاف بکوژم، شێوەی تەلارسازی جاهیلانە گۆڕیوە، کەچی هەمان مامۆستا دوای پێنج ساڵ لەو وتەیە، لە کاری تەلارسازیدا لاسایی تۆ دەکاتەوە!

- باشە کەواتە دەتانەوێ من ببەنە ناو دوژمنێکی ڕاستەقینە، ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ڕاگرەکەتان یان بە نامە یان بە تەلیفۆن داوام لێ بکات ئەو دەم دێم، دوای دوو ڕۆژ کەسێک تەلیفۆنی بۆ کردم، وتی:

من د.حوسام ڕاویم، ڕاگری کۆلیژی تەلارسازی زانکۆی بەغدا داواکارم ڕۆژێک دابین کەی تا کۆڕێک لە کۆلیژەکەماندا ئەنجام بدەی بۆ مامۆستایانمان.

ناوی مامۆستاکان سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە وتم:

- ئەی قوتابییان؟
- وامان لاخۆشە تەنها بۆ مامۆستاکانمان بێت، هەر نەبێت لە ئێستادا.

- دکتۆر چ گرفتێکە تەنها بۆ مامۆستایان بێت، من وای بە چاک دەزانم کۆڕەکە بۆ قوتابیانیش بێت، هیچ زەرەر و زیانێک لەوەیدا نابینم.
- ئاخر ئێمە وامان لا چاکە!
- من ئەوەی ناکەم ئەگەر قوتابی و غەیری قوتابیشی تیادا نەبێت... خواحافیز.... خواحافیز.

بە سبەینێدا چەند کەسێک لەو قوتابییانە هاتنەوە و کەینوبەینی نێوان خۆم و ڕاگرەکەم بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش لە پێشنیارەکەی ڕاگرەکەیان سەریان سووڕما!

دوای دوو ڕۆژی تر " ڕاگر" دووبارە تەلیفۆنی کرد و وتی:

بڕیارمانداوە کۆڕەکە بۆ هەمووان بێت، بەڵام من تکایەکم لێت هەیە، لە کۆڕەکەتدا مامۆستاکانمان مەخەرە تەنگەبەرییەوە.

لە وتەکەی سەرم سڕما، بۆیە وتم: من وەڵامی پرسیار دەدەمەوە، هەر پرسیارێکیش وەڵامی خۆی هەیە.

وتی: مامۆستا تۆ تەلارسازێکی مەیدانیت و لە شاری بەغدایدا کاری زۆرت ئەنجام داوە و بە بەرچاوەیە، مامۆستاکانی لای ئێمە تەلارسازیی ئەکادیمین، کاروکردەوەی مەیدانییان ئەنجام نەداوە، بۆیە دەڵێم (ئیحراج)یان مەکە.

دەی ڕۆژی کۆڕ تەرخان کرا و هۆڵەکە جمەی لە خەڵک دەهات، چەند سەد کەسێکی تیادا بوو، قوتابی و غەیرە قوتابی، بۆ نموونە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و مەلا شەکووریش هاتبوون.

ڕاگر بۆخۆی منی بە دانیشتووان ناساند.

نزیکەی کاتژمێرێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی جیهان و شێوە و شەمایلی کاروکردەوەی تەلارسازی لە بەغدایدا دوام.

دەرگەی لێدوان کرایەوە، مەلا شەکور جۆرێک لە تەلارسازی دوا، هیچ تەلارسازێکی خەبیری پیا نەدەگیشت.

شیرینی ئیحسان فواد لە کۆلیژدا مامۆستا بوو، هەڵسا و وتی: ئێمەی مامۆستایان جاروبار دەربارەی شێوەکاری خوسرەوجاف باس دەکەین و ناومان ناوە "گاودی عێراق"، مامۆستایەکی تری زانکۆ پێشنیاری کرد هەفتەی وانەیەک لە کۆلیژدا دانرێت و خوسرەوجاف تا دەربارەی گیروگرفتی کاری مەیدانی و شێوەکاریی خۆی بدوێ.

قوتابییان چەند پرسیارێکیان کرد، ڕاستت دەوێ خۆم دانابوو مامۆستاکان ڕەخنەی زۆرم لێ بگرن، نەیان کرد، بێدەنگ وەک تەڵەبەی تەنبەڵ هەر گوێگربوون.

بە چەپڵەڕێزانێکی زۆرەوە کۆڕەکە تەواو کرا.

## من و کامکاران و شەوێك

لەسەرتاسەری عێراق و بە کوردستانیشەوە بۆنی خوێنی لێدەهات، جەڵتەی دڵ لێی دابووم، گوڕ و توانای هێنابوومە سەر هیچ.

جووڵانەوەی کوتوپڕ و زەقم پێوە نەمابوو. دەواو و دەرمان توانای بیمارستانەکان، ئەوانیش شەق و لەق بووبوون. کۆڵەبارم لێ بەست و سەرەتا گەیشتمە ئەڵمانیا و دوای مانگێک گەیشتمە شاری لەندەن.

ئەم دکتۆر و ئەویترم زۆر کرد و تا ڕادەیەک دڵنیاکرام و لەو بناری شاری لەندەنەیدا خۆم بە ڕۆمانی "گەماڵ"ەوە خەریک کرد. ڕۆژانی تاتیلّ دەۆڕیشمە باخچە گشتییەکان بەتایبەت باخچەی " هایدپارک" و لە دوورونزیکەوە لە ڕوخسار و ڕەفتاری ڕۆژهەڵاتییەکان ورد دەبوومەوە، بەتایبەت ئەوانەی بەسەر لاکێشەکانەوە دۆشداماو کزۆڵ لێی دانیشتبوون لە ڕوخسار و نیگەرانیاندا دەزانرا لە گیروگفتێکی نادیاردا بیر و فکریان دەخولێتەوە.

با ڕاستگۆبم، بۆخۆشم لە هەمان گیروگرفتدا دەخولامەوە و سەرگەرمی پسووڵەی نیشتەجێبوون بووم پارەزیرەکەم لە وەرگرتنی دڵنیابوو.

سێ چوار مانگێک خەریکی ئەو کارە بووم، دوای ئەو ماوەیە ڕوانیم نیازم بە لێکدانەوەی کۆچەرانی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقایی ناو پارکەکان نەماوە و بۆخۆم وەک ئەوانم لێهاتبوو... گەیشتبوومە پۆپەی ئاوارەگی، لە لایەکەوە لە گەڕانەوەم بۆ بەغدا بێزاربووم، لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسیش نەمدەتوانی بگەڕێمەوە کوردستان.

لەسەردەمی قوتابیبوونمدا نەوشیروانم دەناسی، ئەویش نیشتەجێی لەندەن بوو، تەلیفۆنم بۆ کرد، نەیدەزانی لە شاری لەندەن دام، هەر ئەو ڕۆژە یەکترمان دی، لە زۆر بارەوە دواین و وتی: باشە فلانی ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کەسانێکی وەک تۆ لە کوردستاندا بن و وا نازانێ ئەوە ئەرکێکی نەتەوایەتیت بێ، نەک نیشتەجێی لەندەن!

- کاکە ئەمنیش بۆ هەمان گرفت هاتوومەتە لات، وەک دەبینی ڕۆژانە لە لایەن بەکرێگراوانی ئێرانەوە ئەندامێکی دیموکرات و کۆمەڵە دەکوژرێن، منیش وەک ئەوان بەلایانەوە تۆمەتبارم، ئەگەر دەتوانی بمپارێزی یان لێم گەڕێن چل، پەنجا چەکدار لە دەورم بن، نایخەمە دووسبەی دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

نەوە مژێکی لە قاوەکەی بەردەستی دا و وتی: وەڵا خۆ من بیرم لەو بابەتەی نەکردبوویەوە، لێگەڕێ جارێک با بزانین وەزعەکە دەگاتە کوێ... ڕاست دەکەیت زۆر دەست لە کاردایە، یەشتا کەفوکوڵی ڕاپەڕین دانەمرکابوویەوە و بەرەڵایی بەردەوامە، واچاکە لێرە بیت و پەیوەندیت پێوە دەکەم.

من دەمزانی ئەو برادەرانە توانـای بەکـاربردنی وشـەی نەخێریـان ڕوو بە ئێران تیادا نیـیە، ملمـلانەکەش وردە وردە بەرەو هەڵچـوون و دەست بە یەخەبوون دەڕۆیشت و منیش خەڵکی تەبار و دیـارێکی تـر بـووم... بەڵام لە مێـژەوە پەیوەنـدیم لەگەڵ "نەوشـیروان مسـتەفا" بەردەوام بوو.

بەهەرحـاڵ، دوو جـاری دیـکە لە شـاری لەنـدەن یەکمـان بینـی، پارێزیم دەکرد لە بینینـی، بڕێـک لەوانەی بەنـاوی ڕاکـردووی دەسـتی دەوڵەتـی عێـراق بـوون، یەشـتا منـداڵەکانم هەر لە بەغدایـدابوون و دەمزانی بڕێکی زۆر لەو کەسانە فسۆکی دەزگا ئەمنییەکـانی عێـراقین تێکەڵاویان نەدەبووم.

ڕۆژانە دەڕۆیشتمە قاوەخانەیەک بە ناوی "شیراز" مامۆسـتایەکی زانکۆی ڕاکردووی ئێرانی دەیبرد بە ڕێگەوە، بە ناوی دکتۆر "ئیـرەج" بە ڕەگەز "لوور" بوو، بۆ دکتۆراکەی لە بواری "شانۆی"دا وەرگرتبوو، "تار"یشـی لـێ دەدا، ڕۆژانە لەو قاوەخانەیـدا بە ڕۆمـانی "گەمـاڵ"ەوە سەرگەرم بووم، ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ ئیرەجدا برادەریم تـۆختر و پتەوتـر دەبوو، باسی کوردبوونی "لوور" لەنێوانماندا بەردەوام بـوو، سـووربوو لەسەر ئەوەی "لوو لوورە".

کاتێک لە ئێراندا بووم دۆستایەتی و ئاشـنایەتیم لەگەڵ یەک دوو گەورەپیاوانی لووڕدا بەردەوام بوو، جگە لە دیتنی یەکتر لەناو شـاری تاراندا جارێک دەعوەتیان لێکردم بۆ لووڕستان و چەند ڕۆژێک لەوێـڕا مـامەوە و ڕۆژێکیشـم لەنـاو خـێڵە لووڕەکانـدا بەسـەر بـرد، هـیچ



جیاوازییەکم لەنێو خێڵی لوڕ و جافدا بەدی نەکرد، کتومت وەک یەک وابوون.

وردە وردە توانیم بیروڕای دکتۆر ئیرەج بگۆڕم و کوردایەتییە حەیاتەکە بخەمە خولیایەوە، یەکەمین کارێک کردی ناوی قاوەخانەی لە "شیرازەوە"وە گۆڕیە سەر "کوردستان".

بڕێک لە شەوان پێکەوە بووین، شەوێک بەرنامەیەکی هونەری لە کارخانەیەکی سەنعەتیدا پێک هێنا، بەلامەوە سەیر بوو... لەنێو تۆڕنە و درێلی زلزەلام و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی سەنعەتی دانیشتن بەرنامە، بەلامەوە دانشتنێکی سەیر بوو، هەرا بوو ئەو شەوە... ناز و ئەدای ژنانەی نازدارانی ئێرانی تێکەڵی مۆزیکی ئێرانی و سەماوخۆ بادانی بەزمی "باباکەڕەم" و سەما باوەکانی ڕۆژانی لەناو کۆمەڵێک ماشێن و ئالاتی زلزەلامدا سەرخۆشی وای لێ کردم لام وابوو ماشێن ئالاتەکانیش بەشداری سەما و مۆزیکن ئەوەسا لە سەمادان.

دەی، ڕۆژ هات و چوو، دوای چاوەڕوانی نیشتەجێبوونم ڕەتکرایەوە... پارێزەرەکەم وتی: کابرایەکی ئینگلیز دەیەوێ بتبینێ... لە هەمان قاوەخانەی شیرازی بە کوردستان بوو یەکترمان دی، کابرا وتی:

ئێمە نیشتەجێبوونی تۆمان ڕەتکردەوە تا ببیتە پەنابەر، ئەگینا مەرجی نیشتەجێبوونت تیادا بوو، ئێمە وا بە چاک دەزانین.

لە وڵامیاندا وتم: لێم گەڕێن با بیری لێ بکەمەوە، من یەشتا منداڵەکانم لە بەغدان و زۆربەی داراییشم لە یبەغدادایە، ئەو گرفتانە کاتی دەوێ.

وتیان: ئەوە گرفتی خۆتە، کاتت بە دەستەوەیە، بەڵام زۆرنا، ئەوەندە دڵنیابووم لە نیشتەجێبوونی "بزنس" لەگەڵ تەلارسازێکی ئێرانیدا کۆمپانیایەکی ساختمانیمان پێک هێنابوو، بەهەر حاڵ تووشی هاتبووم، دەمویست بە جۆرێک لە جۆرەکان سەر لەو گرفتارییە وەدەربهێنم.

فیستیڤاڵی مۆزیکی جیهانی کەوتبووە شاری لەندەن، لەو بەرنامە و بەزمە دکتۆر " ئیرەج" ئاگاداری کردمەوە کەوا نزیکەی سی کەس لە هونەرمەندانی ئێرانی لەو فیستیڤاڵەیدا بەشدارن و برادەرانی کامکاریشمان تیادایە.

ئەو دەم لە شارۆچکەی ئۆکسفۆردی نزیک لەندەن خانووەیەکی نەختێک پانوپۆڕ و بەربڵاوم بەکرێ گرتبووو.

چەندان ژووری نووستن و مێوانخانە و ئاشپەزخانەی تیادا بوو، بە دکتۆر ئیرەجم وت:

بە زمانی منەوە بۆ شەوی یەکشەممە داوەتیان لێ بکە، پێشم خۆشە جگە لە برادەرانی کامکار چەند هونەرمەندێکی کەی ئێرانیشم داوەت کەی.

من کامکارەکانم نەدەناسی، تەنها گوێم لە دەنگی بێژەن و مۆزیکی برادەرانی بووە، ڕەنگە زۆر کەس ئاگاداری باوکی

کامکارەکــان نەبــن، کە چەنــدە ســەردەمداری دونیــای هــونەری و ئاگاداری ئەدەبیاتی فارسی و بڕێک لە شـوعەرای کـورد بـووە. چـوار کوڕ و کچێکی هەبووە هەر یەک لەوانەی کردووەتە لێزانـی یەکێـک لە ئامێرە مۆزیکییەکان، هەر ئەو شەوە زانیم باوکی کامکاران مامۆستای مەزهەری خالقی بووە.

شـەوی یەکشـەممە وردە وردە هاتەپێشـەوە تـا دەبـوو بـرادەران کۆدەبوونەوە، خالقیش هاتبوو.

دەنگــی قورمیشــکردنی ئــامێرە مۆزیکییەکــان تــاک و تەرایــک بەرزبووبـوویەوە. یەکێـک لە بـرادەران پێشـنیازی کـرد، شـەوەکە بە هەڵبەسـتێکی بەنـدەوە دەسـت پـێ بکرێـت، لەو حەلانەیـدا بەنـدە لە گیروگفتێکی دەروونی سەیردا بووم، هەر بەم بـۆنەیەوە هەڵبەسـتێکی تـازەم نووسـی بـوو، شـەوەکە پـڕ بـوو لە هـونەر و مۆسـیقا و لەو غەریبستانەدا کۆبووینەوە.

ناچاریـــان کـــردم تـــازەترین هەڵبەســـتم بخـــوێنمەوە، لە خوێندنەوەکەیدا داوام لە برادەرانی کامکـار کـرد بە مـۆزیکێکی ئـارام هاوڕایییم بکەن.

بە دوای خوێندنەوەکەمدا داوام لە بێژەن کرد تـا گـۆرانی دەسـت پێ بکات، نەڕۆیشتە ژێر، بەلامەوە سەیر بوو! سەرم سڕما، تا دواندم لە وەڵامدا وتی:

فڵانی من بێ ئەدەبیی وا ناکەم، مامۆستا خالقی لێرە دانیشتبێت و من لە پێش ئەودا گۆرانی بڵێم، ئەوە مەحاڵە.

هەموومان ڕوومان کردە خالقی، ڕوانی چارەی بۆ نەماوەتەوە، ڕووی کردە ئەردەوانی برای گەورەی کامکاران و سەرپەرستی تیپەکە، پێی ڕاگەیاند "شیرین تەشی دەڕێسێت" دەڵێت.

لە سەرووی قامەتی یار، عاتر و عەبیر دەباری
دڵانی خستە لەرزە، لەرەی مەمکی هەناری
مەست مەست بە نیمنیگاوە، دوو نێرگسی خوماری
بە خەندە زولفی لادا، لەسەر عوزار و زاری
دونیا بە ئیتیزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ
هاوار شیرین گیان، ئامان شیرین گیان

تەشی وەکو دڵی من، لە دەستی ئەو دەلەرزی
چەند جوان و دڵڕفێنە، ئافتاب و تەور و تەرزی
کاتێ کە بۆ سەر ئاوێ، زولفی لە سەرووی بەرزی
کە شەو بەیانی بەردا، گوڵ و وەنەوشە باری
دونیا بە ئینیزاریت، شیرین تەشی دەڕێسێ
هاوار شیرین گیان، گیانم شیرین گیان

پەنجەی بە چەشنی شمشاڵ، دوو دەستی پڕ لە خرخاڵ
ڕوومەت سپی، دوو لێو ئاڵ، پەرچەم سیاهـ بوو چاو کاڵ
وەک ڕەنگی نەخشی مانی، بالا و کولم و خەت و خاڵ
سەلای لە عاشقان دا، باغی گوڵ و هەناری





دونیـــــــا بە ئینیـــــــزاری، شـــــــیرین تەشـــــــی دەڕێســـــــێ
هاوار شیرین گیان، ئامان شیرین گیان

شـەوەکە پـڕ بـوو لە ڕاز و سـحرئامێز، نەواوی سـازی بـرادەران بەرزبوویەوە و ناڵە و نەوایان دەگەیشتە ئاسمان:

به عیشوه زوڵفی لادا لەسەر عوزرا و زاری

دوگمەی کراس تەرازا بزووت هەوای بەهاری

کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوش ئەباری

سەودای بە عاشقاندا باخی گوڵ و هەناری

هەناسەیەکی پـڕ لە عیرفـان لە ئاسـمانی ئەو شـەوەیدا شـەپۆلی دەدا و بەیانی دونیای هونەری دەگەیاندە ڕوح و ڕەوانـی چاوسـاغانی هـونەر و ڕوحـی بەرزفـڕی وەفـایی ئەو نەواو و دەنـگە بـاری غەم و پەژارەی دوور لە وڵات و نامۆیی ئارام دەکردەوە.

نەوا و نەزمـی مۆسـیقایەکی ئاسـمانی خلسـەیەکی ئەفسـوناوی خولقاندبوو، ڕەنگە جارێکی تر ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە بە ئاسانی لە جێگەیەکدا کۆنەبنەوە.

بێگومان یەکێک لە خۆی دەپرسێت نەدەبوو ئەو دانیشتنە تۆمـار کرابایە؟

بیرمان لەوە کردبوویەوە، مەرجـی دانیشـتنەکە تۆمـارنەکردن بـۆ دەسـتگا و ئـامێری ڤـیدیۆی بـوو، لەبیـرت نەچێـت ئەمە لە ڕێکەوتـی

١٢/ ٩/ ١٩٩١ بوو. لە شاری لەندەن و شاروچکەی ئۆکسفۆردا و لە ماڵی بەندەیدا.

# عەرەقفرۆش

لە سەردەمی سەددامدا حەسار خرابوویە سەر عێراق، هەژارییەکی بێ هاوتا بڵاوبووبوویەوە، خەڵکەکە نەداری و هەژاری ناچاری زۆر شتی کردبوو، هەتاوەکوو دەرگای ژوورەکانی ناو ماڵەکانیان دەفرۆشت، لە جێگەیدا پەردەیان بە دەرگەدا دەکوتا یان شرە بەتانییەک.

بەندە پێوەندیم لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی عێراقدا پتەو بووو، بۆخۆیشم ئەندامی یەکێتیی نووسەران بووم، لە بڕێک لە کۆڕ و بۆنەکاندا بەشداریم دەکرد، ئەوانەی وا دووربوون لە سیاسەتەوە و تەنها هەر ئەدەبیات.

هەژاری وەک هەمیشە پێش هەمووان یەخەی ئودەبا و ڕۆشنبیران دەگرێ، وەک هێمنی هەمیشە زیندوو وتوویەتی:

ئەگەر بەردێک لە ئاسمانەوە داکەوێ، دەگەڕێت و دەڵێ کوا لە کوێیە ماڵی مام هێمن؟

هەمیشە وابووە ئودەبا و ڕۆشنبیران لە ڕووی ئابوورییەوە زۆربەیان نەدار بوونە، بەتایبەت لە عێراقی تازەدا، شەریحەی ڕۆشنبیر ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەرییان هەبووە.

ئیدی ئەوە گەمارۆی ئـابووری هـێڵە دەکـات، هەژاری و نەداری و بێدەرتانی زۆرتر یەخەی ئودەبا و نووسەرانی گرتبوو.

ڕۆژێک یەکێک لە برادەرانی ئودەبا هات و وتی:

دەزانی فلان، فلان و فلان چاویان کوێر بووە؟

پـێم سـەیربوو سـێ ئەدیـب بە یەکەوە تووشـی دەردی کـوێری هاتبن، پرسیم یانی چی و بۆ؟

وتــی: وەک دەزانــی بەشــێک لە ئودەبــا و شــوعەرا ئەهلــی خــواردنەوەن، پــارەی عەرەقیــان نەبــووە، لە خورمــا عەرەقیــان ئــاوگرتووە و کردوویــانەتە عەرەق و خواردوویــانەتەوە و کــوێری کردوون.

وتم ئەگەر وابڕوات زۆربەی ئودەبا کوێر دەبن.

وتی: ئاخر من بۆ ئەم مەبەستە هاتووم بۆ لات...

تۆ باش دەزانی ئەوانە خواردنەوەیان پێ تەرک ناکرێت.

وتــم: باشــە حەل چیــیە؟ چەنــد کەســن ئەوانەی وا ناچــاری سیستەمی ئاوگردنەوەن؟

وتـی: کـاکە فکـر لەوە مەکەرەوە، کـابرا لای خۆشـە کـوێر بێـت، لەپ لەکەس پان ناکاتەوە... خۆ تۆ ئودەبا چاک دەناسی.

وتم باشە خەریکی بێتاقەتم دەکەیت، ئیدی وەک دەڵێیـت بـۆچی هاتوویت بۆ لای من؟

وتی: ئەم پرسیارە شا بەیتەکەیە... من دەزانم کێ و کێ، وا بڕوات بەرەو کوێربوون دەڕۆن، دەڵێم ناوی ئەوانە دەنووسین و لە دوو مەیفرۆشدا یەکێک لە کەرخ و ئەویتریش لە ڕەسافە، فلانەکەس لە مانگێکدا پێنج بوتڵ عارەق، ئەوەی تر شەش، ئەوی تر چوار بوتڵ، بە مەرجێک ڕۆژانە لە چارەکێک عەرەق زیاتر وەرنەگرێت، ئەگەر هەمووی بدرێتێ دەیفرۆشێت.

- باشە من نامەوێ لەو پڕۆژەیەدا کەس بیزانێ، کە من لە پشتی ئەم بەزمەوەم.
- وتی: بیرم لەوەیش کردووەتەوە، بەم دوو مەیفرۆشە دەڵێین، بابڵێت ئەمە بەشەخۆراکی دەوڵەتە، بۆ ئێوەی دابین کردووە،" حـ×ة تموينية"، ئیدی ناپرسن و بە مافی خۆیان دەزانن. وەک وتم: نامەوێت کەس بزانێت من ئەو پارەی دەدەم، دووهەم چەند کەس دەبن؟
- چل و دوو کەس دەبن، ئەمەیش ناوەکانە، نووسیومانە، هەموویان دەناسی.

ناوەکانیم خوێندەوە حەزم لە چارەی دوان سیانێکیان نەدەکرد، وتم: ئەم سیانەچی؟

وتی: دەزانم ئەوانە ڕەزاتاڵ و هەڵەوەڕن، ئەگەر ناویان لابەی بە تەئکید کوێر دەبن و لێیان گەڕێ.

ئیدی هەموو مانگێک هەر ئەو برادەرەم هەڵبژارد و مانگانە پارەی ئەو لیستەم دەدا و دەیبرد بۆ عەرەق فرۆش.

وەک زانراوە لەناو توێژی ئودەبا ململان و دەستە و دایەرەی زۆر هەن، یەک دوانێـک بە پـارەی مـن سـەرخۆش دەبـوون لە منیـان دەخوێند.

ڕۆژان و مانگـان ڕۆیشـت و گـوزەرا و گەیشـتە سـاڵێک و پێـنج مانـگ، وەزعـی گەمـارۆ ئاسـان بووبـوو، بـاری ئـابووری لە قۆنـاغی برسییەتیدا گوزەرابوو، سەرۆکی یەکێتیـی نووسـەران بەمەی دەزانـی، ڕۆژێـک وتـی: فلانـی کـاتی ئەوە هـاتووە ئەو بەشـە عەرەقەی لەو کەسانە ببڕیت، جا من کۆیان دەکەمەوە و پێیان دەگەیـنم، لە مێـژدا ئاگادارت دەکەمەوە.

دوای دووسـێ ڕۆژ تەلیفـۆنی بـۆ کـردم و ڕۆیشـتم بـۆ یەکێتیـی نووسەران، ڕوانیم هەر چل و دووکەسەکە و چەنـد برادەرێکـی تـریش لەوێ بوون.

سەرۆکی یەکێتیی نووسەران دوای پێشەکییەک وتی:

برادەرینە چوار ڕۆژی ماوە بۆ سەری مانگ، بە پێیی زانیارییەک، کە لامە، سـەری مانـگ بەشـە عەرەقەکەتـان نـامێنێ، یەکێـک لەو برادەرانە وەک ڕەخنە لە دەوڵەت وتی:

ئێمە هاتووینە سەر دەریـایەک نەوتەوە، مـافی دوولتـر عارەقمـان پێ نەدرێ، ئەمە لە کام قامووسی ڕەوا دایە؟

یان لەم وڵاتەدا کەس بە کەس نییە و توانا بێتوانا دەخوا...

سەرۆک لە وەڵامیدا وتی: کاکە لێم گەڕێ بـا وتەکەم تەواو بـکەم ئەو دەم هەرچی دەڵێی، بیڵێ..

یەکێک وتی: بەرەکەت کات دەوڵەت، با تێر بخۆن.

سەرۆک وتی: کێ قسەی هەیە با بیکات و ئیدی قسەم پێ مەبڕن، تاوێک ڕاوەستا و کەس هیچی نەوت، بۆیە وتی:

برادەرینە! ئەم ساڵ و پێنج مانگە حیسەی عەرەقتان بۆ دابین کرابوو، لاتان وابووە لەبەر ئەوەی ئەدیبن و لاتان وابووە دەوڵەت بۆتانی دابین کردووە، پەنجەی بۆ من درێژکرد و وتی: ئەو پیاوە دابینی کردووە نەک دەوڵەت، هەر هەموویان تووشی سەرسامی بوون، ئینجا وردە وردە، یەک یەک هاتن و ماچیان کردم، هاتە سەر یەک دوانێک، یەکێکیان وتی:

جەماعەت من شایستەی ئەو تەشەکوورەی نیم، دەبێ داوای لێبووردن بکەم لە جوێی سوپاسگوزاری، ئاخر دیارە من بە عەرەقی ئەو سەرخۆشبوومە و زەمیشم کردووە، ئەوەیش پیشەی غیرەتسزەکانە، منیش خۆم بناسم هەڵوەڕ هەم، بەڵام غیرەتسز نیم.

هەڵسام و ڕوو بە ئەو ڕۆیشتم و وتم: لەو قسانە گەڕێو لەناو ئودەبایدا ئەوە ئاساییە، لە غیرەتسزی گەڕێ، ئەم باسە لەنێو ئودەبای ئەو سەردەمە و یەکێتیی نووسەراندا وەک ڕووداو تۆمار کراوە.

# کەڵەشێر و بەران

ئەشـهەدو منـداڵێکی لاسـار و شـەڕەنگێز و چەتـوون و بـێ گـوێ بـووم، لەگەڵ کـوڕە خزمەکانمـدا هەمیشـە لە شـەڕدا بـووم و زام لە ڕوخسـار و دەسـتوپام نەدەبـڕا، هەمیشـە لە لایەکەوە بـرینێکم پێـوە بـوو، هەر منـداڵە بەگـزادەیەک شـەوانە لەگەڵ بڕێـک منـداڵی سـەربەخۆیدا شـەوانە یارییـان دەکـرد، ئیتـر ئەوە قەرەقەرەیە (چاوشارکێ)، زۆرانبازییە، ئەو یارییانەی شـەوانە دەکران بەتایبەت لە شەوانی مانگەشەودا چەند بەیتی هەڵەمان دەخوێندەوە، بۆ گەنم گردی منداڵەکان:

مانگەشەوە

تەقڵی تەوە

بەرانە حیزەی چاو لە خەوە

لە یەکی بدەیتەوە، ئەو سێ ڕستـەیە، هـیچ مانـا و مەفهـوومێکی نیـیە و هەر هەمـوو منـدالان ئەوەمـان لەبەر بـوو، ئیـدی ئەوە وەک زەنگ مندالانی کۆ دەکردەوە، جاروبـار پەلامـاری ئەو تـاقمەم دەدا وا سەر بە یەکێک لە خزمانم بـوو، جـگە لەوەی بۆخـۆم شـەڕم دەکـرد، شەڕە سەگ و شەڕە کەڵەشێر و شەڕەنێرەکەریشم دەکرد.



هەرچی سەگی دڕی ناو ئاوایی و هەرچی کەڵەشێری زیت و قنج و شەڕانی ناو کەلاریم دەناسی و دەمزانی هی کام ماڵە، یەکێک لە منداڵانی خزمم لاسار و گرینۆک و دەم بە هاوار بوو، لەبەر ئەوەی دواچۆڕی باوکی بوو... لەولاشەوە حەوت خوشکی لەخۆی گەورەتریشی هەبوو، یەک لە دوانێکیان منداڵەکانیان هاوتەمەنی ئێمەبوون، ئەم خزمەم ملبارێکیکی دیزداشە لەبەر و دارلاسیقێکی لە ملدا بوو، مومکێن نەبوو بەردێکی بە زاحا بڕوات، هەر چۆلەکە و پەلەوەرێکی نیشان گرتبا دەی پێکا، هەروەکوو " ڕۆبن هود"ی تیر و کەمان وەشێن... چوون مەحاڵ بوو تیرێکی بە هەوانتە نەڕۆیشتبا، ئەم "بارام"ی خزمی منەیش بەردە لاستیکێکی بە خەتا نەدەچوو، ئەو بە خوشکەکانیەوە پشتی قایم بوو، بەڵام من لەو چەمووشتر و چاوقایمتر بووم تا لە خوشکەکانی بترسم.

ناوبراو دەمپیس، جنێوفرۆش وەک مەتریلوز، لە یەک چرکەیدا دە جنێوی ناشیرینی دەدا، لە هەر کوێدا گیرم بهێنا، مومکین نەبوو دەستی لێ نەوەشێنم، یەکێک لەو ڕۆژانە لە جێگەیەکدا بە گیرم هێنا... دارلاسیقێکی وەک هەمیشە لە ملدابوو، دارلاسیقەکەم ڕاکێشا ڕاکێشا، لەپڕ دار لاسیقەکەم بەڕەڵا کرد، دەمولووتی پڕبوون لە خوێن و زیڕەی لێ هەڵسا.

ئەوە شەست و حەوت ساڵ بەسەر ئەوەیدا گوزەراوە، یەشتا ئەو کارە ناشیاوەم لەبیر ناچێت، کە من بۆ وام کردووە." مام بارام"، سوپاس بۆ خوا یەشتا تەندروستی باشە و ئێستایش باسی ئەو کارە

نـاڕەوایەی مـنەی دەکـا، خـۆ بـا ئەویشـە بڵێـین دەم بە هـاواری و جنێوفرۆشـییەکەی بـێ حەد و سـنوور بـوو، ڕێبـوارێکی نەناسیشـی بدیبایە، لە خۆڕا جنێوی پی دەدا، نـاکۆکییەکەی منـی منـداڵ لەگەڵ "بارام"دا لە خۆڕا نەبوو، کەڵەشێرێکی لاری شەڕکەریان بـۆ هێنـابوو، هەرچی کەڵەشێربوو هەر هەمووی بەزان، ئاخر مەحاڵە

کەڵەشـــێری خۆمـــاڵی بەرگەی دوەنـــووک و شـــەق و شـــاپی کەڵەشێری لاری شەڕکەر بگرێت ...

ئەو کەڵەشێرە بۆم بووبووە گرێیەکـی گەورە، کەڵەشـێری مـن لە ئاستی کەڵەشـێری شـەڕکەری "بـارام"دا جـووجکەیەک زۆرتـر نەبـوو، بەڵام بۆخۆم هەقی کەڵەشێرەکەم لە بارام دەکردەوە.

ڕۆژ هــات و چــوو، بــارام خــاڵۆیەکی هەبــوو، ئەویــش ئەهلــی کەڵەشێر بـوو، ماڵێشـی هەر لەنـاو حەوشـی مـاڵی بـارام دابـوو. ئەم پیاوە ناوی عەلی سەلیم بەگ بوو، کەڵەشـێرێکی لاری سـەند، نـازانم لە کـوێی سـەندبوو، هێنـای بـۆ کەلار و لەگەڵ کەڵەشـێری بارامـدا شـەڕێکی خوێناوییـان کـرد و سـەرەنجام کەڵەشـێری بـارام ڕاونـرا و پـۆتی شـکا، ئیـدی وای بەسـەر هـات کەڵەشـێرەکەی خـاڵوی وەک مریشـێک سـواری دەبـوو. ئەوە بـۆ مـن و کەسـانی تـریش وەک دەستکەوت وابوو، ئیدی، کە دەمان دی، دەمانوت هـا کەڵەشـێرحیز! ئەویش گڕی دەسەند و هەزار جنێوی دەدا.

جـگە لە شەڕەکەڵەشـێر، عاشـقی شـەڕە سـەگ بـووم، ئەوسـا قەرەجی دەهاتن بۆ کەلار ئەو قەرەجانەی دەهاتن بۆ کەلار، خـاوەنی پیشەی خۆیان بـوون، زۆر کاروکردەوەیـان ئەنجـام دەدا، کە خەڵکـی دێ و عەشایەرەکە نەیانـدەزانی لە چەقـوو دروسـتکردنەوە بیگـرە تـا دەرخۆنە و تۆڵینە و چەرم سـازەوە، زۆر شـتی تریـان ئەنجـام دەدا، زۆرتر لە مانگێک دەمـانەوە و بە کـوردی دەدوان، نـازانم لە کـوێنەوە دەهــاتن. ســەگی باشــیان هەبــوو. ســەگێکی ئەو قەرەجیــانەم دەستنیشـان کردبـوو، بە ئەنـدازەی جاشـوولکەیەک دەبـوو، ورکـم لە دایکم گرت پیاوێکی نـارد و سـەگیان لە قەرەجـی بـۆ سـەندم، یەک دوو سەگی ناو دێ داخیان لە دڵما پەنگی خواردبـوویەوە، بەڵام نەک وەک کەڵەشـێرەحیزەکەی بـارام، گۆپـاڵم دا لە بەر و بەرەو گەڕەکـی یەکێک لەو سـەگانە ڕۆیشـتم، سـەگ خـۆی بە خـاوەنی سەرتاسـەری گەڕەکەکەی دەزانـــی... هەر چـــاوی بە گۆپـــاڵ کەوت یەکســـەر پەلاماریدا، گۆپاڵ لەوانە نەبوو، قەپی لە بۆقەتەی ملی سەگەکە گرت و بەری نەدا، منیش بە تەمای خنکاندنی سەگەکە نەبـووم، سـەگ لە پەلەپرتـــێ کەوت، گۆپـــاڵ وازی لـــێ هێنـــا، ئیـــدی گۆپـــاڵ وەک کەڵەشێرەکەی بارام لە پێش حیزبوونیا ناوی دەرکـرد و گۆپـاڵ هەی گۆپاڵ!

مــن لە مەڕ و بەران و پەز و تەگە و بــزنم نەدەزانــی، دووان لە منداڵەکانی هاوڕێم بوو، خۆیان ڕانداربوون، زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی دوو بەرانــی نــاو یەک ڕان بەشــەڕ بــدەن. ئــێمەیش دەبــووینە

تەماشاکەری شـەڕی دوو بەران. تەگە تـا خـوا حەز بکـا، مەغـرووڕە، دەستت بۆ دوای ببردایە بە شاخ پەلاماری دەدای، نەمانـدەتوانی دوو تەگە بەشـەڕ بـدەین، بەڵام لە کەڵە هەرزدا دوو تەگەی نـاو یەک ڕان خۆیان لەسەر بزنێک بەشەڕ دەهاتن.

بەڕاستی تەماشای شەڕە بەران بۆخۆی عالەمێکە.

لەبیـرمە، سـی سـاڵ لەمەوبەر، یەکێـک لە کوێخـا ناسـراوەکانیان هێنا بـۆ بەغـدا، کلـۆکی شـکابوو، داسـتانی شـکاندنی کلـۆکی خـۆی دەگێـڕایەوە بـاوک مـردووی دەهێنـایە پێکەنـین. بـابم لە یەکێـک لە بیمارسـتانەکاندا دای مەزران و خـرایە ژێـر چـاودێرییەوە، بۆخـۆی دەیگێـڕایەوە و دەیـوت: وەک دەزانـن مەڕ و مـاڵاتێکی زۆرم هەیە و هەر هاوینێک بەسەربانەوە دەنوین کوڕەکانم گەورەن... شەو هەوەسم هەڵسا و دەستی کەی وانووم گرد و لەسەربان هـاتینە خـوارەوە، بـۆ مەبادا ڕۆیشتینە نـاو ڕانەکە و بەڕەیەکمـان داخسـت و دەسـتمان پـێ کرد، وەک دەبینن سوور و سپیم، ئیـدی ئەوە مانگەشـەوە، بەرانـێکم لەناو ڕانەکەدا هەیە، فـرە نەگبەتە... هەتـاوەکوو بە قـۆچ پەلامـاری ئەسپیش دەدا. لەو مانگەشەوەیدا گەڵ و قوونێکی سـپی دەبینـێ، وا دێت و دەڕوا، بۆچی بە بەرانێ نەزانـێ لەو کەیـن و بەینەیـدا زرمە لە قونمەوە هات، تمەز بەران لەوە دڵنیایە وا بەرانێکی تر سـمکۆڵانیەتی بۆ شەڕەقوچ ئەوەندە توونـد قۆچی لێدام پێنج گەزی شـا بەسـەرکەی وانومـادا فـڕەی دامە ئەولاوە، بـاوکە ڕۆم لێهەڵسـا.. تـمەز بەرانە نەگبەت و کلۆکی شکاندووم، ئیتـر بە دارە مەیـت هێناومیـانە خـۆی،

گەلێــک بــێ توێکــڵ دەیگێــڕایەوە و دوو لە کــاردا دەمــامەک دەجووڵاندەوە.

لێم پرسی: باشە چیت لەو بەرانە نەگبەتە کرد؟

وتی: پیا ڕانەگەیشتووم، هەمـووی چـوارپێنج ڕۆژە جووتبوونێـک وای بەســەرهێناوم، بـابڕۆمەوە، پـارچەی گەورەی دەکەمە ئەنـدازەی لەپێک.

وتم: مام" ...." وەعدی شـەڕەفم بـدەرێ هـیچ لەو بەرانە نەکەی حەزناکەی بیبینی ها ئەوە پارەکەی بەران بەرانی منە.

وتی: قوروان! وام پێ مەکە، هەر ڕۆیشـتمەوە بـۆت دەنێـرم، بـۆ ئەم بەغایە.

وتم:نــا، وەعــدی شــەڕەفم بــدەرێ هــیچ لەو بەرانە نەکەی ئەو دیفاعی لەناوچەی دەستەڵاتی خـۆی کـردووە، ئـاوا بەرانێـک جـێگەی ڕێز و حورمەتە.

وتــی: کــوڕە! خــوا بێــتە خــوات، بەرانــی تــۆ کوڕێکیشـم بکـوژێ دەستی بۆ نابەم.

دوای مانگێک مام فلان بە دو دار کەوتە ڕێ و هێنایان بـۆ مـاڵی ئێمە، دوو ڕۆژ مایە و گەڕایەوە، لە پێش گەڕانەوەیدا وتم:

دوای وەعــدت بە مــن داوە ئەو بەرانە لەنــاو نەدەی... هەر دوو دەســتی خســتە ســەرچاوی، وەک بیســتم بەران هەر وەک خــۆی

لەبەرانی خۆیدا بەردەوامە... خۆزگە هەموو کوردێـک وەک ئەو بەرانە نەگبەتە پارێزی لە وەڵاتەکەی دەکرد.



# دیمانە لەگەڵ خوسرەو جاف

**- لە كاتی نووسین تەواوی دنیا و دەوروبەرم لەبیر دەكەم!**

**- ئێمە هەرچین و لە هەر كوێین پێویستە بونیاتنەر بین.**

دوای ئەوەی بەتەلیفۆن پێوەندیم پێوەكرد و پێم ڕاگەیاند، كە دەمەوێت دیمانەیەكت لەبابەت ڕۆشنبیریەوە لەگەڵدا بكەم، بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵی كرد، بەڵام وتی:" دەبێ لەكاتی دیاریكراودا بێیت، چونكە من لە مەوعیددا زۆر حەساسم". بەیانی پێش كاتژمێر یانزە گەیشتمە خزمەتی، كاتێ دەرگام كردەوە خەریكی نووسین بوو، زۆر بەرێزەوە پێشوازی لێ كردم، دوای كەمێك ڕوانین بۆ ڕوخسار و وردبوونەوە لەقسەكانی، زانیم لەبەردەم كەسێكی ئاساییدا دانەنیشتووم، بۆم دەركەوت ئەو نووسەرێكی پڕ ئەزموون و ڕۆشنبیرێكی گەورەیە.

**دیمانە حەیدەر عەبدوڵڵا**

**پرسیار: بۆچوونێک هەیە دەڵێ: هەمیشە دەبێ نووسینی نووسەران یاخیبوون دروست کات، ئەونووسینەی نەبێتە هەوێنی یاخیبوون شایانی خوێندنەوە نییە، لەژێر سێبەری ئەم بۆچوونە نووسەری باش دەبێ یاخی بێت، لێکدانەوەی جەنابت بۆ ئەم باسە چییە؟**

وەڵام: نووسەر بۆچی یاخی بێت؟ من پێم وایە یاخیگەری لەدونیای ئەمڕۆدا باوی نەماوە، یاخیبوون ڕووخێنەرە نەک بونیاتنەر، بەردی بناغەی هەر بیروباوەڕ و فەلسەفەیەک یاخیبوونی تێکەوت وێران دەبێت، سێ هەزار ساڵە یاخین بەس نیە؟

وەرە منیش نارازیم، بەڵام با بەدوای بەدیلدا بگەڕێین، من ناڵێم لێی دانیشەو ڕەخنە مەگەرە، چونکە ئەمە بەئەندازەی یاخیبوون ڕووخێنەرە، هەر کۆمەڵگایەک ڕەخنەی تیادا نەبێت، مومکین نییە سەرکەوێت، بەڵام وەرە با لەژێر باڵی واقیعدا وەدەر بێین و بەرەو ژیان بڕۆین، ژیربێژانە بیر بکەینەوە، عاقڵانە ڕەخنە بگرین، گەرنا هەروا دەبین کەهەین.

پێت وانەبێ ئێستا لەڕەوشێکی بەرزو باڵادا بین، نەخێر، ئێستا ئێمەی کورد لەبنبەستێکی فکری ئەدەبی داین، لەبنبەستێکی ڕۆشنبیری داینتا ئەم کاتەی تیایداین دەستەپاچەین.

**پرسیار: ئەو نووسەرەی بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیایێکی دیاریکراو بنووسێ، خۆی بچووک کردووتەوە، یاخود لە بنچینەدا نووسەرێکی فاشیلە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

وەڵام : من ناتوانم بەهیچ نووسەرێ بڵێم فاشیل، چونکە هەر نووسەرە و لەقۆناغێک دەست پێدەکات و خاوەن باوەڕ و فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی، بەئەندازەی بیرکردنەوەی خۆی سەرکەتن بۆ ئایندەی خۆی دادەنێت. خۆ ئەگەر بیرکردنەوەکەی لە ئاستی ماڵو شارەکەی بگوازێتەوە بۆ ئاستی میللەتەکەی و دواتر بۆ ئاستی جیهان و نێودەوڵەتی، ئەوە نووسەرێکی سەرکەوتووترە، لەسەر ئەم ئەساسە تۆ ناتوانی بە نووسەرێک بڵێیت فاشیل تەنها لەبەر ئەوەی پابەندی حیزب و ئایین و فەلسەفەیەک بووە، بەڵام دەتوانی بڵێی ئەمانە لە ئاستێکی تەنگ و تەسکدا کار دەکەن، دەبێ بزانن میللەت تەنها یەک حیزب نییە، یەک ئایین نییە، یەک فەلسەفە نییە، بەڵکوو بەدەیان بیر و فەلسەفەی جیاوازە، بەدەیان دەستە و حیزبی هەمەجۆرە.

**پرسیار: زۆر دەبیستین ڕۆمان ئارەزووی شیعری کەم کردوەتەوە، ئەم سەردەمە لەجیاتی دیوانی شاعیران زمانی ڕۆمان پەرەی پێ دەدرێ، تۆ وەک ڕۆماننووسێک چۆن ئەمە ڕاڤە دەکەی؟**

وەڵام: من وادەزانم ڕۆمان نەگەیوەتە ئەو ئاستەی شیعر پووچەڵکاتەوە، بەڵام شیعری ئەم قۆناغە خۆی فاشیلە، ئەمە ناکەوێتە سەر ڕۆمان. شیعری ئێستا لە قۆناغێکی پەککەوتووی

ماندووی هیچایە، من ڕۆمانێکم لەم بارەوە هەیە بەناوی "هیچ" دەبێ بزانین شیعر مەفاهیمە، شیعر مەوزوعە. سەبارەت بە ئێمەی کورد شیعر لە قولایی مێژوومان هەڵقولاوە، بەلام بەداخەوە ئێستا لە پەلەقاژەش کەوتووە، ساردوسڕ بێ مەوداو گڕ... دەتوانم بڵێم مردووی مردووە! ئێستا جیاوازیی نێوان پەخشان و شیعری نوێ نەماوە، واتێکەڵاو بوون ئەستەمە مرۆڤ لێکیان جیابکاتەوە، لەوانەیە حیکمەت بێت بەلام شیعر نییە.

شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەوانی دیکە گەر شاعیری گەورە بن ڕەنگە لەمن و تۆ گەورە تربن، بەلام ئایا دەگەنە دامێنی مەحوی؟ دەگەنە کەواکەی نالی؟! هیچ شانازی نییە لەمن و تۆ گەورە تربن، هەرچەند لەوانەی بانگەشەی شاعیربوون لێدەدەن من لەتیف هەڵمەتم پێ لە هەموویان بەرزترە.

**پرسیار: مەرجە ڕۆماننووس ڕۆڵی مێژوونووس ببینێ یاخود ڕۆماننووس لەنووسینی تێکستەکانی ئازادە؟**

وەلام: نەخێر مەرج نییە، ڕۆماننووس دەتوانێ ڕۆمانی مێژوویی بنووسێ، مێژوو بکاتە هەوێنی ڕۆمانەکەی، بەلام مێژوونووس ناتوانێ وەک ڕۆماننووس بنووسێ، مێژوونووس زیاتر پەیوەستە بەسەرچاوە، ئالیەتی نووسینی جیایە، بەپێچەوانەوە ڕۆماننووس دەتوانێ بەزمانی مێژوو بنووسێ، بۆی هەیە دەسکاری دەقەکانی مێژوو بکات، هیچ





کەس ناتوانێ بڵێ بۆچی وات کرد؟ بۆچی وات نەکرد؟

پرسیار: بە ڕەئی جەنابت رۆماننووسە کوردەکان تاچەند توانیویانە بە زمانێکی جیهانی ڕۆمان بنووسن؟ یاخود تاچەند لەنووسینی ڕۆمان سەرکەوتووبوون؟

خەسرۆجاف:گەرچی بەپێی مەعلوماتی من ئێمە لەم بارەو لەدواین، بەڵام ئەم هەوڵانەی رۆماننووسە کوردەکان جێگەی دڵخۆشین، مەپرسە کامیان باشە و کامیان خراپە، ئەمە هەوڵە بەدڵنیایی، لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر دەچێت، بۆنا؟ ئەمڕۆ یان سبەی رۆماننووسی باشمان تیا هەڵدەکەوێت .

**پرسیار: تۆ لە نووسینی رۆمانەوە هاتووی بۆ نووسینی ( دائرە المعارف- ئینسکلۆپیدیا) ئایا ئەمە بازدان نییە؟ یاخود دوورکەوتنەوە نییە بەمەودایەکی جیاواز؟**

وەڵام: نا، من لەگەڵ بازدان نیم، بیرمە بەرگی یەکەمی (دائرە المعارف) بیست و شەش ساڵ بەر لەئێستا نووسیوە، ئێستا گەیوەتە بیست بەرگ، هەندێکی چاپکراوە، هێندێکیشی لەژێرچاپە، پێم وانیە ئەمە بازدان بێت، لەوانەیە مۆدە نەبێ لەنێو ئێمە ڕۆماننووس مەوسووعە بنووسێ، من هاتووم زانیاری جیهانم به زمانی دایک بۆ حازرکردووی، وا نازانم رۆلێکی باش نەبینێ، بەسەر ئەمەشەوە خەریکی نووسینی رۆمانم، هەرچەند شێوازی نووسینی

(ئینســـــــــكلۆپیدیا) و ڕۆمـــــــــان لەیـــــــــەكتر جیـــــــــاوازن .
بابگەڕێینەوە سەربازدان من ماستەرم لەهەندەسە هەیە، ئەندازیاری میعماریم، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆمان دەنووسم، مەوسوعە دەنووسم، پەیكەردەتاشم، خۆ ئەمە تاپۆ نییە لەیەک شت خۆم گۆشەگیركەم، ڕۆماننووسە گەورەكانی جیهان لە شەست ساڵییەوە ڕۆمانیان نووسیوە، ڕۆمانەكانیشیان ناسراوترین ڕۆمانن، ئەمە هیچ لەبەهای كارەكە كەم ناكاتەوە.

**پرسیار: لە یەكێک لە چاوپێكەوتنەكانت دەڵێی بۆنی كتێب لە بۆنی ژن خۆشترە ئایا بەم وتەیە غەدرت لە ژن نەكردووە؟ یاخود ئەمە لە پای چی؟**

وەڵام: ڕاستە نیوەی مرۆڤ مێیینەیە، بەڵام مرۆڤ ئازادە چۆن بیردەكاتەوە، ڕەنگە ئەمە دەقێكی ئەساسی نەبێ، ئەمە دوو كۆ دوو نییە بكاتە چوار. چەند خۆشە كاتێک دەچیە نێو كتێبخانەكەت یەک بەیەک تەماشایان دەكەی!! لەگەڵ هەر كتێبێک داستانێكت هەیە، كاتێک لێیان وردەبیە ئەوسا بۆت دەردەكەوێت كتێب چ جیهانێكە! چ عشقێكە! لای من ئەگەر بۆنی پەڕەكانی كتێب لە بۆنی ژن خۆشتر نەبێ كەمتر نیە، ڕەنگە بەلای كەسێكی ترەوە وانەبێ، بەڵام من ئەمە بە هەقی خۆم دەزانم.



**پرسـيار: هەمووشـتێكمان زۆرە خوێندنـەوەمان كەمـە، نـەوەی ئێسـتا كـەمتر بايـەخ بەخوێندنـەوە دەدات، زيـاتر بەچەنـد شـتێكی ڕووكارەوە خۆی سەرقاڵ كردووە، ئايە ئەمە جێگەی مەترسـی نييـە بۆ ئايندەی گەلەكەمان؟**

وەڵام: مــن وادەزانــم گــەنجان زۆرتــر دەخوێننــەوە، گرفتەكــە لەوەدايە نووسەر و ئەديبانمان ناخوێننەوە، ئەديب هەيە من دەيناسم ناسراويشە بەداخەوە ساڵی يەک كتێبيش ناخوێنێتەوە، لـەلايەكی تـر سەدا هەشتای مەسئوول و لێپرسـراونمان ئەسـلەن هـەرنازانن كتێـب چييە!

ئەم نەخوێندنەوەيە هۆكاری خۆی لەپشتە، سـەيری شەسـتەكان و حەفتاكان و هەشتاكان و هەتا نـەوەدەكانيش بكـە خوێندنـەوە زۆر لەئێسـتا باشـتربوو، شەسـتەكان خــەڵک مــاڵ بــەماڵ دەگــەڕا بــۆ دەسـكەوتنی كتێبێـک، سـڕەيان لەسـەردەگرت يـەک بـەدوای يـەک دەيانخوێندەوە .لەمەگــەڕێ چ كتێبێكيــان دەخوێنــدەوە، چەپگــەرا، ماركيسزم، ئايينی، گرنـگ ئەوەيـە ئـەوان بـەدوای خوێندنـەوەدا وێـڵ بوون، دابەزينی ئاستی خوێندنەوە لەم كاتـەوە دەسـتی پـێ كـردووە كەژيان گۆڕا، مەسائيلی ئەلكترۆنی هاتـە كايـەوە، ئێسـتا تـۆ لـەماڵی خۆتــا دانيشــتووی لەشاشــەی ئەنتەرنێتــەوە پەيوەنــدی بەهــەموو جيهانــەوە دەبەســتێ، دەی چيــت داوە لــەكتێبی خەسـرۆجاف! لــە ڕاستيدا ئەمە كاريسەيە . جگە لە ئافاتەكانی كە، كە زۆرن.

**پرسیار: لەوانەیە کەسانێک هەبن لەژێر کاریگەری تۆدابن، دەکرێ بزانین خەسرۆجاف لەژێر کاریگەری کێ دەنووسێ و بیر دەکاتەوە؟**

وەڵام: لەڕاستیدا من لەژێر کاریگەری مرۆڤ دام بەگشتی، لەبیری من مـرۆڤ گـەورەترین هونەرمەنـدە، مـەزنترین ڕۆماننووسـە، لای مـن مامۆسـتای هـەرەباڵا ئـەزموون و ژیـانی مرۆڤـە.

پرسـیار: کـاتێ کەدەنووسـی ئـارام دەگـری یـان تووشـی قەلـەق و نیگەرانی دەبیەوە؟

وەڵام: لەهەموو گرفت و ناخۆشییێک تاقە پشـتوپەنام کتێبخانەکەمـە، نووسـین هـەموو گرفتـەکانم لەبیردەباتـەوە، لـەکاتی نووسـین بـۆ جیهـانێکی تـر دەڕۆم، تـەواوی دونیـاو دەوروبـەرم لەبیردەکـەم، لەدڵـەڕاوکێ و پەشـێوی ئـارام دەبمـەوە، دەروونـم ئاسـوودە دەبێـت، لەخودی خۆم دووردەکەومەوە، دەبمە بوونەوەرێکی دیکە، نووسین بۆ من دەوا و دەرمانە.

**پرسیار: چەند زمان بەباشی دەزانی؟**

وەڵام: زمانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، هەروەها زمـانی دایـک بەباشی دەزانم . ئاخر لە سەدا نەوەتی ئەم خەڵکە بە باشی زمـانی دایکی نازانێ.

پرسیار: گەر بێینە سەر پرسیارێکی شەخسی و بپرسین لەم تەمەنە ئەم جۆرە سەروپرچە بۆچییە و لەم ڕێگەیەوە دەتەوێت چی بە خەڵک بڵێی؟

خەسرۆجاف: من بۆخۆم دەژیم، ئازادم چۆن دەژم، بەومەرجەی ئازارم بۆتۆ نەبێت، لێمگەڕی من ئازادم چی دەپۆشم، چی دەنۆشم، سەروپرچم چۆنەو چییە تۆ عەلاقەت بەمنەوە چییە؟ ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆمرۆڤ هەڵەیە، مرۆڤ پێش ئەوەی مەزهەر بێ جەوهەرە، باپیرانمان پرچیان لەمن درێژتربووە، بەدەر لەفکری فەلسەفە و تەسەووف خەڵک پرچی خۆی بەردابوویەوە هەتا وەکوو پێغەمبەرەکانیش...

شتی شەخسی گەر زیانی بۆ بەرامبەرنەبێت وازی لێبینی باشترە، ئومێدەوارم خەڵک هێندە سادەو بەستەزمان نەبێ حوکم لەسەر ڕوکەش بدات.

پرسیار: مامۆستا حەز دەکەین بەبەرهەم ونووسراوەکانی خۆتمان ئاشنا بکەی؟ تائێستا چەند نووسراوت هەیە؟
خەسرۆجاف: من تاکوئێستا ٥٢ کتێبم نووسیوە، کتێبی وام هەیە بیست بەرگە، هەیانە هەشت بەرگە، هەیانە پێنج بەرگە. بەکورتی کتێبەکانی من هەمەجۆرن، ئێستاش شەوو ڕۆژ خەریکی نووسینم بەو ئومێدەی بتوانم شتێکی جوان پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەم.

٢٠٠٧

# دیمانە لەگەڵ خوسرەو جاف

**پرسیار: خوسرەو جاف كێیە و چییە؟**

وەڵام: بەنـدە لە خێزانێكـدا چـاوم كـردووەتەوە و گەورەبـووم، هەمیشە ڕەفە و خانەبەندی ڕێزی كتاوخانەم لەبەر چاو بووە، منـداڵ بووم، بەلامەوە سەیر بووە بۆ ماڵی خزمانم وەك ماڵەكەی ئیمە ئەو جـۆرە شـتانەی تیـا وەدی نەدەكـرا و تەنهـا لە مـاڵی ئـێمەدا ئەوە دەبینرێت؟

ئەوەی مـن دەیڵـێم بـۆ شەسـت و دوو سـاڵ بەر لە ئێسـتا دەگەڕێـتەوە، ئەویـش لە لادێیەكـی گەرمیانـدا بە نـاوی " كەلار"، كە سەرجەم دانیشتووانی نە دەگەیشتە سەد خێزان.

بـا ئەوەیـش بڵـێم سـەد خێـزان لە دەوروبەری چەنـد مـاڵێكی بەگزادەدا، كە خاوەنی ناوچەكە بوونە، وەك خاوەن موڵك و هەروەها چاوساغ و دەمچەرمووی عەشیرەت...

لە ئاوا دەوروبەرێكی كۆمەڵایەتیدا، بـاوكم لە ڕووی بیروبـاوەڕەوە لەگەڵ مـام و ئامۆزاكانیـدا جیـاواز بـوو، پەیوەسـتە بە خوێنـدنەوە و ڕێزكردنـی كتـاو و كتاوخـانەوە سـەرگەرم بـوو. جـگە لە كتـاو و كتاوخانە، بۆخۆی وەك چیرۆكنووسـێك، وەك وەرگێڕێـك لە گۆڤـاری گەلاوێژی چل و پەنجاكاندا، وەكوو هیوا و شەفەق بەشداریی كردووە.

پەیوەستەیش پێوەندیی پتەوی لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکاندا هەبووە.

لە بیرم دێت چەند کەسێکی ڕۆشنفکر و زۆرتر چەپگەرا لە ماڵی ئێمەدا بە حیساب خۆیان شاردبوویەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە خۆشاردنەوە نە دەژمێردرا، دەوڵەت و دەستەڵاتی ئەو دەم، زۆر پارێزی لەوەی دەکرد دەستدرێژی بکا بۆ ناو عەشیرەتێکی وەک جاف و بەگزادەکانی ناچار نەبوایەن نەیدەکرد.

لە بیرمە منداڵ بووم چەند کەسێک بە تۆمەتی شیوعەتییەوە ئەمری گرتنیان دەرچووبوو، ڕایان کردبوو لە کەلار لە ماڵی ئێمەدا بوون، سێ کەس بوون" بەگی عەلی بەگی حسەین بەگ، کەمالی میرزا کەریم و یەکێکی تر....................." کەلاری پەنجاکان وەک قەڵای لێقەوماوان وابوو، زۆر لێقەوماوی تیادا بوو، زۆریان تۆمەتی بکوژیان یەدەک ڕادەکێشا کورد و عارەب و تورکمان لەوێ پەنابەر بوون، دەوڵەتی عێراقی دەستی بۆ نەدەبردن، هەتاوەکوو لێقەوماوانی ئێرانیش لە کەلاردا دەبینران، بۆ نموونە "قەدەمخێر" ژنە شۆڕگێڕەکەی لوڕستان لە ناچاری ئێرانی بە جێهێڵا، پەنای هێنایە بەر بەگزادەکانی جاف. نزیکەی دوو ساڵ لە ماڵی عەبدوڵڵابەگی کەیخوسرەو بەگدا لە شاری قزرابات "سەعدیە"دا ماوەتەوە، ئاخر نیوەی ڕاستی ئەو شارە وەک موڵک هی ئێمەیە، مزگەوتی مەحموودپاشا لەوێیە، گۆڕی باوکم حەمەسەعید جاف لەو

مزگەوتەدایە، بۆیە کورد حەمرین بە هی کورد دەزانێ چونکە مـوڵکی ئێمەی کوردی جافە.

ئەمەی دەگێڕمەوە، بۆ خۆم لەبیرمە کرێکارێکی ئێرانی "ئـازەر"ی لە ماڵی ئێمەدابوو، بەناوی " عەلی توورکە" وەک وتم بـاوکم تـۆمەتی چەپگەرایـی پێـوە بـوو، هەواڵمـان پـێ گەیشـت سـبەی "تەحقیقـاتی بەهجەت عەتیە" مودیری ئەمنی عام دێن بۆ پشـکنینی کتاوخـانەکەی بابم، بابم لە ماڵدا نەبوو، دایکم دەستەپاچە بوو، کەسێکی ئەوتـۆ لە کەلاردا نەبـــوو بتـــوانێ و بزانـــێ کتـــاوی چەپـــگەرا و هانـــدەری کۆمەنیستی کـامەیە، تـا لە کتاوخـانەکەی بـاوکم وەدەری بهێنـێ.... سەری سڕمابوو، چی بکات. کرێکارە توورکەکە بە دایکمم پەریشـانە دەڵێت خانم من دەتوانم ئەو کتاوانە وەدەر بهێنم، دایکم تورکی چاک دەزانی هەر بە تورکیش قسـەی دەکـرد ، بە نەختێـک تووڕەبـوونەوە پێی دەڵێت: گیت...گیـت.. واتـا لاچـوو لاچـوو... گیـت ناکـات و ناڕوا و سوور دەبێ لەسـەر قسـەی خـۆی و دەڵێـت دڵنیـابە مـن ئەو کتاوانە دەناسم!

دایکم هەر بە ئاڵۆزی و سەرلێشواوییەوە وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئاخر کرێکارێکی وەک تۆ لە کوێنەوە ئەوەی بتوانێ بکەی!

لە وەڵامی دایکمدا دەڵێت:" باوەڕبکە من ئەو کتـاوانەی دەناسـم، برایەکم هەیە لەو کتـاوانە دەخـوێنێتەوە، بەلای ئەوەوە ئەو کتـاوانەم دیوە".



دایکم لە ناچاری ڕازی دەبێت، لەبیرمە شەو بوو، ئەودەم کارەبا نەبوو، لۆکسیان هێنا و ڕۆیشتنە نێو کتاوخانەکەی باوکمەوە، کابرای لۆکس هەڵگر نەختێک لۆکسەکەی بەرز دەکردەوە، من ئەوەندە منداڵ بووم سەرم نەیدەدا لەژێر لۆکسەکە لەنێو کاتژمێردا کۆمەڵێک کتاوی دەرهێنا و بە دایکمی وت: بە ڕاحەتی بنوە، تاقە کتاوێکی لەو بابەتەی وا بۆی دێن لەم کتاوخانەیە نەماوە و وەدەرم هێناوە... بە سبەینێدا کۆمەڵێ پشکێنەری ئەمنی بەغدا هاتن و گەڕان و پشکنینی وردیان بۆ کرد هیچ کتاوێکی مارکسیەتیان لەو بابەتانەیان نەدۆزییەوە، دوای چوار مانگ گەڕایەوە ئێران و دەستگیرکرا و ئیعدامیان کرد. بابم زۆری پێ دڵگران بوو، تمەزی کرێکارە هەمان "خوسرەو ڕۆزبەیە" سکرتێری حزبی تودەی ئێران بووە و بە چاوساغیی حزبی شیوعیی عێراقی نێردراوەتە لای باوکم، برادەرانی حزبی شیوعی دەربارەی مامەڵە و ڕەفتاری ماڵی ئێمە لە ئاستی چۆن بووینە؟

لە وەڵامدا وتبووی: سەرجەم ڕەفتاریان زۆر باش بووە، تەنها خوشکێکی خاوەن ماڵ عەقڵێکی دەرەبەگایەتی لە خولیایدا هەیە، زۆر بە فەرمانە"هەستە، برۆ، وەرە، لاچۆ، بێنە، ببە" ئا لەو بابەتە خوسرەو ڕۆزبە ڕاستی کردووە، ئەو پوورەم ناوی پەریخان بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ز کۆچیدوایی کردووە.

جا کاکی ئازیز، بەندە لە چواردیوارێکی ئاوا لە دامێنی دایکمەوە داخزاوم و پەروەردە بوومە.

لە بیـرمە بـاوکم هەفـتەی جارێـک سـوارێکی بـۆ قەسـری شـیرین دەنارد لە ئێران، ئەوی ڕۆژنامە و گۆڤاری مانگانە و هەفتانە هەبـووە بۆیان هێناوە، وەک: گۆڤاری تەهران مسەوەڕ، تەرەقـی، فیردەوسـی، ئومێدی ئێران و بڕێکی تر، بەندە هەر هەموو ئەوانەم بەرگگـردوون و پاراستوونم... ئەو بەوەیش ڕازی نەبووە تەواوی بڵاوکراوەکانی حزبـی تـوودەی ئێرانـی پـێ دەگەیشـت "حزبـی تـودە- حزبـی شـیوعی" کـوردیەکی پـاک و ڕەوانـیش فێربـووە، تەنهـا بە خوێنـدنەوە ڕازی نەبووە و دەستی بە وەرگێڕانی فارسی و عەرەبی بۆ کـوردی کـردووە و خۆیشی لە مەیدانی داستان تاقیکردووەتەوە" لە گەلاوێژ، شـەفەق، هەتاو و ژین" بەرهەمی بڵاوبووەتەوە، بەردەوامی لە خوێندنەوەدا وای لـێ کـردووە بیروبۆچـوونی "مارکسـیەت"ی کەوتە خولیـاوە، وەک لایەنگیـر نەک ئەنـدام، هاوکـاری حزبـی شـیوعی عێراقـی کـردووە... بەنـدە تەواوی ئەو گۆڤـارانەم لا مـاوە و بەرگـم لـێ گرتـوون و لە مێردمنداڵیدا توانیم ئەو گۆڤارانە بخوێنمەوە.

لە دێـی کەلاردا قوتابخانەمـان هەبـوو، لە نـاوچەکەدا تەنهـا قوتابخـانەیەک بـووە لە دەڤەرەکەدا، کە لە لایەن حەمەبەگـی بـاپیرمەوە دروسـتکراوە، کە ئەو دەم نـوێنەری پەرلەمـانی عێـراق بـووە." نـوێنەری کەرکـووک" ململانێـی حەمەبەگـی بـاپیرم لەگەڵ دوژمنانی کوردا لەو دەمەدا هۆشیاران ئاگادارین.

ئێمە لە قوتابخانەدا بە عارەبی دەماخوێند، بەڵام لە لایەن بڕێک لە مامۆستای کوردەوە، سروود و بڕێک لە هەڵبەستی نەتەوەییمان

پێ دەوترا، چوارتەنیشتەکەیش هەستی نەتەوایەتی و بڕێک جووڵانەوەی ئەندامانی حزبی هیوا لە بیروڕای خەڵکدا بنی نابوویەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ و بڕێک کتاوچەی کوردی گۆڤاری دیکەیش دەگەیشتنە دەستی باوکم، بۆخۆیشی چیرۆک و باسی بۆ گەلاوێژ و گۆڤارەکانی دیکە دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە... کە پاشایەتی هەڕووژا، ئیدی شەپۆلێکی تازەی بەهێز، سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و گۆڤار و کتاوی جۆراوجۆر لە چاپ دران. بە دڵنیایی خوێندنەوەی ئەوانە لە فێربوونی کوردی و نووسیندا کۆمەکیان کردم. ئیدی شەلم کوێرم دەستناپارێزم ملم پێوە نابوو، هەرچیم بەدەست هاتبا دەمخوێندەوە، وەک برسییەک و خوانێکی جۆراوجۆری بخرێتە بەردەست دەمخوێندەوە. ئێستایش تەمەنم شەست و هەشت ساڵە ... هەروا بەردەوامم.

لە خوێندنەوەیدا وردە وردە تەماحگیری نووسین بووم، شیعری لەنگ و ناڕێک و نامەوزوونم دەنووسی و بۆ کوڕ و کچ و هاوتەمەنەکانم دەخوێندەوە. ئیدی ئەوەندە بە خوێندنەوەی کتاوچەی جۆراجۆری دەرەکییەوە سەرگەرم بووم، ئەوەندە پابەندی وانەکانی قوتابخانە نەدەبووم... هەروا لەو بەزمەیدا بەردەوام بووم.

شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ و هەڕووژانی پاشایەتی هات بەسەردا.

دەرودەروازەیەکی تازەی پڕ لە ئاشووفتەگی و هەرا و هۆریا کرایەوە. لە هەمان کاتدا گوێم بە دەنگ و وشە و واژەی تازەبابەت

ئاشنابوو... بەڵام یەشـتا خـۆم بەوەی نەدەزانـی بابەتێـک بنێـرم بـۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکان، یان گۆڤارێک، تەماحگیری ئەو کـارە بـووم... ئا... بووبووم.

ململانــێ و حــزب، حزبـانێ دەسـتی پــێ کردبـوو، تەنگەگـژەکە لەنێـوان پـارتی و برادەرانـی حزبـی شـوعیدا بـوو، منـیش وەک هەر لاوێکـی تـازە پێگەیشـتووی خـوێنگەرم ڕۆیشـتبوومە نێـو ڕێکخـراوی لاوانـی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە لە شـاری خانەقینـدا، لە ناوەندیـدا بووم، ڕۆژ نەبوو شەڕ و دەسـت بە یەخە نەبینـەوە لەگەڵ ڕێکخـراوی گەنجانی سەر بە حزبی شیوعی.

چەند جار لەو شەڕانەیدا سەریان شکاندووم. بریندایان کـردووم، با ڕاستگۆبم، لە شەڕ و یەخەگرتن، خۆم نەدەشاردەوە ئەگەر تـووش هاتبـام، جارجـارێکیش ئەوانەی بە کـۆمەڵ پەلاماریـان دابـووم لە پـا جێگەدا، ئەگەر دوو یان سێ کەسیش بوایەن، پەلاماریانم داوە. ئیتـر وەزعەکە ئاوابوو، بەڵام هەر ئەو دوو سێ ساڵەی ناو شاری خـانەقین بـوو بە هەوێـن و کەرەسـتەیەکی دەوڵەمەنـد، لە ئـارەزوو و فکـر و قووڵایی ئەندێشمەدا، سـەرەنجام ڕۆمـانی کـۆردەرە لە دامێنـی شـاری خـــانەقین و بیـــر و ئەندێشـــەمدا داخـــزا و کەوتە کتاوخـــانەی کوردییەوە...

تا ساڵی شەست، جـورئەتی بڵاوکـردنەوەی نووسـینەکانم نەبـوو، لەو سەردەمەیشـدا گۆڤـار و ڕۆژنـامەی کـوردی دانەدانە دادەخـران، منیش لە خانەقینەوە گوێزرابـوومەوە بـۆ شـاری بەغـدا، ڕۆژنـامەیەک



بەناونیشانی "پێشکەوتن" بە کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو. لەوێوەوە چەندان چیرۆکم بەناوی "کاکەی جاف" بڵاوکردەوە. لە دوایی‌دا کاتێک مامۆستا حوسێن عارف کتاوی ببلۆگرافیای چیرۆکی کوردی دەنووسی، لێی پرسیم، ئەرێ نالێی ئەم " کاکەی جاف"ــە، کێیە؟

وتم: وەڵا خۆ ئەوە منم...

وتی: ئەوە تۆیش لە کۆنە مارخۆرەکانی...

زۆری نەکێشا ڕۆیشتمە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە، تا پلەی سەرلقی سەرکەوتم، کە مفاوەزات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەنددا هاتە کایەوە، توانیم بڕۆمە دەرەوە، تا ماوەی هەژدە ساڵ لە دەرەوە بووم و کۆلیژی هونەرەجوانەکانم تەواو کرد" ڕشتەی میعماری".

بۆخۆم جاروبار دەمنووسی، بەڵام جێگەیەکم نەبوو بۆ بڵاوکردنەوە، وەک هەر کوردێکی ئاوارەی ئەو دەمە بە نووسین خۆم دەلاواندەوە.

نووسین و خوێندنەوە بەشێکی سەرەکیی ژیانم بووە و ئێستایش هەر بەردەوامم و خۆمی پێ دەلاوێنمەوە.

دەڵێن: سەگ زمانی بکاتە زامی زامەکەی زوو خۆش دەکاتەوە... من ئەگەر دەوای ئەفسووناوی نووسین نەدەبوو، بەرگەی یەک مانگی ئەم سەردەمە نەزۆکە ناگرم.

دەرمانی دەردی کاری من نووسینەو بەس... تێکەڵ بە تەنهایی موتڵەق جاروبار لە تەنهاییدا مۆزیکێکی کلاسیکی ئێرانی یان هیندی کلاسیکی ئەوروپی ڕۆحی بەستووی یەخزەدەم دووبارە دێتەوە جووڵە.

یان پەنا وەبەر پەیکەرسازی دەبەم، لەو ڕێگەوە ڕازە هەڵنەهێنراوەکان دەخەمە بەرچاو. ئەو حەلە دڵ و دەروونم دێنە تاو، تاوێکی وا دەگەمە قۆناغی برژان و سووتان. ئەگەر ئێمەمانان نەتوانین لە واقیع ڕابکەین هەر بە ئێوارەوە جوانەمەرگین.

خۆ شەڕی ئوحد بە ئێمە ناکرێت، لەشکری بەرانبەرت هێندە زۆرن، هێندە زۆرگۆن و ستەمکاران، هەزاران هوبەل و لات و عزا و شمشێری نەزانی ساو دەدەن و بانگەوازی کابرایەکی وەکوو منی گەرمیانی بێپشتوپەنای دوور لە شار لە قوڕگدا خنکێنراوە.

یەشتا باشە، جاروباریش چەرمووە دڵڕەشەکانی بواری ڕۆشنبیری بۆ بەزمێک شایی لۆغانێک، چوزانم ڤیستیڤاڵێک بانگهێشتمان دەکەن.. خودا بدا بەرەکەت....!



**پرسیار: ئایا دەبێ ڕۆماننووس چۆن بێت، دەکرێ لە واقیعدا دوور بکەوێتەوە؟**

وەڵام: ئەوەی بزانم نابێ هیچ ڕۆماننووسێک لە واقیع دووربکەوێتەوە، ئەو نزیکبوونەوەیە کەموزۆری هەیە و بەستەگی بە بەربلاوی و پانتایی تەجرووبە و بەسەرهاتەکانی ڕۆماننووس.

من لە " دیداری ڕۆمانی کوردی"دا لە دهۆک ٢٠١٢ باسی شارزایی ڕۆماننوسم کرد، کە چەند دەبێ ئاگاداری دەوروبەر و جوگرافیای وڵاتەکەی بێت... ئیدی ئاشنایی تەواوی هەبێت، کە چەند جۆر ئاژەڵ لە وڵاتەکەیدا هەیە، چەند جۆر دارودرەخت و درەختچە و بنچک و گوڵ و داروبەردی وڵاتەکەی بێت. بۆ ئەو نیازەیش دەبێ پێوەندی لەگەڵ ئافرەتدا هەبێت" یەکێ لە ئافرەتان" شێوەی ئەو پێوەندییەی کێشایە باری سێکس و ناو پێخەفەوە." ئەو کەیفی خۆیەتی، بەڵام بەندە واقیعیانە دەنورمە دونیای ئەمڕۆدا، دوور لە هەیاهۆی پڕوپووچی خۆ وەدەرخستن و پەنجە بۆ درێژکردن.

بەندە دەڵێم سەیرە نووسەرێک یەشتا لە تەنها لەگەڕەکێک و شارۆچەکەیەکدا دەژی، چۆن چۆنی دەتوانی ڕۆمانی سەرکەوتوو بنووسێت؟

نەک هەر ئەو نووسەرە تازە پێگەیشتووانە، بەڵکوو ئێمەمانانیش تا ئەم عومرە ناتوانرێ لە بواری ڕۆشنبیریدا یان لە رۆماندا خۆمان بەسەرکەوتوو بزانین...

گوێم لە پیاهەڵدانی بێبنەمای ئێرە و ئەوێ نییە، کە لە شـارێکدا کەسێک دەکەنە بتێکی بتخانە، بەندە دوای شەست و پێنج کتاوی لە چاپدراو، وا دەزانم یەشتا سەرەتای نووسینمە.

**پرسیار: چۆن ڕۆمانەکانت وەسف دەکەیت؟**

وەڵام: ئەوانەی ڕۆمانی "هـیچ" بە وردی بخـوێننەوە، دیاردەکـان، ڕمووزەکـان بە زەقـی وەدەردەکەون، کە چـۆن لەژێـر دەواری ڕەشـی زۆر و زەوت و ترسـدا سـەریان هەڵـداوە و بـانگەوازی "ئەوەسـانێ" دەخەنە بەرچاوی خـوێنەر " لە کـاتی خۆیشـدا چاوسـاغی سـەردەمی بەعـــس لەو ڕووەوە توشـــیان کـــردووم"، لە ڕووی وەدەرخســـتنی کەسایەتیی خۆمەوە، کەسایەتیی " ئەنـدازیار" لە ڕۆمـانی " ڕاز"دا تـا ڕادەیەکی زۆر لە خـۆمەوە نـزیکە و جاروبـار کەسـایەتیی نووسـەر لە چەنـد لاوە خـۆی وەدەر دەخـات، وەک لە ڕۆمـانی هەشـت بەرگـی دەربارەدا، ئەو کارە کراوە، ڕەنگە لە داهاتوویشدا هەمـان شـێوە کـارم لــێ بووەشـێتەوە. ئـێمە یەشـتا لە چوارتەنیشـتێکی سـنووورداری تەمومژاویـدا دەژیـن و یەشـتا نـاتوانین ڕاسـتەوخۆ بـاس لە گرفتـی دەورووبەر و ئیمان و بەندەکانی ژیان بکەین... ڕاستە لە سـەردەمێکدا دەژین ئازادین، بەڵام ئـازادی ڕەهـا و مـوتڵەق، نە ئەوسـا بـووە و نە ئێستایش.



من بە شێوەیەکی تر دەربارەی مەرگ و چۆنییەتی ڕووداوەکانی دوای مەرگ بیــر دەکەمەوە، ئەوەسـا ڕۆمـانێکم نووسـیوە بەنـاوی "دەغدو" تەواوی قارەمانەکانی ئەرواحـن، لام وایە بە وردی توانیـوتم قۆناغی دوای مەرگ بخەمە بەرچاو. خۆ باس لە واقیعەیتی ئافرەت و پەیوەندی نێوان نێر و مێ، یەشتا باسکردنی یاساغە... قەدەغەیە و خـودی بڕێـک لە ژنەکـان تەنهـا بـۆ " خـۆ وەدەرخسـتن" هـانی ئەو تێفکـرینە دەدەن و تـا لای خـودایش دوورن لە واقیعـیەتەوە... هەر نەبێت لە ژیانی تایبەتیاندا، ئیتر بانێکە و چەند هەوا!

**پرسیار: ئایا خۆت بە سەرکەوتوو دەزانیت؟**

وەڵام: لە بڕێـک جـێگە و کـار و کـردەوەم خـۆم بە سـەرکەوتوو دەزانم و لە بڕێک جێگەی تردا هێشتا بە گومـان و لە تەقەلادام. مـن نامەوێ سەرکەوتن بە شێوەی پینەوپەڕۆ بەدی بێنم... سەرکەوتنیش کارێکی نسبییە ڕەنـگە ئەوەی لای تـۆ نەجـاح بێـت، لای مـن فەشـل بێت.

**پرسیار: لەبارەی زمانزانییەوە چی دەڵێن؟**

وەڵام: زمـانزانین دەروازەیەکـی بەربـڵاوی زانیـارییە بـۆ خـاوەن زمانەکە، هەرچی زۆرتر، ئەوەندە باشتر.

من دەرچووی زانکۆی تارانم، کۆلیژی هـونەرە جوانەکـان، هێنـدە عاشـق و شـەیدای ئەدەبیـاتی فارسـیم، دەروێشـانە سـەربوردەی

فەرهەنگی ئێرانیم، کاتێک دەڵێم ئێران، یانی میللەتانێک کە لە ئێراندا ژیاون.

ئەمە کوردە، فارسە، ئازەرییە، عارەبە، توورکە، لەگەڵ کەمایەتییەکانی تردا.

ئەو فەرهەنگە ئەوەندە دەوڵەمەندە نەهەنگ ئاسا تیادا بێت هەڵیدەلووشێت، دەستەڵاتێکی درِ و خوێنرێژی وەک مەغۆل، لە فەرهەنگی ئێراندا توانەوە و ئایین و کەلتوور و شێوەی ژیانی ئێران نغرۆیانی کرد و ئەورِۆ کۆمەڵێک، یان شارێک لەوێ وەدی ناکرێت بەناویانەوە.

من لام خۆشە خوێندەوارانی میللەتەکەم تا دەتوانن زمانی میللەتانی تر فێربن.

بە دڵنیایی ئاگاداربوون لە زمانی میللەتانی تر، یانی کردنەوەی دەرودەروازەی جۆراوجۆری، کە بۆ لێزانەکەی ...

**پرسیار: سەرەتا ب چی دەستت بە نووسین کرد؟**

وەڵام: سەرەتا بە چیرۆک دەستم پێ کردووە بەناوی "کاکەی جاف" لە رِۆژنامەی پێکشکەوتندا، چەندان چیرۆکم بڵاوبووەتەوە لە کتاوی بیبلۆگرافی چیرۆکی کوردیدا" حوسێن عارف" ئاماژەی بەوە کردووە.

## پرسیار: کەی دەنووسی؟

وەڵام: من ئەگەر کەسێکی ناسراوم بە تەنیشتەوە بێت هیچم پێ نانووسرێت، لە ئاشەمەکینەیدا بم بە مەرجێک ناسراوی تیادا نەبێت، بە باشی دەنووسم.

بەندە ڕۆمانی "گەماڵ"م لە چایخانەیەکدا بەناوی "شیراز" لە شاری لەندەندا، نووسی.

ئێستا لەگەڵ ئەوسادا جیاوازە، تەمەن کاری خۆی کردووە، زۆر لەوانەی هەم بوو، ساڵانی عومر بە تاڵانی بردوویەتی. ئێستا لە تەنهایی موتڵەقدا نەبم هیچم پێ نانووسرێت، نەشنووسم دیسان پەنا دەبەمە بەر تەنهایی، بەڕاستی تەنهایی خو و خەسڵەتێکی خودایییە...

مرۆڤ، چوزانم من ئەو لەزەتەی لە تەنهاییدا دەبینم و دەگەمە ئاکام و سەرەنجام، لەوێڕا گوڕ دەسێنمەوە و خۆم تازە دەکەمەوە، لەوێڕا بەرگەی بۆنەهات و نا بەرانبەرییەکان باشتر دەگرم. ئیدی ژیان ئەمەیە و بە هەڵسوکەوتەوە شیرینە، قەینا ڕۆژانە ئەوەی دەیبینی ناهەقە، ئەوەی گرفتە لە دەروونتا، لەزەتی مەزڵوومییەتە، کە چەندە زاڵە بەسەر هەوەسی زاڵمبووندا.

لەوەیش گەڕێ، دەوڵەت و دەستەڵات ئاگاداری حەقیقەتی ڕۆشنبیری ئێستای ئەم وڵاتە نین و چاوساغانیان خستووەتە لاوە.

ئیتر ڕۆژگارەکە وایە، بۆیە عارەبەکان لە مێژوودا وتوویانە: من قلة الخیل شدوا علی....

**پرسیار: ڕۆمانی کوردی دەخوێنیتەوە؟**

وەڵام: با لەگەڵتا ڕاستگۆبم، من هیچ لەزەتێک لە خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی نابەم، سەیر لەوەدایە زۆربەی زۆریانیش دەخوێنمەوە.

هەمیشە لەلای سەرینەکەمەوە چەندان ڕۆمانم داناوە، هەروەها کتاوی جۆراوجۆری تریش و بە دڵ و داوەوە... ڕۆمانە کوردییەکان دەخوێنمەوە و خواخوامە هەڵەبیم بسەلمێنم، بە تەئکید ڕۆژگارێک لە پێشە ڕۆماننووسی کورد، بەبێ پەساپۆرت ئەو سنوورە بشکێنن و دەست لە دامێنی دونیای ڕۆمانی جیهانی گیر بکەم، کەی؟ من ئەوە نازانم! بەڵام ئاواتەخوازم.

**پرسیار: دۆخی ئەداکردنی ئەرکی ڕۆشنبیریەتی کورد چۆن دەبینی؟**

وەڵام: ئەرکەکە بەر لەوەی نەتەوایەتی بێت وژدانییە، بەداخەوە ئەو مەودایە گەلێک کەم هانەسە و کەم پشوویانەیە. تا ئێستا نە ڕۆشنبیری کورد و نە دەستگا ڕۆشنبیرییەکان نەیانتوانیوە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن.

تاکە کەسەکان، گرفتاری چینایەتییەکانن، ئەمە حزبچییەتییە، ئەمە شارچییەتییە، سەرمێزچییەتییە.....تاد.





دەزگا ڕۆشنبیرییەکان خۆ لە ئاسمان دانەباریون، ئەو چیتیانە بە ڕێگەوەیـــان دەبەن، بــۆیە ئەمەیە وەزعـــی شـــڕی ڕۆشـــنبیریەتی ئەم قۆتاغەی ئێستامان.

# کرامە مۆدێل !

مانگی دووجار پڕۆژەی نەخشەکێشیمان هەبوو، یەک هەفتەیش مۆڵەت بوو بۆ ئەنجامدانی. کارەکەیش هەر دەبوا لە هۆڵی تایبەتی کۆلیژدا ئەنجام درابایە، هیچ قوتابییەک نەدەبوو کارەکەی لە دەرەوە ئەنجام بدایە، هۆڵەکەیش تایبەتمەندی نەخشەکێشی و شێوەکاری و پەیکەرسازی بوو.

ئیدی هەر قوتابییەک دۆلابێکی فلزی بۆ تەرخان کرابوو، بۆ پێویستییەکانی نەخشەکێشی و شێوەکاری، دوو هەفتەیەکیش تەرخان کرابوو بۆ شێوەکاری.

ڕۆژانی نەخشەکێشی هەر دەبوا بە سەر سەندەلییەکی بێ دەستەوە دانیشتباین و شۆڕ دەبووینەوە سەر کاری نەخشەکەیدا، مامۆستاکان لە کلاسیدا پڕۆژەیان دابین دەکرد و ئیدی سەردانی هۆڵی نەخشەکێشانیان نەدەکرد، با هەر بە زمانە هونەرییەکەی بڵێم: " ئاتیلییە" ڕۆژانی ناو ئاتییلیە درێژەی دەکێشا، تا درەنگانێک جاروباریش چوارچوار و جووت جووت دەڕۆیشتنە دەرەوە بۆ ماندووی وەدەرکردن و زۆر شتی تریش.

ڕۆژانی ناو ئاتیلیەی شێوەکاری جیاواز بوو، دەبوا بە پاوە بەسەر سێ پاوە کارمان کردبا، ساڵی یەکەم مۆدیلەکانمان زۆرتر

سروشـــتی بێگیـــان بـــوو، ئیـــدی ئەوە گـــۆزە و گوڵـــدان و فـــۆرمی جۆراوجۆر، لە ساڵی دووهەمدا مۆدیل بووە مۆدیلی زیندوو، سـەرەتا" حەسـەن بـاخەوان" دەهێنـرا و دەكـرایە مۆدیـل و ڕووت دەكـرایەوە. تەنها دەرپا شۆرەكەی لە پـادا دەمـا. دەرپـاكەی تۆزێـك لە دەرپـای كوردی بە شێوەی ڕانك دەچوو. هەڵی دەكرد تا سەر چۆكی، وەكـوو بت دەبوا جووڵەی نەكردبا، تا یەكێك لە قوتابییان پێشنیاری كـرد و وتی: جەماعەت مـن دەزانـم چەنـد لۆچـوچرچی لە ڕوخسـار و لەشـی حەسەن باخەوانـدایە، ئیـدی بەسـە... بـۆیە دەڵـێم بـا ئـێمە خۆمـان ببینە مۆدیلی خۆمان، جا من یەكەمـین كەسـم خـۆم ڕووت دەكەمەوە و دەبمە مۆدیلتان.

من هەڵم دایە، ئەی كچەكان چی، ئەوانیش دەبێ ببنە مۆدیل؟

عەلی ئەشرەفی مورادیان خەڵكی كرماشان و زۆر قسـە خـۆش و گاڵتەجاڕ بوو، وتی: خـوا هەڵـدەگرێ، ئـێمە خۆمـان ڕووت كەینـەوە، كچـانیش وەك كچـی ناسـرودین شاهـ، بە جلـوبەرگەوە دانیشـن، جەمشـید خـۆی ڕووت كـردەوە و تەنهـا شـۆرتێكی لە پـادا مـابوو. حەسەن باخەوانی هێنایە خوارەوە و ڕۆیشتە شوێنەكەی.

تێكڕا بڕیاریاندا جەمشید لیستی نۆرە بگرێت، زۆر لێی پـاڕامەوە، تا نۆرەكەم بخاتە دوای دوایین، هەروای كرد.

موڕەتەزا یەكێك لە هاوكلاسییەكانمان بـوو، هەڵەوەر، گـاڵتەچی، چەنەباز، دەنگخـۆش، دوای چەنـد هەفـتەیەك نـۆرە هـاتە سـەر ئەو،

وەستا بوو بە پاوە، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان زەمانێک بوو خۆمم بۆ نابوویەوە، لەسەرخۆ و ئارام ڕۆیشتمە پشتیەوە، شۆرتەکەیم داخزانە خوارەوە و هیچ خۆی تێک نەدا، وتی: با یەکێک بێت شۆرتەکەم بۆ هەڵکێشێتە سەرەوە، من مۆدیلم ناجوڵێمەوە. بە جنێودان بە دەنگی بەرز بە جەمشید وتی: ئەو قەحپە دایکە، ئاغای جافی خستووەتە دواوە، یا پارەی پێ داوە یان لێی دەترسێت.

دوای سێ مانگ نۆرە هاتە سەر من، پانتۆڵم دانەکەند، بە نیوەلەش بوومە مۆدیل. کچانیش نۆرەیان ئەنجام دەدا، ئیدی ئەوانیش ئازدابوون، بڕێکیان جلوبەرگی تەنگیان لەبەر دەکرد، یان مینی ژووپ، یان کراسی ناسک، ئیدی زۆر بەرزی و نزمی لەش و ئەندامیان وەدەر دەکەوت. ڕۆژانی نەخشەکێشی لە ڕۆژانی پەیکەرسازی و شێوەکاری جیاواز بوو، ئەو هەفتە تا بەرەبەیان لە کاردا بەردەوام دەبووین. وامان نەکردبا پیاڕا نەدەگەیشتین، کامبیز تاری هەر فرە زەریف لێ دەدا، بە ڕەگەز ئازەری بوو، جاروبار گۆرانی ئازەریشی لەگەڵ دەوت. لە دواییشدا کۆلیژی تەواو کرد، لە دەفتەرەکەمدا دەست بەکار بوو.

نەوای تارم بەلاوە سحرئامێزە، هەر بە تەواوی عاشقی ئەو مۆزیکەم، چ ئەوسا و چ ئێستاش.

کۆلیژم تەواو کردبوو، زۆر حەزم دەکرد فێری تارلێدان بم تا کامبیز بردمی بۆ لای مامۆستاکەی، هەفتەی ڕۆژێک دەڕۆیشتم بۆ فێربوون، تازە ژنم هێنابوو، دەگەڕامەوە ئەوێ، مامۆستاکەم بۆی



دابین کردم، دەبوا لەسەری کارم کردبا، تازە کاری ئەو ئامێرانە لە تەمریندا هەرچی زەرافەتی مۆزیک هەیە، لە ناوی دەبات، سێ مانگ بوو لە تەمرینی تارلێداندا بەردەوام بووم.

خێزانم بەو کارەی ڕازی نەبوو، نەدەچووە عەقڵییەوەو من لە تارژەنیدا بەردەوام بم، چەند جار ئەوەی درکاند و گوێم لێ نەگرت.

ڕۆژێک لە کار هاتمەوە، سەیرم کرد تارەکەمی بەدەستەوەیە، بە هەق تارەکەم فرە زەریف و بە سەدەف نەخشونیگاری کرابوو، هەر دانیشتم و دانەنیشتم تاری گرتەوە دەستەوە، لام سەیر بوو بۆچی تارەکەمی بە دەستەوەیە!

وتی: چەند جار پێم وتی واز لە فێربوونی تار بهێنی، بە گوێت نەکردم، جا سەیرم بکە بزانە چەند جوانت بۆ لێ دەدەم!

تاری بردە سەر سەری و چەندان جار دای بە زەویدا، تار بوو بە چەند پارچەوە ئینجا هات لەبەرانبەرمدا لێی دانیشت، چاوەڕوان بوو، تابزانێت چی دەکەم؟

نە هیچم کرد و نە هیچم وت، تەنها ئەو نیوەڕۆیە نانم نەخوارد و هەر ئەوەندە و بەس.

بەو شێوە ئەگەر فکری برژاویی عەقڵیەتی بنەماڵەیی خان خانی نەبووایە، ڕەنگە ئێستا تارژەنیم بەچاکی بزانی بایە، سەیر لەوە دایە هەرگیز خێزانم لەو کارەی پەشیمان نەبوو، دەیوت: ئەو کارەم

یەکێکە لە کارە باشەکانم، کە بۆتۆم کردووە. ئەگەرنا لە زۆر بۆنەی خۆمانەدا ئەو تارەت دەژەند، وانا؟

وتم: بە بیرت دێ لە بۆنەیەکی خۆمانە دەهۆڵ و سرِنایان هێنابوو، دەهۆڵەکەم لە دەهۆڵژەنەکە سەند و کردمە دەهۆڵلێدان؟

وتی ئەوە جارێک بوو بۆ پێکەنین کردت، جیاوازە لەگەڵ ئەوەیدا یەکێک پێت بڵێ مامۆستا تارێکمان بۆ لێ نادەی؟

- جا ئەگەر بیزانم لێی دەدەم.
- ئاخر من ئەوەم دەزانی، بۆیە تارەکەتم شکاند، یەکێکی تریشت سەندبا هەر دەمشکاند.
- ئەوەم دەزانی بۆیە دەستبەرداربووم و تاری ترم نەسەند.

پەنجاوپێنج ساڵ پێکەوە هاوژین بووین، بیست ساڵ لە دەرەوە پەنابەری و بێوەتەنی و هەژاری و دەوڵەمەندی و ڕۆژگاری تاڵ و شیرینمان پێکەوە گوزەراند، بۆ ڕۆژێک ناکۆکیمان پێکەوە نەبووە، حەیف و جێگەی داخمە بەبێ ئەوەی هیچ دیاردەیەکی نەخۆشی بووبێت لە سێ دەقیقەدا بەبەرچاومەوە کۆچیدوایی کرد، ٢/ ٧/ ٢٠١٩. زۆری لە منیشی لەگەڵ خۆیدا برد، پەروەردگار ئاگاداری بێت ئینشائەڵڵا.

# ڕۆشناییەك بۆ سەر ڕۆژگارێکی تاریك

ئێمە وەکوو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان فەرمانمان بۆ هات تا لە خۆپێشاندانەکانی ناو شاری بەغدا دژ بە عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ قوتابییانی "اتحاد الوطنی"ی سەر بە حزبی بەعس هاوکاریی بکەین.

ئیتر هەرا بوو، من ئەو دەم لە پێنجی ئامادەیی دابووم، لە قوتابخانەی ناوەندی کەرخ... هەراکەش ڕۆژانە و شەوانەیش بە دەر و دیواردا دروشمی کوردایەتیمان دژ بە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەنووسی.

بەندە شەوانە تا بەیان خۆشنووسیم دەکرد و ڕۆژانەیەش نەڕەنەڕ لەناو خۆپیشاندەراندا و ڕێکخستنی خۆپێشاندان، یەکێک لەو شەوانە بڕیاربوو حەسەن جاف بێت بۆ ماڵی ئێمە، تا دروشمە ئامادەکراوەکان ببات بۆ کۆلیژەکەیان یەکێک لە ئامۆزاکانیشی لەگەڵدا هاتبوو، بەناوی قادر جاف، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ سیاسەتدا نەبوو، دروشمەکانیان برد و ژانتا بەدەست ڕۆیشتنە سەر جادە تا بڕۆن بۆ جێگایەکی تر لە پڕ ئۆتۆمبێلێکی ئەمن دەوریان دەگرێت و ژانتاکە دەکەنەوە، دەنوارن پڕە لە شیعاراتی دژ بە عەبدولکەریم قاسم و دامودەستگاکەی، هەر لەوێدا کەلەبچە دەخەنە دەستیان، هەرچی قادر جاف هاوار دەکات من هیچ پەیوەندییەکم بە مەوزووعەوە نییە، حەسەن جاف دەیسەلمێنێت، کە تەواوی ئەو کارە

ئەوە و قادر جاف ئاگاداری نە هیچ و نە نـاو ژانتـاکەیە. وەک وابێـت گوێزیان بۆ بژمێرن، بە تێهەڵدان هەردووکیان ڕادەپێچن و ئەو شـەوە و چەندان شەوی تر تێهەڵدان کراون.

مـن بـۆ مەبـادا، لە مـاڵی خۆمانـدا نە دەنوسـتم، نەکـا لە ئەمنـا لەژێر دارکاری و تێهەڵداندا ناوم بهێنن، قادرجافی بێتـاوانی بـێ ئاگـا لە هیچ، ئەویش وەک حەسەن جاف تـووڕدرانە زینـدانەوە، بەنـدەیش لەگەڵ قوتابییـــانی کوردســـتاندا لە خۆپێشـــاندان و قوتابییـــان لە قوتابخانە وەدەرهێنان بەردەوام بووم.

سـەرەنجام دەوڵەت و دەسـتەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـم هەڕووژا و حەسەن و قـادریش بەرەڵا کـران، دوای چـوار مانـگ ڕاوێـژی کـورد و دەوڵەت بەردەوام بوو، ئەویش نەگەیشتنە ئاکام.

من بڕیاری خۆم دابوو، پێکەوە لەگەڵ حەسەن جافـدا ڕۆیشـتینە ڕێـزی پێشـمەرگەوە، ئەو لە لقـی شـارەزوور بـوو بە بەرپرسـیاری سیاسی و منیش لەگەڵ چەند چەکدارێکدا، کە لەگەڵمدا بوون لە لقی جاف مامەوە.

هێشتا شـەڕ دەسـتی پـێ نەکردبـوو، پێشـمەرگە هەر لە جەولادا بوو، من تا ئەو حەلە هیچ بەرپرسیاریەتێکم پێ نەدرابـوو، لە یەکێـک لە پەلەکـانی پێشـمەرگەیدا وەک پێشـمەرگەیەکی ڕووتەڵ پێشـمەرگە بووم.

شەڕ دەستی پێ کردەوە و فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق پەلاماری بنکەکەیان داین، پێشمەرگەیەکی خزمم بەناوی نەوزادی حەمەبەگی جاف شەهید کرا و بە یەکەمین شەهیدی دەستپێکردنەوەی شەڕ تۆمار کرا.

تا دەبوو شەڕ گەرمتر دەبوو، لە لایەن باوکمەوە هەواڵمان پێ گەیشت جەیشی عێراق بە تەمای هێرشکردنە سەر دێی ژاڵەی حاجی قادری هەیە، دوو پەلە پێشمەرگە ڕۆیشتن بۆ ئەو دێیە بە شێوەیەکی جوان دامەزراین، دوای چوار ڕۆژ لە سەنگەرگرتنمان.

لیوایەکی تەواوی جەیشی عێراقی پەلاماری داین ئێمە بە دوو لای خڕی ژاڵەیدا دامەزرابووین، جەیش گەلێک لەخۆبایانە هاتە پێشەوە، دەنگمان نەکرد، تا بە وردی کەوتنە بۆردی کلاشینکۆف، ڕەشاشێکی "برین"ی سەر موسەلەحەی شورتەمان لابوو، لە یەکەمین تەقەی ڕاوەستا، من کەوتمە گومان لە عەدەد ڕەشاشە، کە ڕەشاشە کەم لە عەدەد ڕەشاش وەرگرت و کەوتمە تەقەی ڕەشاش، بێ عەیب بوو لەو شەڕەیدا، پانزە لەشی عەسکەر لەو شەڕەیدا بەجێ ما، دوانیان ئەفسەر بوون، دەیانویست بکشێتەوە مەودامان پێیان نەدەدا، بە هەر فەلاکەتێک بوو توانییان عەسرێکی درەنگ بشکێنەوە سەر جادە، دوایی دەرکەوت ئامیرلیواکەیان تەها شەکرچی بووە، زیاتر لە بیستویەک پارچە چەکمان بەدەست کەوت.

ئەو شەڕە ورەی پێشمەرگەی گەیاندە ئاسمان، لە دوای ئەو شەڕە کرامە سەرپەل.

لەو شـــەڕەیدا دوو پێشـــمەرگە شـــەهید كـــران. دوای شـــەڕەكە دەمەوئێـــوارە دوو تەیـــارەی عێـــراق پەلاماریـــان دایـــن و كەوتـــنە بۆمباردومـان مـن و ئەحـمەدی حـاجی بـرا حەمەو خورشـید بـارزانی، باخێكمان لە تەنیشتمانەوە بـوو، هەرسـێكمان چـووینە نـاو بـاخەكە، ئیدی تەیارە بەردەوام بوو لە بۆردوماندا، خوالێخـۆش بـوو ئەحـمەدی بـرا حەمە نـزیكەی دە گولـــلەی بەركەوت و خورشـید بـارزانیش تەنـا گولـــلەیەكی بەر ڕانـی كەوت. بە فەلاكەت و دارەمەیـت برینـدارەكان بـــران بـــۆ قـــوپی قەرەداغ بـــۆ كەرتـــی دوو وەســـی، هەردووكیـــان چاكبوونەوە.

ئیدی لە تەواوی قۆڵەكـانەوە شـەڕ بەردەوام بـوو، ئەگەرچـی ئەو دەمە تەنها حزبێک هەبوو، ئەویش پارتی دیموكراتی كوردستان بـوو، بەڵام هەسـت دەكـرا دووبەرەكییەكـی شـاراوەی ئاشـكرا، لەنێوانـدایە، كادیرەكان پێشمەرگە، تەواوی ئەوانەی عاشقی بارزانیی نەمـر بـوون، دەستنیشان كردبوو.

ڕەنگە مانگێ دە ڕاپۆرتی درۆودەلەسەی كادیرەكـان دژ بە بەنـدە بۆ حزب برۆیشتایە، بەندە ئەوەندە لە فكری شەڕ دابـووم، گـوێم بەو تورەهاتانەی نەدەدا، زۆری نەكێشا كـرامە یـاردەدەری سـەر لـق، ئەو دەم سیامەند بارزانی سەر لـق بـوو، سـیامەند شـەهید كـرا، بـووم بە سەر لق شەڕ گەرم بـوو، بـنكەی سـەرەكیم بـردە "كەلـی پەیكـوڵی" ئیدی ڕۆژانە لە دەربەندیخانەوە دەدراینە بەر تۆپ، ئەو حەلە جەیشی

حکوومەتی سوریا هاتبوو، بۆ یارمەتی عێراق زۆرتر تۆپەکان لەلای ئەوانەوە دەتەقێنرا.

شەڕ ڕاگیرا و گفتوگۆ لەگەڵ عێراق دەستی پێ کردەوە، دووبەرەکی کەوتە نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانی، هێزی لقی لای من، ١١٦ پێشمەرگە بووین، تەنها ٣٠ پێشمەرگەم بەلاوە ما...

ئیتر ئەوە هەرایە، بەردەوامی شەڕی دەوڵەتم هەزار ئەوەندەی ئەو پڕوپاگەندەیە بەلاوە خۆشتر بوو. سەرەنجام تەلگۆرافێکم بۆ بارزانیی نەمر کرد، تیادا نووسیم بوو، ئەگەر یەک پەل پێشمەرگەم بۆ بنێری، گەرمیان بە تەواوی لەو پڕوپاگەندەیە خاوێن دەکەمەوە.

دوای هەفتەیەک پەلێک پێشمەرگەی بارزانی گەیشتە لام، "مولازم تاهیری شێخ ڕەئووف" ئەویش لەگەڵ ئەو پەلەیدا هاتبوو، مولازم تاهیر زۆر نەمایەوە، گەڕایەوە قەرەداغ، ئەو پەلە پێشمەرگەیە دوو فەرماندە بوون، یەکێکیان مەلا ئەمین بارزانی بوو، لە دواییدا شەهید کرا، ئەوەی تریان مستەفا نێروەیی بوو.

دەستم بە بگیر بگیر کرد، بە تەواوی توانامەوە دەکۆشام کەس نەکوژێت، هەر هەموو یاخییەکان، ئەوانەی لە لقەکەم یاخیبووبوون، هەر هەموویان لە عەشیرەتی جاف بوون، هەواڵم پێ گەیشت کەوا لە دێی ژاڵەی حاجی قادردا یاخییەکان کۆمەڵەیان کردووە.

لە شەفەقدا دەوری ژاڵەم دا، لەناو هێزەکەدا هەبوون حەزیان لە بکوژ بکوژ بوو، ئەوەم دەزانی، بەڵام ڕامگەیاندبوو ئەوی بێ ئەمری من تەقە بکات، تەقەی لێ دەکەم.

حاجی قادر هات بۆ لام و وتی: باوکت ڕێز لە ڕیشی من دەگرێت و شەرمی لێ دەکات، تۆیش دەوریماڵی منت داوە؟

وتم: خاڵۆ حاجی وا بیر لە مەوزووعەکە مەکەرەوە، ئەمانەی لێرە کۆمەڵیان کردووە، بەلای ئێمەوە تۆمەتبارن، من پێشمەرگەم و فەرمانی سەرووی خۆم جێبەجێ دەکەم، ئەوانەی لێرەن ئەوانەم دەوێ، تۆ وەرە خوارەوە ئەوەی بۆی هاتوویت ئەنجام دەدرێت.

وتم: ئەوانەی لێرەن یانزە کەسن، ناوەکانیانم لایە، وتی سەنگەر چۆڵکەن و وەرنە خوارەوە.

حاجی قادر ڕێزێکی تایبەتی لای باوکم و مامەکانی باوکم هەبوو.

بەهەرحاڵ لەگەڵ دە پێشمەرگەیدا هاتمە خوارێ، هەرکە گەیشتمە ناو دێ، تەواوی یاخییەکانم چەک کرد، حاجی قادر بەوە ڕازی نەبوو، وتی: هەر دەبێ هەمووان بۆ نانخواردن بێنە خوارێ. ئیدی ئەوانەی لەسەنگەر دابوون ئەوانیشم هێنایە خوارێ.

لە کاتی نانخواردندا یەکێک لە پێشمەرگەکان هاتە ژوورەوە و وتی: ناڵە ڕای کرد... بەرپرسی (یاخییەکانی ناو حزب بوو ) حزب بوو لە گەرمیاندا.

پێش ئەوەی پێشمەرگە بنێرمە دواییدا پێیانم گوت نەیکوژن، هەرکەسێک بیکوژێت سزای خراپ دەبینێ. دوای سەعاتێک فرِکان فرِک، نالّەیان بەدەستبەسراوی هێنا و حاجی قادر دیسان هاتەوە نێوان و وتی: داوایەکم هەیە، عەلی بەگ خزمتە، جوان نییە بە دەستبەسراوی بیبەی بۆ کەلار، وەعدبێ سبەی بۆخۆم بیهێنم بۆ لات.

(عەلی بەگی سەلیم بەگ) سەر بە مەکتەبی سیاسی بوو، سەردەمێک لە پێشمەرگایەتیدا بەرپرسیاری لقی جاف بوو، هەرچۆنێک بوو حاجی قادر رِازی کردم کە سبەینێ بیهێنێ بۆ بنکە، لەسەر قەسەی حاجی قادر بەلایەوە بەجێم هێلاّ، گوایە سبەی بیهێنی بۆ لام.

تمەز هەر دوای من عەلی بەگ لە قۆلّێکیەوە بۆی دەرچووە.

بەهەرحالّ، سەرجەم بیست و حەوت کەسی کادرەکان و برِێک پێشمەرگەم دا بە دەست پەلە بارزانییەکەوە، بردنیان بۆ سەرەوە بەپێی زانیاریم دوای دوو مانگ هەموویان بەرِەلاّ کراون.

ئەم بەشەی سەردەمی پێشمەرگایەتیم زۆر هەستیار بوو، بە تەواوی توانامەوە کۆشام کەس نەکوژرێت، تا دوێنێ لە سەنگەرێکدا بووین، ئێستا دەستم برِواتە خوێنی هاوسەنگەرێکم، بە تەواوی توانامەوە پارێزم لەوەی دەکرد، تیایدا سەرکەوتم و کەس نەکوژرا.

# كۆمەڵەی نیشتمانی وەك خۆی

دوای هەڕووژانـــی دامودەزگـــای ســـەدام و حزبـــی بەعـــس، موئتەمەرێکی گەورە گیـرا، لە نـوێنەرایەتیی حزبەکـان و کەسـایەتییە سەربەخۆکان. بەنـدە بـێ ئەوەی بەدوایەوە بـم، بـێ ئەوەی داخـوازی بەشـداربوونیم کردبێـت، داوەتنـامەی بەشـداربوونم پـێ گەیشـت، داوەتکراوان زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس دەبوون. با ڕاسـتگۆ بـم ســەرەتا لام وابــوو ئەو مــوئتەمەرە گەورەیە تەنهــا بــۆ شــادی لەناوچوونی بەعس و سەددامە و بەس.

سەرەتا دوودڵ بووم، بڕۆم یان نا؟

لەبەر ئەوەی داوەتنــامە بــۆ ســەردار جــاف و دکتــۆر حەســەن جافیش هاتبوو، بڕیارمـدا لەگەڵیانـدا بـڕۆم تـا بـزانم دونیـا بەدەسـت کێیە... هەرابوو، زۆر کەس لە تەقەڵادا چەپ و ڕاسـتیان دەکـرد، تـا ئەو حەلە  نەمـدەزانی لەو موئتەمەرەیـدا نـاوی دوو سـەد کەسـایەتی دەخوێنرێتەوە. وەک نوێنەری سەرتاسەری عێراق، بەنـاوی کـۆمەڵەی نیشـتمانی، ئەوانەی لە مـوئتەمەرەکەدا کەوتبـوونە تەقەلاوە ئەوەیـان نەدەزانی نـاوی ئەو دوو سـەد کەسـە لە مێـژدا لە لایەن حزبەکـانەوە دەستنیشان کراون و ئەو تەقەلایە نەزۆکە و ناگاتە ئاکام.

بەندە بێ ئاگا بووم ناوم لەناو ئەو لیستەی دایە، بە خزمـانم وت ئیدی بەسە با بڕۆینەوە، لەو کاتەیـدا عـارف تەیفـوور لیسـتەیەکی بە

دەستەوە بوو، هاتە لامەوە و وتـی: کـاک خوسـرەو نەڕۆیـتە دەرەوە، تــۆ وەک نــوێنەری کــورد هەڵبژێــردراوی، هەڵبــژاردنەکەت لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە.

ئیتــر نــاوی دووســەد کەســەکە خــوێنرایەوە، نــاوی هەر کەس لە هۆڵە سەرەکییەکەیدا بخوێنرایەتەوە، دەبوا بڕۆیشـتایە سـەر شـانۆی. بەندەیش بەم سەروپرچە درێژەوە سەرکەوتمە سـەر شـانۆی، دیمەنـم وەک وابێت لە قەمەرێکی ترەوە هاتووبم. ئیدی بوو بە چەپڵەڕێزان و ڕۆژی یەکەمـــین کۆبـــوونەوە تەرخـــان کـــرا، هەر لەو ڕۆژەشـــدا سوێنخواردن.

شــەوێ تەلەفــۆنێکی گەلێــک پێویســتم پــێ گەیشــت، هەر دەبــوا بڕۆیشتما بۆ هەولێر و لە ڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوە و سـوێنخواردندا، بەشــداریم نەکــرد، زۆریــش گــرنگیم نەدەدا بەو ســوێنخواردنە، لەبەر ئەوەی نەدەگونجا لەگەڵ بیروڕای سەربەخۆییدا.

دوای ڕۆژێــک بە پەلە هــاتمەوە، مــن و چــوارکەس بــراین بــۆ ســوێندخواردن، بەڵام جــوملەیەکی تیــادا بــوو نەمگــوت، چــونکە بە قورئانی پیرۆز سـوێندخورادن بەلای مـنەوە ئاسـان نەبـوو، ئاسـانیش نییە.

دەی ئەوە هەڵبژاردنـــی دەســـتەی ســـەرۆکایەتیی پەرلەمـــانە، ناوەکان لەمێـژدا دەستنیشـان کرابـوون، بەڵام هەر هەبـوون ڕەمەکـی خۆیـان هەڵبژێـرن، سـەرەنجام " حـاچم حەسـەنی" بـوو بە سـەرۆکی

پەرلەمان، شەهرستانی بوو بە یاریدەدەری یەکەمی، عارف تەیفوور کرایە یاریدەدەری دووهەمی سەرۆک.

بە دوای ئەوەیدا هەڵبژاردنی لیژنەکان دەستی پێ کرد، من خۆم هەڵبژارد بۆ لیژنەی ئاوەدانی و نیشتەجێبوون، ئەمەیش بەپێی ئیختیساسم کە تەلارسازم.

عارف تەیفوور هات و وتی: تۆ نابێت لەوێ خۆت هەڵبژێری، ئێمە دکتۆر سەعدی بەرزنجیمان داناوە.

وتم: باشە دکتۆر سەعدی کابرایەکی یاساییە و چ لە تەلارسازی و ساختمان و گرفتەکانی دەزانێ.

وتی: ئێمە وامان پێ باشە.

وتم: ئەگەر ئەوە ڕای حزبە هەر نەیسە، بەڵام ئەگەر ڕای تایبەتی خۆتە ئەوە شتێکی ترە.

وتی: تۆ لە یەکەمین ڕۆژدا بە گوێمان ناکەی، هەی لە داهاتوو!

وتم: ئەوی بەرژەوەندی میللەتەکەم بێت دەیکەم و بە گوێتان دەکەم. ئەمەی تۆ دەیڵێی ڕای خۆتە و بەندەیش بە گوێت ناکەم و ناشکشێمەوە.

بە سەرۆکی لیژنەوە ئێمە شەش ئەندام بووین، سێ کەسمان بۆ سەرۆکی لیژنە خۆمان هەڵبژارد: بەندە، یونادم کەننە، شێروان وائیلی، سەرجەم لیژنەکە شەش کەس بوون:

١- خوسرەوجاف — پارتی.

٢- یونادم کەننە- کریستیان.

٣- شێروان وائیلی- عارەبی شیعە.

٤- خەیاڵ جەواهیری — شیوعی.

٥- سنگول (؟) تورکمان.

٦- کچێکی پارتی — ناوەکەیم لەبیرچووەتەوە.

لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا ڕاوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان بە گرنگ دەبیسرا، ئەو دەم فواد مەعسووم سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، ناوم بۆ قسەکردن نووسی، لەو کاتەیدا نۆرەی من بوو( جەعفەری سەرۆک وەزیران) هاتە ناو پەرلەمانەوە. لە مێژدا بە وردی ئەوە دەرکەوتبوو کەوا دەوڵەت بە ئاشکرا ماددەی (٥٨) کە دەربارەی ناوچە داگیرکراوەکانە، خستووەتە لاوە و هیچ هەنگاوێکی بۆ نەناوە، منیش هاتنی جەعفەریم بە هەل زانی، باسەکەم گۆڕی و ڕووم کردە جەعفەری و دوای پێشەکییەکی کورت و کەم وتم: با ڕاستگۆبم لەگەڵتا شەقامی کورد و خەڵکە زۆرەکەی کورد هیچ جیاوازییەک ناخاتە نێوان جەنابت و سەددام حوسێنەوە.

ئەم وتەیەی من هۆڵەکەی تەقاندەوە و بوویە هەرا و گڵمەگڵم. کە لەسەر مینبەرەکە هاتمە خوارەوە دکتۆر فواد سوور هەڵگەڕابوو لە تووڕەبووندا، بە ئاڵۆزییەوە وتی:

کاک خوسرەو، ئێمە موعارەزە نین، ئێمە شەریکی حکوومەتین و لە حوکمداین.

وەڵامم دایەوە و وتم: بۆچی ئەو حیکمەتەی وا جەنابت دەزانی، من نایزانم؟ ئێمە جارێک شەریک نین و موشاریکین.

وتی: ئەی باشە تۆ قسەی وا بە سەرۆک وەزیران دەکەی من سەرۆکی بەرەی کوردستانیم، نابێت بە من بڵێیت؟

وتم: دکتۆر، خۆ من تەڵەبەی تۆ نیم، تا پەنجە بەرز بکەمەوە، مۆڵەت لە جەنابت وەربگرم، من ئەندامی پەرلەمانم و ئەرکی خۆم باش دەزانم و ئەرکی جەنابیشت بە چاکی دەزانم!

وتم: ئەگەر ئەمە بە بێ گوێی دەزانی، بەڵێ لەم جۆرە بۆچوونانە بەردەوام دەبم. یەک کار دەتوانی بیکەیت، نامەیەک بنووسە بۆ ئەو جێگەی منی ناردووە بۆ ئێرە، تیادا بنووسە خوسرەوجاف ئەوی دەیڵێت بە ئێمەی ناڵێت، لەمەی زیاتر دەتوانی بکەی؟

وتی: نەخێر!

وتم دەفەرموو بینووسە.

برێک لە ئەندامانی پەرلەمان بە پارتیشەوە لە تێهەڵکێشەکانم ناخۆشنوودبوون. لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، "وەک وتم برێک" ئەوەی من دەموت پەییان پێ نەدەبرد، یان نەدەوێران بیڵێن. بۆ نموونە پەرلەمان مانگی جارێک دوور لە ڕیکلام و ڕاگەیاندن، ڕۆژێک تەرخان دەکرا بۆ ڕاز و نیازی دوور لە سیاسەت و ململانێی حزبایەتی ... وەک وازانراوە گەرمای بەغدا تاقەتبەرە، جاروباریش

ناوەناوە کارەبا دەکوژایەوە، ئیدی بۆنی عەرەقی بندەست و هەنگڵ و جێگەی تر هێڵەی دەکرد.

زۆر لە ئەنداماﻥ هێندە زۆر گرنگییان نەدەدایە جلوبەرگ و خاوێنی، هەفتەیەک دەگوزەرا کابرای ئەندام پەرلەمان ئەو کراسەی لەبەردابوو، لە کاتێکدا مانگانەیەکی نزیکەی دە هەزاری دۆلاری پێ دەدرا، خۆ تەنها پیاوەکان وا نەبوون، ژنانیش ئەوانەی ڕەشپۆشبوون لچکی سفت و سەختیان لەسەر و پرچیان چەڕاندبوو.

خوا هەڵناگری ژنەخانمەکانی بەرەی کوردستانی جلوبەرگی ئەمڕۆیانەیان لەبەر دابوو. لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا هەستام و دەربارەی ژیان و زیندەگی دوور لە سیاسەت قسەم کرد وتم: نابێت هیچ کەس لە هەقیقەت زوێر بێت، مەبەستەکەم بە خراوە وەرمەگرن، خانمەکان، ئاغاکان، باوەڕم پێ بکەن بۆنی عەرەقی لەشوئەندام کوشتمی. ئیدی ناکرێ بەم شێوەیە بەردەوامی....ئەوەسا لەسەرتاسەری جیهانەوە سەیرمان دەکەن قەینا، کۆمەڵەی نیشتمانی تازەیە، بەڵام لە جیهاندا بە نوێنەری سەردەمێکی تازە و نوێ دەدرێت لە قەڵەم، زۆر کەس بە چاوێ بیر دەکاتەوە ئێوە ئەندانی پەرلەمانێکن، لە جیهاندا ئەمڕۆ گرنگیی خۆتان هەیە، چاویان بڕیوەتە بۆچوون و هەڵسوکەت و جلوبەرگتان، قەینا" کەڕوەوات" بووین، بوینباخ نابەستێت، کاکە مەیبەستە، زۆر جلوبەرگی پاکوتەمیز هەن بوینباخی ناوێت.

خانمەکــان جلــوبەرگی ئیســلامییان لەبەر دایە، یەکــدوانێکیان نەبێت، ئەوانی تر دەڵێی یەکڕاست لە ئاشپەزخانەوە هـاتوون، ئەوەی لەبیرچووە ئەندامی پەرلەمانە، نەک تەنها وتەکانی بەڵکوو جلـوبەرگ و هەتـاوەکوو جـوڵانەوەی دەسـتوپەنجە و لەش و ئەندامیشـی لەژێـر زەرەبینـی تەماشـاکەران دایە، تـازە بـۆن و هـاڵاوی عەرەقـی لەش و بندەست و جێگەی تریش سەرباقی.

خـاڵێکی تـر وا ئـاڵۆزی کردبـووم وەزعـی نادروسـتی تەوالیتــی پەرلەمان بوو، پـڕ لە ئـاوی پـیس و پۆخـڵ، نادروسـتە، بـۆیە دوای باسی جلوبەرگ و عـارەقی لەش و بـۆنە جۆربەجۆرەکـان دێـمە سـەر بۆگەنیی تەوالیت و پیسی و پۆخڵییەکەی، بۆ نموونە وتم: سەیرە لە هەزار کیلـۆمەتر دوورەوە سـارۆخێک ئەهـاوێژنە سـاختمانێک دروسـت دەی پێکێت، کەچی مەقعەد و چاڵی تەوالیت نێوانیان ٢٥سانتیمەترە کابرا دەڕێنیتە سەر لایەک لە تەوالیـتەکە. کـوڕە ئەمە لە هـیچ کـوێی دونیادا نییە.

هیچ کەس لەو بـاوەڕەدا نەبـوو، یەکێـک لە ئەنـدامانی پەرلەمـان پەنجە بخاتە سەر ئەو خاڵانە.

وتەکـــــانم تەواو کـــــرد، ورتە لە دەمەوە وەدەر نەدەهـــــات، سەرسامبووبوون لە جورئەتەکە و جوڵاندنی ئاوا تەوەر و باسێک، کە دانیشتم برێک دای لە چەپـڵە و برێـک دەسـتیان بە پێکەنـین کـرد و هەر بەردەوامبوون لە سەرسامیدا.

هەروەهــا ئەم خــاڵەیەش بــۆ تۆمــارکردن دەشــێ، ڕۆژێــک لە کافتریای پەرلەماندا لەگەڵ خانمێکی پەرلەمانتاردا دانیشتبووین، لێرە و لەوێ چەند ئـافرەتێکی ڕەشـپۆش دانیشـتبوون، ئەوی لەگەڵ منـدا دانیشتبوو یەکێک بـوو لە ئەنـدامانی بەرەی کوردسـتانی، ڕووم کـردە ئەو خانمە و وتم: لەسەر سەد دۆلار گرەوێک دەکەی؟

ژنە پرسیارەکەمی لا سەیر بوو، بە سەرسامییەوە وتی: لەسەرچی؟

وتم: ئەو خانمەی لەو قوڵەوە دانیشتووە لەسەر سەد دۆلار گرەو دەکەم لەژێر ئەو عەبایەوە و پەشتەماڵەڕەشـەوە کراسـی نـاو مـاڵەی "بازە"ی لەبەر دایە.

وتی: ئەوەی دەیڵێیت ناچێتە عەقڵمەوە...

سـەد دۆلارم دەرکـرد و وتـم: بەم بەیـانییەی سـەد دۆلار قـازانج بکەی خراپە؟

ژنە ئەوەنـدەی دڵنیـابوو لەوەی سـەد دۆلار دەبـاتەوە هەسـتا ڕۆیشت، ڕۆیی بۆ دەستشۆری و کە هـاتەوە ڕۆیشـتە سـەر مێـزی ئەو خانمە، نزیکەی سێ چارەک بە لایەوە دانیشـت و دوای ئەوە هـاتەوە و بێ ئەوەی هـیچ بڵێـت ژانتـا دەسـتییەکەی کـردەوە و سـەد دۆلاری دەرکرد و وتی: تۆ ڕاست دەکەیت دۆڕاندم.

وتــم: لە گــرەوی دووهەمــدا لێــت دەســێنم، ئەم کەڕەتە دەتبەخشم... جاری دووهەمیش هەر من بردمەوە.

با ڕاستگۆ بم، لە پەرلەماندا تەوالیت چوونم تەرک کردبوو، زۆر ناچار نەبوومایە نە دەڕۆیشتمە تەوالیت، کە دەڕۆیشتم تا سەر چۆکم هەڵدەکرد، چییە؟

ئەفەندی دەیەوێ گمیز بفەرمووێ، بە دزییەوە زۆر بەپەلە جارێک خۆم کرد بە تەوالیتی ژناندا ئاش هەمان ئاش بوو لە پیسی و پۆخڵیدا.

ئێمە لەوێڕا خواردن" سلەفس سەرویس" بوو، دەبوا دەوری بە دەست ڕیزت بەستبا، تا نانی خۆتت هەڵدەگۆزا، ئەوەم گەلێک بەلاوە سەخت بوو، بۆیە یەکێک لە کرێکارەکانی ئەوێم پەیدا کرد و دادەنیشتم و خواردنی بۆ دەهێنام و پوول و پارەیەکم دەدایە.

لەناو پەرلەماندا بەلامەوە زۆر ناشیرین بوو بوتڵی ئاو بە دەمەوە بگرم و ئاو بخۆمەوە، لە جێگەی دانیشتنەکەمدا هەمیشە گلاسێکم دانابوو، چەندان جار دزییان تا کردمە هەرا.

دیاردەیەکی تر، زۆرتر من و " مامۆستا سەید ئەحمەدی یەکگرتوو" زۆربەی کات بە یەکەوە بووین، بەلای خەڵکەوە بووبوو بەڕاز و هەڵیان نەدەهێنا، من بەو سەروڕیشەوە، کاکی مەلایش بەو جوبە و مێزەرە سپیەوە، چۆن هەمیشە بە یەکەوەن؟

چ ڕازێک لەو دۆستایەتییە دایە؟

ئەوانەی وا ئێستا عێراق دەڕانن، خواخوایان بوو بگەنە پەرلەمان، بەڵام بڕێکیان هەر لەسەرەتاوە هەبوون وەک مالیکی، عەبادی، شەهرستانی، قازی وائیل و زۆری تر...

عەبادی ئەوەندە نابەرچاو بوو، پیاو بەلایەوە دەگوزەرا بە حەیف دەزانی سڵاوێ لێ بکەم وە نەشمەکرد.

شەهرستانی کە بوو بە یاریدەدەری یەکەمی پەرلەمان، کۆشا یەکێک لە ئیمتیازەکانی پەرلەمان ببڕێت، برادەران بە منیان وت تا لەگەڵیدا بدوێم.

لە کافتریادا یەخەم گرت و وتم: ئەم هەموو دزیەی لەم وڵاتەیدا دەکرێت، ئەگەر ویستت ناوی پەنجا کەست دەدەمێ، کەچی تۆ هەر لەبەر ئیعلام دژ بە هاوکارەکانتی؟

وتی: ئاخر ئەوە هەست بە مەسئوولیەت کردنە، وتم: نەخێر بۆخۆ وەدەرخستنە، لەوە گوزەشتە، تۆ بە دەرماڵە و سەفەر و سەرجەم معاشەکەتەوە دەگاتە مانگێ دووسەت هەزار دۆلار، ئەوی بەلای منەوە ئاشکرایە، شتی تریش نازانم.

وتی: ئاغای جاف قەت لە باوەڕێکدا نەبووم تۆ بەم چەشنە لەگەڵمدا بدوێیت؟

وتم: دکتۆر نابێ کەس لە هەقیقەت نارەحەت بێت، ئیدی تا دوای پەرلەمان نێوانمان شەکر بووبوە ئاو.

با ئەمەیش بگێڕمەوە، واباوبوو کە مەشعان جبووری دۆستی کوردە، ڕۆژێک کۆمەڵێک لە کافتریادا دانیشتبووین، باس هاتبووە سەر ئەوزاعی مووسڵ... من وتم: ئامارێکم بەدەستەوەیە تەنها بە تۆمەتی پێناسی کوردبوون تا بە ئێستا دوو هەزار کوردی بێ تاوان کوژراون.

مەشعان لەناو دانیشتوواندا هاتە جواو و وتی: جا بۆ ڕاوەستاوی، بۆ ناچی هەقیان بسێنی؟

قسەکەیم بەلاوە زۆر سەیر بوو، من ئەوەم دەزانی کە کاک مەسعوود بارزانی زۆر ڕێز لەو پیاوە دەگرێت.

وتم: پەلەمەکە هەق دوادەکەوێت بەڵام نافەوتێت، تۆ کوڕی کابرایەکی تالانکەری هەژارانی کوردی، بۆیە کورد باوکتی حەواڵەی ئەسفەلەسافیلینی کرد.

وتی: من ئەمەت لێ قبووڵ ناکەم.

وتم: ئەوە گەز و ئەوەیش زەوی بە پارە دەیسێنم، زانی ئامادەم و لچی هەڵئاوسێنم کۆتا هات، بەڵام من دواتر ئەو کەینوبەینەم بۆ جەنابی سەرۆک گێڕایەوە.

وتی: لێیگەڕێ!

لە پەرلەماندا یەک دوو گرووپ کەوتنە کۆکردنەوەی واژوو بۆ لابردنی سەرۆک پەرلەمان " د. حاچم الحسنی" کە لە سەفەر بوو. کارەکەم زۆر نامەردانە هاتە چاو، بۆیە داوای قسەکردنم کرد و

سەرزەنشتی ئەو داوایەم کرد و وتم: ئێمەی کورد وتەی جوانمان هەیە، دەڵێ: " پیاو لە ماڵ نەبوو ژنێ بە شوو دەدەن." ئەمە لە سوارکارییەوە بە دوورە، با خۆی بێتەوە ئەو دەم ئەمەی بکەن.

با لەوەیش بدوم، بەرەی کوردستانی ئەو دەم لە بەغدا و پەرلەماندا یەکپارچە و یەکگرتووبوون، بەتایبەت لەناو عارەبەکاندا.

ئێمە ناچار نەبووینایە لە گرین زۆر نەدەچووینە دەرێ، ئاپارتمانێکی بەرینم لە ژنێکی کریستانی بە تەواوی کەلوپەلەکەیەوە سەند، زۆربەی پێنج شەممە شەوان برادەرانم داوەت دەکرد و تا درەنگانێک پێکەوە بووین. جاروبار فرۆکەمان بۆ گەڕانەوە بەدەست نەدەکەوت. تەنها نائیبێک کەوا حیمایەی لەگەڵدا بوو بەندە بووم، کەسیش بێ حیمایە نەیدەوێرا بە سەیارە بگەڕێتەوە بۆ کورستان، ڕێگە پڕ لە مەترسی بوو. هەمیشە دووسێ ئۆتۆمبێل پارێزەرم بەلاوە بوو، تا لە حەمرین دەگوزەراین برادەرانی پەرلەمانتار بە دوامەوە بوون. زۆرتر ترسکە ناو چیاکانی حەمرین بوو. بۆ گاڵتە لەوێدا ڕاوەستام بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، ئیدی برادەران دەیانکردە هەرا.

بەڕاستی چیای حەمرین لە هاتنەوە و ڕۆیشتندا سنووری پتەوی یەکرێزی برادەرانی نائیب بوو، کە دەڕۆیشتن لە حەمریندا یەکترمان دەگرتەوە، کە دەگەڕاینەوە لە حەمرین دەگوزەراین و بڵاوەمان لێ دەکرد.

دیاردەیەکی سەیرم وەبەرچاو کەوتووە، بڕێک لە بـرادەران تـا لە پەرلەماندا بـوون بـۆ خـوا جارێـک ورتەیـان لە دەم وەدەر نەهـاتووە، کەچی یەکدوو بەرگ بیرەوەری ناو پەرلەمانی نووسیوە.

بەنــدە لەســەر داواکــاریی برادەرێــک ئەمەم نووســی، ئەگینــا ئەمەیشم بە پێویست نەدەزانی!

# لە کونێکەوە دووجار مار پێوەی داوم!

تازە نیشتەجێی شاری هەولێر بووبووم وردە وردە لەگەڵ توێژی ڕۆشنبیرانی ئەم دەڤەرەیدا ئاشنا دەبووم، لە لایەن برادەرێکەوە (خوا کاری ڕاست نەهێنێ) لەگەڵ حەمید بەدرخان ئاشنابووم، سەرەتا لام وابوو خزموخوێشی بنەماڵەی ناسراوی بەدرخانییەکانە، بەڵام بۆم ڕۆشنبوویەوە فڕی بەسەر ئەوانەوە نییە.

ئەی بۆچی ئەم ناوەی لەخۆی ناوە؟ تەنیا هەر خۆی دەزانێ!

دەی ئیدی حەمیدبەدرخان بەناوی برادەرانی یەکێتییەوە دەدوا و بەتایبەت خۆی بە دەستی ڕاستی "کاک کۆسرەت ڕەسووڵ" دەناساند و ناوەناوەیش کتێبێکی ڕەنگاوڕەنگی دەربارەی ڕمووزەکانی برادەرانی یەکێتی بە چاپ دەگەیاند و ڕۆژنامەی بەدرخانیشی هەفتانە بە کاغەزی بریقەدار بە چاپ دەگەیاند.

لەوانە گوزەشتە، ناوەناوە گەشتێکی ئەورووپای هەڵدەسووڕاند و یان ڤیستیڤاڵیکی لە دهۆک و شارەکانی تردا، ئەنجام دەدا. بۆ نگبەتی لە دوو لەو سەفەرانەیدا بەشداریم کرد، یەکەمیان خەتای خۆم بوو، دووهەمیان تاوانەکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆستی خوالێخۆشبووم محەمەد موکری. هەرچی کۆشام نەڕۆم موکری دەستبەردار نەبوو، کە

نەبوو ڕۆیشتین، لەوێڕا چی بەسەر هێنایین لە جێگەی تردا لێی دواوم.

بەهەرحاڵ، لە کتاوی " هۆزی جاف" بوومەوە، خەریک بوو بە چاپم دەگەیاند، نازانم چۆن زانی، لێم تاین بوو. من کابرایەکی سەرقاڵ و فرەبابەتم، بە زۆر شتدا پیا ڕاناگەم هات و وتی:

" من بۆت چاپ دەکەم!"

- دەی چۆن؟

- ئەم کتاوە بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێ زۆری تێ دەچێت، حسیابم کردووە حەڤدە ملیۆنی تێ دەچێت، من ئەو پارەیەم نییە، حەڤدە ملیۆن دینارم بدەرێ چاپی دەکەم و دواتر پارەکەت دەدەمەوە، سەد نوسخەشت دەدەمێ.

ڕاستی دەمزانی نیوەی ئەو پارەی تێ ناچێت، بەڵام وتم دەی دوو مانگە و بۆم دەگێڕێتەوە، تازە لە گیروگرفتی چاپ ڕزگار دەبم.

دەی ئەو کتاوە چاپکرا، نە کتاو دیارە و نە حەمید، لەوەیش ئاگادارکرام لە ماوەی دوو هەفتەدا لە سلێمانی تەواوی کتاوەکە فرۆشراوە. چەندان جار تەلەفۆنم بۆ حەمید کرد بێ وەڵام بوو... بەندە لە ژیانمدا یەک فلسی کەسم بەلاوە نەبووە و نییە، بە عەقڵیشمدا نەدەچوو حەمیدبەدرخان بتوانێ ساختە و درۆی وام لەگەڵدا بکات، لە ژیانیشدا نە شکایەتم لە کەس کردووە و نە ڕۆیشتوومەتە دادگایش.

سەرەنجام ڕۆیشتم بۆ شوێنەکەی، حەمیدی تیا نەبوو، خزمێکی لەوێ بوو، وتم: حەمیدم دەوێ.

بە سبەینێدا حەمید بەدرخان هات بۆ ماڵەوە بۆلام، هەزار سوێن و دوو هەزار درۆی کەڵەکە کرد.

دەستی برد چەکێکی نووسی بە مەبلەغی حەڤدە ملیۆن دینار و وتی: سەد نوسخەکەیشم هێناوە.

کان و مەعدەنی حەمیدبەرخانم لا مەعلووم بووبوو، دەمزانی حەمید فلسی لە بانکدا نییە، بیدەم دادگایش چەند برادەرێک دێن و هەر دەبێ گوزەشتی لێ بکەم. چەکە بێ ڕەسیدەکەم دڕاند و خستمە ناو لەپیەوە، گرفتی گەورەم ئەوانە نین!

شتێکی تری حەمید منی هەراسان کردووە، زیاتر لە بیست ساڵە بە دائیرەتولمەعاریفەوە خەریکم ( ئەمە لەپێش گرفتی کتاوی مێژووی هۆزی جافە)وەیە.

دەزگایەکی ئینسکلۆپیدیایی لوبنانی زانی بووی من بە "دائیرەتومەعاریف"ەوە خەریکم، هاتن بۆ لام تا کوردیەکەیان وەک " چاپ بدەمێ و ئەوان بە چاپی دەگەیەنن.

حەمیدم لێ تاین بوو، وتی من ئەم دائیرەتولمەعاریفەت بۆ چاپ دەکەم، (تایپ)کارێکم لایە لە دوو مانگدا شەو و ڕۆژ دەیخەمە کار، تاپیەکەی تەواو دەکات، ناوی والییە. دە بەرگی دەستنووسی دائیرەتولمەعاریفم دا بە حەمید و کابرای تایپپێست چەندان جار بە بابەتی تایپەوە هات بۆلام، منیش هەڵەگیریم دەکرد و ڕەنگە سەد

پەڕەیەکی تایپ کردبێت. دوای ئەوە والی تایپپێستم نەدیەوە... ئێ کاک حەمید والی کوا؟

- خەمت نەبێ دەیدۆزمەوە.

مانگێک و دوو، والی وەک دەنکە زەنگیانە گومی گوم بووە.

- باشە حەمید والی نییە دەستنووسەکانم بۆ بهێنێتەوە، ئەمڕۆ بەیانی کەوتمە پشکنین والی بدۆزمەوە لە برادەرانی ئودەبا و قەڵەم بەدەستان کەوتمە پرسیاری والی، نەیاندەناسی.. لە دواییدا بۆم دەرکەوت والی ئەفەندی ڕۆیشتووە بۆ ئەڵمانیا و لەوێڕا بووە بە پەنابەر. یەخەی حەمیدم گرت کاکە دەستنووسەکانم دەوێ.

- دەی ماڵی خوشکەکەی پێدەزانم دەیهێنمەوە، ئەویش یەک دوو مانگێک گەرمی کردم و هیچ!

- باشە ماڵی خوشکەکیم پێ بڵێ لە کام گەڕەکە، ئەویشی نەوت!

ئێستا ئەوە چوار ساڵە نە دەستنووسەکانم وەدەست کەوتوونەتەوە نە والی دیارە و نە حەمیدبەدرخانیش.

کەوتمە پشکنین بە دوای حەمیددا، دەرکەوت لە ترسی قەرز و قۆڵبڕین بۆی دەرچووە بۆ ئەورووپا. بووە بە پەنابەر لە کوێ؟ نازانم!

کێ دەڵێ من چوار ساڵی تر دەمێنم، بۆیە پەنا دەبەمە بەر ڕۆشنبیران و لەم دوانەوە هیچ دوورنییە، دوای من ئەو دە بەرگەی بەناوی خۆیانەوە بە چاپ بگەیەنن.

جا هەر لەم بابەتەی داستانێک دەگێڕمەوە، بۆخۆم ئاگاداریم" شەهیدی قەڵەم مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی" لە تاران هەفتەی جارێک یەکترمان دەدی... ڕۆژبەیانی پێوەندی لەگەڵ دامەزراوەکاندا پەیدا کردبوو، لێرەوە و لەوێ وتاری مێژوویی یان وەڵامی بڕێک لە برا فارسە دەمارگرژەکانی دەدایەوە، لەگەڵ حزبکەی "موحسینی پزیشک پوور" تێکەڵ بووبوو، هەروەها شەهید سالارجافیش لە ئێران پەنابەر بوو ، ئەوی غەیری ئێرانی بوو لەژێر چاودێری پەخشی هەشتەم دابوو ساواک، هەڵبەتە ئێران لە لایەن ساواکەوە دەبرا بە ڕێگەوە "ساواک" نەک لە ئێرانا لە تەواوی جیهاندا ناسراو بووە بە دەستگایەکی سەرکۆتکەر.

بڕێک لە سەرۆک دائیرەکان، وزەرا، ئەفسەرەکانی لەشکری ئێران، جگە لە ئیشە تایبەتەکەیان " باوەڕپێکراو"ی ساواک بوونە، یەکێک لەو کەسانە سەرلەشکری زەنگەنە بەڕێوەبەری هەیئەتی "اتکا"ی سوپای شاهەنشاهی ئێران بوو، کەوا نیازمەندییەکانی لەشکری ئێرانی ئامادە دەکرد، مامۆستا بۆرەکەیی کارمەند بووە لەو دەستگایەدا... دیارە بۆرەکەیی باسی کتاوەکەی" مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی" بۆ سەر لەشکر زەنگەنە کردووە، پێی وتووە ئەم کتاوەم بۆ وەرگێڕە سەر فارسی، ئەویش موو بە موو وەری دەگێڕێتە سەر فارسی، سەرلەشکر زەنگەنە ناوی دەنا" دودمان ئارایی" و ناوی خۆی لەسەر دەنووسی، ئەم کارە نەشیاوە بوو بەهۆی گرگرتنی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی و لە زۆر جێگەدا باسی ئەو

کاره قێزەونە دەکات، لە مێواندارییەکدا سەرلەشکر زەنگە و مەلاجەمیلی لێ دەبن، سەرلەشکر زەنگەنە بە فیزەوە بە مەلا جەمیل دەڵێت: ئاغای ڕۆژبەیانی بیستوومە ڕەخنەت لە کتاوەکەم گرتووە؟

مەلاجەمیل دەڵێ: جەنابی سەرلەشکر من ڕەخنەم نەگرتووە، دیارە بە هەڵە هەواڵەکەت پێ گەیشتووە!

– باشە چیت وتووە؟

– من ڕەخنەم نەگرتووە، وتوومە تۆ دزی، دزێکی بێ شەرم و حەیا، ئاخر بە چ هەقێک تۆ ئەو دزییە ئاشکرا دەکەیت؟ بۆ لات وایە کەس ناوێریت ئەو دزیەی تۆیە ئاشکرا بکات؟ بەڵێنت دەدەمێ دەبێ ڕسوات بکەم!

ئەم ڕووبەڕووبوونەوە دەنگی دایەوە و سەرەنجام سەرلەشکر زەنگەنە پەنای بۆ سەردار جاف هێنا، تا لە دەستی مەلا جەمیل ڕزگاری بکات... سەردار جاف تکای لێ کرد یەخەی زەنگەنەی بەردا... مەلاجەمیل بە گوێی سەرداری کرد و دەستی لە یەخەی بەردا...جا دەیگوت من لە خۆڕا بە بۆرەکەیی ناڵێم "گوێرەکەیی" ئەگەر ئەو چاوساغی ئەو کەرپیاوە نەبووایە ئەم هەرایە ڕووی نەدەدا. هاتنە جواو لەسەر ئەمین زەگی بەگ بەرانبەر کابرایەکی دەستەڵاداری وەک زەنگەنە ئازایی و جوامێری دەوێت مەگەر هەر بە مەلاجەمیل و هاوشێوەکانی بکرێت، لە کاتێکدا ئەو لە وڵاتی ئێراندا پەنابەر بووە.

جا برادەرینە من ئەمەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی لە نەبوونی مندا هەر یەک لە ئێــوە ببــنە مەلا جەمیــل ڕۆژبەیــانی، ئەو لە غەریبیــدا لە بێدەرەتانیدا، لە پەنابەریدا لەسەر نووسەرێکی کورد خۆی خستە گەورەتـرین مەترسـییەوە... ئێـوە هـیچ ترسـێکتان لە پێشـدا نیـیە، ساختەکاریش لەو دوانە ( والـی و حەمیـد بەدرخـان) بە دوور نیـیە و نابێت لە نەبوونی مندا ساختەی وا بکەن.

ئینشــائەڵڵا بــبن بە دڵۆپێــک ئــاو و بــڕۆنە قــووڵایی زەویــدا، دەیانـدۆزمەوە. نەیانمـدۆزییەوە ئیـوە خـاوەنی ئەو کەیسـەن. ئەرکی خۆتانە بێدەنگ نەبن.

بەهەرحاڵ، خەتای منیشی تیادایە، کوردەکە لە مێژدا وتوویەتی: " مار لە کونێکەوە پێیوەدایت خوا بتگرێت، لە هەمان کـونەوە جـاری دووەم پێیوەدایت، خوا تۆ بگرێت!"

حەمید بەدرخان و والی مەگەر بەخـت و نێوچاوانیـان کـارێکی وا بکات و مەرگ ئەو مەودایەم پێ نەدا، ئەگینا بە ئومەتی ساختەچێتی و دزی جەهــدی خەڵــکەوە لە ئەڵمانیــا دەیــان دۆزمەوە و بەهــۆی پارێزەر و دادگاوە لەو وڵاتە جێڵەقیان دەکەم. لێگەڕێ با لە گۆبەنی کۆڕۆنا ڕزگاربم...

شەڕی ئوحد لەسەر دەستنووسەکانم دەکەم....

# عەبدولغەنی عەبدولغەفوور

بەربەستێکی گەورەی ئاو، کونێک یا درزێکی تێکەوێ لە ماوەیەکدا توانای ئەو تەوژمە زۆرەی هەزاران یان ملیۆنەها مەتری سێ سووچەی ئاوەکە نییە و سەرەنجام دادەهەڕووژێ.

ڕژێمی شایەتی لە عێراق ڕووخابوو، تەواوی دەقەکان هاڕابوون بەسەر یەکدا. هیچ موعادەلەیەک وەک خۆی نەمابوویەوە، لە هەرایەکی تێکەڵ و پێکەڵ نەبێ، هیچی تر جێگەی نەگرتبوویەوە، وشەی ئازادی بووبووە ئاگر و وشک و تەڕی وەک یەک دەسووتاند. لوکوموتیڤی حزبی شیوعی عێراقی کەوتبووە گڕ و بە هەر کوێدا بڕۆیشتایە گڕی تێبەر دەدا، جگە لە ڕەشبگیرییەکەی، پڕ لە کینە و تۆڵەسەندنەوەی، پڕ لە هەرای پرۆلیتاریای یاسا و ڕێسایەک بەدی نەدەکرا، فکری لێکەرەوە کابرایەکی نەخوێندەواری بێ بەهرەی دوێنێ پارچەیەک سووریان وەک بازیوەن لە قۆڵی بەسراوە، کراوەتە پێشقەڕەوڵی جێگەیەک و ژمارەیەک لەبیرچووی دوێنێی وەک خۆی بە دواوەیە، بەناوی ئازادییەوە ئەوی بیەوێت دەیکات، بۆشی دەچێتە سەر، دەبێ چ بیگرە و بەردەیەک بناتەوە؟

ئیتر هەراکە هەموو جێگر بوو مەستانە ڕەفتار و شێتانە کردار، تەواوی کونوقوژبنی عێراقی گردبوویەوە. ئەوی تا دوێنێ ناسرابوو، چارە و پاراستنی لە نەناسراویدا بوو.

زۆر کەس جێگە و شوێنی پێ لەق کرابوو، بە ناچار پەنایان بردە بەر شارەکان، بنەماڵەی ئێمەیش یەکێک بوو لەو جێلەقکراوانە، سەرەتا دوو ساڵ لە شاری خانەقیندا بووین، بابم لە ڕووی کۆنە دۆستە سوورەکانیەوە توانی خانوویەکی دەوڵەتی بۆ دابین بکرێت و گوێزامانەوە بۆ شاری بەغدا، لە ناوەندی " مەئموون"دا ناوم نووسی. لە هەمان کاتدا ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووم و لە مێژدا لە ڕێکخراوێکی لاوانی کوردستاندا ناونووسیم کردبوو، قوتابخانەی مەئموون لە من زیاتر کوردێکی تیادا نەبوو. گەرەکی مەئموون و دەور و بەرەکەی زۆتری جووڵانەوەی سیاسی بە دەست دەمارگرژانی عەرەبی و بەعسەوە بوو.

پۆلی سێهەم، دوو بەش بوو، کوڕێکی بچکۆلانەی ڕەشتاڵەی مووڕەش هەر کات لە ساحەیدا منی دەدیت، پەلارێکی دەگرتە کورد و وتەی ناشیرینی بە کورد دەوت. لەوێدا یەشتا چاو و گوێم نەدڕی بوویەوە، خۆم لەو هەرا و کێشە بە دوور دەخست... ئیدی لە مانگی سێهەم بە دواوە بە دەوروبەرەکە ئاشنا بووم، ئەو کوڕە زەردەڵە ڕەش داگەڕاوە لە وتەی ناشرین بە کوردا بەردەوام بوو... ڕۆژێک دووسێ کەسی لەگەڵدا بوو، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەیدا دیسان یەخەی پێگرتم و وتی:

هێی کوردە! دەزانی ئێوە ئەگەر بوونە بە خاوەنی ئاڵا، ئاڵاکەتان چی دەبێ و چۆن دەبێت، هەر دەبێ فلچەیەکی قۆنەرەی بۆیاخکردن لە ناو ئاڵەکەتاندا بنەخشێنین.

ئیـدی پێـوە نەمـابوو، خەریـک دەبـوو دەسـتەمۆ کـرێم، لە یەکـم دایەوە ئەوپەڕی ئەوەیە ئەم نـاوە بەجێبهـێڵم، ئەو دەم بـازووڵەم لە هێلکە قازێک گەورەتر بـوو، فتبـۆڵم دەکـرد. مانـدوونەناس بـووم، بە کوڕەم وت: چیت وت دووبارەی کەرەوە.

وتی: خۆمە کەڕیشە نەمهێڵا دووبارەی کاتەوە.

لێی وەستام، مشتێکی چەکووشئاسام ماڵییە دەمولووتیـا وەکـوو تۆپ چوار مەتر لەولاوە کەوت. خـوێن ئـاوڵ تەختـی زەوی بـوو. دوو هاوڕێکەی پەلاماریان دام، ئەوانیشم دەمـولچ هەڵئاوسـاند. ئەو شـەڕە لە پـڕێ، کـردمیە کـوڕێ. لەو مەدرەسـەیدا کـوڕە نـاوی عەبـدولغەنی عەبــدولغەفوور بــوو، بەرۆکــی ســووربوو لە خوێنــا، هەڵســاو وتــی: سبەینێ خۆت دەبینی چیت پێ دەکەم!

دەستم بۆ ناو گەڵم برد و وتم:

سبەینێ دەیگری!

سـەیارەیەکی جێبــی فریشــقەم بەلاوە بــوو، جێـبەکە "وێلــس"ی ئەمریکی بوو، با ڕاستگۆ بم. هی من نەبـوو هـی خـاڵۆ مسـتەفا بەگ بـوو، ئەو بە شـاخەوەبوو، بـۆ ئەوەی دەوڵەت سـەیارەکەی نەبـات هێنابوویانە ماڵی ئێمە، نە چـادری هەبـوو، نە جـامی پێشـەوە، خـۆ وەڵا پاتریشی نەبوو، پـاترییەکی نیـو داشـم پەیـدا کـرد و دیسـانەوە خستمەوە گڕ، ئیـدی جاروبـاریش دەچـوو بە قینـا، حەزرەتـی غەوس نەیدەخستە ئیش.

بەو سـەیارە دەڕۆیشـم بـۆ قوتابخـانە، بە سـبەینێدا جێـبە سەوزەکەم خستەگڕ و ڕۆیشـتم بـۆ مەدرەسـە، لە پـێش مەدرەسـەیدا چاڵێـک کەنرابـوو، بـۆ بـۆڕی زل و زەلامـی ئـاو، خـۆڵی چـاڵەکە لە تەنیشتییەوە بوو بە تەپەیەک، خۆڵەکە لە مێژدا هەڵکەنرابوو، سفتی سفت بوو، نەکا جێبەسەوز نـامەردی بکـات و نەکەوێـتە ئـیش، بـۆیە دوا بە دوا جێبەسەوزم بردە سەر تەپەتـا هەر گلـی کەمەوە بکەوێـتە ئیش لەگەڵ خۆما گـالۆکێکم هێنـابوو لە پیـرە داربەڕووی هەورامـان قورئان بە هەقت لەگات بدایە تەختی دەکرد.

زەنـگ لێـی دا و ڕۆیشـتمە پـۆلەوە، مـودیر نـاردی بە دوامـا و دەربارەی شەڕەکە پرسی.. وەک خۆی بۆم گێڕایەوە.

وتـی: کـوڕم دەزانـم خەتـای تـۆ نەبـووە، بکۆشـە خـۆت لەشـەڕ بپارێزیت.

دوای جەڕەسـی مەڕەخەسـی لێـدرا، ترسـی ئەوەم هەبـوو گەلەکۆمەم لێ بکەن، دەرقەتی سێ و چـوار دەهـاتم، خواخـوام بـوو بگەمە پیرە گالۆک.

لەسـەرخۆ چـوومە دەرێ و لە تەنیشـت جێبەسـەوزەوە، گۆپـاڵ بەدەسـت ڕاوەسـتام، هاوکلاسـەکانم دەیـانزانی ئامـادەی شـەڕم کەس نەهاتە پێشەوە.

هەفتەیەک و دوو هەفتەیەک گـوزەرا، عەبـدولغەنی عەبـدولغەفوور فزەیەکی لە دەمەوە نەهاتە دەر.

بیستوپێنج ساڵ گوزەرا، بیست ساڵی لە دەرەوە بووم و ئیتر پێشمەرگایەتی و دەربەدەری و بێوەتەنی لە ڕووی بنبەستی سیاسییەوە، ناچار كرام بگەڕێمەوە بەغدا. ئیدی لە بەغدایدا مەكتەبێكی تەلارسازیم كردەوە و بەوەی دەژیام.

مەلایەكی جافی لای ئێمە ناسرابوو بە مەلا بزمار، هەر كارێكی هەبوایە وەک بزمار دەچەسپا و بە قودرەتی قادریش دەستبەردار نەدەبوو. مەلا بزمار یەخەی پێ گرتم تا بمبا بۆ لای وەزیری ئەوقاف، هەرچی وتم وەڵا من ئەو كابرایە ناناسم، بێ سوود بوو.

داوام كرد وەزیر ببینم، من نازانم تمەز وەزیری ئەوقاف هەمان عەبدولغەنی عەبدولغەفوورە، ناوی منیان بردووەتە لای، یەكسەر كاتی بۆ داناوم.

ئیدی ئەوە مەلام بە دواوەیە، ڕۆیشتمە ژووری وەزیرەوە كە دیم ناسیمەوە، وەزیر هەر من چوومە ژوورەوە لە پشتی مێزەكەی وەدەر هاتبوو، بە دەنگی بەرز دەیوت: حەیاحەی! بزانە كێ هاتووەتە بەردەستم!

ئێستا چیت پێ بكەم؟

وتم: ناتوانی.

وتی: چۆن ناتوانم؟

وتـم: هەرچیـیەکم لـێ بکەیـت سـبەی هەزار کەس لە عەشـیرەتی جاف دەڕۆنە بەر قەسری جەمهووری بۆ شکات لە تۆ... هەرچییەکم لێ بکەیت گرانت بۆ تەواو دەبێت.

وتی: گـاڵتەت لەگەڵ دەکەم، بەڵام ئێشـی ئەو مشـتەم ئێسـایش لەبیرە....

لەوەی گەڕێ، ئەمرت بە چییە تا بکەم؟

وتم: گرفتی مەلا بزمارم پێ وت، هەر لەوێدا کارەکەی ئەنجام دا، وتــی: یەکێـک لە موقـابەلە تەلەفیزیۆنییەکـانتم دیـوە، خۆشـحاڵم کە بووی بە تەلارساز.

هەر ئەو کابرایە بوو بە ئەندامی مەجلیسی قیـادەی سـەورە و لە دوای هەڕووژان دادگا حوکمی ئیعدامی بە سەردادرا و ئیعدام کرا

# فەرەیدوون فەڕووخزاد

دوای کۆلیژ تەواوکردن لە ساختمانێکدا ئۆفیسێکم کردەوە بۆ کاری تەلارسازی (دیزاین)، ساختمانەکە هی هونەرپیشەیەکی کۆمیدی سینەمای ئێران بوو بە ناوی " زهوری" ئیدی زۆربەی زۆری هونەرمەندان هاتوچووی ئەو ساختمانەیان دەکرد، ژێرزەوییەکی پانوپۆڕی هەبوو، کابرایەک گرتی بە ئیجار. بەندە دیزاینەکەم ئەنجام دابوو.

لە شەوی یەکەمدا منیان وەک دیزاینەر داوەت کردبوو، دەتوانم بڵێم ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان ئەو شەوە وەک مێوان لەوێ بوون. یەکێک لەوانە فەرەیدوونی فەرووخزاد بوو.

ئەو شەوە یەکەمێن ئاشنایی نێوان من و فەرەیدوون بوو، سەرف نەزەر لە هوموو بوونی (دوودەکی)، زۆر خوێندەوار ئاگاداری ئەدەبیاتی فارسی، بەتایبەت حەزرەتی حافزی شیرازی و مەولانای بەڵخی یا ڕۆمی، بۆخۆیشی جگە لە بەزمئارایی شیعریشی دەنووسی، جاروبار داوەتی لێ دەکردم، زۆربەی هونەرمەندانی پلە یەکەمی دونیای ئاواز و گۆرانی داوەت دەکرد، هەر لەو بۆنانەدا لەگەڵ زۆر لە هونەرمەنداندا دۆستایەتیم پەیدا کردبوو.



فەریدوون فەڕووخزاد حەیە عەلاسەڵات دوو دەکی بۆنی خـۆی تـا ڕادەیەک بە شــانازییەوە بــاس دەکــرد، نەک هونەرمەنــدان، زۆربەی زۆری میللەتانی ئێران عیللەتی فەرەیدوونی فەڕووخزادیان دەزانی.

لە دانیشتندا مەجلیسـئارا، لە شـوومەنیدا وەسـتاکار و لێـزان، لە گۆرانیشــدا شـێوە و تــایلی خـۆی هەبـوو. بــی ســەماکردن گــۆرانی نەدەوت.

من لە ڕێـگەی ئەوەوە لەگەڵ خـانمە هونەرمەنـدانی ئەو حەلەیـدا ئاشنابووم... جارێک هەواڵـی فەرووخـی خوشـکیم پرسـی، لە وڵامـدا وتی: ئەگەر تۆی ببینابا لە دەستی دەرنەدەچووی، لاقەی دەکردی.

وتم: من هەڵبەستەکانیم زۆر بە دڵە، ئاسان نیـیە ئافرەتێـک بەو هەموو جورئەتەوە بنووسێت!

وتی: گرفتی فەڕووغ ئەوەیە پێش زەمانی خـۆی هەنگـاوی دەنـا، خواردنەوەی بەردەوامـیش سـەرباقی. ئەو مەسـەلەی سێکسـی بەلاوە حەل بووبوو... منیش وەک ئەوم، بەڵام بەشێوەیەکی تـر. لە تەواوی ئێــران و لە دونیــادا دەزانرێــت مــن مەفعــوولم مــن ژنەتــیکم، خــودا واخولقاندوویەتی، چی بکەم، بە دەستی خۆم نییە.

فەرەیدوون  زۆر کەمی دەخواردەوە، ئەهلی تریـاک و هێـرۆیین و ماددەهۆشبەرەکان نەبوو.

زۆری دەخوێنــدەوە، ئەو حەلە تــا مــن بــزانم زمــانی ئینگلیــزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی دەزانی.

ئیدی لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ ئێران کەموزۆر تێکچووبوو، کابارە و شەونشینی و بەزمورەزمی جاران کاڵ بووبوویەوە یان داخرابوون، دەمارگرژیی مەزهەبی بە زەقی دەرکەوتبوو. هەرکەسێک لە کۆمەڵگەی مەخمەڵی تاران دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتبوو تا با نەیبا. بڕێکیان بۆ مەبادا ئێرانیان بەجێهێڵا و ژانتایان بەست بەرەو ئەورووپا و ئەمریکا، لە پێش هەڕووژانی شادا ئێرانیان بەجێهێڵا. شا ڕووخا، ئێمەیش بنەماڵەی جاف کەوتینە بەر شەپۆلی بێ ئەمانی کودەتا و شۆڕش. سالارجافی ئامۆزام ئیعدام کرا و ئێمەمانایش تاڵان کراین و سەڵت و قوڵت لە ئێران دەرچووین.

کادیلاکێکی ئلدورادوی دوو دەرگام هەبوو، لە تارانی ئەو سەردەمەیدا تەنها سێ دانەی تیادا بوو، بەجێمهێڵا، بە سەیارەیەکی پیسکەی سوبارو بەرەو کورستانی ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتم و لە ئێوارە درەنگێکدا لە شاری سەقزدا گوزەرام و لە سنووری ئێران وەدەرهاتم. شەو لەناو ئەو شاخ و داخەیدا لێی مامەوە، لە هەشتا و یەکدا من و خێزانم ڕۆیشتین بۆ ئەڵمانیا. بە سودفە لە ماڵی عەلی قازی محەمە (پێشەوا)، دیسان فەڕووخزادم دیەوە، زۆر کەس لەوێ دانیشتبوون، هەڵسا و هاتە لای منەوە، بەسەر تەپڵەکێکەوە دانیشتوو وتم:

بزمارەکەی بەدەرەوەیە، پانتۆڵەکەت دەدڕێنێ!

وتی: ئاغای جاف من لەوەی ناترسم، بەسەر بزماری زۆر لەوە گەورترەوە دانیشتووم.

هەر هەمووان دایان لە قاقای پێکەنین.

پێکەنــین تەواو بــوو و فەڕووخــزاد هەســتایە ســەرپا و وتــی: جەمــاعەت مــن ســبەی کــاتژمێر ســێی عەســر، لەبەردەم مــۆڵی (C.N.A)دا کۆنسـرێتم هەیە، داواکـارم بەخیلـێم لەگەڵـدا نەکەن و بە بەشداریتان شادم دەکەن...

من و خێـزانم هەر لەو نزیکـانە لە ڕسـتۆرانێکدا نانمـان خـوارد و خۆمان گەیاندە جێگەی مۆڵەکە.

ئەو دەم شـــاری بـــۆن پـــایتەختی ئەڵمانیـــا بـــوو، یەشـــتا پایتەختەکەیان نەگوێزابوویەوە شاری بەرلین. ژمـارەیەکی زۆر ئێرانـی ئـاوارە و ڕاکـردووی وەک منـی تیـادا بـوو، زۆر لە کـۆنە دۆسـتەکانم دیەوە. چەنـد شـەوێک پـێکەوە بووین، زۆریـان حەز دەکـرد سـەر لە عێراق بدەن.

وتــم: ئێــوە هەڵگــری پێناســی ئێــرانین و ئەوە شەڕیشــە بەبــێ ڕەزامەندیی دەوڵەوتی عێراق، ناتوانن سەر لە عێراق بدەن، با لەسـەر موعارەزەیش بژمێـردرێن، لـێگەڕێن بـا بگەڕێـمەوە تـوانیم ڕەزامەنـدی وەربگرم، دەعوەتتان لێ دەکەم.

گەڕامەوە، خــــزمێکم دەستڕۆیشــــتوو بــــوو، ئەوانەی لە دوورەوە دەناسی، ناوی فەڕووخزاد و سێ کەسـی تـرم دا بەو خـزمەم و دوای هەفـتەیەک ڕەزامەنـدی بـۆ هێنـام، وەرز پـاییز بـوو، گەرمـای هـاوین

شکابوو، فەرووخزاد و دوو کەس لەو برادەرانە هاتن، نەفەری سێهەم لەبەر منداڵبوونی خێزانەکەی نەیتوانی بێت.

جێگەم لە هوتێل میلیا مەنسوور بۆ دابین کردبوون، بە وجوودی دوو هاوڕێکەیەوە بە " فەرەیدوونم وت:

ئێرە بەغدایە بکۆشە برێک جووڵانەوە هەیە نەیکەی، تۆ ئەم سەگەت لەگەڵ خۆتا هێناوە و دادتە بندەستت، حەی عەلا سەڵاتە من ئەو کارەم.

من دەکۆشام زۆر وەدەر نەکەوم لەگەڵیاندا سایەق و سەیارەم خستبووە تەکیان ئیتر بازاڕی سووق سەفافیر و بازاڕی گەورەی بەغدا و ئاسەواری بابل گەران، ویستیان بڕۆن بۆ نەجەف و کەربەلا، گرفت سەگەکەی فەرەیدوون بوو، بۆیەکی کریستیان لە هوتێلەکەدا بوو، ئەوم بەکرێ گرت ئاگاداری لە سەگی فەرەیدوون بکات.

پێنج ڕۆژ مانەوە و گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، هەر سێیان نیشتەجیی شاری " بۆن" بوون. نۆ مانگ دوای ئەو سەفەرە فەرەیدوون فەڕووخزادیان بەسەر بڕاوی لە ئاپارتمانێکدا دۆزییەوە، سەری سەگەکەیشیان خستبووە سەر سنگی فەڕووخزاد.

فەڕووخزاد زۆر تۆمار و کۆنفرانسی دژ بە جمهووریەتی ئیسلامی بڵاوکردەوە، سەرەنجام بە چەقۆ بەو شێوەیە خۆی و سەگەکەیان لەتلەت کرد.



# خانمە گۆرانیبێژ نەسرین!

کابارەی ژێر ساختمانی ئۆفیسەکەم ناوەناوە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی بهێنیابایە بۆ بەرنامە ئەنجامدان، تەلیفۆنی بۆ دەکردم. نەسرین لە ناوەندی هونەریدا تازە ناووباوی زۆری بەدەسهێنا بوو و هەڵکشابووە سەرێ. زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان باسیان لێوە دەکرد. بەڕاستی شەوانی تارانی سەردەمی شاهـ جێگە و پێگەی خۆی هەبوو، نەک لە ئێراندا بە تەنها بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا. بەندە بۆ کارێک یان گەشتێک بڕۆیشتمایە بۆ ئەورووپا خواخوام بوو کەی بگەڕێمەوە بۆ تاران. تەلیفۆنم بۆ برادەرێکم کرد گەلێک شۆخ و گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، وتم: من ئەمشەو دەڕۆم بۆ "مەهتاب" کابارەکە ناوی "مەهتاب" بوو، هەرکات بڕۆیشتمایە بۆ مەهتاب لەسەر مێزێکی تۆزێک کەناری پێشەوە دادەنیشتم.

بێژەن و خانمی هاتن، ئەو کابارەیە زۆرتر بە هەوارگەی هونەرمەندان ناوباوی دەرکردبوو، ڕێگەیان بە لات و چەقووکێش و گۆبەنگێڕ نەدەدا بێنە ژوورەوە. دەی ئیتر بەزم و بەرنامە دەستی پێ کردبوو. نەسرینی دەنگخۆش و شۆخوشەنگ و کەمەرباریکی جوان ئەدا و ئەتوار، ئەو شەوە بەزمێکی سەرکەوتووی هەبوو، کۆڵە نامەیەکم بۆ نووسی، تیادا نووسی بووم پێم خۆشە ئەسپێکی بە ڕەگەزت پێشکەیش بکەم، کە نامەکەی خوێندەوە هیچی نەوت.

بەڕاستی پێی ناڕەحەت بووم، کە دەڕواتەوە بۆ ئۆفیسی بە کابرای خاوەن کابارە دەڵێت: سەیرکە کابرایەکی سەرخۆش چی بۆ نووسی وەم؟ خاوەن کابارە کە ناوی من دەبینێ، دەڵێت ئەی چیت وت؟

وەڵا هەر وەڵامیم نەدایەوە!

کوڕە! ئەو کابرایە گاڵتەی لەگەڵتا نەکردووە، ئەو ئەسپییەی ئەو دەیدا بە تۆ دوو سەت هەزار تمەن قیمەتیەتی...

زۆری نەکێشا میهردادی خاوەن کابارە و نەسرین هاتنە سەر مێزەکەم، گرنگیم بە نەسرین نەدا، دەکۆشا هەڵوێستی خۆی ڕۆشن بکاتەوە، حەق بە نەسرین بوو(ئەسپ و خانمە هونەرمەند و سەرخۆشی" بە یەکەوە ناخۆن و هەر دەبێ ئەوە گاڵتەجارییەکی بێتام بێت.

دەی لەو شەوە ئاشنایی نێوان من و نەسرین تۆخ بوویەوەو مێردەکەی نەسرین "تەرانە سەرا" بوو، یانی شاعیرێک شیعر بۆ گۆرانبێژان بنووسێتەوە.

گۆڤاری " جوانان" گۆڤارێکی بەناوبانگی ئەو حەلەی بوو، هەشت لاپەڕەیەکی بۆ ناوەندی هونەرمەندان تەرخان کردبوو، لەم ڕووەوە لە سیرەوە دەینووسی تا پیاز. یەک لە برادەرانم تەلیفۆنی کرد و بە پێکەنینەوە وتی:

بنێرە گۆڤاری جوانانت بۆ بهێنن، یەک پەڕەونیوی تیادا نووسراوە، وڵاخیش دەزانی ئەو کابرا تۆیت، نووسەر ناوی تۆی نەبردووە بەڵام حەیە عەلاسەڵاتە ئەوە خوسرەو جافە، بە

هەقــیقەت زۆر لەو تەلیفــۆنەی نــیگەران بــووم، نــاردم گۆڤــاری جوانانیان بۆ هێنــام، خوێنــدمەوە، ئەو گۆڤـارە ڕاسـتی  دەكـرد، ئەو دۆستەم بە وردی باسی من و نەسرینی كردبـوو. بـێ ئەوەی ناوم بهێنێ نووسی بووی:

ئەوە ماوەیەكە خانزادەیەكی كورد تا خوا حەز بكات خۆشـتیپ و شیكپۆش زۆرتر لە خوداوەندەكانی میتالۆژی یۆنـان دەچێـت، بەسـەر ئەوەیشـدا تەلارسـاز و هونەرمەنـد و شاعیریشـە، جـگە لە ئەوەیـش دەوڵەمەند و بەخشندەیشە، جوانترین ئوتۆمبێلی ناو تاران هی ئەوە. ئەو كەســە بــووەتە مــایەی جیــابوونەوەی نێــوان خــانم نەســرینی هونەرمەند و ئاغای (؟) تەرانە سەرا.

گرم تێبەربوو، ئەم كابرایە دەستی خستبووە سەر ژیانی تایبەتی من، با ڕاستگۆبم، من نەبوومە هۆكاری جیـابوونەوەی نێـوان نەسـرین و مێردەكەی، لەپێش ئاشنایی مندا ناكۆكیی زۆریان لەنێواندا هەبـوو، لە ماڵەكەی خۆیاندا ئەو دەم من ناسیم، جیاواز دەژیان!

دەی تەلیفـۆنم بـۆ گۆڤـاری جوانـان كـرد و ژمـارەی ئەو كەسـەم بەدەستهێنا كە ئەم بابەتەی نووسیبوو، تەلیفۆنم بۆ كرد:

تۆ فلانی؟

بەڵێ ئەوم!

منیش كوڕی "ئەپولوو"ی خواوەندی یۆنانییەكانم!

ئاغای موهەنـدیس چـۆنی باشـیت، دەخـوازم هەمیشـە سـەلامەت بیت.

ئاغای (؟) دەمەوێ بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بێی بۆ ڕستۆرانتی "چاتانۆگا" تا پێکەوە نانبخۆین، کاتژمێر دوو من لەوێم. سەری کات هات و دانیشت، ئەو خۆی نابووەوە پارەیەکی مۆڵم وەک خاوە لێ بسێنێت.

بێ یەکودوو پێم ڕاگەیاند: تۆ شەڕت بە پارە سەندووە، گەورەترین گرفتاریت لە ژیاندا بۆ خۆت دروست کردووە، ئاخر هەی فلان فلانلێکراو، من لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بنووسم دایکت لە "شەهری"ی نوێدا تۆی بووە، لات خۆشە؟

گوێم لێبگرە چیت پێ دەڵێم:- ئەو خوای بانی سەرە شاهیدە خۆت خۆت نەخەیتە درۆوە، نەنووسی ئەو زانیارانەی دەربارەی خانزادە کوردەکە لە ژمارەی پێشوودا بڵاومان کردەوە لە بنەماوە هەر هەمووی هەڵبەست و درۆیە، گاڵ دەدەم پارچەی گەورەت یەکێک لە گوێکانت بێت، کابرا ڕەنگی بووبووە زەردەچوو، لە ترسا دەلەرزی دە هەڵسە خوێڕی توولەسەگ! هەفتەی داهاتوو مۆڵەتە تا بزانم لە جەواناندا تۆی دایک وەها چی دەنووسیت!

چوار پێنجار لەسەر یەکەوە وتی: " چەشم، چەشم، چەشم" بەپەلە لە "چاتانۆگا" وەدەرچوو، چاوەڕوانی "جوانان"م دەکرد.

لە نەسرینم پرسی، جەوانان ئەم زانیاریانەی لە کوێ وەدەست کەوتووە؟

وتی: ئەوانە لە تەواوی کابارە و ڕستۆرانەکاندا چاوساغیان هەیە و گۆڤارەکە پارە و پوولیان پێ دەدات بۆ ئەو زانیارییانەی دەیڵێن.

باشە خۆ ئەمە درۆیش دەکەن، کاتێک من و تۆ یەکترمان ناسی تۆ لە " ؟" جیابووبوویتەوە، من هۆکار نەبوومە.

ئیتر ئەوە کار و پیشەیانە، دەیانەوێت شتەکانیان سەرەنجڕاکێشتر بێت.

نەسرین مەوزووعەکەی زۆر لا گرنگ نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەوەی بە ریکلام و بەنوباوی بۆخۆی دەزانی، بۆیە پێم وت: خۆتۆ ئەو زانیاریانەت پێ نەداوە؟

هەزار و دوو سوێندی خوارد!

دەی لە ژمارەی داهاتووی " جوانان" ئەوی من وتبووم، لەو باشتری نووسی بوو، تەلیفۆنی بۆم کرد و وتی:

خۆ ئێستا لێم ڕازیت، خوێندتەوە؟

وتم: کوڕی باش لە من گەڕێ، ئەگەر تۆ شەڕ بە پارە دەسێنی هۆشیاربە من کڕیاری باشم، نەک جارێکی تر گوی وا بخۆیت!

ئیدی سێ چوار ساڵێک بەسەر ئەم ڕووداوەیدا گوزەشت.

هەرایە، شا ڕووخاوە، سالارجافی ئامۆزام ئیعدام کراوە، ماڵەکەم تالآن کراوە، ئێمەی جاف وەکوو بنەماڵەی بەرمەکی و جەبەڕووتی هاڕوون ڕەشیدمان لێهاتووە.

تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتا. نزیکەی مانگێک بوو لە شارۆچکەی کەرەج دا دەژیام، لە ماڵی باوکم بۆ مەبادا لەوێ دەژیام، بەرنامەم دابوو بگەڕێمەوە بۆ عێراق، تەلیفۆنی ماڵی باوکم لێی دا و وتیان:

کابرایەکە تۆی دەوێت:

فەرموو...

دەمناسیت.

خۆ لە تەلەفزیۆندا نیت، نەخێر ناتناسم!

وتی: مـن فلانەکەسـم، ئەوکەسـەی وا پێـت وت پـارچەی گەورەم گوێم دەبێت.

فەرموو بڵێ؟

بیڵێم؟

بەڵێ بیڵێ!

دە گوێم لێگرە چـی دەڵـێم، ئەوە کچێکـی منـداڵی هەژدە سـاڵی هاتووە بۆ ڕۆژنامەی ئیتیلاعات و دەڵێت: خوسرەوجاف تەجاوزی پێکردووم، چی دەڵێیت؟

تۆ دەتەوێ خاوەم لێ بسـێنی، ئەگەر تـۆ پیـاوی جـێگەیەکم بـۆ نیشان بکە، بزانە بە گوللە ناتکەمە بێژینگ!

کابرا بێدەنگ بوو.

وتم: جووجەڵە بۆ بێدەنگیت؟

هەروا!

باشە، ئەگەر نەهاتم نە پیاوم و نە کوڕی پیاوبوومە!

وتی:

وەدەری نێم؟

نانا، وەدەری مەنێ و ئەگەر مەردی لەگەڵ خۆتا بیهێنە؟

من لە ژیانم بێزاربووبووم، گاڵتەم لەگەڵدا نەدەکرا، ڕووبەڕوویان دەبوومەوە، ئەوەیشم دەزانی ئەوە تەنها بۆ خاوە سەندنە و بەس، تەلیفۆنەکەی داخست.

دوای دوو ڕووژ بەرەو شاری سەقز کەوتمە ڕێ، ئێوارە درەنگ لە سنووری ئێران وەدەر هاتم، ئێمە سێ کەس بووین، من و خێزانم و تاکە کچەکەم.

شەو تاریکە و کوێرە ڕێگایە، ڕێگا نازانم و چەکم پێ نییە، لە دەوڵەتی عێراقیش قاچاخم، یانی لە ئاسماندا ئەستێرەم نەماوە.

بە بەیانیدا دێیەک لە دوورەوە دیار بوو، ڕۆیشتم بۆی، دەرکەوت دێیەکە سەرتاسەری عەشیرەتی جافن، خواهەڵناگرێ وەک وابێت لە ئاسمان کەوتوومەتە خوارەوە، ئیدی هەمیشە وابووە، خودا دەرگایەک دەبەستێت و چەندان دەرگای تریش دەکاتەوە.

# داستانی شەهابی جەزائیری

شیرین شیرینە
شیرین گش کەسم
نازدارشیرن نازشیرن
عیشق تۆ دایە، تۆیشە وەدەسم

ئەم گۆرانییە وەک ئاگر لە خەرمانی گەنم بکەوێ، لە ماویەکی زۆر کەمدا لەسەرتاسەری ئێراندا پەخش و بڵاوبوویەوە.

بخوێنی ئەم گۆرانییە کوردێکی خەڵکی کرمانشان بوو، چەندان جار وەک هونەرمەندێکی تازەباو تەلەفزیۆنی ئێرانی گۆرانییەکەی بڵاوکردەوە، بەندە لەپێشدا شیعری ئەو گۆرانییەی وەک خۆی دەنووسمەوە و بە کوردی پەتی لای خۆمان وشە و واژەکانی دەنووسمەوە، لە دواییشدا داستانی " بەندە و هایدە و شەهابی جەزائیری"یتان بۆ دەگێڕمەوە:

هەر شەو لە دووریت فرە هوڵمە
شیرین گیان شیرنە و گشت کەس
چەنە بێستوون غەم وەکۆڵمە
شیرین گیان بێستوون چەس
کوە بێستوون ئەرام چوو خاکە

شرین گیان لە تووڕەش کێشم

لە کوهکی غەمت جەرگم پڕ چاکە

شیرین گیان ئەراکی بێژم

وەزەخم تۆیشە عوقدە خاڵی کەم

شیرین گیان عوقدەی وەڕێنم

وەزوان تیشە ناڵە و زاری کەم

شیرین گیان تیشکەی شینم

یەشەو ئەرای چە لە بێستوون نەهات

شیرین گیان دەنگێکی تیشەم

هەر شەو لە دووریت فرە هوڵمە

چەنە بێستوون غەم وەکۆڵمە.

هەموو شەوێک لە دووریت هوڵ و غەمی دونیا ڕووم تێدەکات، شیرین گیان شیرین، هەموو خوێش و کەسم، بە ئەندازەی قورسایی شاخی سەنگ و سەختی بیستۆن غەم بەسەر قلاندۆشانمەوەیە، شیرین گیان ئەو قورساییە چییە بۆ من کەمە. چیای بێستوون بەو سەختی و سەنگبوونیەوە باوەڕ بکە وەکوو خۆڵ وایە بۆ من لە توورەکەی دەکەم، منی دەردئاشنا و غەم بە کۆڵ، لە تاوا جەرگم پارچە پارچەیە.

شیرین گیان غەمی کۆمەڵکردووم لای کێ بدرێکنم؟ چارەم لەوە دایە لە ڕێگەی تەوشی و قوڵنگەوە ئەم غەمە زۆرەم توورِ دەمە لاوە، غەمی ئەوسا و ئێستاکەیشم بە زمانی تەوشی و قوڵنگەوە غەموئازارم هەڵڕێژم.

شیرین گیان! لە بێدەنگی تەوشی شین و واوەیلام دەکەم، شیرینی ئازیز...

شەوێک دەنگی تەوشی و قوڵنگەکەم لە چیای بێستوون نەبیسرا، دەنگ و بریسکەی تەوشی و قوڵنگەم هەموو شەو هولی دونیا و غەمی ئەرز و ئاسمان بەسەر کۆڵمەوەیە، لە قورسایی چیای سەخت و سەنگی بێستوون قورستر!

شیرین و شیرین، شیرین هەموو کەسم

شیرینی نازدارم ئەی یەک پارچە ناز و ئەدا ، نازەنینی هەمیشەم شیرین گیان!

لە تاویی عیشقی تۆدا فەرهادئاسا تەوشی و قوڵنگەکەم بەدەستەوە گرتووە، ئەی عیشقی هەوەڵین و ئاخیرم.

شیعری گۆرانییەکەم بە لەهجەی شیرینی کرماشانییە، من وا بەو شێوەیە گۆڕیمە سەر لەهەجەی سۆرانی.

وەک وتم ئەم گۆرانییە لەسەرتا سەری ئێران دەنگی دایەوە، من ئەو دەم شەهابم نەدەناسی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ریکلامێکی زۆر

کرا وا گۆرانیبێژی شـاری کرمانشـان ئـاهەنگی شـیرین، شـیرینە، بـۆ ماوەی مانگێک لە کابارەی " کولپەی عیشق"دا ئاهەنگ دەگێڕێت.

ئەو حەلانەی بوو تازە ژنم هێنابوو، خێـزانم مـاڵی بـاوکی " داود بەگی جـاف" سـەرۆکی ئەو وەخـتەی تەواوی عەشـیرەتی جـاف بـوو، نزیکەی دە ساڵ لە شاری کرمانشاندا بوونە و ناوەندی و ئامـادەیی هەر لە کرمانشـــاندا تەواو کردبـــوو. بە وردی لەهـــجەی کرمانشـــانی دەزانـی. هەڵیپێچـام تـا بـڕۆیینە ئەو کابـارەیە" کـولپەی عیشـق" بـۆ گوێگرتن لە شەهابی جەزائیریی و ئاهەنگی شیرین شیرینە.

پێنجەشەممە جێگەمان تەرخان کردبوو، ڕۆیشتین بۆ گوێگرتن لە شەهاب جەزائیری و گورانیی شیرین شیرین!

ئەودەم مایکرۆفن وەک ئێستا بێ کلک نەبوو، وایەرێکی بە دواوە بـوو، پەیوەسـت بـوو بە دەنـگەوەرەکەوە، شــەهاب وایەرەکەی وەک چەتــفە دەیــدایە شــانیدا، بە هەق جــگە لە گــۆرانییەکە شــێوەی ئەداکەیشی تایبەتمەند بوو.

وەک زانـراوە شـاری کرمانشـان ناووبـاوی پـاڵەوانی و جەربەزە و شەڕەنگێزییان لەسەرتاسەری ئێراندا هەبووە.

خەڵکـــی ئێـــران وەک پەلار دەڵـــێن ئەگەر لە نـــاو یەکێــک لە شەقامەکانی کرماشاندا هەر لە خۆتەوە بانگ کەیت " پاڵەوان" چوار پێنج کەس لا دەکاتەوە، وەک بڵێی ئەوە لەگەڵ منتە.

بەندە بۆ پاڵپشتیی شەهاب گاڵم دایە بوتڵێک شامپانیای بۆ بشکێنن. چەندە بەوە شاد بوو، دوو هێندە بە قسەی خۆی بە ناوی ئاغای جاف شادمان بوو. بەرنامەی تەواو کرد و یەکسەر هاتە سەر مێزەکەم، ئەو شەوە بەو شێوە سەرەتای ئاشنایی نێوان من و شەهابی جەزایری دەژمێردرێت.

هەفتەی دوو جار سەری لێ دەدام و دەهات بۆ ئۆفیسەکەم، وردە وردە کەفوکوڵی شیرین شیرینەی دامردەوە، یەکەمیان لەبەر کوردبوونی شەهاب و دووهەمیان لەبەر ئەوەی "هایدە"ی گۆرانیبێژی یەکەمی سەرتاسەری ئێران گۆرانی شیرین شیرینەی وتووە و تیشکێک و بریقەی زۆری لە شەهابی جەزائیری کەم کردبوویەوە. بە هەق هایدە بە شێوەیەکی زۆر زەریف و سەرنجڕاکێش ئەو گۆرانییەی ئەدا دەکرد.

من خانم هایدەم دەناسی، شەهاب نەیدەزانی من وا بە باشی هایدە دەناسم.

ڕۆژێک هات بۆ ئۆفیسەکەم، بینیم زۆر غەمبار و ناڕەحەت و دڵتەنگە...

ئێ چییە شەهاب، بۆ وا دڵتەنگ و ناڕەحەتی؟

خوسرەو خان چۆن ناڕەحەت نەبم، من تەواوی ئومێد و ئارەزووم بەستووە بە گۆرانیی " شیرین، شیرینە"وە، ئەوەسا هایدە بەو دەبدەبە و هەرا و بەزمەوە ئاهەنگی شیرین شیرینەی لێ

داگیرکـردووم و تەواوی ئومێـدمی دا بە بـادا. ئەو لە کـۆنگرەی زێڕپیندایە و فارسە و دەستەڵاتدارە و منێکی کوردی کرمانشانیش بێچارە و بێ پشتوپەنام، چیم پێدەکرێ؟

وتم: دەتەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم؟

بە پەرۆشەوە وتی:

بۆچی دەیناسیت؟

زۆرباش!

هەڵمگرتە تەلیفۆن و لەگەڵ خانم هایدەیدا قسـەم کـرد و زۆر بە گەرمی وەڵامی دامەوە و وتم:

بۆ کارێک دەمەوێ بتبینم.

وتی: پێنج شەممەی داهاتوو لە کابارەی "شکۆفەنوی"ی کەنـاری دەریـا لە شـیمالی ئێـران بەرنـامە ئیجـرا دەکەم، وەرە بـۆ ئەوێ، کابـارەی شـکۆفەنوێ لە تـارانە، بەڵام هاوینـان بـۆ مـاوەی دوو سـێ مانگ دەیبردە کەناری دەریا.

وتم: دێم.

ڕۆژی دووشەممە بوو، ئیدی بە شـەهابم وت ڕۆژی پێـنج شـەممە بەیانییەکەی کاتژمێر یانزە لێرا پێکەوە دەڕۆین بۆ شیمال.

هەرۆامان کرد و کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ بەرەو شـیمال و هوتێـل "رامسـەر" کە هـوتێلێکی کلاسـیک و فـرە زەریـف و بەناوبـانگە لە

ئێراندا، پێم وتن ئەمشەو جێگەی دووکەسمان لە شکۆفەی نوێ بۆ دابین بکەن.

کاتژمێر دەی شەو لە جێگەی دابینکراودا دانیشتین.

کابارەکە جمەی دەهات لە شەو بێداراندا، هایدە ئەو شەوە چەند گۆرانییەکی ئەنجام دا و یەکێک لەو گۆرانیانەی شیرین، شیرینە بوو، کە تەواوی کرد هاتە لای مێزەکەمەوە و دانەنیشت و وتی: بڕۆین، وتومە حیسابەکەت لەسەر منە.

من لە مێژدا شەوێک لە ڤیلاکەی هایدەیدا بووبووم. جێگە و شوێنی ڤیلاکەیم دەزانی.

گەیشتینە ڤیلاکەی، ئاغای شەماعی زادە و ئیبی لەوێ بوون، ئیبیم چاک دەناسی، وەک کەس شەماعیزادەم نەدی بوو. ئاگاداری شێوازی گۆرانییەکانی بووم.

خواهەڵناگرێ ڕێزی زۆری لە شەهابی جەزایری گرت.

وتم: خانم باوەڕ ناکەم من لە دیدەنی جەنابت تێربم... بەڵام ئەمشەو بۆ کارێک هاتووم بۆ لات، کەوتمە باسی شەهاب و گۆرانی شیرین، شیرینە...

وتی: ئاغای جاف ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرە هەمووکەس بۆی هەیە بیڵێتەوە؟

وتم: بەڵێ ڕاستە، ئەم گۆرانییە هەزار ساڵە فۆلکلۆرە و لەبیرچووە، ئەوە شەهابی جەزائیرییە، لەناو تاریکیی زەماندا، بە

مەقاش هێناویەتە دەرێ. لەوە گوزەشتە پێم وا نییە نیازمەندی ئەو گۆرانییە و ئاوا زوڵمێک بێت...

هایدە و زوڵم؟

بە کلێنکسێک فرمێسکی سڕی و خانمانە وتی:

ئاغای جاف چی ئەمر بکەیت، ئەنجام دەدرێت.

وتم: ئەم هونەرمەندە ڕازی بکە.

وتی: دە هەزار تمەن باشە؟

وتم نەخێر کەمە!

وتی: یانزە هەزار باشە.

وتم: یەشتا کەمە.

وتی: کردمە بیست.

وتم: باشە و منیش وا لەسەر شەڕەفی تۆ پێنج هەزار تمەنی دەدەمێ.

وتی: من پارەکە نادەم تا ئاغای جەزائیری شیرین شیرینەم بۆ نەڵێ.

شەهابی جەزائیری بە ئەدا و ئەتواری کرمانشانی خۆیەوە، شیرین شیرینی ئەنجام دا. ئەلحەق جوانی ئەدا کرد.

هایدە بە چەپڵەلێدان و بارەکەڵڵاوە ڕووبەڕووی شەهابی ڕۆیشت و لا ڕوومەتی ماچ کرد و وتی:

ئەشهەدو دەنگ و ئەدایەکی جوانت ئەنجام دا، جا وا بوم کردە بیستوپێنج هەزار تومان.

ئەو پارەیە لەو ڕۆژەیەدا پارەیەکی مۆڵ و فرە بـوو، کەم نەبـوو، لەم دوادوایەیـــدا بیســـتم کە شـــەهاب کۆچیـــدوایی کـــردووە، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو و هایدەیش.

مـن لە سـاڵی ١٩٧٩ لە ئێـران وەدەرچـووم و ئیـدی لە هەواڵـی شەهاب دابڕام، بەڵام ئاگاداری ئەوەبـووم شـەهاب لە گـوڕانی کـوردی کرمانشـانی زیـاتر گـۆرانی تـری نەوتـووە، ئەمـانەیش بڕێـک لەو گۆرانیانەن.

جگە لەسەر تەلەکەیان شیرینە، شیرینە، گۆرانیی تـری وتـووەوە هەموویان بە لەهجەی کرمانشانی وتووە... یادی بەخێر.

٢-ئەی خودا دڵم تەنگە.

٣-شەیدای زەڕین.

١- ئەگەر وا ڕوونە.
٢- پەپووسلێمانە.
٣- ئاخ لەبێکەسی.
٤- دۆس دڵسۆز.
٥- مریەم، مریەم.

خـاڵێکی تـر هەیە دەبـێ ڕۆشـنی کەمەوە، بڕێـک لە کـوردی لای خۆمان لایان وایە هایدە و مەهەستی کە خوشکن، کوردیشن.

کاکە وەڵا چەنێک من خەڵکی وڵات و میللەتی چین بم، ئەوەنـدە هایدە و مەهەستی کوردن.

ئەو دوو کـچە خەڵکـی شـیمالی ئێـران و شـیمالین، وەکـوو دوو ئیشکەر لە ماڵی دایکی شادا، یانی " مەلەکە مادەر" خزمەتکاری نـاو ماڵەی دایکی محەمەدڕەزا شای ئێران بوون.

دایکی شا بۆخۆی ئەهلی بەزموڕەزمی زۆر بـووە، گـوێی نەداوەتە سـن و سـاڵ ئەم دوو کـچە لەوێـڕا هـاتوونەتە دەرێ و لەگەڵ ئاهەنگسازان و بەزمگێڕ و هونەرمەنداندا ئاشنابوونە.

بەڵی مەهەستی شووی کردووەتە خـانەزادەیەکی کـوردی سـنە و دەوروبەری، بە هەق ئەو خانەزادەیە بە ئەندازەیەکی باوەڕنەکراو قـۆز بـوو، مـن لە تارانـدا زەمـانی شاهـ لە یەکێـک لە مێوانییەکانیـدا ئەو کـابرایەم دی بـوو، بەڵام ئاشـناییەکی وام لەگەڵـدا نەبـووە، دوای هەڕووژانی دامودەزگای شاهـ، بـاوکی مێـردەکەی مەهسـتییان گـرت و لە هیلکۆپتەرەوە تووڕیان دایە خوارەوە، بەو شێوەیە کوشتیان.

لام وایە هایـدە نەزۆرک بـووە و منـداڵی نەبـووە، ئەمەیـش بە دروستی نازانم، بەڵام بە وردی ئاگاداری ژیانی مەهەستی هەم.

دەزانم لەگەڵ مێردەکەی جوێبـوویەوە و کچێکـی لەو خـانەزادەیە هەیە بەناوی سەحەر، ئیدی مەهەستی و هایدە وەک زۆر لە خەڵکانی تـر، دوای هەڕووژانـی شـاهـ ئێرانیـان بەجێهـێڵا، پـێم وایە لە وڵاتـی ئەمریکادا گیرسانەوە و هەر لەوێشدا مردن.

لە ڕاپەڕیــن لە شــاری لەنــدەن بــووم، ویســتم دەســتبەکاربم و نەگەڕێمەوە عێراق، ناچارکرام بگەڕیمەوە، لە جێگەی تردا چۆنیەتیی ناچاربوونەکەم باس کردووە.

لە هەفتەیەکدا من و مەزهەری خالقی جارێک، دوو جار یەکترمان دەدی، جاروبــاریش پــێکەوە دەڕۆیشــتینە ڕێســتۆرانێک هــی ژنێکــی ئێرانی بوو، جاروباریش شەوانە بەرنامەی مۆزیکی ئێرانــی تیــادا ســاز دەکرا، لەوێ بە مەزهەرم وت: شەوی یەک شــەممە وەرە بــۆ جــێگەی هەمیشەیی (مــن لە لەندەنــدا تەنهــا بــووم، خەریکــی هێنــانی خێــزانم بــووم تــا بیــانهێنم بــۆ ئەوێ) شــەوێ مەزهەر هــات و کابرایەکیشــی لەگەڵدا بوو، پیاوێکی قۆزی تۆزێک ماندوو، من نەمناسیەوە، وتی:

ئەمە " ئاغــای ( ؟)ی دوای چرپــانی بە گوێمــدا وتـــی: ئەمە کــۆنەمێردی مەهەســتییە و لە یەک جیــانەبوونەتەوە، ئیــدی شــەو بێداری بۆ ئەو برادەرە هەر یەکجــار زۆر مەســت و ســەخۆش بــوو، لە گیرفانی لوولەی ئەلەممنیۆمێکی دەرکرد، لام وابــوو ســیگاری چروتــی هاڤانەی دەکێشێ، نەخێر سەرقاپەکەی لادا و ســائیلێکی تیــادا بــوو، هەڵــی قــۆران، ئیتــر نەمزانــی ئەوە مــادەی هۆشــبەر بــوو، گیــراوەی ئەلکوول بوو، بە دروستی نەمزانی بوو هەڵســا و ڕۆیشــتە ناوەڕاســتی شانۆوە و دەستی بە سەماکردنێکی شــێتانە کــرد، مــن و مەزهەر ئەم حاڵەتەمان لاناخۆش بوو، لەبیرمە " مەزهەر" وتــی: فڵانــی مــن داوای لێبــووردن دەکەم، مــن ئەم کــابرایەم وا نەناســیوە، بــۆ وای بەســەر هاتووە؟



لەوەگەڕێ، ئەمەیش شەوێکە لە شەوان!

جابۆیە من ئەمەم گێڕایەوە تا تۆ بزانی هایدە و مەهەستی بە ڕەگەز فڕیان بەسەر کوردەوە نییە و منیش لە خۆمەوە هیچ ناڵێم و باش باش لە نزیکەوە دەیانناسم، حەیف ئەو دوو دەنگە ئاسمانییەی ئێستا لەژێر خاکدان.

# ئەسپێی "گاجووت"ی گەرمیان!

ئەو ڕۆژە لە گەرمیاندا ئاگر دەباری گەرما لە چرکەیەکدا شەلاڵی عەرەقی دەکردی، ئێمەی گەرمیانی لە ڕووی ناچارییەوە هۆکارەی ئاو و هەوای دەڤەرەکەمانین، وەرزێرەکانی گەرمیان لەو ئاگربارانەیدا فەڕەنجییەکی ئەستووری خورییان لەبەر دەکرد، تا هەرچی زووتر لە کاتی دروێنەیدا گەرما شەلاڵی عەرقیان کات. تا هەر کزەبایەک هەڵیکردبایە ئەو تەڕیی عەرەقبوونە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی تەوژمی سووتێنەری گەرما بەندەیش لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بلووزێکی خوریم لە ژێرەوە لەبەر دەکرد. تا تەڕی عەرەق بم، ئەو عەرەقکردنە دەبووە هۆی لانەوازی ئەسپێیەکانی ناو لەشمان و لەناو عەرەقی لەشدا بەلا گەردەن و ڕوومەتماندا هەڵدەکشان، ئەسپێکان لە هاوینی گەرمیاندا وەزعیان لە ئێمەی پێشمەرگە خراوتر بوو. بڕێکێش لەبەر ئەسیدی لەشیان ئەسپێ لە لەشیاندا توانای جووڵانەوەیان مەحاڵە.

خزمێکمان لەگەڵدا بوو مەحموود بەگ زۆر قسەخۆش و گاڵتەجار بوو، لەوانەبوو ئەسپێ لە لەشیا نەدەژیا، لەناو دەچوو، بۆ خوا تاکە ئەسپێیەک لە لەشیدا نەبوو، من سەرەتا باوەڕم بەم تئۆریەی نەکرد، ڕۆژێک هات و وتی: دەی با تاقیبکەینەوە.



پێـنج شـەش لە ئەسـپێیەکانی لەشـت (خۆماشـاڵا) کەم نـین بیانخەرە ناو لەشەمەوە، ئەگەر تا سبەینێ ژیان لە لەشمدا، هەرچیم پێ دەکەی بیکە.

خۆم ڕووتکردەوە و بە بەر چاومەوە، دە ئەسپێی گاجووت- ئێمە بە ئەسـپێ ڕەشـەکانمان دەوت گـاجووت لەبەر قەبـارەی زلیـان و هاروهاجییان و خێرا ڕۆیشتنیان — ئەسپێکانم خستنە فـانیلەی ژێـر جلەکانیەوە.

بە سبەینێدا هات و وتی:

بە بەرچاوتەوە خۆم ڕووت دەکەمەوە و سەیر بکە.

هەروام کرد، یەک دانەی لە لەشیدا بە زیندووی نەمابوون.

جا بۆ گاڵتە دەیوت:

فانیلەی ژێرجلەکانم ئیجارە ناکەیت؟

ئەو لەشـوئەندامی وەک مـن زلـزەلام نەبـوو، جلـی ئەوە بـۆ مـن نەدەشیا.

سەیرەکە لەوەدایە مـن ئـاوا ژیـانێکم تـاقیکردبوویەوە، سـەرەڕای برسێتی و ژانەکانی.

ئەمەی مـن دەیڵـێم ٥٨ سـاڵ لەمەوبەرە، ئـێمەی پێشـمەرگەی سـەرەتای شۆڕشـی ئەیلـوول ئـاوا دەژیـاین، لە ئاسـمان ئەسـتێرەمان شک نەدەبرد.

کاتێـک ڕۆمـانی "کـۆردەرە"م نووسـی، باسـی ژیـانی برسـێتی و نەداری تیـادا کـردووە، وردە جاسووسـەکانی لای موسـڵح جەلالـی و ئەمنی عێراق دەیاننووسی " خوسرەوجاف و برسـێتی، خوسـرەوجاف و ئەسـپێ و نەداری" وەک وتەکەی "مـاری ئنتوانیـت) لە سـەرەتا شۆرشی فەرەنسادا برسێتی بـوو، نـان بـۆ خـواردن نیـیە، وتـوویەتی قەینا با پسکویت بخۆن. جا سـەیرکە، دوای ئەو مـاوە دووروودرێـژە ئەو وردە جاسووسانە نین و بەندەیش بەرهەمەکانم وەک کتـاو، وا لە هەشتا کتاو بەرەو سەرەوەیە.

با بگەڕێمەوە سەر ئەو ڕۆژە فـرەگەرمەی گەرمیانەیـدا، هەواڵمـان زانـی سـوپای عێـراق لەو دەڤەرەی "ژاڵە"ی گەرمیـانە پەلامارمـان دەدات، ئیـدی شـەڕێکی خوێنـاوی ڕوویـدا و نـاڕۆمە نێـو باسـی شەڕەکەوە.

شـەڕ بـڕایەوە و چەنـدان لەشـی ئەفسـەر و سـەربازی عێـراق لە مەیدانی شەڕدا بەجێما.

یەکێک لە پێشمەرگەکان نامەیەک و سەعاتێکی مەچەکی هێنـا و دای بە دەستمەوە و وتی:

ئەو نامەیە لە باخەڵی یەکێک لە ئەفسـەرەکاندا وەدرم هێنـاوە وا کوژراوە.

وتم کاتژمێرەکەی ببە بۆخـۆت و نـامەکەم خوێنـدەوە، ڕاسـتی لە خوێندنەوەی گەلێک بێزار و نیگەران بووم.



نــامەکە لە خوشــکی ئەفســەرەکەوە بــۆی هــاتبوو، مــن نــاوی ئەفسەرە کوژراوەکە ناهێنم، هەروەها هی خوشکەکەیشی.

لە نامەکەیــدا خوشــکەکەی بــۆی نووســی بــوو: تــۆ لە شــەڕی شەرەف و نامووس و غیرەتدای، یەک زەڕە ڕەحم و بەزەیی بە دڵ و بیرتا ختوورە نەکات، ئەو جانەوەرە یاخیانە نەشیاوە تۆزەکێک ڕەحم و بەزەیــی بەوانەیــدا بێــتەوە. ئیتــر لەو تونــدوتیژی و توڕەهاتــانەی دەمارگرژی.

عینــوانی خۆیشــی نووســی بــوو، بە چــاکم زانــی وەڵامــی ئەو ئافرەتەی بدەمەوە، هەروام کرد.

خوشکی بەڕێز:

بە داخەوە من نامەکەتم بەو توندوتیژیەی وا نووسیبووت کە پڕە لە تیــژپەڕی و دەمــارگرژی لە گیرفــانی لەشــی بــێ ڕووحــی براکەتــدا دەرمــان هێنــاوە و وانــامەکەت بــۆ دەگێــڕمەوە، بەڵام ئەمەوێ چەنــد ئامۆژارییەکت بکەم:

جــگە لەوە سەرەخۆشــیت لــێ دەکەم بــۆ کــوژرانی بــراکەت، مــن نازانم دڵی ئینسان چۆن جێگەی ئەو هەموو کینە و دڵڕەقییەی تیادا دەبێتەوە؟

بۆ دەمانکوژن؟

بۆ دەمانسووتێنن؟

شەڕ کەی جوان بووە؟

کەی عەقڵیەتی ئێوە وای لێ دێت ددان بە مافی خەڵکی تردا بنێن؟

دەزانی چەند لەشی تر لەگەڵ براکەتدا کەوتوون؟

برای تۆ هاتووە و سووربوو لەسەر کوشتنمان، با ڕاستگۆبم لەگەڵتا.

براکەت پیاوانە شەڕی دەکرد ئازا بوو، شتێکە ئێمە لەو ئازاتر بووین، تا ئەبەدیش ئازاتر دەبین، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر هەقین و دیبفاع لە خاک و وڵات و ژن و ماڵ و منداڵمان دەکەین.

براکەت هاتووەتە سەرمان و دەیویست بمانکوژێت، دێ و ماڵ و منداڵمان بسووتێنیت!

ئێمە پەلاماردەر نین، بەڵام لە پاراستن و دیفاع و بەرگریدا تا مەرگ دەجەنگین، من نامەکەی خۆتم بۆ ناردیتەوە. ئەمە بە ڕووداو مەزانە، ئومێدەوارم تۆ و ئەوانی تریش بە خۆیانا بچنەوە، مافی ژیانی شەڕافەتمەندانەیش بە ئێمە بدەن، کە نایدەن ئیلا بە ناچاری.

دووبارەی دەکەمەوە، براکەت ئازایانە شەڕی دەکرد، لە بندەستما پێشمەرگەیەکی شەهید کرد و لە ئەنجامدا کوژرا.

ئیمزا برایەکی کوردت

مــن ئەو نــامەم بە هەمــان ئەو ئەدرەســەی ئەو ژنەیــدا دام بە یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانمـان، لە پۆسـتەی شـاری کفریـدا، خسـتیە پۆستەوە، ئومێدەوارم بەو ئافرەتە برا کوژراوەی گەیشتووبێت.

دیارە ئەفسەری کوژراو، خەڵکی شاری سامەڕا بوو.